

# یادێک لە ناسر ئێرانپوور

## لێکۆڵەر، وەرگێڕ و ڕۆشنبیری بەهرەمەندی کورد

------------------

کۆکردنەووو و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست


١- ناسر ئێرانپوور، پیاوێک لە ڕەگەزی ڕووناکی............................................................ قادر وریا ..... ٣

٢- بۆ «بەرپرسانی» حکوومەتی هەرێمی کوردستان.................................................................. ٧

٣- هەڕەشەی دەوڵەتی تورکییە و پێویستی بەربەرەکانی نەتەوایەتی کورد............................................ ١٢

٤- دیالۆگ نەبڕین!..................................................................................... ٢٣

٥- بێدەنگی بشکێنین!................................................................................... ٢٦

٦- میدیای ئازاد، میدیای هەموو کەس؟!............................................................................ ٢٨

٧- ماڵپەڕی "بۆڕۆژهەڵات" و چەند پێشنیار.................................................................... ٣٠

٨- بۆ باشە دەنگ بە کەڕوبی بدرێ.................................................................................... ٣٣

٩- ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورە پیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین.......................................... ٣٥

١٠- بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ "کەمپ"............................................................................ ٤٢

١١- کۆنفراسی پراگ و ڕەخنەگرانی....................................................................... ٤٧

١٢- پەیامێکی بە پەلە دەربارەی کۆنفرانسی پراگ........................................................................ ٥٢

١٣- وتوویژ لە گەڵ ناسر ئێرانپوور.................................................................... ئا: جەمشید بارامی ..... ٥٥

١٤- هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە روانگەی کوردانەوە...... مەسعوود ڕەواندوست ..... ٦٢

١٥- کوردستان و دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیم.......................................................... و: ڕێبوار مەعرووف زادە ..... ٨٤

١٦- باسێک لەسەر فیدراڵیزم و ڕێفراندۆم......................................................... و: وریا ڕەحمانی ..... ٩٠

١٧- کۆنفرانسەکان شوێنێک بۆ بە ئێرانی کردنی گۆتاری کوردستانی.................. وتوویژی ڕۆژنامەی کوردستان ..... ٩٧

١٨- مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە.................................................................. ١٠٤

١٩- حکوومەتی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات، ڕادیکالیزم، ڕیفۆرمیزم یان لیبراڵیزم؟........... ١٠٨

٢٠- تێرامانێک لە دانیشتنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران...................... و: سیروان مووساپوور ..... ١١٤

٢١- کورد و فێدرالیزم لە ئێران............................................................................. ١٢٢

٢٢- فێدراڵیسم، کێشەی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" و چەند تەوەری تر................................................ ١٤١

٢٣- کورتەیەک لە ژیننامەی ناسری ئێرانپوور....................................................................... ١٨٤




سەرچاوە
Serchawe

# ناسر ئێرانپوور، پیاوێک لە رەگەزی رووناکی



**قادر وریا**

لە هەر کۆمەڵێک و لە نێو هەر نەتەوەیەکدا کەسانێک هەن کە هەر هی خۆیان و هەر هی بنەماڵەکەیان نین، هی هەموو ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیەن کە لە نێویاندا هەڵکەوتوون. دیارە ئەو جۆرە کەسانەش بە رێکەوت نابن بە سامان و ملکی کۆمەڵ و نەتەوەی خۆیان، بەڵکوو خزمەتیان بەو کۆمەڵ و نەتەوەیە و رۆڵیان لە بوارێک لە بوارە گرنگەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە دایە کە ئەم جێگە و پێگەیەیان بۆ پێک دێنێ.

ناسر ئێرانپوور، بۆ ئەوانەی ئەهلی خوێندنەوە و بەدواداچوونی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانن، ناوێکی ئاشنایە. ئەو نووسەر و رووناکبیرە کوردە رۆژهەڵاتییە، لە مێژ ساڵە بەشێکی گەورە لە توانا و کاتی خۆی بۆ وەرگێڕان و نووسین لە بواری مافی نەتەوەیی و بەرگری لە رەوابوونی پرسی کورد بە گشتی و لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی تەرخان کردوە. وەرگێڕانەکانی کە لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ سەر زمانی فارسین، کۆمەڵێک یاسا و پەسندکراو و دۆکیۆمێنتی گرنگی پێوەندیدار بە مافە نەتەوەیی و زمانییەکان و، سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری لە وڵاتانی فرە نەتەوە و فرەزمانی جیهان دەگرنە خۆیان. کاک ناسر بەم کارەی گەنجینەیەکی بە نرخ لە زانیاریی قانوونی و سیاسیی پێویستی بۆ ئەو کەسانەی بەشداری خەباتی نەتەوەیی و زمانیین، دابین کردوە. نەک هەر تاک تاکی ئەو مرۆڤانەی بۆ مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی خۆیان - بە شێوەی تاکەکەسی و سەربەخۆ یا وەک ئەندام و تێکۆشەری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان تێدەکۆشن - بەڵکوو رێبەرانی حیزب و ریکخراوە کوردییەکانیش، ئەگەر بیانەوێ بە زانیاریی بە نرخ و بەڵگەی پتەو بچنە شەڕی بەرگریکردن لەو مافانە لەگەڵ نەیارانی دابینبوونی مافە نەتەوەیی و

زمانی‌یەکـان، پێویسـتە ئەم وەرگێـردراوانەی بەڕێـز ئێرانپـوور بخـوێنینەوە و بە سـوود وەرگـرتن لەو زانیاری‌یـانەی لێیـان هەڵـدێنجن، لەگەڵ دژبەران و نەیـارانی چارەسەری دادپەروەرانەی پرسی نەتەوەیـی و زمـانی بکەونە دیـالۆگ و پۆلیمیکی سیاسی. لیستی ئەو جۆرە وەرگێڕانانەی ئێرانپووری ماندووییەناس کە هێندێکیان نـامیلکەیەکی تەواون، خۆ لە نـزیکەی ٣٠ ناو دەدا.

بەڵام ناسر ئێرانپوورهەر بە وەرگێڕانی دۆکیۆمێنتی بەنرخ لەم بوارەدا نەوەستاوە. ئەو بە نووسینی وتـار و بە بەشداری لە وتووێژی تەلەڤیزیۆنی و رادیۆیی و ئامادە بـوون لە سمینار و کۆبـوونەوەی سیاسی لەم سالانەی رابـردوودا، رۆڵێکی دیـاری هەبـووە هەم لە بەرزکـردنەوەی پـایەی تیۆریک و ئیستیدلالیی روانگە و بۆچـوونی بەرگریکـاران و لایەنگرانـی پرسی رەوای نەتەوەی کـورد و مەسـەلەی نەتەوەیـی بە گشـتی، هەم لە پەرپەرچـدانەوەی چەواشـەکاری و هێرشـی نـارەوای نەیـارانی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد بە تـایبەتی لە نێـو شوڤێنیسـتە ئێرانی‌یەکـان دا. یەکێـک لە خـاڵە بە هێزەکـانی نووسین و وەڵامدانەوەکانی ئەم نووسەرە پڕکار و پڕبەرهەمە، نووسرانیان بە زمانی فارسی‌یە. ئەگەر کاک ناسریش وەک مەمانـان هەر کوردینـووس بـا و نووسراوەکانی تەنیـا بە کەڵکی خوێنەرانی کوردزمـان هاتبـان، هەرگیـز ئەم سوود و بـایەخەی ئێستـایان نەدەبوو. نەک لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسی بە کەمتر بزانم، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە پێویستە لەگەڵ نەیـارە فارسیخوێن و فارسیزمانەکانی پرسی کـورد، بە زمانێـک کە لێـی تـی‌دەگەن بـاس و پۆلیمیک بکەیـن، چەوتـی و ناڕاسـتیی بۆچوونەکانیان بسەلمێنین و راستی‌یەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەکەمان و خەبـاتە رەواکەی خۆمانیان تێ بگەیەنین. ژمـارەی ئەو کەسانەی لە ماڵپەرە فارسی زمانەکان و لەگەڵ هۆگران و دژبەرانی فارسزمانی پرسی نەتەوەیی و زمانی، بە لایەنگری لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی رەوای نەتەوەی کورد، وەک کاک ناسر بە زمانی فارسی دەنووسن و قورس و قـاییم وەدەسـت هـاتوون، بە داخەوە زۆر نـین. بەڵام هەر ئەو ژمـارە کەمە زۆر جـار بە ئیسـتیدلالی بە هێـز و باسـی دەوڵەمەندیان توانیویانە رووی زۆر لە نەیارە ئێرانی‌یەکانی پرسی نەتەوەیـی و مـافی نەتەوەکـان و بـزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و ئێران کەم بکەنەوە و پێش بە مەیدانداریی یەک لایەنەیـان لە راگەیەنەکاندا بگرن.

کاک ناسر لە مێژ ساڵە ئەندامی هیچ یەک لە حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردسـتان و ئێران نیە. بەڵام بە شـاهیدیی نووسین و وتووێژەکانی، هەر کات حیزب و ریکخراوێکی سیاسیی کوردستان، پرس و بابەتێکی نوێ و بە سوودی خستووەتە روو، یـا بە بـۆنەی هەنگـاوێکی سیاسـی و یـا چـالاکی‌یەکی رەوا کەوتـووەتە بەر هێرشـی نـاڕەوا، بە دەسـتوبردتر لە رێبەری و کـادرە دیارەکانی ئەو لایەنە و دەتوانم بڵێم زۆر جار موستەدەلتر، راشکاوتر و قورس و قـاییمتر لە رێبەران و سیماکانی ئەو جـۆرە حیزب و رێکخراوانە، کەوتووەتە داکۆکی لێکردنیان. کـامڵبوونی فکـری، فەرهەنگی، کـۆمەڵایەتی و رەوانیـی ئەو روونـاکبیرە کـوردە بە زۆر لە تـایبەتمەنـدی‌یەکانییەوە دیـارن. ئەو هەر خەمخـۆری پرسـی رەوای نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان نییە، بەڵکوو هۆش و سەرنجی لە سەر رووداو و ئاڵوگۆرەکـانی پـارچەکـانی دیکەی کوردستـانیش وەستاوەتەوە و لە کـاتی

خـۆیدا نووسـین و هەڵوێـست و دەنگـی هەبـووە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئـێمە هـۆگران و خـوێنەرانی، ئەو نووسـەرە وەک شـەڕڤانێکی بـزووتنەوەی کـورد لە سـەنگەری بیـر و قەڵەم و کـاری فکـری و سیاسـیدا سـەیر دەکەیـن، بەڵام نەتەوە بندەسـتەکانی دیکەی ئێـرانیش، حەق وایە هەر بەم چـاوە لێـی بـڕوانن. چـونکە ئەو وەک ڕووناکبیرێـک و بە شـێوەیەکی مەبدەئی و وەک پرەنسیپ، مەسەلەی هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە مەسەلەی خۆی دەزانێ و لە جێی خـۆی و لە کاتی خۆیدا، هەوڵی داوە قسە و هەڵویستی گونجاوی لە بارەیـانەوە هەبێ. گەورەیی و بە هیزیی روانین و بیرکردنەوەی ئەو مـرۆڤە بە جەسـتە لاوازە، هێنـدێک هۆکـار و سـەرچاوەی دیکەشـیان هەیە لەوانە: ئـازادبیر بـوون و ڕێزگـرتن لە جۆراوجۆریی بیروڕای سیاسی، چەپبوون بە واتای باوەڕ هەبوون بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، خۆپاککردنەوە لە هەست و روانینی دژەمرۆیـی و، لە روانگەیەکی ئینسانی و ئینساندۆستانەوە روانین بـۆ پرس و دیاردە و بابەتەکان و هتد.

داوەری و هەڵسەنگاندن لە بارەی ژیان و تێکۆشانی کاک ناسر ئێرانپوور، عەیبێکی گەورەی تیدا دەبێ ئەگەر دوو راستی لە بارەی ئەو ڕووناکبیرە بە نرخە نەزانین. یەکەم ئەوە کە ناسر هەموو ئەو وەرگێڕان و نووسینە بە نرخـانەی لە پەنـا کـاری قورسـی ڕۆژانەیدا - کە ژیـان و بەڕێچـوونی خـۆی و بنەمـاڵەکەی بەو کـارەیەوە بەنـد بـووە- ئەنجـام داون. ئەو وەک ئەو ڕووناکبیرو نووسەرە خۆاپێداوانە نەبووە کە لایەنێک دەیانژێنێ و هیچ خەمی نان و ژیان و گوزەرانیان نیە و کاریـان تەنیـا خوێنـدەوە و نووسینە. دووهەم راسـتییش ئەوەیە ناسر ئیرانپـوور لە مێـژ سـاڵە لە بەشی زۆری ڕوونـاکیی چاوێکی بێبەشـە. کاتی خۆشی(١٩٨٤) هەر بۆ عیلاجی ئەم نەخۆشیە هاتووەتە ئەڵمان و لەوێ گیرساوەتەوە. هەر بە ڕووناکـایی ئەو چاوە ساغەشی، سـەرەڕای کـار و چـالاکیی زۆری سیاسـی، سـەرکەوتوانە خوێنـدوویەتی و خـۆی پـێ گەیانـدوە و بـووە بەو ناسـرەی ئەمڕۆ لە سایەی خزمەتە زۆرەکانی، هەموو ئەوانەی تـا رادەیەکی باش دەیناسین، خۆشمان دەوێ و شانازیی پێوە دەکەین.

کـاک ناسـر، چەنـد سـاڵێکە جاروبـار و بە شـێوەی کـاتی لە گۆڕەپـانی نووسـین دا خۆیمـان لـێ ون دەکـا. ئەوە نەک خۆحەشـاردانێکی دڵخـواز، بەڵکـوو ونبـوونێکی نەخـوازراوە. ئەمە، ئەو کاتـانەیە کە لە ژێـر چارەسـەر دایە و خەریکـی بەربەرەکـانی لەگەڵ نەخۆشـیەکەیەتی. بەڵام لەو کاتـانەشدا کە لە نەخۆشـخانە کەوتـووە، نەحەجمیـوە. بیـری هەر لای پرسە رەواکانی نەتەوەکەی و هاونیشتمانانی بووە. لە ئاکام دا، چەکەرەی پڕۆژەیەکی دیکەی نووسین و، چۆنیەتیی هـاتنە دەنگ لە نووسین و لێدوانێکی تازەی نەیـارێکی پرسـی رەوای نەتەوەکەی، وەکوو ئازارەکـانی نەخۆشـیەکەی، جینگڵیـان پـێ داوە. نـوێترین بـابەت کە بیـر و زەینـی ئەو خۆشەویسـتەی بە خـۆیەوە خەریـک کـردوە، چۆنیەتیی بەرەوڕووبـوونەوە لەگەڵ دیاردەی جاشەتی بە هەموو جۆرەکانییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.

دیاردەیەک کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، چەند ساڵێکە لە کاتی باسکردنی سەرکەوتنەکانیان لە سەرکوتی چالاکیی

ڕێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان، سەرکەوتوانە و بە شانازی‌یەوە و لە ژێر ناوی "هاوکاریی خەڵکی خۆجێی لەگەڵ هێزەکانیان"، لێی دەدوێن. پێویستیی وەڕێخستنی هەوڵێکی بەرینی فکری و سیاسی و میدیایی لە دژایەتی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، ئەو بیرۆکەیە کە ناسری ئێرانپوور پێشنیار دەکا حیزب و ریکخراوە سیاسی‌یەکان و چالاکانی بواری سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بیکەنە هەوێنی پرۆژەی ئێستای خۆیان.

کاک ناسر هەتا ئێرە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستان و لە پێناوی بەرگری لە پرسە رەوای نەتەوەکەیدا، کەمی نەکردووە. ئەو گەنجینەیەک وەرگێڕان و نووسینی بەنرخی بەرهەم هێناوە کە بە راستی شایانی خوێندنەوە و لێفێربوون و پشت پێبەستن لە دیالۆگ و موناقشەی سیاسی دان. سەرەڕای ئەمەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و گۆڕەپانی رۆشنبیریمان پێویستیی زۆریان بە ناسرەکان و خاوەنانی ئەم جۆرە هزرە و بەهرە دەوڵەمەندانە هەیە. هەر بۆیە لە قووڵایی دڵمەوە ئاواتی بەردەوامبوون بۆ ناسری خۆشەویست دەخوازم.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ « بەرپرسانی » حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

### ئاوڕێکیش لە لێقەوماوان بدەنەوە!

زۆرجار لێرەولەوێ دەنگ و باسی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری کوردە ئاوارەکانی ئێرانی لە کەمپی «ئاڵتاشی» شاری رۆمادیەی عێراقم بیستبوو، یاخود خوێندبووە. لە کەسانێکیش کە توانیبوویان لەم ئۆردوگایە دەرباز بن و بە هەزار کوێرەوەری خۆبگەیەننە ئاڵمان، بەسەرهاتی پڕ لە رەنج و مەینەتی ئەم کوردانەم گوێ لێبووە. نێوی رۆمادیە ببۆ هێمایەکی وشەیی بۆ «لەبیرچوونەوە»، «پەنابەری»، «ئاوارەیێ» و «لێقەوماوی». تەنانەت بیستنی ناوی ئەم شارە دڵ و گیانی ئازار دەدام. ئەوەی کە لە جیهانی ئەمرۆدا ئێستاش مرۆڤی کورد هەن کە لە ئۆردوگایەکی ئاوادا، بێ چکۆڵەترین کەلوپەلی گوزەران، بێ سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیان رۆژگار تێپەڕدەکەن، لە دەریایەک خەم و پەژارەی داویشتم. ئەم کۆمەڵە ئینسانە بێدەرەتانە کە سەرەتا ژمارەیان لە دەیان هەزار کەس تێدەپەڕی، ببونە قوربانی شەڕی ئێران و عێراق و لە لایەن حکوومەتی سەددام لە خاک و زێدی خۆیان لە قەسری شیرین و دەوروبەری ڕاندرابوون و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەددام لە قەراغ ڕۆمادیەی نیزیک سنوری عێراق و ئۆردۆن نیشتەجێ کرابوون، ئەویش بێ وەی کە تەنانەت وەک ئاوارە و پەنابەر ئیمکانات و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکردرێ. جاروبار ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان ئاورێکی لێدەدانەوە و لە ژێر چاوەدێری حکوومەتی ناوەندی بەغدا بڕێک کەلوپەلی دەدانێ. دوای رووخانی سەددامی فاشیست و دیکتاتۆر و تێکچوونی بارودۆخی ئەم ناوچەیە، ئاسایەشی ئەم کەمپە چووە ژێر پرسیار و دانیشتوانی بوونە نێچیری ڕواچیانی سەددامی و ئایینی بەتایبەتی ئەلقاعیدە، و ئەوەی کە هەبووش نەما. هەر بۆیە بەشێکیان گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران، بەشێکیان چوون بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بەشێکیان ئاوارەی هەندەران بوون و دەنگۆی ئەوە هەیە کە بەشێکی چکۆڵە لە دانیشتوانی ئەم کەمپە کە ڕووناکایەک لە هیچ لایەکەوە نابینن، یاخود هێز و دەرەتانی دەربازبوونیان نیە، هەر لەوێندەرێ گیرساونەوە.

پێشتر پێم وابوو کە کورد لەبەر هەلومەرجێک کە تێیدایە و بە هۆی ڕاوەستان و پێداگرتنی لەسەر مافە زەوتکراوەکانی، لە لایەن حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان، ئاوارەیی و دەربەدەری بە بەژن و باڵای بڕاوە و بە سەریدا سەپاوە، چوونکە سەیرم دەکرد کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستانی باشوور ساڵیانێکی درێژ بوو کە لە شارەکانی دوور و نیزیکی ئێران پەنابەر بوون و بەشیان تەنیا ببووە کرێکاری لە کورەخانەکان و شوێنەکانی تر. سەیرم دەکرد و دەمبینی کە هەزاران کوردی ژێر دەسەڵاتی ئێران یا عێراق، هەزاران کوردی باشووری بچووک و باکوور لە شار و گوندەکانی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe

دەرکراون و بێگانە بۆتە خاوەن ماڵیان، سەیرم دەکرد کە سەدان هەزار کوردی هەر چوار بەشی کوردستان لە دەرەوەی وڵات گەورەترین ئاواتیان ئەوەیە کە ڕۆژێک بە سەربەستی بگەڕێنەوە وڵاتی و زێدی خۆیان و چاو و دڵیان بە کوچە و کۆڵانەکانی شار و گوندی خۆیان گەش بێتەوە.

بەڵام پاشان بە خۆم وت: باشە، «شکور» دەرووبەک کراوەتەوە و ئیتر بە لەناو چوونی یەکجارەیی ڕژیمی مرۆڤکوژ و دیکتاتۆر و شەڕفرۆشی سەددام، ئاوارەیی بە کۆمەڵ لە کوردستانی باشوور لەمەودوا دەبێتە مێژوو و کورد لانی کەم لەم بەشەی نیشتمانەکەمان پێویست ناکا وڵاتی خۆی بەجێبێڵێ و ئەوانەش کە تا ئێستا ئاوارەی هەندەران بوون، بە شانازییەوە و بە یارمەتی حکوومەتی کورد کە کوردستانی باشوور دەگەڕێنەوە خاک و وڵات و نیشتمانی خۆیان.

کەچی ئەمرۆ لە کاناڵی تەلەویزیۆنی «کوردستان تی‌وی» گوزارشێکم دیت کە ئەم هیوایەی شڵەژاندم و دڵی هەژاندم و فرمێسکی لە چاوم هێنا؛ ڕیپۆرتاژێک بوو لە سەر بارودۆخی ژیانی جێی داخی کوردە ئاوارەکانی گەڕاوە لە ئێران بۆ کوردستانی باشوور. ئەم کۆمەڵە ئینسانە کە بە دەهۆل و زورنا گەڕاندبوویاننەوە کوردستانی عێراق دوای تێپەربوونی نیزیک بە ساڵێک لە گەڕانەوەیان ئێستاش لە سەرماوسۆڵی زستان بە بێ بچووکترین کەل و پەل و پێداویستیەکانی ژیان و لە حاڵ و وەزعێکی زۆر خراپی بژیویی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و یاسایی‌دا لە ژێر خێوەت و تاوڵ «ژیان» بەسەر دەبەن.

فرمێسکەکانی ژنێک کە بە هەشت سەرخێزانەوە مەحکووم کرابوون لە سەرماوسۆڵی زستانی ئەم ساڵی کوردستان لە خێوەتێکی لە ناو قوڕ و چڵپاو هەڵدراو دا ژیان بەسەر بەرن، ناتوانن دڵی هەر مرۆڤێک نەهەژێنن. ئەم ژنە دەیگێڕاوە کە «بەرپرسان» پێیان وتوون: «هۆی پێش هاتنی ئەم دۆخە ئەوەیە کە ئێمە بە بێ ئامادەکاری و پرس و را و بە بێ ئیزن گەراوینەوە عێراقێ». ئەویش وڵامی داونەوە کە «کام سەرەڕۆیی؟ مەگەر لێژنەی پێشوازی نەهات بە شوێنماندا و داوای لێنەکردین بگەڕێینەوە خاک و وڵاتی خۆمان؟ مەگەر بۆ خۆیان پێشوازیان لێنەکردین؟»

ژنێکی تر باسی ژیانی پڕ لە مەینەت و ڕەنج و کوێرەوەری کرێکاریی خۆیانی لە ئێران دەکرد و دیگوت کە »سەد بریا هەر بەو حاڵەشدا لە ئێران مابایینەوە. بەس نیە دەمان گوت کە ئەوێ وڵات و دەوڵەتی خۆمان نییە؟ بەڵام ئێرە چی؟ لێرەش بێگانەین؟ چەوەندری لە سەرمای زستانی لە ژێر بەفر دەرهێنان لە ئێرانێ لەم ژیانەی ئێرە باشترە.« ئەم ڕەنجدەرە کە مەینەتی ژیان لە ئاوارەیی‌دا لە نێوچاوانی دیار بوو، کاتێک کە پرسیاری لێکرا کە «بۆ گەڕایەوە؟»، فرمێسکەکانی هاتنەخوارێ و گوتی: «ئاخر لەوێندەرێش پێیان دەوتین کە بۆ ناگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان، عێراقێ؟ لە وێ ماڵ و پارەو دەدەنێ و هەمووشتێکتان بۆ دابین دەکەن. بەڵام یەستا بیستنی ئەم قسانە باشترە لەم وەزعە.»

پیاوێک دەیگوت: «پێنج هەزار دوڵار و دو سەد میتر زەویان داومەتێ کە بۆ خۆم خانووێک ساز بکەم، بەڵام بەم پارەیە تەنیا دەتوانی چوارچێوەکەی ساز بکەی و بەشی پێداویستیەکانی تر ناکا. چوونکە کەرەسە زۆر گرانە.»

گوزاریشەکە دیمانەیەکشی لە گەڵ «بەرپرسێک» نیشان دا کە لە بەرگری لە خۆیان بۆ نیشان دانی دڵفرەوانی و لەخۆبردوویی(!!!) پاکانەی دێناوە و دەیگوت: «بە گشت بنەماڵەکانی گەڕاوە پێنج هەزار دۆلارمان بۆ خانوو ساز کردن داوە، بەس چوار ماڵ ئەم پارەیان نەدراوەتێ. » ئەم بەڕێزە نەیوت کە لە کوردستان ئەمرۆی عێراقێ بەم گرانی و ئاوسانی دراوی و ئابورییە کە داوێنی خەڵکی ئەم هەرێمەی گرتووە، چون دەتوانـدرێ بە پێنج هەزار دۆلار چاوەخانوویەک سازکرێ.

بەڵێ، ئەم رەنجدەرانە هەر ئەوانەن کە لە ساڵەکانی پێشوودا، لە ترسی بۆمبی کیمیاوی سەددام ڕایان کردبووە ئێران و ئێستاش گەراونەتەوە باوەشی نیشتمانی خۆیان، کوردستان. بەڵام کام نیشتمان؟ کام باوەش؟ ژنێک باسی دەکرد: «تەنانەت دایرەکانی ئەفغانی و ئێرانی بە نیسبەت بەرگەی هەویە و وەرەقەی پێویست جاروبار یارمەتیان دەداین. بەڵام حکوومەتی هەرێم تەنانەت ئامادە نییە، بەقەدەر وانیش یارمەتیمان بدا.» ژنێکی تر دەیگێراوە کە «وڵاممان نادەنەوە؛ لەم دایرەی بەم دایرە، لەم شارەی بەو شارەمان بەرێدەکەن. کەس خۆی لە ئیشی مە بە بەرپرس و ساحەب نازانێ. تاقەتمان نەماوە و زۆر ماندووین. تەحەمولی ئەم هەمووو هاموشۆیە و مەساریفەی رێگاشمان نییە. تائێستا چەند جاران مەجبور بووم بۆ ئیشەکەم بچمە هەولێر.»

لێرەیە کە ناتوانم پێش خەم و تورەیی و بێزاری خۆم بگرم و نەڵێم کە ئەم وەزعە شەرمە، شوورییە، سەرشۆڕییە بۆ ئێمەی کورد.

لە کوردستانی عێراق بۆ جێژن و حەفلە و سازکردنی هۆتێل و پاساژ.. پارە کەم ناهێنن، بەڵام بۆ دابین کردنی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی خەلکی بێدەسەڵات و بێدەرەتان پارەی پێویست نییە. دابین کردنی کارەبا و ئاو، دروست کردنی کار و سازکردنی کارگە و کارخانە کە «بە ناشکروی نالێم» دەستەوەستان ماونەوە. فەساد و گەندەڵی، خزم و خزمبازی و حیزب و حیزببازی تەنانەت بۆتە هۆی وەی کە وەزیری دەرەوی پێشوی ئامریکاش دەنگی دەربێ و بەڕاشکاوی و بەفەرمی تورەیی خۆی بە گوێ رێبەرانی هەرێم بگەیەنێ. سازکردنی کۆمەڵگایەی مەدەنی و دامەزراندن و سەقامگیرکردنی دێموکراسی و ئازادی بیرمەندان، جیابیران و نووسەران و شاعیرانی سەربەخۆش کە دەبێ لە بن گوێی خۆمان بنووسین. ئەدی نازانم ئەرکی حکوومەت چییە. رەنگە بڵێن: «شەڕ نەکردن و وەزیر و وەزارەت دروست کردن.» بەڕاستیش سەبارەت بە پۆست و مەقام بەخشین و دروستکردنی وەزارتخانە پێم وایە ڕادەی ئەوەڵ لە جیهاندا بەدەست دێنین. دەوڵەتێکی بە عیعتیبار و

بە هێزی وەک سویس بە حەوت میلیۆن و نیو نفووسەوە، بە بیست و شەش کانتۆن و نیوکانتۆنەوە (ولایەت)، بە سێ نەتەوە و قەومەوە (ئاڵمانی، فەرانسەوی و ئیتالیایی)، بە نیزیکەی یەک میلیۆن و نیو خارجییەوە، بە چوار حیزبی دەسەلاتدارەوە تەنیا حەوت وەزیری هەیە کە یەک لەوانە بە نۆبە سەرۆک کۆماریشە. وڵاتی فێدێراڵی ئاڵمان بە هەشتاودوو میلیۆنی حەشیمەتەوە تەنیا چاردە وەزارەتخانەی هەیە. ئەیالەتی نوردراینوێستفالنی ئاڵمان دەوری هەژدە میلیۆن نفووسی هەیە کە چی تەنیا نۆ وەزارەتخانەی هەیە. بەڵام هەرێمی کوردستان بە خۆیەوە و دەوری دوو ـ سێ میلیۆن نفووسەوە چل و دوو وەزیری هەیە!!! تەنانەت بەشێکیان هەر وەزارەتخانە و مەوزووعی تایبەتیشیان نییە، بەڵام وەزیریشن!! هیچ یەک لەم کارانە بە بێ پارە موومکین نییە. بەڵام چوون لێپرسینەوەی نییە، کەس خۆ بە بەرپرس و وڵامدەر لە بەرامبەر گەل نازانێ. لە حاڵێکدا دەبێ کەسانێک هەبن کە وەک ئەم مرۆڤانەی باسمان کرد، لە وەزع و دۆخێکی ئاوا نالەبار و دژی ئینسانیدا بژین.

تەنانەت بە نیسبەت ئەم فێدێراڵیسمەی کە شەو و ڕۆژ بۆتە بنێشتە خۆشکەی حکوومەت، دەبینین کە لە پەیوەندی لە گەڵ بارودۆخی سیاسی و ئیداری کوردستاندا گۆڕانێکی بەرچاو نابیندرێ. ناکری ئێمە خۆمان داوای دابەش کردنی دەسەڵات و فێدێراڵیسم لە حکوومەتی ناوەندی بکەین، بەڵام لەو لاشەوە لە هەرێمەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆماندا سیستمێکی ناوەندی و سەنترالیستی دابمەزرێنین. بەردی بناغە و بنچینە و بنەمای فێدێراڵیسم ئەسڵی «سوبسیدیاریتی» یە، واتا گەڕانەوەی بەرپرسایەتی و ئەرک و مافی جێبەجێکردنی کاروباری خەڵک لە سەرەوی دەسەڵات بۆ خوارترین پلە لە قەوارەی ئیداریدا. ئەمە بەم مانایەیە کە مەشاکیل و ئیش و کاروباری جەماوەر دەبێ هەر لەو شوێن و جێگایەدا جێبەجێ بکردرێ کە تێیدا سەری هەڵداوە. مکانیسمی «سوبسیدیاریتی» پێش بە خڕبوونەوەی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر لە ناوەندێک و لە خۆدزینەوەی دایرەکانی ناوچەیی دەگرێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرفتەکان بە زووترین کات و بە باشترین شێوە جێبەجێ بکردرێن و کەس بۆی نابێ کە خەلک لەم دایرەیە بەو دایرەیە، لەم شارە بەو شارە بەرێ بکا و خۆ لە بەرپرسایەتی و جێبەجێکردنی ئەرکەکان وو ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان بدزێتەوە. من لە درێژایی بیست و سێ ساڵ ژیانمدا لە ئاڵمانی فێدێراڵ تەنانەت جارێکش نەبووە کە شوێنی ژیانی خۆم بۆ کار و مەبەستێکی ئیداری بەجێبێڵم، تەنانەت ئەگەر ئیشەکەی من دایرەیەکی سەرتر دەبا بریاری لەسەردابا. ئەمەیە ناورۆک و مانای ئەسڵی فێدێراڵیسم، نەک حەواڵە کردن و ڕەوانە کردنی هاووڵاتی لە شار و گوندەکانەوە بۆ «هەولێری پایتەخت» بۆ جێبەجێ کردنی ئیش و کارەکانیان.

ئایا لە وەها هەل و مەرجێکدا هێزە تاریکبین و ڕەشپۆش و وەپاشکەوتوو و تێرۆریستی ڕادیکاڵی ئایینی وەک ئەلقاعیدە پەرە ناستێنن و ئەزموونی حکوومەتی کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ناخەنە مەترسیەوە؟ ئەم دیاردە ناوەکیە لە هەموو هەڕشە و گوڕەشەی دەرەکی و بەهێزبوونی شۆوینیسمی ناوەندی بۆ هەرێمی کوردستان مەترسیدارترە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام نەتەنیا بەم هۆیە، بەڵکوو بەتایبەتی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی حکوومەتی لە خزمەتکردن بە هاووڵاتیان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان، دەبێ بەخۆدابچینەوە و بۆمان نییە چیتر بەرامبەر ئەم زولمە کۆمەڵایەتییانە، بەرامبەر خۆ بە بەرپرسنەزانینی «بەرپرسانی» دایرەکان بۆ وێنە لە ئاست ئاوارە کوردە عێراقێکان بێدەنگ بین. لەم هەل و مەرجەدا کە هیچ ئامرازێکی دێمۆکراتیک بۆ سزادانی بەرپرسان . بۆ وێنە لە ڕێگای هەڵ نەبژاردنی ڕێکخراو و حیزبەکانیان . لەبەردەستا نییە، لە وەها دۆخێکدا کە ئۆپۆزیسیونی کارامەد و بە توانا لە ئارادا نییە، لە کاتێکدا کە دەزگا ڕاگەیەنەرە گشتییەکان لە لایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە وەک مڵک و ماڵی خۆیان (!!!) زەوت و داگیر کراون و رای گشتی کوردی و غەیری کوردی وەک پێویست و خێرا ئاگاداری ئەم نەهامەتییانە نابن، ئەرکی ڕووناکبیرانە کە بە ڕوونی و ڕاشکاوی بنووسن و دیسان بنووسن کە شەرمە و شوورەییە، کە لە کۆمەڵگا و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی کوردیدا، وەها خەڵکێک هەبن کە ژیانی وا پر لە ئازار و مەینەت تێپەڕ بکەن؛ دەبێ بە قەڵەمەکەیان جەخت بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کە ئاوڕێکیش لە لێقەوماوان بدەنەوە.

ئاڵمان . ١٤ - ٢ - ٢٠٠٧

---

## هەڕەشەی دەوڵەتی تورکییە و پێویستی بەربەرەکانی نەتەوایەتی کورد

وێدەچێ بەم هێرشانەی دووایی حکومەتی تورکییە بۆ سەر بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بناری قەندیل و ناوچەکانی تری هەرێمی باشووری کوردستان هەڕەشەی ئەو وڵاتە لە سەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە گشتی پێی نابێتە قۆناغێکی تر. بە بڕوای من تایبەتمەندی ئەم قۆناغە بەهێز بوونی بەرەی تورکییەیە و لاواز بوونی بەرەی کورد: ئەم حکومەتە قەت بە ڕادە و بەرفرەوانی و ڕاشکاوی و بێدەنگی ڕای جیهانی ئێستا نەیتوانی بوو هێرش بکاتە سەر نەیارانی کوردی خۆی و تەنانەت سنووریش ببەزێنێ و ببێتە مەترسییەک بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان؛ لە بەرامبەردا هیچ کات کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە ڕادەی ئێستا بێ دۆست و پشتیوان نەبووە؛ هەروەها هیچ کات هێزی سیاسی کورد و بەتایبەتی ڕای گشتی کورد وەک ئێستا بەربڵاو و لەپەراوێز و بێ دەنگ و بێ دەسەڵات نەبووە... پێویستە لە هۆ و هۆکار و ئاکامەکانی ئەم دۆخە و هەروەها ئامرازو شێوەکانی بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم هەلومەرجە نالەبارە بۆ کورد بکۆڵدرێتەوەو تۆژینەوەو لێدوانو مشتومڕی لەسەربکردرێ. بە بڕوای من تەنیا بە دارشتنو پەیڕەوکردنی ستراتیژێکی «نەتەوایەتی» نوێو هاوچەرخانە دەتوانین سەرکەوتووانە بەرەوڕووی ئەم هەڕەشەو پەلامارەی دوژمن ببینەوە. بە واتایەکی تر ئێمە دەبێ - سەرەڕای هەموو هەڵەکان و سەرەڕۆیی سیاسی پ.ک.ک. - بە تێڕوانینێکی نەتەوایەتی - دێموکراتیک پشتی ئەم ڕێکخراوەیە بگرین و بە شێوەکانی جۆراجۆر بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم هەڕەشانەی حکومەتی تورکییە بکەینو هێرش بە پارتی کرێکارانی کوردستان هێرش بە کورد و داوا ڕەواکانی بزانین. سەرکەوتنی تورکییە لەو هێرشە بەرفرەوانە سەرکەوتنی فاشیسم و شۆوینیسمە بە سەر کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

لە مەڕ ئەم هێرشانەی حکومەتی تورکییە - جگە لە ڕای گشتی کوردیو بەشێکی زۆر لە مێدیاکانو پارتە سیاسییەکانی کە بێدەنگ و «بێلایەنن»، یان لانی کەم کەمهەڵوێستن - تا ئێستا بەرەوڕووی دوو بۆچوونی دژبەیەکی چەند ڕووناکبیری کورد بوومەوە:

- لایەنێک کە هەڵوێستەکەی خۆی بە «دێموکراتیک» ناوزەد دەکا، لەم بڕوایەدایە کە «پ.ک.ک. شایانی وەی نییە لایەنگری لێبکردرێ، چونکە ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە و لە داهاتوودا دەبێتە لەمپەرێک بۆ دێموکراسی، کردەوەکانی جێی گومانن و لەوانەیە میتی تورکییە دزەی تێدا کردبێ و... ».
- لایەنێکی تر پێی وایە کە «ئەم ڕێکخراوەیە شۆڕشگێڕترین و بەسیاسەتترین هێزی کوردییە و ئەرکی »ناسیۆنالیستی« ئێمەیە کە لایەنگری لێبکەین، بەتایبەتی بە هۆی وەی کە خزمەتێکی زۆری بە گەلی کورد کردووە و بە کردەوە شۆڕش دەکا

و وەک ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە کە لە باشوور دانیشتوون و چاوەڕوانی ئەمریکانو بوونە پاشکۆی پارتە سیاسییەکانی ئەم بەشەی نیشتمان».

**بە بڕوای من هەر دوو لایەن لە هەڵەدان و کێشەو گرفتەکە سادە و ساکارتر لەوە دەبینن کە هەیە.**

لایەنێک کە بەکردەوە سەرچاوەی هەموو هەڵەکان و هەڵسوکەوتە چەوتەکانی پ.ک.ک. تەنیا بە خودی ئەم ڕێکخراوەیە و ئۆجەلان و میتی تورکییە گرێدەدا، ئەوە لەبەرچاو ناگرێ کە پ.ک.ک. سەرەڕای هەموو هەڵەکانی بە ڕاستی سەرچاوەی زۆر خزمەتیش بۆ کورد و کوردستان بە گشتی بووە؛ نابینێ کە کاری دێموکراتیک لە تورکییە ئەوەندەش حاسان و مومکین نییە؛ نابینێ کە بەشێکی بەرچاو لە توندوتیژی ئەم ڕێکخراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژی و زەبروزەنگی لەڕادەبەدەری حکومەتی تورکییە؛ نابینێ کە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتە فاشیستییە ناتوانێ دێموکراتی نموونە بێ و لە خەباتی سیاسی و چەکداری‌دا هەڵە نەکا. ئەوەش ڕاستە کە ئەم ڕێکخراوەیە چەند کەسێکی لە نەیارانی خۆی تێرۆر کردووە. بەڵام بۆ بە تێرۆریستزانینی ڕێکخراوەیەک بەس نییە کە ئەم ڕێکخراوەیە کە لە خەباتی نەهێنی و چەکداری دایە، چەند کەسی تێرۆر کردبێ. کام حیزبی سیاسی دەناسین - کورد و غەیری کورد ـ کە لە خەباتی چەکداری درێژخایەنو پانو بەرین دابووبێو تێرۆری نەکردبێ؟ لە دەوڵەتانی تورکییەو ئەمریکاو ئیسرائیل گەڕێین کە بە دەیان جار تێرۆریان کردووە و خەڵکیان ڕفاندووە و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان سجنیشیان هەیە. با بزانین ئایا ڕێکخراوەکانی خەباتگێڕی وەک INC، وەک PLO تێرۆریان نەکردووە؟ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور نەیانکردووە؟ ئایا بەم کردەوە ناڕەوایانە ئەوانە بوونە تێرۆریست؟! کەسێک، ڕێکخراوێک تێرۆریستە کە تەنیا و یاخود گەورەترین ئامرازی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسی تێرۆر بێ، بە تێرۆر وەک ڕێباز و مەکتەبێک باوەڕی هەبێو کردەوە تێرۆریستییەکەی دژی مۆدێرنیتە و دێموکراسی و خەڵکی سیویل و بێدیفاع و غەیری نیزامی بێ. بە دەنگێکی زۆر بەرز و ڕاشکاوانە دەبێ بگوترێ کە نە پ.ک.ک. و نە هیچ یەک لە ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردی خەباتگێر کە لە تێکۆشانی سیاسییاندا هیچ دەرفەتێکی دێموکراتیکیان نەبووەو نەیارانیان جگە لە سڕاندنەوەیان بە هیچ شتێکی دیکە ڕازی نینو شەڕی مان و نەمانیان پێ فرۆشتوون، تێرۆریست نەبوون و نین. دیارە هەڵەکانی پ.ک.ک. لەم بوارەش دا کەم نین و دەبێ باسی بکردرێ و تەنانەت کردەوەی ناڕەوا و دژی دێموکراتیکیشی مەحکووم بکردرێ. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ بگوترێ کە ئەگەر هەڵەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان زۆر بەرچاون، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە وەی کە هێز و کردەوەکانیشی بەرچاونو لە زۆر گۆڕەپاندا خەبات دەکا و لە ژێر زەختی زۆر دەزگای سیخوڕی ولاتان دایە. لە بیرمان نەچێ کە ئەگەر ئیسرائیل و ئەمریکا نەبان، تورکییە بە حەیاتی نەیدەتوانی ئۆجەلان لە ئەفریقایە برفێنێ؛ ئەگەر یارمەتی ئەمریکا نەبایە، تورکییە نەیدەتوانی هێرش بکاتە سەر بنکەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە باشوور و باکووری کوردستان. لەم شەڕەی ئێستاشدا لە دژی پ.ک.ک. لانی کەم تورکییە، ئەمریکا، سوریە، ئێران، عێراق (بە چراسەوزی خۆی بۆ ئەم کردەوە ناجوانمێرانە) بەشدارن. کە وایە



سەرچاوە
Serchawe

دوژمنانی پ.ک.ک.ش کەم نینو بەرخۆدانو خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەوانە کارێکی سەهل و حاسان نییە و بێ هەڵەش ناکرێ.

لایەنی تریش کە پێی وایە دەبێ پشتی پ.ک.ک. بە بێ شەرت و مەرج بگرترێ، لە بیریان دەچێتەوە کە بەشێکی بەرچاو لە هەڵەکانی ئەم ڕێکخراوەیە دەگەڕێتەوە سەر خودی خۆی و ناتوانین لە بەر خزمەتەکانی . کە بە ڕاستی هەی بووە . و یاخود لە بەر فاشیسمی تورکییەو بە بیانوو یان بە پێی هەڵوێستی »ناسیۆنالیستی« چاوپۆشی لێبکەین و باسی نەکەین. ئەمن پێم وایە کە ئەم دۆخەی کە پ.ک.ک. ئێستا تێیدایە، دەیتوانی تێیدا نەبێ،

**ئەگەر ئەم هەڵانەی نەکردبا.**

**بە کورتی:** پ.ک.ک. بە تەواوی هەڵەکانییەوە هێزێکی سیاسی کوردەو بۆ کورد خەبات دەکا. لەم ڕەوتەدا ڕەنج و زەحمەتێکی زۆری کێشاوە، قوربانێکی زۆری داوە و زۆریشی خزمەت بە دۆسی ڕەوای نەتەوەکەی کردووە. هەر بۆیە دەبێ ڕێزی لێ بگیردرێ و لایەنگری لێبکردرێ. لە هەمان کاتدا دەبێ بە ڕوونی و ڕاشکاوی بگوترێ کە هەڵەشی کەم نەبوون و بۆ ئەم هەڵانە دەبێ رەخنەی ڕاستەوخۆی لێبکردرێ. نە فاشیسمی تورکییە دەبێ ببێتە هۆی وەی کە چەکی سپی بدەین بە پ.ک.ک. و بێدەنگ بین لە بەرامبەر هەڵەکانێوە و نە ئەم هەڵانە دەبێ ببنە هۆی ئەوەی کە تورکییە . کە لە سەرەکیترین دوژمنانی کوردە . لەبیر بچێتەوە و یان لە بەرامبەر جنایەتەکانی بە نیسبەت کورد و پ.ک.ک. بێدەنگ بین.

بنچینەی ئەم بۆچوونە بیرێکی دێموکراتیکی نەتەوایەتییە. پێم وایە کە ئێمە پێویستیمان نە بە ڕێبازی «ناسیۆنالیستی»، بەڵکو بە «ستراتیژێکی نەتەوەیی» هەیە کە هەم رەخنەی - وەک مەرجی یەکەمی دێموکراسی . تێدا دەگونجێ و هەم بەرژەوەندی نەتەوایەتی لە بەرچاو دەگیردرێ، بێ ئەوەی کە بکەوینە خانەی - لە ڕوانگەی منەوە - نادێموکراتیکی ناسیۆنالیستی.

هەڵبەت لە ناو ئێمەدا ناڕوونییەک بە نیسبەت چەمکی «ناسیۆنالیستی» و «نەتەوایەتی» لە ئارادایە کە بە پێویست دەزانم لە بەشی یەکەمی وتارەکەمدا لە ڕوانگەی خۆم ڕوونی کەمەوە. لە بەشی دووهەم کورتەیەک لە ڕەخنەکانی خۆم ئاراستەی پ.ک.ک. دەکەم. ناوەرۆکی بەشی کۆتایی ئەم نووسراوەیە باسی پێویستی لایەنگری لەم ڕێکخراوەیە لە چوارچێوەی بیری نەتەوایەتی دێموکراتیکدا.

مەبەستی من لێرەدا لە «ستراتیژی نەتەوایەتی» ئەوە نییە کە هێزی کورد ئەشێ لەم قۆناغەدا لە چوارچێوەی یەک

ڕێکخراو کۆبێتەوەو وەشوێن یەک «سەرۆک» و سیاسەت، وەشوێن یەک ڕێبەر و ڕێباز کەوێ. چونکە ئەم ڕاستییە ناتوانین لە بەرچاو نەگرین کە کوردستان دابەش کراوەو هەربەشێک تایبەتمەندی و تەنانەت بەرژەوەندی خۆی هەیە. کەواتا نابێ بە بیانووی «خەباتی نەتەوایەتی» جیاوازییەکانی هەرێمی (باشوور، باکوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستان)، جیاوازییەکانی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕیو بەرژەوەندیو . هەر بەم پێیە . ڕێکخراوەیی ناو هەرکام لەم بەشانە نەبینین و یاخود نکۆڵییان لێبکەین. بە تایبەتی دەبێ بوترێ کە ستراتیژی «نەتەوایەتی»، واتا «ناسیۆناڵ»، جیاوازی لە گەڵ ستراتیژی «نەتەوەخوازیی»، واتا «ناسیۆنالیستی» هەیە. لە ڕوانگەی منەوە ستراتیژی نەتەوایەتی پلانێکی درێژخایەنە بۆ ڕچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوایەتی، بە تایبەت بە نیسبەت نەتەوەکانی ژێردەست، بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلان و گوشاری ئاسیمیلیستیو سەرکوتکردنی نەتەوایەتی، بە بێ ئەوەی کە بەربەرەکانی لە گەڵ نەتەوەیەکی تایبەت بکردرێ (وەک جووڵانەوەی دژی کۆلۆنیالیستی). لە کاتێکدا بیرۆکەی ناسیۆنالیستی - لانی کەم لە تێرمۆلۆژی ئەوڕۆدا - بە دژایەتی و بەربەرەکانی لە گەڵ نەتەوەیەک یاخود چەند نەتەوەی تر پێناسە دەکردرێ. بە پێی توپۆلۆژییەک کە من دەیکەم، پرس و دۆسی کورد نەتەوەییە، نەک نەتەوەگەرایی، «ناسیۆناڵە»، نەک «ناسیۆنالیستی»، بە تایبەتی بە هۆی وەی کە ڕزگاریخوازانەیە و بە مەبەستی زەوتکردنی مافی هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست نییە.

لە جیهاندا زۆر بزووتنەوە هەن کە بە ڕاستی ناسیۆنالیستین کە چی بە خۆیان ناڵێن «ناسیۆنالیست»، بەڵام بەشێک لە ئێمە بزاڤی کورد - کە لە زۆر بارانەوە تەنانەت ناسیۆناڵیش نییە، چ بگا بە ناسیۆنالیستی، بەڵکو داواکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە - بە «ناسیۆنالیستی» بە دنیا دەناسێنین!! مەبەستی ئەسڵی بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستا تەنانەت پێکهێنانی پێکهاتەی «دەوڵەت - نەتەوە»ش نەبووە کە مافی ڕەوای خۆیەتی و ئەگەریش ببا، دیسان «ناسیۆنالیستی» نەبوو. بۆ وێنە ئەمن جووڵانەوەی فەلەستینم کە بۆ سەربەخۆیییە بە «ناسیۆنالیستی» ناودێر ناکەم. دەبێ بە ڕوونی بڵێین کە وەدەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس کە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا تا ڕادەیەک پەسەند کراوە و لە بەرنامەو پرۆگرامی هەر حیزبێکی تەنانەت چەپ و سۆسیالیستیشدا گونجێندراوە، «ناسیۆنالیستی» پێناسە ناکرێ، چ بگا ئەو داخوازیە سەرەتاییانەی کە کورد هەیەتی و لەجاڕنامەی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی و کۆنوانسیۆنی ژنێیڤ بە مافی ئینسانی ناسراون.

زۆر جار لە مێژوودا هەڵکەوتووە کە ڕێبەرایەتی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی هێزێکی مارکسیستی و چەپ کردوویەتی. باشترین نموونە هەر بزوتنەوەی کوردە کە بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی لە سەد ساڵی ڕابردوودا یان سۆسیالیست بوون و یان لە ژێر کارکردی بیری سۆسیالیستی دابوون و شوێنەواری چەپیان پێوە دیار بووە. لانی کەم هیچ یەک لەم هێزانە ناسیۆنالیستی نەبوون و من پێم وایە ئێستایش نین. ئەمانە «نەتەوەیین» و بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد لە ستەمی ناسیۆنالیسمی ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین، خەبات دەکەن. کە وایە دوو چەمکی «ناسیۆناڵ» و «ناسیۆنالیستی»،



سەرچاوە Serchawe

نەتەوەیی و نەتەوەخوازی یەک نین. بۆ وێنە هیچ وڵاتێک لە دنیایەدا نییە کە بەرژەوەندی و سیاسەت و ڕێکخراو و نیهاد و ئابوری نەتەوەیی نەبێ.  بەڵام ئایا ئەم وڵاتانە ناسیۆنالیستین؟ بە دڵنیایەوە نە.

**ئەمن تەنانەت ئیددیعا دەکەم کە سیاسەتی ناسیۆنالیستی دەتوانێ دژی نەتەوەییش بێ.**

ئەگەر ئێمەی کورد لە مێژوودا ڕێکخراوی ناسیۆنالیستیشمان هەبوو بێ. بێشک ستراتیژیو بگرە هەڵوێستی نەتەوەیی‌مان بە دەگمەن هەبووە. بڕوانینە باشووری وڵاتەکەمان: ڕەنگە هیندێک کەس و لایەن پارتە کوردییەکانی دەسەڵاتداری ئەم بەشەی نیشتمانەکەمانی بە هەڵە پێ «ناسیۆنالیستی» بێ! بەڵام ئایا ـ جگە لە هەڵوێستی هەتا ڕادەیەکی زۆر دروستی کورد لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراق، دیاری کردنی ئاڵای کوردستان و هەڵوێستەکانی ژیرانەو کوردانەی مەسعود بارزانی لەم ساڵانەی دواییدا ـ کام سیاسەت و هەڵسوکەوتی حکومەتی کورد نەتەوایەتی بووە، چ بگا بەوەی کە «ناسیۆنالیستی» بەو واتایەی کە لایەنگران و نەیارانی »ناسیۆنالیسمی کورد« ناودێری دەکەن، بێ؟ ئاخۆ لە باشووری کوردستان پاش هەڤدە ساڵ »ئازادی«، حکومەتێکی یەکگرتوومان هەیە؟ ئایا توانیومانە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا بگەڕێنینەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ ئایا ژێرخان و سەرخانی ئابورییەکی نەتەوەیی‌مان هەیە؟ زمانێکی یەکگرتوومان هەیە؟ ڕێکخراوێکی غەیری حیزبی نەتەوەیی‌مان هەیە؟ کشتوکاڵێکی نەتەویی‌مان هەیە؟ وەرزیشێکی نەتەوەیی‌مان هەیە؟ موسیقا و چاند و هونەرێکی نەتەوەیی‌مان هەیە؟ مێدیایەکی نەتەوەیی‌مان هەیە؟ لە ناو وڵات هێزێکی جەماوەری و ڕای گشتی نەتەوەیی‌مان هەیە؟ لە ئاست نێونەتەوەیی ناسنامە و بیر و سیاسەت و دیپلۆماسییەتی نەتەوەیی پەیڕەو دەکەین؟ بۆ وێنە کام کوردی دڵسۆز هەیە وەدەنگ نەهاتبێ، کاتێک فڵان ڕێبەری باشووری کوردستان قسەوباسی سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵات و باکوور نەکردبێ و باسی «دۆستانی دێرین و برایانی بەڕێزی کۆماری ئیسلامی ئێران» و «دێموکراسی لە تورکییە» و «تێرۆریست» بوونی پارتی کرێکارانی کوردستانی نەکردبێ؟ ئایا ئەم »گەمانە» هیچ پەیوەندێکیان بە دیپلۆماسی نەتەوایەتی ڕاستەقینەوە هەیە؟ ئایا ئەم کەسەی ئەم قسەوباسە دەکا، توانیوێتی لانیکەم ئاسایشی نەتەوەیی لە بەرامبەر دەستدرێژی و تێرۆریسمی دەوڵەتی ڕژیمی تورکییە بپارێزیو هەر نەبی شەرمەزاری بکا؟ بە کورتی: ئایا تێڕوانینو تارێکی نەتەویی‌مان هەیە؟ وڵامی هیچکام لەم پرسیارانە بە دڵنیاییەوە دڵخۆشکەر نین. کە وایە ڕێبازی ئەم ڕێکخراوانە نە تەنیا ناسیۆنالیستی نییە، بەڵکو ناسیۆناڵ، واتا نەتەوەییش، نییە.

بەداخی گرانمەوە لە مەڕ هێرشەکانی ئەم دووایانەی تورکییەش بزووتنەوەیەکی نارزامەندی نەتەوەیی‌مان نییە: نە لە شەقامی کوردی هەواڵێک هەیە، نە لە دیپلۆماسی و نە لە جووڵانەوەی ئیعتیرازی و جەماوەری کوردی.

دیارە هۆیەکان زۆرن و زۆر روو و لایەن دەگرنەوە. بە بڕوای من  هۆی سەرەکی بێدەنگ بوون لە ئاست هێرشەکانی

حکومەتی تورکییە و نەبوونی هەڵوێستێکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە سەر هەڵەکانی خودی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەم پارتە ڕێکخراوەیەکە کە نە گوێ دەداتە کەس، نە هەست و هەڵوێست و بەرژەوەندی کەس لەبەر چاو دەگرێ، نە بۆخۆی توانایی گرتنی هەڵوێستێکی دووربینانەو ستراتیژێکی نەتەوەیی هەیەو نە بە تەنیا دەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم هێرشانە بکا کە لە ڕاستیدا جگە لە تورکییە ئامریکا و عێراق و ئێران و سوریەش تەیدا بەشدارنو بەرەنگاربوونەوەو پووچەڵکردنەوەی کاری تەنیا ڕێکخراوەیەک نییە.

**شەڕی پ.ک.ک. زۆرتر لە خۆکوژی دەچێ هەتا خەباتی پارتیزانی:** چەشنی خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە لە گەڵ خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی گشت پارتە کوردییەکان جیاوازی هەیە. گەورەترین جیاوازی، ڕادەی یەکجار زۆری گیانبەختکراوەکان و شەهیدانی ئەم حیزبەیە کە هەر جارێ لە کێبەرکێی چەکداری لە گەڵ ئەرتەشی تورکییە لە بەراورد لە گەڵ دەسکەوتەکانی خۆی و کوشتەی دوژمن دەیدا. کەم جەولەو بە قەولی خۆیان «ئۆپێراسیۆنی» چەکداری هەیە کە پ.ک.ک. نەیکا و چەندین کوشتەی نەدا و لاوانی کورد بە دەستی عەسکەری دەوڵەتی تورکییە لە خاک و خوێن نەگەوزێن.

ئاخر ئەوە چ شەڕێکی چەکداری و پارتیزانییە کە گوێ نەدەیە وڵاتی «پشتی جیبهە» و تەنانەت هەڕەشەی لێبکەی و جاروبار شەڕیشی لە گەڵ بکەی، لە کاتێکدا کە ئەم «پشتی جیبهە»یە حکومەتی کوردە و تا ئێستا هیچ موشکیلەیەکشی بۆ ساز نەکردووەو بە پێچەوانە زۆر هەڕەشە و گوڕەشەی تورکییەشی بێ وڵام هێشتۆتەوە. بەڵام هەڵوێستەکانی ئەم ڕێکخراوەیە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیشی لە داوێن تورکییە هاویشت و تەنانەت بە نوێنەرانی کورد بێحورمەتیش کردرا. ئایا ئەو ڕێکخراوەیە بەم شێوە کە وڵامی دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی داوە، وڵامی سوریە و ئێرانیشی داوە، ئەوکات کە بنکەکانی لەم وڵاتانە بوو، یان بە قوربان و سەدەقەیان دەبوو و تا ئەو جێگایە دەچۆ پێشێ کە نکۆڵی لە بوونی کورد (سوریە)، یان پێشێلکردنی مافی کوردی لەم وڵاتانە (بۆ وێنە لە ئێران) دەکرد و ئەگەریش کورد لەم وڵاتانە خۆپێشاندانی بە دژی تورکییە دەکرد و لەم خۆپێشاندانانەدا خوێنی لاوانی کورد لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە دەڕێژرا، بە جێی وەی کە حکومەتی ئەم وڵاتە دژیکوردانە مەحکووم کا، لاوانی کوردی مەحکووم دەکرد و کارەکانی بە »گەلەکۆمەی تورکییە و ئیسرائیلی» لە قەڵەم دەدا!! ئەمن لەم بڕوایەدام کە ئەمریکاش گەرەکی نەبوو، بێتە نێو بەرەی شەڕی دەوڵەتی تورکییە بە دژی کورد. ئاکامی سیاسەتەکانی پ.ک.ک. ئەم وڵاتەشی هێنا بەرەی تورکییە. بێسیاسەتی پ.ک.ک. دەوڵەتی ئێرانیشی بە دژی وان هان دا و دەرگای وێشی لێ داخرا.

هەڵوێست و حەرکەتەکانی ئەم ڕێکخراوەیە ئەوەندە چەوتو هەڵەن کە لە ئاست نێونەتەوەییش دۆستی لە باوەش دوژمن داوێ. هیچ وڵاتێکی ئوروپایی دژی نەتەنیا کورد نەبوو (و ئێستاش نییە)، بەڵکو کاریان بە پ.ک.ک.ش نەبوو. بەڵام ئەم ڕێکخراوەیە بە ئاورتێبەردانی دەیان و سەدان شوێن، بە ئوتوبانگرتن و خۆئاورتێبەردانی لایەنگرانی، بە ئازاری چەندین

کورد کە حازر نەبوون یارمەتی ماڵی بدەن بە پ.ک.ک.، بە تێرۆری چەند ئەندامی پێشووی خۆیان و هەوڵدان بۆ کوشتنی چەند کەسی تر، ... کارێکی کرد کە دەوڵەتی ئاڵمان قەدەغەی کا و یەکێتی ئوروپا بە «ڕێکخراوێکی تێرۆریستی و جنایەتکاری»ناوزەد بکا. باڵوێزی تورکییە لە ئاڵمان لە لێدوانێکی تەلەویزیۆنیدا وتی «چەندین ساڵە هەوڵ دەدەین کە حکومەتی ئاڵمان ڕازی بکەین پ.ک.ک.ی قەدەغە بکا، سەرنەکەوتین، کەچی پ.ک.ک. خۆی بە دوو حەتوو ئەم کارەی پێکردن».

بە داخەوە ڕای گشتی ئوروپا و بەتایبەتی ئاڵمان دوای ئەم حەرەکەتە ناسیاسی و چەوتانە بە قازانجی تورکییە وەرگەڕاوەتەوە. ئێستا مێدیاکانی ئاڵمان زۆر بەدەگمەن باسی کورد دەکەن، کاتێکیش کە دەیکەن، کەمتر باسی چەوسانەوەی کورد و فاشیسمی دەوڵەتی تورکییە دەکەن، زۆرتر باسی «گرفتی پ.ک.ک.» دەکەنو ئەوە لە پرسی نەتەوایەتی کورد جیا دەکەنەوە و بە خراپی باس دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەر ئەو مێدیانە بوون کە شەو و ڕۆژ باسی کوردی بێ بەشیان دەکرد و کوردیان نەتەنیا بە خەڵکی ئاڵمان، بەڵکو بە سەدان هەزار کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەش ناساند. با نموونەیەکی بێ بایەخ دیتن و گوێ پێنەدانی ئێستای مێدیاکان بە پرس و دەنگوباسی کوردتان بۆ باس بکەم: چەند حەوتوو لەمەو بەر پ.ک.ک. لە دۆرتموندی ئاڵمان خۆپێشاندانی سازکرد و گۆیا چەند هەزار کەس بەشداری تێدا کرد. دەنگدانەوەی ئەم خۆپێشاندانە لە ڕۆژنامەیەکی ئەو شارە کە تیراژی چەند سەدهەزاری هەیە، هەر ئەوەندە بوو کە لە هەواڵێکی چوار لە چوار سانتیمێتری لە ژێر سەردێڕی «ڕێبەندان لە چەند شەقام» لە یەک یان دوو ڕستەدا نووسرابوو کە بە هۆی خۆپێشاندانی کوردەکان لە دۆرتموند ئەم یان ئەو شەقامە بۆ ماوەی چەند کاتژمێر دەبەسترێ. ئەمە گشت هەواڵەکە بوو. ئەمن لە خۆم پرسی ئەم کۆمەڵە ئینسانە لۆخۆبردوویە کە لە کاتی خۆیان مایەیان داناوە و پارەیەکی زۆریان سەرف کردووەو لە ڕێی دوور و نیزیکەوە هاتوونە ئەم شارە، بۆ کێ ئەم کارەی دەکەن. مەگەر بۆ ئاگادار کردنی خەڵکی ئەم شارە و ڕای گشتی بە دژی تورکییە نییە؟ بەداخەوە ئەمە ڕەوشی هەمیشەیی ئەم ڕێکخراوەیە.

خۆپێشاندانەکانیشیان - بە قەولی خۆیان - زۆرتر لە «فێستیوال» دەچێ هەتا ڕێپێوانی سیاسی: چەند سەد ژنێک بە جل و بەرگی فۆلکلۆریکی کوردی دەدیترێن کە وێنەی سەرۆکی «نەتەوەیی»یان(!!!) بەدەستەوەیە و هاواردەکەن «بژی سەرۆک ئاپۆ! ». بە وردبوونەوە لە شۆعار و سلۆگانەکان دەردەکەوێ کە خۆپێشاندەران بە دژی - ئەو شتەی کە بۆ خۆیان نێوی لێدەنێن - «گۆشەگیرکردنی سەرۆک ئاپو»(!) خۆپێشاندان دەکەن، نە بە دژی بۆمبباران و کوشتنی هەر ڕۆژێ دەیان لاوی کورد لە چیاکاندا!!! ئەم چەشنە «خەباتە» (!!!)، ئەم سێناریۆیە هەموو کات بەم شێوە دووپات دەبێتەوە. بەم کارانە نە دۆست بۆ کورد و پ.ک.ک. پەیدا دەبێ و نە دەوڵەتی فاشیستی تورکییە لە قاو دەدرێ.

لەم بڕوایەدام کە کورد، نە بەم شێوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵکو بە گرتنی هەڵوێستی نەتەوایەتی دەتوانێ

پشتی فاشیسم و ناسیۆنالیسمی تورکییە بشکێنێ، ئەویش بە بێ ئەوەی خوێن لە لوتی گریلایەک بێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پ.ک.ک. پێویستی بە گۆڕانکاری ناوڕێکخراوەیی، بە ڕێبازی سیاسی و ستراتیژێکی نوێ و هەڵسوکەوتی دێموکراتیک لە گەڵ ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان و بە هەند زانینی ڕای گشتی کوردی و جیهانی هەیە. هەروەها دەبێ کوردی بەشەکانی تری کوردستان لەم دۆخە ئاستەمەدا، لەم قۆناغ و هەلومەرجەدا کە دوژمنای کورد بە هاوکاری ناتۆ و ئەمریکا گەرەکیانە پارتێکی سیاسی کورد لە بەین بەرن و خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کورد بڕێژن‌و ئامادە نین هیچ شێوەیەکی دێموکراتیکی خەبات بۆ دابین کردنی مافە زەوتکراوەکانی کورد قەبووڵ بکەن و تەنانەت کوردە پارلەمانتارەکانیش دەگرن و زیندانی دەکەن، بە پێی ئەرکی نەتەوەیی و پیشکەوتنخوازانەی خۆیان بە هەموو شێوەیەکی مومکین پشتی پ.ک.ک. بگرن و یارمەتی بدەن و ئیزن مەدەن کە ئەم پرۆژە دژی گەلییەی تورکییە سەرکەوێ.

**بەم مەبەستە:**

١- پێویستە بەر لە هەموو شتێک شەڕی چەکداری ڕابگیرێ و پ.ک.ک. هێزەکانی خۆی لە سنورەکان بکشێنێتەوە بۆ ناو باشووری کوردستان. دڵنیام کە حکومەتی هەرێم هەموو ئاسانکارییەک بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە تەرخان دەکا. دەبێ دەستی دەوڵەتی تورکییە لە کوشتنی باشترین لاوانی کورد، کە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیان ڕوویان کردۆتە چیاکان، کورت کرێتەوە.

٢- دەبێ خەبات لە چیاکان بگوێزرێتەوە ناو شارەکانی باکووری کوردستان. پێویستە بە وەڕێخستنی ڕێپێوانی پەیتا پەیتا لە شەقامەکان سەرهەڵدانێکی کوردی بەرفرەوان ڕێکبخسترێ. دەبێ کارێک بکەین ڕای گشتی جیهانی - بە تایبەتی ئورووپا - بە قازانجی کورد و بە دژی دەوڵەتی تورکییە وەرگەڕێنەوە. دیارە ئەمە ئەرکی تەنیا پ.ک.ک. نییە، بەڵکو ئی هەموو کوردێکی دێموکرات و پێشکەوتووخوازە. بەڵام ئەم ئەرکە بی پ.ک.ک.ش جێبەجێ نابێ. دەوڵەتی تورکییە ئەگەر خوێنی کوردیش دەرێژێ، دەبێ لە سەر شەقامەکان و لە بەرامبەر کامیرای مێدیاکانی جیهان بیرێژێ.

٣- هەموومان دەزانین کە تورکییە بە خێری نامووبارەکی پەنجا ساڵە گەرەکێتی بێتە ناو یەکێتی ئورووپا. ئەوە هەلێکی گەورەیە بۆ ئێمە و ئەشێ بە قازانجی بەرژەوەندێکانی نەتەوەیی خۆمان کەڵکی لێوەرگرین. بۆ وێنە یەکێتی و شووڕای ئورووپا خاوەنی چەند جاڕنامە و پەیماننامەن وەک «بەیاننامە پشتگرتنی کەمایەتییە نەتەوەییەکان»، «پەیماننامەی پشتیوانی کردن لە زمانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان» کە دەبێ هەول بدەین دوڵەتی تورکییە پێش ئەندام بوونی پەسەندیان بکا. ئورووپا دەبێ تێبگا کە ئەگەر تورکییە پرسی کورد چارەسەر نەکا و هەڵوێستە شۆوینیستییەکانی خۆی بە نیسبەت کورد نەگۆڕێ، ئەوە کێشەی کورد دەبێتە کێشەی ئورووپا. کە وایە ئورووپا گۆڕەپانێکی گرینگە بۆ خەباتی

دێموکراتیکی کورد. هەڵبەت ئەم خەباتە دەبێ بە شێوازێکی نوێ و بە کەڵک وەرگرتن لە مێدیاکانی ئوروپایی و پسپۆران و دۆستانی کورد - کە کەمیش نین . بکردرێ.

٤- هەروەک ئاگادارین، یەکێک لە بەشە هەرە گرینگەکانی ئابوری تورکییە توریسمە. ئەم بەشە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بودجەی دەوڵەتی تورکییەو بەم پێیە ئی ئەرتەش و میتی سەرکوتگەری ئەم وڵاتە دابین دەکا. ئێمە هەروەها دەزانین کە تەنیا لە ئاڵمان شەش سەدهەزار کوردی لێیە و پ.ک.ک. هێزێکی چالاکی گەورەی لەم وڵاتە هەیە. ئەمن دڵنیام کە بە ڕێکلام و تەبلیغاتێکی بە بەرنامە لە ناو خەڵک و مێدیاکانی ئاڵمان (و بە هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرڕڤ، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ڕێکخراوی داکۆکی کردن لە نەتەوەکانی ژێردەست، پارتە سیاسی‌یەکان و هەروەها شەریکە پرۆڤێسۆناڵەکانی تەبلیغی ئوروپا) دەتوانین کارێک بکەین کە کەسێکی وا بە مەبەستی خۆشگوزەرانی ڕوو لە تورکییە نەکا، تا کاتێک کە ئەم وڵاتە لە پارەی ئەم خەڵکە بە دژی مافی مرۆڤو کوردو بۆ کرینی چەکوچۆڵی عەسکەری کەڵک وەردەگرێ. ئەم کارە یەکێک لە دێموکراتیکترین، خەڵکیترین، کەم مەسرەفترین، بە کەڵکترین و پێویستترین کارێکە کە کورد دەتوانێ لە وڵاتانی ئوروپا بە تایبەتی لە ئاڵمان بە پشتبەستن بە ڕێژەی زۆری کورد لەم وڵاتە بیکا. ئایا ئەمە باشتر نییە لە خۆئاورتێبەردان و دروشمدانی «بژی...» ئەم و «بمرێ ...» ئەو و «فێستیڤاڵ» گرتنی کارنەواڵی؟ ئەم شتەی کە لێرەدا زۆر گرینگە ئەوەیە کە پ.ک.ک.و هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد دەبێ یاساکان و بۆچوونەکان و کولتوور و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانە لەبەرچاو بگرن. ئێمە ناتوانین چاوەڕوانی یارمەتی وان بین، چاوەڕوانی وەی بین کە لایەنی تورکییە بۆ مە بەردەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوان بە دوژمن بزانین و وەک دوژمن مامەڵەیان لە گەڵ بکەین. لە بیرمان نەچێ، بە نیسبەت کورد و بەتایبەت تورکییە ئەمریکا و ئوروپا یەک هەڵوێست نین و یەک بەرژەوەندیان نییە.

٥- پ.ک.ک. دەبێ هەڵوێست و کردەوەی خۆی بە نیسبەت هێزە کوردییەکان بگۆڕێ، بۆچوون و بەرژەوەندی ئەوانیش لەبەر چاو بگرێو دەست لەم گەمە و مناڵبازارییە هەڵگرێ کە «ئاپۆ» بە «سەرۆکی نەتەوەیی» کورد بزانێ. ئاشکرایە کە ئەم مرۆڤە لە ژێر دەستی دوژمن دایە و هەڵوێستەکانی ناتوانن لە بەرژەوەندی کورد دابن. بۆ وێنە: ئەم بارودۆخەی کە کورد تێیدایە دەگەڕێتەوە سەر «کەمالێیسم» و بیرە بۆگەن و فاشیستییەکەی ئەتا تورک. لە کاتێکدا «سەرۆکی نەتەوەیی» (!!!) ستایشی ئەم دوژمنی کوردە دەکا (کە هەڵبەت مێدیاکانی پ.ک.ک. ئەم قسانەی سانسۆر دەکەن)! بە هەر حاڵ، پ.ک.ک. کێی پێ سەرۆک و ڕێبەری خۆیەتی، کەیفی خۆیەتی، بەڵام بێزەحمەت لە ناودێر کردنی ئەم مرۆڤە دەربەندە کە ئاشبەتاڵی کردووە و شورەیی بۆ کورد هێناوە، وەک «سەرۆکی نەتەویی کورد» دەستهەڵگرن (کاتی خۆ بە سەرۆک و ڕێبەر زانین کۆتایی پێهاتووە، ئەویش نە ئی ڕێکخراوەیەک یان بەشێک لە وڵاتێک، بەڵکو ئی نەتەوەیەکی چل میلیۆن کەسی لە چوار وڵاتان). پ.ک.ک. هەروەها دەبێ دەست لەوە هەڵگرێ کە حیزب بۆ ئەم یان ئەو بەشەی کوردستان سازبکا، ئەویش بەو حاڵە خاوێنەی کە بۆ خۆی لە باکووری کوردستان تەیدایە. کورد گوتەنی: «ڕەمەزانی زۆر گرت، نۆرەی شەشەکانە»!

پ.ک.ک. ناتوانێ هەموو دنیا بە دوژمنی خۆی بزانێ و چاوەڕوانی یارمەتیش بێ. لە چەند مانگی ڕابردوودا دەوڵەتی تورکییە و ئەمریکا هەوڵێکی زۆریان دا کە کوردی باشووریش بکێشنە ناو ئەو کێشەوەو بە دژی پ.ک.ک. کەڵکی لێوەرگرن. بەڵام هەڵوێستی زۆر بوێرانە و ژیرانەی مەسعود بارزانی و پاشان جەلال تاڵەبانی پێش ئەم گەلەکۆمەی گرت. ئەوە لەکاتێکدایە کە هەردوو ڕێکخراو تا ئێستا کێشەی زۆریان لەگەڵ پ.ک.ک. هەبووە و باشترین پەیوەندیان لە گەڵ ئەمریکا هەیە و زۆریش پێویستیان بە پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ تورکییە هەیە. جێی خۆیەتی سپاسیان بکردرێ بۆ ئەم هەڵوێستە نەتەوەییە. و هەروەها جێی خۆیەتی کە پ.ک.ک.ش نرخ و بایەخی ئەم هەڵوێستە بزانێ و چی تر پارتی و یەکێتی بە دوژمنی خۆی نەزانێ و گوێ بداتە هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانیان.

٦- ستراتیژی و هەڵوێستی «نەتەوایەتی» لە مەڕ هەڕەشە و هێرشەکانی ئەم دوایانەی تورکییە - کە بە هاودەنگی و هاوکاری ئەمریکا دەکردرێ - هەروەها بە مانای مەحکوومکردنی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆی هەڵوێست و کردەوەی ئەم دوو وڵاتەیە، بە مانای دەستپێکردنی هەڵمەت و کەمپەینێکی جەماوەرییەو ڕژانە سەرشەقامەکان بە دەیان و سەدان هەزار کوردی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، نە بەجارێک و نە بە دوو جار، بە واتای خستنی گوشار بۆ سەر ئەم وڵاتانە، بەتایبەتی ئەمریکایە، بە مەبەستی دانی ئەم پەیامە ڕوونە کە ئەگەر دەوڵەتی تورکییە هەروا سنوور ببەزێنێ و بەرەسمی نەیناسێ، ئێمەی کوردی باشووریش ئەوکارەی دەکەین، ئەگەر دەوڵەتی تورکییە ئامادە نەبێ هەرێمێکی فێدێراڵی کورد لە عێراق بە رەسمی بناسێ و بەردەوام هەڕەشەی لێبکا، ڕێز بۆ سنوورەکانی دانەنێ و هەروا شەڕ بە کورد بفرۆشێ، کوردیش بێکار دانانیشێو ئیتر ئەوجار داوای مافی رەوای خۆی، واتا سەربەخۆیی دەکا. جا با بزانین کێ زەرەر دەکا و کێ قازانج. کورد و کرمانجی: تورکییە دەبێ تێبگا کە ئەگەر ماڵ لە کورد بشێوێنێ، ماڵ لە ویش دەشێوێ. بە بڕوای من ئێمەش دەبێ بتوانین بە کارتی هەڕەشە کایە بکەین و ئەگەر پێویست بێ، بەکاریشی بێنین، ئەویش نە تەنیا بەرامبەر بە تورکییە، بەڵکو بەرامبەر بە ئەمریکاش. دەبێ ئەوە بزانین کە زۆر لەوەی کە پێمان وایە، ئەمریکا پێویستی بە ئێمەیە. بە هەر حاڵ، نابێ ئیزن بدەین کە ئەمریکا لە سەر حیسابی کوردی هەژار داوا فاشیستییەکانی تورکییە و پارتە وەدوواکەوتووەکانی شیعە و سووننەی عێراق بەجێبێنێ. هەروەها بە پێی هەڵوێستی نەتەوەییمان، سەرەڕای هەموو ڕەخنەیەک کە لە پ.ک.ک.مان هەیە و دەبێ هەبێ، پێویستە لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکییە لایەنگری لە پ.ک.ک. بکەین. دیپلۆماسی نێونەتەوەیی تورکییە هەوڵ دەدات «کێشەی» کورد داپۆشی و ئیزۆلەی بکا و بیکاتە موشکیلەی «تێرۆریسمی پ.ک.ک.». ئێمە نابێ بێڵین کە لەم هەوڵەدا سەرکەوێ. ڕێپێوان لە بەشەکانی تری کوردستان، بە تایبەتی لە باشووری وڵات بە دژی ئەم هێرشانە و ئەم هەوڵە پێویستییەکی مێژوویی و نەتەوەییە. ئەگەر ئەوڕۆ بێدەنگ بینو ئیزن بدەین کە دەوڵەتی تورکییە هەرچی پێی خۆش بێ لە گەڵ کوردی باکوور و پ.ک.ک. بیکا، دەبێ چاوەڕوانی وەش بین کە هەڵوێستە دژی کوردییەکەی هێرشکارانەتر لە پێشتریش بێ و دوارۆژ باسی شتی زۆرتر - بە نیسبەت باشووری کوردستان (وەک پرسی کەرکوک) بکا.

٧- ئەزموونێکی تری ئەم گرفتە ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا . هەر وەک دەیان جار دەری خستووە - بە پێی بەرژەوەندییە ئابوری و رامیاری و نیزامییەکانی خۆی هەڵسوکەوت دەکاو ئەم بەرژەوەندیانە زۆرتر لە گەڵ بەرژەوەندی حکومەتە فاشیستی و دیکتاتۆرییەکانی وەک تورکییە دەگونجێن تا لە گەڵ کورد. سەرەرای ئەم راستییە پێویست ناکا ئێمە لە گەڵ ئەم وڵاتەی شەڕ و دوژمنایەتی بکەین. تەنانەت لەوانەیە - بۆ ماوەو کاتێکی کورتیش بێ - دوژمنی کورد و ئەمریکاش یەک بێ. بەڵام ئەم وەهم و خیاڵە بڵاو نەکەینەوە کە ئەمریکا «دۆستی دێرینی کوردو دێموکراسی» یە. ئەمریکا تەنیا دۆستی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و بەس. لەم چوارچێوەدا ئەگەر پێویست بێ لە گەڵ کورد هاوڕێ دەبێ (عێراقی ئەورۆ)، ئەگەر بە قازانجی خۆی بزانێ لە بەرامبەر جنایەت لەحەق نەتەوەی کورد بێدەنگ دەبێ (کاتی ڕوودانی جنایەتی رژیمەکان لە دژی کورد وەک ئەنفال و بۆمبارانی حەڵەبجەو تۆپبارانی ئەم دووایانەی ئێران) و تەنانەت لە وانەیە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە بەرامبەر کوردیشدا ڕاوەستێ (وەک ئێستا کە بە دژی کوردی بێدەرەتانی باکوور یارمەتی حکومەتی فاشیستی تورکییە دەدا کە بە بڕوای من لە زۆر بارانەوە ئەگەر لە ڕژیمی سەددام خراپتر نەبێ، زۆر باشتر نییە؛ لە عێراقی دوێنێ لانی کەم زمانی کەسیان نەدەبڕی، ئەگەر بە کوردی قسەی کردبا). کارێک کە ئەورۆ ئەمریکا لەحەق کوردی باکوور و پ.ک.ک. دەیکا جنایەتە دژی نەتەوەی مافخوراو و بێدەسەڵاتی کورد و ئەرکی هەموو ڕیکخراوەکان و مێدیاکان و ڕووناکبیرانی کوردە کە بێدەنگی خۆیان بشکێنن و ئەم حەرەکەتەی ئەمریکا بە توندی مەحکووم بکەن و لەبەرامبەریدا ڕاوەستن.

٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe

## دیالۆگ نەبڕین!

**کورد لە ئێران پرسێکی نەتەوایەتی چارەسەر نەکراوی هەیە؛**
**لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانن و بەتایبەت نەتەوەی فارس؛**
**هۆکاری ئەم هەل و مەرجە نالەبارە حاکم بوونی سیاسەت و پێکهاتە و سیستەمی سیاسی – حکوومەتی شوونیستی‌یە؛**

**ئەم هۆکارە بە ڕادەی پێویست نەناسراوە؛ بۆ ناساندنی بیرۆکەی ئاسیمیلاسیۆن و نەتەوەسازی شۆوێنیستی و پێویستی ڕزگار بوون لە کۆلۆنیالیسمی ناوخۆیی و زەخت و چەوسانەوەی نەتەوایەتی پێویستیمان بە تێکۆشانێکی زۆرتر و پتەوتر و ڕوانینێکی دیکە و بەتایبەتی دیالۆگی زۆرتر لە گەڵ ڕووناکبیرانی تری ئێرانی هەیە؛**

**لەم بوارەدا لەم ساڵانەی دوایی کەمتەر خەمیمان کردووە و بە ڕادەی پێویست چالاک نەبووین.**

**پرس و دۆزی کورد «کێشە» نییە، لانی کەم «کێشەی کورد» نییە. کێشەکە لایەنی بەرامبەر، واتا شۆوێنیسم و ناسیۆنالیسمی قەومی فارس و سانترالیسمی دەوڵەتی قەومی ـ ئایینییە. کە وایە ئێمە پێش وەی کە باس لە سەر ئەنجام و ئاکامەکانی ئەم بارودۆخە، یانی مافخوراویی گەلەکەمان بکەین، دەبێ بنچینەی بیرۆکەی هۆکاری ئەم مافخوراوییە، واتا شۆوێنیسم و ناسیۆنالیسمی نەتەوەی باڵادەست برینە ژێر پرسیار و لەقاوی بدەین و بیکەینە سوژەی ئەسڵی سیاسی.**

**لێرەدا پێویست بە ڕوونکردنەوەیە کە ئەم شۆوێنیسمەی کە باسی دەکردرێ، نە «شۆوێنیسمی ئێرانی»، بەڵکوو شۆوێنیسمی فارسە. مەبەست لەوەش بیرۆکە و پراکتیکی چەوسانەوە و سەرکوتکردنی نەتەوەکانی غەیری فارسی ئێرانی بە قازانجی یەک نەتەوە و قەومی ئێرانی بە نێوی فارسە. چەمکی «شۆوێنیسمی ئێرانی» هەڵەیە و زۆرجاران بەکار هێنانی بۆ شوێنونکردنە.**
**بەڵام لە هەمان کاتدا و بە هەمان ڕوونی دەبێ بگوترێ کە کێشەی مە لە گەڵ تاکی فارس نییە، کێشەی مە تەنانەت لە گەڵ نەتەوە و گەلی فارسیش نییە، کێشەی مە تەنیا لەگەڵ مەکتەب و قوتبخانەی شۆوێنیسم و ناسیۆنالیسم قەومگرای فارسە. لەم کێبەرکێیەدا زۆر بنیام و ڕێکخراوی پێشکەوتووخواز و چەپ و سۆسیالیستی فارس لە گەڵ مەن، بە پێچەوانەکەشی، زۆر بنیام و ڕێکخراوی وەدواکەوتوو، خۆدۆڕاو و ئاسیمیلە و «فارسکراو» (فارسزەدە)ی کورد نە تەنیا لەگەڵ مە نین، بەڵکوو لە بەرەی دوژمندا لە بەرامبەر مە ڕاوەستاون. لەبیرمان نەچێ، ئەوەندەی غەیری فارس (کورد و**

تورک و ...) بەنێوی «ئێرانی»، «نەتەوەخواز»، «موسوڵمان» سنگیان بۆ فارس سپەر کردووە، بەشێکی بەرچاو لە رووناکبیرانی فارس نەیکردووە. ئەوەندەی بەشێک لە ئێمە پێمان وایە دەبێ فارس بین، خودی فارس پێی وانییە کە دەبێ فارس بمێنێ.

بەشێک لە ئێمەی کورد پێمان وایە: یا دەبێ ببین بە فارسێکی تۆخ و پاک و خاوێن و تەنانەت دەبێ لەوانیش فارس‌تر بین و لە دۆست و دوژمن بشارینەوە کە کوردین و بەم مەبەستە تەنانەت نێوی فارسی لە منداڵەکانمان بنێین و بە فارسی قسەیان لەگەڵ بکەین و زمانی دایکیان لە بیربەرینەوە؛ بەشێکیشمان پێمان وایە کە دەبێ پێشاوپێش هەموو فارس‌زوانێک مەحکووم بکەین و گشتیان بە دوژمن و شۆوێنیست و ... بزانین!

لە کۆمەڵگای کوردی، تا یەستا، بەتایبەتی بەشی دانیشتوی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و تاران، ژمارەی کەسانێکی کە کردەوەی ئاسیمیلەکراویان لە خۆ نیشان داوە لە ژومارەی کەسانێکی کە لە بەرامبەر ئاسیمیلاسیۆندا بەربەرەکانی دەکەن و هەموو تاکی فارس و رێکخراوەکانی «ئێرانی» بە شۆوێنیست و دوژمن دەزانن، زاڵ بووە. بەڵام ئەمن وای هەست پێدەکەم کە بەشێک لە رووناکبیرانی کورد، بە تایبەتی لە دیاسپۆرا لەم ساڵانەی دوایی‌دا لە رێباز و رەهەندی هەوەڵ بازدیان‌داوەتە ناو گروپی دووهەم. بە شێک تەنانەت بە پێویستی نازانن کە دیالۆگێکیش لە ئارا دابێ و حەول نادەن بڵاوکراوەی فارسیشیان هەبێ! رەنگە پێیان وابێ کە ئەگەر بڵاوکراوەیەکی فارسی‌یان هەبێ، لە کورد بوونیان کەم دەبێتەوە، وە یان ئەگەر زمان و ئەدەبیاتی فارسی تەحریم بکەن، تاجێکی گەورەیان لە سەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی ناوە!

ئەوەی کە ئێمە کوردین، نەتەوەین (هەر چەند ئەم رەوتە درێژەی هەیە و کۆتایی نەهاتووە)، مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان هەیە (کە پێک هێنانی دەوڵەتی نەتەویی سەربەخۆش دەگرێتەوە)، زۆر روونن و ئەسڵگەلێکن کە دەبێ بنچینەی بیر و تێکۆشانمان بن و پاشەکشەشیان لێناکردرێ. بەڵام ئایا دیپلۆماسی و سیاسەتی کورد بەم چەند ئەسڵە گرینە کۆتایی پێدێ؟ ئایا هەر تاک و رێکخراوێکی ئێرانی غەیری کورد دەبێ ئەوها سەیری ئەم قەزییە بکا؟ ئەویش لە زگی دایکی‌دا پێی گەیشت بێ؟ ئێمە کە بەشێکی زۆری نەتەوەکەمان روانینێکی وای نییە، تەنانەت زۆریەک لە رێکخراوەکانمان (بە حیزبە نەتەوایەتێکەشەوە) لەم بوارەدا خۆیان ساخ نەکردۆتەوە (یەکیان خۆی زۆرتر پێ رێکخراوەیەکی سۆسیالیستی‌یە، ئەوی دیکەیان خۆی پێ رێکخراوی کوردستانی حیزبێکی کۆمونیستی «سەرانسەری»، ئەوی تریان لەگەڵ «پان‌ئێرانیستەکان» خۆش خۆش ئیعلامییە ئیمزا دەکا)، چلۆن دەتوانین چاوەڕوانی وەمان لە تاک و رووناکبیری فارس هەبێ کە وا بیر بکاتەوە کە ئێمە دەمان هەوێ، لە حاڵێکدا کە بەشێکی بەرچاویان یان کوردستان ناناسن و یان بە چاویلکەی حکوومەت و شۆوینیسم و «پان‌ایرانیست» («پان‌فارسیسم»)ەوە) کورد و کوردستانیان ناسیەوە؟

لە روانگەی منەوە، ئێمە دەبێ لە ناو خۆماندا، بێ ئەوەی کە تووک لەم و لەوی بکەین، ستراتیژێک و دیپلۆماسێکی نەتەوایەتی دابمەزرێنین و رەوتی نەتەوەخوازی بەشێوەی پێشکەوتنخوازانە بەرێنە پێش. بەڵام ئێمە نابێ تەنیا لایەنی

تێکۆشان و چالاکییەکانمان بێ. لایەنی تر دەبێ بردنەدەرێی دۆزی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوی کوردستان بۆ دەرەوی کوردستان لە ڕێگای هێنانە گۆڕێی باسی هۆکارەکانی ئەم دۆخە و بە کورتی لە ڕێگای گۆڕینی سوژە و ئاگێندای سیاسی لە »کیشەی کورد» بە کێشەی شۆوێنیسم و سێنترالیسم بێ. فارس گوتەنی دەبێ سورەتی مەسەلەکە ئیسلاح بکردرێ و زۆرتر لەوەی کە باسی «مەعلول» (دۆخی کورد) دەکەین، باسی «عیللەت» (شۆوێنیسم) و ڕێگا چارەسەری ئەم کێشەیە (بە شێوازی بەشدار کردنی نەتەوەکانی ئێرانی لە بەڕێوەبەری وڵات و دانی مافی دیاری کردنی چارەنووس لە ناوچەکانی خۆیان) بکەین. پرسی نەتەوایەتی و کیشەی ناسیۆنالیسمی چەوسێنەری قەومی حاکم دەبێ ببێتە پرسی هەموو نەتەوەکانی ئێرانی، بێ وەی کە ببیتە دژایەتی لە گەل نەتەوە و تاک و ڕێکخراوی فارس.

بۆ وێنە، چەوسانەوی ژن لە کۆمەڵگا تەنیا کێشەی ژن نییە، هۆکارەکەی پیاوسالارییە، هۆکارەکەی سیستەم و بیرۆکەی چەوسێنەری ژن لە دەزگای سیاسی، قەزایی، ئایینی، فەرهەنگیدایە. ئایا ئەم کێشەیە لە ناو ژنان و تەنیا بە ژنان چارەسەر دەکردرێ؟ ئایا ئەم کێشەیە، پێش وەی کە «کێشەی ژن» بێ، کێشەی پیاو و پیاوسالاری نییە؟ ئایا خەبات دژی پیاوسالاری بە مانای شەڕ دژی پیاوە؟ ئایا ...؟

**بە کورتی: لەم بڕوایەدام کە ئێمە نابێ خۆمان بە تەنیا خاوەنی کێشەیەک بناسێنین کە لایەنی تر سازی کردووە.**

بەڵام بەداخەوە تایەستا وابووە: خیتاب و ڕوانین و وتاری مە بەم شێوەیە بووە کە ئێمە موشکیلە و داخوازێکمان هەیە و لایەنی بەرامبەر وڵامی ناداتەوە. کەمتر چووینە سەر ئەم باسە کە هۆکار و کارکرد و بنچینەی بیرۆکەی پێکهێنەری ئەم دۆخە چین. بۆ بەرپرچکردنەوەی ئەم وەزعە دەبێ کاری فەرهەنگی، سیاسی و ئاکادێمیکی و ئیستیدلالی زۆرتر بکردرێ و ئەم باس و خواسە لە ماڵی کورد و لە ئابلۆقە بێتە دەرێ و ببێتە کێشەی پێکهاتەی (ساختاری) ڕامیاری و ئایدۆلۆژیکی و بیرۆکەی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی لە گشت ئێران. بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە ئەشێ زۆرتر لە پیش ڕوو لە گەل و رووناکبیرانی هەموو گەلانی تری ئێران، بە تایبەتی فارس بکەین و دیالۆگ لە گەڵ وان نەبڕین.

ئەو ڕاستێمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی تەنیا زمانێکە کە پێی دەتوانین لە گەڵ بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێرانێ بە کوردیشەوە پێوەندیمان هەبێ. ئایا توانایی وەمان هەیە کە لەگەڵ تورک و عەرب و بەلوچ و تورکەمەن و فارس بە زمانی غەیری فارسی بدۆین؟ گەلۆ لە خۆمان پرسیوە کە چەند لە سەدی خوێندکاری کورد کوردی دەزانێ؟ ...

ئەم ڕاستیە پێویستی دانوسان و وتوویژ لە گەڵ ڕووناکبیرانی ئێرانیمان پێدەسەلمێنێ. بایخنەدان بەم بوارە زیانمان پێدەگەیەنێ و بارەکەمان قورستر دەکا.

۷ی مای ۲۰۰۷

## بێدەنگی بشکێنین!

وڵاتانی دنیا لە ئاست ئەم هەمووە زوڵم و زۆردارییەی حکومەتی تورکییە بێدەنگن و کەس حیسابی تەنانەت کۆسۆوۆشمان بۆ ناکا! ئوروپا بێدەنگە! ئەمریکا تەنانەت بە شانازییەوە دەڵێ کە یارمەتی ژنراڵە فاشیستەکانی تورکییە دەدا!

"حکومەتی" هەرێمیش بەنیسبەت بێدەنگ بووە! تەنیا شتێکی کە لەسەرەتا لێی دیترا دیپلۆماسێکی بێهێز بوو لە سەر ئەم بنەمایە کە: "بۆ حکومەتی تورکییە نایە چوار قۆڵی (ئەمریکا، حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی Türkische Soldaten in Grenzregion zum Irak تورکییە و "حکومەتی" هەرێم) ئەم گرفتە چارەسەر بکەین؟" ئیتر تەنانەت بە وشەیەکیش باسی بێدەرەتانی کوردی تورکییە نەکرا! ئەوە لە حاڵێکدایە کە تورکییە بە مافی خۆی دەزانی باسی کەرکووک و گەلی تورکەمەن بکا.

هەڵوێست و ئیعتیرازی حکومەتی بەغدا و بەتایبەتی سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتەش ئەوەندە کز و لاوازە کە لە لایەن سەرۆک کۆماری حکومەتی تورکییەوە لە هەوەڵ ڕۆژی ئەم هێرشە ناجوانمێرانە و نابەرابەرەدا بۆ تورکییە بانگێشتن دەکردرێ و ئەویش "بەخۆشییەوە" قەبوڵی دەفەرموێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆ "کۆنفرانسی عێراق" لە ئانکارا بانگ نەکرا.

حیزبە کوردییەکانیش لە خەوی زستانی دان و چەلێ تا نەورۆزێ و دەستپێکردنی وەرزی حەفلە هەڵناستن! ئەم ڕێکخراوانە تەنیا کاتێک بوونیان بۆ ئێمە دەسەلمێنن کە ساڵرۆژی دامەزراندیان جێژن دەگرن و یان قەیرانیان تێدەکەوێ! دەزگای ڕاگەیاندنی کوردیش کە تەنانەت شایانی نێوەکەشی نییە؛ دەهەزار سپای دوژمن وڵاتەکەی بە قوڵایی دە تا بیستوپێنج کیلۆمێتر داگیرکردووە و بە دەیان و سەدان فانتۆم و هەلیکۆپتێر خەستوخۆڵ بۆمبارانی کردووە، کەچی خەبەری نییە و بەنەقل لە مێدیاکانی تورکییە ئەم هەواڵە بڵاو دەکاتەوە!! تەنانەت لە سەرەتا لە زمان وشیار زێبارییەوە حاشا و نکۆڵی لەم هێرشە گەورەیە کرا! کاری حیزبی کوردی لە باشوور و مێدیاکانی تەنیا خەواندنی خەڵکە و بردنیان بۆ هۆڵی حەفلە و هەڵپەرکێ!

ئەدی ئێمە بۆ بێدەنگین؟!! بێدەنگی و دەستەوەستانی ئەمڕۆی ئێمە زەبری گەورەی مێژوویمان لێدەدا. زەمان ناگەڕێتەوە دواوە و نابێ دەرفەت لە کیس خۆمان بدەین. ئەرکی هەر مرۆڤێکی کوردە داوای ڕاگرتنی ئەم شێوە شەڕە لە ڕۆڵەکانی کورد بکا (بۆ وەی کە نابێ ئێزن بدەین کە حکومەتی تورکییە شەڕی "جیبهەیی" (واتا کلاسیک) بە سەر ئێمە دابسەپێنێ).



سەرچاوە Serchawe

بەتایبەتی دەبێ داوای کشانەوەی بێئەملاوئەولای حکومەتی تورکییە لە خاکی باشووری کوردستان بکردرێ. ئەرکی ئێمەیە بۆ گوشار خستنە سەر تورکییە بەشداری لە حەرەکەتێکی مەزن و بەرفراوانی جەماوەریدا بکەین. لە سەر ئەم بڕوایەم کە هێزی ئێمەی کورد ئەوەندە گەورەیە کە بتوانین بێ شەڕی مان و نەمانی ئاوا شکست بە دوژمن بێنین و بە مافە ئیسانێکانمان بگەین.

دەبێ بزانین کە سەرکەوتنی حکومەتی تورکییە لەم هێرشانە سەرکەوتنی میلیتاریسم و شووینیسم و فاشیسمە بە سەر بزووتنەوەی مافخوازانە و ڕەوای کورد بە گشتی. لە هەمووман دیارە کە مەبەستی حکومەتی تورکییە بەتایبەتی کوردستانی باشوورە و "دەستکەوتەکانی". ئەم هێرشە هەروەها وڵامی ژنراڵەکانی تورکییەیە بۆ دیپلۆماسی نێونەتەوەیی کورد (سەردانی سەرۆک وەزیری حکومەتی هەرێم بۆ کۆڕیای باشوور،...) و هەڕەشەیەکە لە جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچلی دەستوری عێراق، هەرچەند نابێ بیرکەینەوە کە بە جێبەجێکردن و نەکردنی ئەم ماددە یاساییە هەڕەشەکانی تورکییە لە سەر کورد کۆتایی پێدێ؛ ئەم هەڕەشانە دەمێنن و ئێمە دەبێ بیرێکی درێژخایەن و بنەڕەتیتریان بۆ بکەینەوە، بەتایبەتی لە ڕێگای داڕشتن و پەیڕەوکردن و نهادینەکردن (institutionalize) و سەلماندنی بیرۆکە و ستراتیژێکی ڕوون و پتەوی نەتەوایەتی. چەکی ئێمە دەبێ پێش هەموو شتێک مشوور و وشیاری نەتەوایەتی دێموکراتیک بێ.

بەڵام لەم قۆناغەدا و لە بەرامبەر ئەم هێرشە بەرفراوانەی ئێستای تورکییەدا پێویستیمان بە بەربەرەکانێکی بە پەلە و کوتوپڕی مەدەنی - سیاسی و دیپلۆماسی بەهێز بە پشتبەستن بە ڕای گشتی و شەقامی کوردی و هێزی جەماوەری ناو کوردستان و کوردی تاراوگە هەیە. دەبێ تێبکۆشین ئەم هێرشە شکست بێنێ.

٢٤ی فێبریوێری ٢٠٠٨



سەرچاوە Serchawe

## مێدیای ئازاد، مێدیای هەموو کەس؟!

### تێبینییەکی کورت لەسەر وتاری کاک خالیدی محەمەدزادە لە ژێر سەردێڕی

### "میدیای ئازادو چاوەروانیە ئایدئۆلۆژییەکان (٢)"

پێم وانیە کە لە جیهاندا مێدیایەک هەبێ کە هەموو بیر و بۆچوونیک بڵاو بکاتەوە. هەر مێدیایەک چوارچێوەیەکی هەیە. تەنیا لەم چوارچێوەیدا بیرورای جیاواز بڵاو دەکاتەوە. ئەم چوارچێوەیە لە هەموو وڵاتانی دنیا هەیە، بەڵام بەرینایی لە وڵاتانی دێمۆکراتیک و نادێمۆکراتیکدا جیاوازە. کەوایە لە وڵاتانی پێشکەوتووش سنورێک بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکان هەیە. بۆ وێنە ئەمن ناتوانم وتارێک بنووسم و تەیدا زۆر بەرێز و حورمەتەوە بڵێم کە بە بڕوای من فلان نەتەوە نابێ لەسەر عەرز بمێنێ، مرۆڤی بیانی دەبێ لەم وڵاتە بڕۆن، ژن نیوەی پیاون، هەرکەس وەک حکومەت بیرنەکاتەوە دەبێ لەبەین بردرێ و هەر کەس دینی خۆی گۆڕی دەبێ وەک "مورتەد" حوکمی قەتڵی بدرێ، دین لە دەوڵەت جیا نیە و دێمۆکراسی و فێدرالیسم ئەشێ لابچێ و ...

ئەم شتانە نەتەنیا بڵاو نابنەوە، بەڵکوو لەوانەیە لە گەڵ پارێزەری گشتی و مەحکەمەش گرفتم بۆ ساز بکەن. بە کورتی: هیچ بیروباوەڕێکی نادێمۆکراتیک لە مێدیایەکی دێمۆکراتیک بڵاو نابێتەوە. لەم وڵاتەی کە من لەی دەژیم (ئاڵمان) چەند حیزبی فاشیستیشی تێدایە کە لە چەند هەزار مێدیا و ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپی و ئێلێکترونیکی ئازاد و دێمۆکراتیکەوە بە زەڕرەبینیش نایان بینێوە. لەم وڵاتەدا هەرکەس بڵێ کە جینایەتی هۆلۆکاوست نەکراوە و ئەوە سازکراوی یەهودییەکانە سزای هەیە، چ بگا بەوەی کە تریبوونیشی لە ئیختیار بنێن. لەم پەیوەندییەدا رەستەیەک زۆر بەکار دێنن:

Nulltoleranz gegen Nulltoleranz.

ئەم سێ وشەیە بەم واتایە کە تۆلێرانست تەنیا دەبێ لە بەرامبەر کەسێک و لایەنێک هەبێ کە بۆ خۆی تۆلێرانسی لە بەرامبەر جیابیران هەیە. کە وایە ناکرێ مێدیای خۆت بکەیە بڵیندگۆی کەسێک کە باوەڕی بە بوونی ئێوە نییە و تەنیا لە ئامراز و کەرەسەی ئێوە کەڵک وەردەگرێ بۆ لەبین بردن و سووککردنی لایەنی بەرامبەری.

ئەگەر قەرار بێ هەر مێدیایەک بە بێ جیاوازی هەموو بیرورایەک بڵاو بکاتەوە، ئیتر مێدیاکان چ جیاوازییەکیان لە بواری

سیاسییەوە لەگەڵ یەکتر دەبێ؟ ئیتر بۆ قسە لە سەر مێدیای چەپ و ڕاست و لیبراڵ و کۆنزێرواتیڤ دەکردرێ؟

کورت و کرمانجی بڵێم کە پێم باش نییە مێدیایەکی ئازاد ببێتە بەستێن و گۆڕەپانێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نائازادی کەسانێک کە لە حکومەتی ئازادیکوژی ئیسلامی ئێران لایەنگری دەکەن. هۆیەکەشی جگە لەم شتەی لەسەرەوە باسم کرد، ئەوەیە کە لایەنی حکومەتی ئیسلامی بۆ خۆی لە مێدیاکانیدا کە بە پوڵ و پارەی خەڵکی ئێران دەردەچێ، نەتەنیا ئیزن بە کەس نادا کە بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێ، بەڵکوو هەر مێدیایەک کە بیهەوێ ئازاد بێ، درەنگ یا زوو خڕی دەکاتەوە و پێش چالاکی دەگرێ. کەوایە تەنیا کەسانێک و ئەم لایەنانەی دەبێ مافی وەیان پێ بدرێتێ کە لە تریبونی ئێوەدا قسە بکەن کە پێش قسەکردنی ئێوەش لە مێدیای خۆیان ناگرن. بە کورتی لە دنیای مێدیای ڕاستەقینەی ئازاددا کەسێک مافی دەربڕینی بیروڕای سیاسی پێدەدرێ کە مافی دەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی لە کەس زەوت ناکا. کە وایە مێدیای ئازاد مێدیای هەموو کەس و لایەنێک نییە.

١٧ مای ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی "بۆرۆژهەڵات" و چەند پێشنیار

مانگێکی تر ساڵێک بەسەر دامەزران و دەستبەکاربوونی ماڵپەڕی ڕازاوە و بەناوەڕۆکی "بۆرۆژهەڵات" تێپەڕ دەبێ. بەم بۆنەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە چالاکان و بەرپرسانی ئەم ماڵپەڕە دەکەم و هیوادارم بەتایبەتی لەم بوارە گرینگەدا سەرکەوتوو بن.

بە بڕوای من ئەم سایتە مێدیایەکی سەربەستی ڕۆژنامەگەری کوردییە و تایبەتمەندییەکانی بایەخدانان بۆ دیمانە، مێژووی زارەکیو هەروەها ڕاپرسییە. بەتایبەتی ئەوەی کە بۆتە ئەڵقە و ئامرازی پەیوەندی نێوان نووسەر و چالاکی باری سیاسی و مەدەنی لەلایەک و خوێنەر و ئۆگرانی مژاری سیاسەت و چارەنووسی کورد لە لایەکی ترە زۆرم پێ بەکەڵک و جوان و داهێنەرانەیە. بە کورتی، ئەم سایتە سەرەڕای کەمکووڕیی و لاوازییەکانی وەک ماڵپەڕێکی سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنم.

"بۆرۆژهەڵات" لە چەند مانگی ڕابردوودا بە هۆی بڵاوکردنەوەی هیندێک هەواڵ و لێدوان لە مەڕ کێشەکانی ناو ڕێکخراوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" کەوتۆتە بەر رەخنە و گازندە و تووڕەیی چالاکانی ئەم حیزبە. بە ڕاشکاوی بڵێم کە بەشێکی زۆری "ڕەخنەی" ئەم دۆستە بەرێزانەم لەم پەیوەندییەدا پێ بەجێ نیە. لانی کەم تا ئەو جێگایەی کە من وەک خوێنەرێک ئاگادار بم، "بۆرۆژهەڵات" کارێکی ئەوەندە نائاسایی و غەیریئەخلاقی نەکردووە کە لە هێرشی توندی ئەم دۆستانە بگەم. دەزانین کە ئەوە نە تەنیا ماف، بەڵکوو تەنانەت ئەرکی هەر مێدیایەکی سەربەست و ئازاد و دێمۆکراتیک و بەتایبەتی "نەیارە" کە ڕاست ئەم شتانە بڵاو بکاتەوە کە لایەنی پەیوەندیدار گەرەکی نییە بڵاوی بکاتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا ئەمن دەوری ئەم ماڵپەڕانە بە گشتی بۆ پەرەپێدانی دێمۆکراسی لە ڕێکخراوە سیاسیيەکان زۆر گرینگ دەنرخێنم.

ڕێبەران و بەرپرسانی هێزە سیاسییەکان مافی سروشتیانە کە خوێندنەوەی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان هەبێ و لە سایتە فەرمی و نافەرمییەکانی خۆیان بڵاوی بکەنەوە، بەڵام ئەم مافەش دەبێ بە لایەنی تر بدەن کە خوێندنەوە و لێکدانەوەی تریان هەبێ. وێڕای ڕێزم بۆ ئەم هاوڕێ و تێکۆشەرانە، دەبێ بڵێم کە نازانم بۆ هێرشی وان ئەمن وەبیر بڕوبیانوی حکومەتی نادێمۆکراتیکی ئێران لە مەڕ کێشەکانی ناوخۆ، هەڵسوکەوت لە گەڵ جیابیران و تاوانبار کردنی "رسانەهای استکبار جهانی" و "دستگاههای تبلیغاتی و تهاجم فرهنگی غرب" دێنێتەوە.

کێشەکە پێش وەی کە پەیوەندی بەم سایت و ئەو سایتەوە هەبێ، بە پێکهاتە و فەرهەنگی سیاسی ناو ئەم ڕێکخراوانەوە هەیە، بێ وەی کە بم هەوێ لایەنێکی تایبەتی تاوانبار کەم.

**سەرەڕای ئەم باسە سەرنجتان بۆ چەند پێشنیاری کورت ڕادەکێشم:**

١- ڕەخنەگران دەڵێن کە "بۆرۆژهەلات" بێلایەن نییە. ڕاستە، ئەمنیش ئەم ماڵپەڕەم و هیچ ماڵپەڕ و مێدیایەکم پێ بێلایەن نییە. ڕۆژنامەگەری ناتوانێ و ناش بێ بێلایەن بێ، ئەویش لە کۆمەڵگایەک کە هەموو شتێک سیاسییە، تەنانەت جلڵەبەرکردن. "بۆرۆژهەلات" تەنانەت ناوەکەی پرۆگرامە، پرۆگرامی سیاسی‌یە. من وەک تاک و شارومەند و ڕۆژنامەوان و کورد کێشە و گرفتێکم لەگەڵ ئەمە نییە. تەنانەت پێشم خراپ نییە، ئەگەر چالاکانی ماڵپەڕەکان سەر بە ئەم یان ئەو ڕێکخراوەی سیاسیش بن. هەمووی ئەمانە بەم واتایە نییە کە ئەم ماڵپەڕە سەربەست نییە، دێمۆکراتیک نییە، ئازاد و لیبێراڵ نییە؛ بەم واتایە نییە کە هەواڵ و بۆچوونی یەک لایەنە و ناڕاست بڵاو دەکاتەوە یان دەبێ بڵاوی بکاتەوە. بە پێی پێوشوێن و پرێنسیپەکانی ڕۆژنامەگەری سەردەمیانە، ئەگەر لایەنێک هەواڵێکی بۆ ئەم مێدیایە نارد، بەرپرسانی ئەم مێدیایە ئەشێ هەوڵ بدەن لایەنی بەرامبەریش ئاگادار بکەنەوە و لەویش ڕاستی و ناڕاستی هەواڵەکەی پرسیار بکەن. دەبێ هەوڵ بدرێ کە تا ڕادەیەک کە دەکرێ، بیروڕای سیاسی تێکەڵ هەواڵەکان نەکردرێ. تەنیا لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هەواڵەکانە کە دەتوانرێ بیروباوەڕی سیاسی بە ڕاشکاوی دەرببڕدرێ. لێکدانەوە و هەواڵ دەبێ لێک جیا بن و ناویشان لێک جیا بێ، بەم واتایە کە هەواڵ دەبێ ناوی "هەواڵ" بێ و لێکدانەوەش ناوی "لێکدانەوە".

٢- پێم باشە کە یا بەشی کامێنت و بۆچوونەکانی ژێر وتارەکان لاببردرێ و یا تەنیا ئەوانەی بڵاو بکرێنەوە کە بە نێوی ڕاستەقینە نووسرا بن و سووکایەتیان تێدا نەبێ.

٣- وتارێک کە بێ نێو، یاخود بە نێوی نەهێنی بە دژی ڕێکخراوە سیاسییەکان نووسرابێ بڵاو نەکرێتەوە، بۆوەی کە پێش وەی بگیردرێ کە خەڵکی سەر بە لایەنی "نادیار" و "گومانلێکراو" لە کاتی وادا گێرەشێوێنی بکەن.

٤- هەڵبەت بەهۆی نەبوونی ئازادی بیر و ڕا لە ئێران و ئەگەری پێشهاتنی گرفت بۆ نووسەران لە لایەن حکومەتی ناوەندی، تەنیا ئەو بابەتانەی کە ڕەخنەی حکومەتی تێدایە بە نێوی نەهێنی بڵاو ببنەوە. تازە بە پێی نەریتی ڕۆژنامەنووسی و لەبەر ئەگەری پێشهاتنی گرفتی دادوەری و یاسایی دەبێ ئەم مێدیایەی کە بابەتە ڕەخنەگرانەکە بڵاودەکاتەوە ناوی راستەقینەی نووسەری نەهێنی بزانێ.

٥- هەوڵ بدرێ تەنیا ئەم وتارانەی بڵاو بکرێنەوە کە تێیاندا لە بواری زمانەوانی لانی کەم بە ڕادەیەکی کەم نەزم و دەستور و ڕێزمانی کوردی لەبەرچاو گیردرابێن. هیچ مێدیایەکی دنیای ڕۆژنامەگەری هەرچی بۆی بنێرن بڵاوی ناکاتەوە، بەڵکوو لە نێوانیاندا بابەتگەلێک بۆ بڵاوبوونەوە هەڵدەبژێرێ.

٦- بایەخێکی زۆرتر بدرێ بە چالاکانی بواری مەدەنی و سیاسی ناو وڵات و بڵاوکردنەوەی بابەت و وتاری ئەم کەس و لایەنانەی کە دەرفەت و دەرەتان و ڕێگا و گۆڕەپانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان نییە.

٧- مێدیا لە ئاست بردن و نەبردنی ناوی سەرچاوەی هەواڵ سەربەستە، بەڵام دەبێ لە باوەڕپێکراوی سەرچاوەکە زۆر دڵنیا بێ. هەروەک هەموومان دەزانین، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی نائاسایی‌دا ئەژین؛ حکومەت هەوڵێکی زۆر دەدا کە هەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگایە کۆنترۆڵ بکا و لە ژێر چاوەدێری خۆی بگرێ و تەنانەت ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکا، بەتایبەتی ڕای گشتی کورد لە مەڕ هێزە سیاسی‌یەکان. هەر بۆیە باشە کە بەتایبەتی بە پارێزەوە ئەم هەواڵە بە نیسبەت هێزە سیاسییەکان نەرێنی و نێگاتیڤانە بڵاو بکەنەوە کە سەداسەد دڵنیا نین کە ڕاستن و سەرچاوەکانیان نادیارە.

٨- پێم باشترە کە "بۆرۆژهەڵات" بابەت بە فۆرماتی PDF یش بڵاو بکاتەوە، ئەویش بە هۆی وەی کە فۆرمات و گەورەیی و چکۆڵەیی و ڕەنگی فۆنتەکان نەگۆڕدرێن. ئەمانە لە دنیای کۆمونیکاسیۆن و گرافیک و سەمبول و هێماکانی ئەورۆدا زۆر زۆر گرینگن و دەور دەگێڕن و مانای تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام بەداخەوە بەشێک لە سایتە کوردییەکان بایەخ بەمە نادەن و وتارەکان وەک نامە و بە یەک فۆنت و بە یەک قەوارە و ... بڵاودەکەنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی وەی کە خوێنەری بابەتەکە زۆر زوو ماندوو بێ و تەنانەت کەمتریشی تێبگا. نازانم ئەگەر بابەتێک بۆ ئەم سایتانە بەرێ بکردرێ کە چەند گرافیک و شکل و جەدوەلی جۆراجۆری تێدا بێ، چی بەسەر دێ.

٩- هەر کات لە لایەن سایتەکەوە نامەیەک بۆ کەسێک چوو، تەنیا بە "بۆرۆژهەڵات" واژۆ نەکردرێ، بەڵکوو باشترە نووسەری نامەکەش ناوی خۆی بنووسێ. ئەمە ڕێزدانانە بۆ کەسێک کە نامەی بۆ ناردراوە.

لە کۆتایی‌دا جارێکی تر پیرۆزبایی لە بەرپرسان و چالاکانی ماڵپەڕی "بۆرۆژهەڵات" دەکەم و ساخی و سڵامەتی و تەمەندرێژی و سەرکەوتنیان بۆ ئاواتەخوازم.

٥ی مای ٢٠٠٨

## بۆ باشە دەنگ بە کەڕوبی بدرێ

### کاک خالیدی بەڕێز، زۆر سپاس. ئەمە دەقی وڵامی کورتی پرسیارەکانتانە.

**لە ڕوانگەی منەوە بە چەند هۆ باشە کە بەشداری لە بەناو "هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری" ئێران بکردرێ و ڕاستەوخۆ دەنگ بە کەڕوبی بدرێ:**

١- ڕوونە کە ئەم بەناو هەڵبژاردنەش کێبەرکێیەکی واقعی ناو باڵەکانی حکومەتە. دیارە هەردوو لا بەرژەوەندی حکومەتیان دەوێ، بەڵام یەکیان حەز دەکا لەڕێگای ڕیفۆرم و چاکسازی نیزامی حاکم و بە شێوەی نەرمتر و شلترەوە بەم مەبەستە بگاو ئەوی تریان لە ڕێگای پاوانخوازی پترو کوشتن و بڕینی زۆرتر. سروشتییە کە نابێ بە نیسبەت ئەم کێبەرکێیە بێ لایەن و بێ هەڵوێست بین و پێمان وابێ کە فەرقێک بە حاڵی مە ناکا، هەرکامیان سەرکەون. بۆ وێنە لایەنێک ئیددیعا دەکا کە دەیهەوێ مەیدانێکی نەختێک فرەوانتر بۆ بیری جیاواز دەستەبەر بکا، ئەوی تریان ئەوەی ناڵێ. ئەمە دوو بۆچوون و هەڵسوکەوتی لەیەکتر جیاوازن. بۆ وێنە ناکرێ جیاوازی کەش و هەوای سیاسی لە دەورانی خاتەمی و ئەحمەدینژاد نەبینین. دیسان دووپاتی کەمەوە: هیچیان نوێنەری خەڵک نین و هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەو ئازاد لەئارادا نییە، بەڵام کێشەو کێبەرکێی ناو ڕیزەکانی حکومەتم پێ جیددین.

(ئایا ئەگەر لە چوارچێوەی هەر ئەو رژیمەدا بۆ وێنە کاندیدێک بڵێ کە زۆری و ئیجباری جلوبەرگی ژنان لادەبەم و یان تەنیا بڵێ کە ١٠٠٠ زیندانی سیاسی بەردەدەم، بۆ خەڵک نابێتە هۆی وەی کە لە قیاس و بەراورد لە گەڵ کاندیداکانی تر کە بۆ وێنە دەڵێن هێرش دەبەنە سەر ئەم یان ئەو وڵاتەی، هەڵبژێردرێ؟)

٢- کورد هیچ قازانجێکی لەوە دانییە کە خامنەئی و ئەحمەدی نیژاد کە دەستیان لە ڕشتنی خوێنی ڕێبەرانی کورد دابووە، جارێکی تر سەرکەون. سەرنەکەوتنی ئەم دوو کەسە خۆیلەخۆیدا سەرکەوتنی خەڵکی کوردە. لەبیرمان نەچێ: ئێمەی کورد حیسابێکی کراوەمان لەگەڵ جەنابی ئەحمەدی نیژاد بۆ بەشداری کردنی لە ناو تیمی تیررۆی دوکتور قاسملوودا هەیە. دیسان لەبیرنەکەین کە جەنابی خامنەیی گەورەترین دوژمنی کورد لە ئێرانە و یەک لەم چەند کەسە بووە کە حوکمی ڕشتنی ناجوانمێرانەی ڕێبەرانی کورد و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری ئێرانی داوە. ئەمە بە تەنیا دەتوانێ بێتە هۆی وەی کە لەو "هەڵبژاردن"ەدا بەشداری بەکەین و دەنگ بە رەقیبی ئەوان بدەین.

٣- بەشداری ئێمە دەری دەخا کە تەنانەت لە کەش و هەوای نالەبار و هەل و مەرجی نابەرامبەریشدا حازرین لە خەباتی سیاسی و مەدەنیدا بەشداری بکەین، بەڵام حکومەت بە شتێکی جگە لە کوشتن و برینمان ڕازی نییە و هەر بۆیەش شەڕی چەکداری پێ داسەپاندووین.

٤- جگە لەمە کەڕوبی کۆمەڵە دروشمێکی گەڵاڵە کردووە کە بەشێکی ماوەی ٦٤ ساڵی ڕەبەقە ویستی گەلی مەن. هەربۆیەش سەرکەوتنی کەڕوبی ئێمە هەنگاوێکی بچووک لە مافەکانمان نیزیکتر دەکاتەوە.

٥- تەنانەت ئەگەر کەڕوبی سەرنەکەوێ و یان سەرکەوێ، بەڵام بە پێچەوانەی قەول و وەعدەی خۆی هەنگاو هەڵێنێتەوە، بێ سود بۆ خەڵکی کورد نابێ. ئەم کێبەرکێیانە و مشتومڕانەی ئەم ڕۆژانە ویستەکانی گەلکی کوردی بە جەماوەرێکی زۆرتریش ناساند و خەڵکێکی زۆرتری هێنا گۆڕەپانی سیاسی و بەتایبەتی دەرز و قەڵشتایەکی زۆرتری بۆ دەربڕینی ناڕەزامەندی لە زوڵم و زۆری و زەبر و زەختی حکومەتی ئیسلامی لە ناو ڕێزەکانی حکومەتدا سازکرد. بێشک ئەمە دینامیزمی خۆی دەبێ و هەروا بێ ئاکام و ئەنجام و هەوا ڕاوەستاو نابێ. بێ هۆ نییە کە کەسانێک هاوار دەکەن کە بۆی نییە کاندیداکان باسی "کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان بکەن، چونکە وەخەبەریان دێنێن و مەشروعییەتێکی زۆرتریان پێدەدەن" (بڕوانە بۆ وێنە دیمانەکانی حەمیدی ئەحمەدی).

٦- هەڵنەبژاردنی کەڕوبی جارێکی تر بۆ خەڵک و جیهانی دەرەوە دەردەخا کە حکومەت تەنانەت توانای قەبووڵی کەسانێکی "خۆماڵی" وەک کەڕوبیشی نییە کە ئاماژە بە جێبەجێکردنی ماددە یاساییەکانی تا ئێستا لە ژێر پێنراوی دەستوری بنەڕەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران دەکا.

٧- هەڵبژاردنی کەڕوبی وەک خاتمی دەبێتە "نا"یەکی تر بۆ "کۆماری" ئیسلامی ئێران.

بەم هۆیانە و چەند هۆی تر کە بەشێکیانم پێشتریش باس کردووە، داوام لە گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی کورد ئەوەیە کە لەم "دەنگدانەدا" بەشداری بکەن و دەنگ بدەنە مێهدی کەڕوبی.

٢٤ی مای ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورە پیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین.

**وەرگێڕان لە فارسیەوە: مستەفا مەعرووفی**

لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هێندێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و سیاسیی بەناوبانگ بە ناوی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانەوە گری دراون. بزووتنەوەی دژی ئیستیعماریی هیند بە ناوی گاندی، بزووتنەوەی دژی ڕەگەزپەرستیی ئەفریقای باشوور بە ناوی نیلسۆن ماندیلا، بزووتنەوەی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بە ناوی مارتین لۆتێر کینگ، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی میسر بە ناوی جەمال عەبدولناسرو بزووتنەوەی میلیی ئێران لە دەیەی ٣٠ دا بە ناوی دوکتور محەممەد موسەددیق و بزووتنەوەی هاوچەرخی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستانی ئێران بە ناوی دوکتور قاسملوووە وەگرێ دراوە.

قاسملووش وەک قازی محەممەد کەسایەتییەکی بێ هاوتا بوو. جێگەیەکی تایبەتی کە ئەو لە بزووتنەوەی کورد دا بووی ـ ئەویش سەرەڕای ئەو هەمووە کەسایەتییە سیاسی و خەباتگێڕەی کورد ـ ئاوا لە نەکاو، لە ئاکامی پیلان و کودیتای حیزبی دا نەبوو، بەڵکوو بەر لە هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی سیاسی و حیزبایەتیی وی لە ساڵانی دوورو درێژی بەر لە شۆڕش و هەروەها ڕۆڵی تایبەتیی ئەو لە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەر لە شۆڕش...

-----

ئەمن لەم نووسینە دا نامەوێ بە شێوەی ئوورینتالیستیو ئایینی وەسفی ئەم کەسایەتییە بکەمو پێی هەڵ بڵێم. ئەمن پێم وایە لێکۆڵینەوەیەکی جامیع و مانیع و زانستی و مەیدانی و ئاکادیمی لەسەر ئەو پێویستی بە وشیارییەکی زانستی ـ پسپۆڕانەی تەواوو لێکۆلینەوەیەکی بەرین هەیە کە لە توانای نووسەری ئەم دێڕانە بەدەرە. بۆیە دانی پێدا دەنێم کە ڕوانینی من بۆ وی ڕوانینێکی شەخسی و سۆبژێکتیڤە لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە، هیچی دیکە. ئەم دێڕانە تەنیا بیرەوەرییەک و لەوحێکی ڕیزلێنانی تایبەتیی منن بۆ ئەو کەسایەتییە مەزنە یە.

ڕەنگە مێژوو باشترین حەکەم بێ. پێم وایە ئەم حوکمە لانی کەم لە بارەی دوکتور قاسملوودا وایە. بە باوەڕی من داوەریی ئەم نەسلەی ئێستا لە بارەی ئەو دا زۆر عادڵانەترو بێلایەنانە ترە لە داوەریی هاونەسل و هاوسەنگەرەکانی و ئەوانەی لە سەردەمی ژیانی وی دا لە مەیدانی سیاسی دا کاریان دەکرد. هەروەها بێ لایەنانەترین داوەری لە لایەن ئەو کەسانەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە لە بەرەی سیاسیی ئەو دا نەبوون و ئەوبنداری وی نەبوون. ئەم شتە بەرادەیەکی زۆر لە بارەی منیش دا وایە. چونکە لە دوو قۆناغی جیاواز لە ژیانی سیاسیی خۆم، لە سەردەمی مێرمنداڵیولاوەتی دا لە بەرەی وی دا نەبووم



سەرچاوە Serchawe

و خۆمم بە موخالیفی سیاسی و رەخنەگری وی زانیوە. بەڵام ئەمڕۆ خۆم بە یەکێک لە ئەویندارانی ئەو کەسایەتییە مەزن و شەریف و هەڵکەوتوویەی کوردستان و ئێران دەزانم. هەم ئەو کاتی کە دژی ئەو بووم بیرو بۆچوونەکانم بە راشکاوی دەردەبڕین و هەم ئەمڕۆش کە خۆم لە بەرەی وی دا دەبینم، بەو جۆرەم.

د. قاسملووش بەرهەمی زەمینەیەکی زەمانی و مەکانیی خۆی، بەرهەمی مێژوویەکی دیاریکراوی نەتەوەیەک لە قۆناغێکی دیاریکراو دایەو وەک هەر چالاکێکی مەیدانی سیاسی لە هەڵە بێ بەری نەبووە. ئەم هەڵانە بەشی هەرە زۆریان نەک ستراتیژی بەڵکوو زیاتر تاکتیکی بوونو لە بۆچوون و لێکدانەوی نادروست لە بارەی هەلومەرجێکی تایبەتی داو هەروەها بەرهەمی کەشوهەوای میلیتاریستیی ئەو کاتدا هێندێک جاریش دژکردەوەی هەڵەی لایەنی بەرامبەری بووە. گرنگترین هەڵەی لە روانگەی منەوەو لەسەردەمی کاری سیاسیی من دا بە تەرتیب بریتی بووە لە هەلسوکەوتی نەشیاوی ئەو لە بەرامبەر "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار"ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، بەرپرسایەتیی ئەو لە درێژەکێشانی شەڕ لەگەل کۆمەڵە، هەڵسوکەوتی نا دێموکراتیی ئەو لەگەڵ "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ)، هەڵسەنگاندنی بە هەڵەی ئەو لە بارەی نێوەرۆکی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە بوو بەهۆی وتووێژ لەگەڵ وی دا کە هەموومان ئاکامە کارەساتبارەکەیمان دی.

بەڵام دوکتور قاسملوو هەر لەوەندە دا کورت ناکرێتەوە. خزمەتەکانی وی بە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان کە بە باوەڕی من هەڵکەوتووترین رێبەرو ئیدئۆلۆگ و تیئۆریسیەنیش بوو، یەکجار زۆرن. ئەو بە تایبەتی لە ناسکترین و دژوارترین هەلومەرجەکان دا باشترین هەڵوێستەکانی گرتن و یەکێک لە گرینگترین قۆناغەکانی مێژووی نەتەوەیەکی، سەربەرزانە تۆمار کرد. ئەمن پێم وایە ئەو درێژەدەری راستەقینەو لێبڕاوی رێگای قازی محەممەد بووە و ئەمڕۆش بەهەق باس لە "رێبازی قاسملوو" دەکرێ.

زیرەکی، لێزانی و ئازایەتیی سیاسی و هەروەها تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی دوکتور قاسملوو، بەرچاوبوونێکی تایبەتیی پێ بەخشیبوو. باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە کە ئەو خاوەنی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی رێبەرێکی شایستە بوو: زۆربەی تاکتیک و هەڵوێستەکانی لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی درێژخایەن دا بوون، بیری رزگاریی نەتەوەی کورد لە ژێر نیری ئیستیعماری نێوخۆو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کاکڵی ئەو ستراتیژییەی پێک دێنا، بۆ ئەوەی بتوانین ناوی " ناسیۆنالیست"ی لەسەر دابنێین. هەرچۆنێک بێ "ناسیۆنالییزم"ی وی لە ئی موسەددیق و گاندی و جەماڵ عەبدولناسر زیاتر نەبوو...

-----

لــە هەڵوێســتەکانی، نووســینەکانی و وتووێژەکــانی ڕا دەتــوانین گرینگتــرین تایبەتمەنــدی و دەســکەوتە تیئــۆری و پراکتیکییەکانی بۆ بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستانی ئێران کۆپی بکەین و هەڵێنجین کە بە بڕوای من گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئەو ـ سەرەڕای گێژاوە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب ـ باوەڕی بە دێموکراسی بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو هەمووە کێشە نێوخۆیی و جیابوونەوەو لێکدابڕانانەی، لە چاو حیزبە ئێرانییەکانی دیکە ـ لە چەپەوە بگرە تـا ڕاست ـ لە وەبەرچاو گرتنی پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی ژیانی حیزبایەتی، لـە نـاخۆش تـرین هەلومەرجەکانی خەبات دا سەری لەنێو هەمووان دا دیار بووە.

٢- ئەو پێوەندییەکی مەنتیقیی لە نێوان دێموکراسی لە ئێرانداو وەدیهاتنی داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا کە لـە دروشمی "دێموکراسی بـۆ ئێـران و خودموختـاری بـۆ کوردسـتان" دا خـۆی دەنوانـد، بـەدی دەکـرد. ئـەم دووانـەی بـە تەواوکەری یـەکتر دەزانی. نەدەچووە ژێـر بـاری "دێموکراسیی زۆرایـەتی". هیـچ سیسـتمێکی سیاسیی بـە دێموکرات نـەدەزانی ئەگەر کێشە نەتەوایەتییەکانی تێدا چارەسەر نەکرابایە. هەر لـەو کاتـەش دا پێـی وا بـوو دابین بـوونی خودموختـاری لـە کوردستان دا ـ تەنانـەت لـە حکوومەتێکی نادێموکراتیک دا ـ سەرەنجام لـە حزمەتی پـەرەگرتنی دێموکراسـی لـە ئێران دا دەبێ.

٣- ئەو ـ سەرەڕای کێشە لەگەڵ سۆسیالیستە رادیکـاڵ و سوننەتییەکانی سەرانسـەری و کوردسـتانی ـ سۆسیالیست بـووو هـەر واش مایەوە. نامیلکەی "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم" بەرهەمێکی شوێندانەری وی بـوو. ئـەو پێـی وابـوو سۆسیالیزم بـەبێ دێموکراسـی و دێموکراسـی بـەبێ سۆسیالیزم بایـەخی نیـەو بانگەشـەی بـۆ تێکـەڵ کردنـی ئـەم دووانـە دەکـرد بـە نـاوی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک". رەنگە بتـوانین بـە یەکـەمو کاریگـەرترین سۆسیال دێموکراتی کوردستانی ئێرانـی دابنێین. ئـەو سەرەڕای هێرشی سیاسیی بەشێکی زۆری سۆسیالیستەکانی سەردەمی خۆی، نـە لـە داوی ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی خـۆی کەوت و نە پەنای بردە بـەر بیـری لیبرالیـزم و ئـانتی کۆمۆنیزمو دژایـەتی کـردن لەگـەڵ سۆڤیەت. بـەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەندێشەکانی زیاتر مارکسیستی بوون تا لێنینیستی. ئەو بە تـایبەتی گیروگرفتـی لەگـەڵ سـتالینیزم هەبوو کە یەکێک لـە بناخـە تیئۆرییـەکانی هـەموو لایەنـە سۆسیالیسـتی یـەکان بـوو. ئـەو سـەرەڕای رەخنـە جیـددی و بەجێیـەکانی لـە وڵاتـانی سۆسیالیستی، هەمیشە بەدوای پێوەندی لەگـەڵ ئەم وڵاتانەوە بـوو بـە مەبەسـتی راکێشـانی پشـتیوانیی ئـەوان لـە خەبـاتی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران. ئانتی کۆمۆنیستێک قەت کاری وا ناکا.

٤- ئەو پێوەندییەکی دیالیکتیکیی مەنتیقیی لە نێوان "کوردستانی" و "ئێرانی"بوونی بزووتنەوەی کوردستان دا پێک هێنابووو

دژایەتییەکی لە نێوان ئەم دووانە دا بەدی نەدەکردو هیچ کامیانی بۆ ئەوی دیکە وەلا نەدەنا. بە باوەڕی من یەکێک لە حزمەتە تیئۆریکی یەکانی ئەو، بردنە ژێر پرسیاری ئەندێشەکانی بەرەی

نیشتمانی واتە یەک نەتەوەیی بوونی ئێرانە. ئەو لەگەڵ ئەوەی دا کە ـ وەک بۆخۆی دەڵێ ـ ئیزن بەکەس نادا کە خۆی لەوی بە ئێرانیتر بزانێ، دژایەتیی لەگەڵ یەک نەتەوەیی بوونی ئێران دەکرد. لەوەش بەولاوەتر لێرەولەوێ پێی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی سەربەخۆیی دادەگرت. ئەمەش هەم نیشاندەری راستوێژیی ئەوو هەم نیشانەی تێگەیشتنی سیاسیی ئەوە. ستراتیژیی درێژخایەنی وی پێشگیری لە ئاسیمیلاسیۆنی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان و گۆڕینی نەتەوەی فەرهەنگیی کورد بۆ نەتەوەی سیاسیی کورد لە رێگەی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان بوو، دیارە لە چوارچێوەی ئێران دا.

٥- ئەو وێڕای ئەوەی کە کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام قەت تووشی خۆبەزلزانی و لەخۆبایی بوون نەبوو و بە پێچەوانە، لە پێناو پەرەگرتنی خەبات لە دژی حکوومەتی ناوەندی بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک و ئیئتیلافێکی هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان ـ چ گەورە چ بچووک ـ دا بوو. ئەمن پێم وایە هاوکاریی ئەو لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و ئاغای دوکتور بەنی سەدر و ژمارەیەک لە کەسایەتی یەکان و چەپەسەربەخۆیەکان بە مەبەستی پێکهێنانی "بزووتنەوەی بەرگریی نیشتمانی"، سەرەڕای بێ ئاکام بوونەکەی، کارێکی باش بوو. ئەو سەرەڕای ئەو هەمووە هەوڵە سەرانسەرییانە نەچووە ژێر باری خەسلەتە هێژەمۆنیستی و مەزنیخوازانەو ئاسیمیلیستیانەی ئەوان. ئەو نامەیەی کە لە ساڵی ١٣٦١ دا بەر لە هاتنە دەر لە "شوورای میلیی بەرگری" لە وەڵامی مەهدیی ئەبریشەمچی دا بۆ مەسعوود رەجەویی نووسی، نیشانەی ئەم باوەڕبەخۆبوونەیە. ئەمن ناوی، بەشێک لە "مانیفێستی" بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانم،
لەسەر ئەم نامەیە داناوە.

٦- ئەو پێوەندییەکی مەنتیقیی لە نێوان بەرگریی چەکدارانەو هەوڵدان بۆ ئاشتیی پێک هێنا بوو. هەم پیاوی مەیدانی شەڕ بووو هەم ئاشتیخواز. ئەم دووانەی بە واقیع لە دژایەتیی یەکتر دا نەدەدی. جاری وابوو بە هیچ نەدەسازا، جاری واش بوو زۆر نەرم بوو. بەرگریی چەکدارانە کە لەو کارانە بوو بە رێنوێنی و رێبەرایەتیی وی دەکرا، زۆر بەجێو قابیلی ستایش بوو. هەر لەم کاتەش دا هیچ دەرفەتێکی بۆ ئامادەیی لە پێناو بەرقەرار کردنی ئاشتی یەکی عادڵانە و وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دا لەدەست نەداو ئەوەش بۆخۆی وەک ئەسڵێک و پرەنسیپێک لەجێی خۆی دا بووە.

٧- ئەمن پێم وایە لەو سەردەمی دا تەنیا ئەو دەی توانی لە بەرامبەر هێرشی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی و تەنانەت

تەشکیلاتیی حیزبی توودەی ئێران دا خۆی رابگرێ و رابوەستێ. لێزانی و خۆڕاگری و ئازایەتیی وی بوو پێشی بەوە گرت حیزبی توودەی ئێران نەتوانێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوەشێ و دەستی بەسەر دابگرێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی توودەی ئێران لە ساڵانی سەرەتای پاش شۆرشی رێبەندان لە نێو چەپ و سۆسیالیستەکانی ئێران دا دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکی و سیاسی و عەقیدەیی و تیئۆریکیی زۆری هەبوو. هەر ئەم توانایەش بوو کە بزووتنەوەی فیدایی بە کردەوە بەدوای خۆی دا راکێشاو رێکخراوە سیاسی یە سۆسیالیستی یەکانی دیکەی کە چووکەتر بوون لە نێو بردن. سەبارەت بەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەی "بزووتنەوەی جیهانیی سۆسیالیستی"و رۆژهەڵات دا بوو، بەڵام بۆخۆی خاوەنی تیئۆرییەکی سەربەخۆ بۆ خەباتی ئیدئۆلۆژیکی لەگەڵ لارێیی و هێرشی حیزبی توودەی ئێران ـ تەنانەت لە بواری مەسەلەی نەتەوایەتی دا ـ نەبوو، بە تایبەتییش سەبارەت بەوەی کە خەسلەتی تەواو رووناکبیرانەی نەبووو خەریکی خەباتی بەکردوە لە دژی دەسەڵات بوو، گرنگی و رۆڵ و خزمەتی گەورەی دوکتور قاسملوو بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆیی فکری و تەشکیلاتی و سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان بۆ دەردەکەوێ.

٨- ئەو، هاوکێشییەکی باش و مەنتیقی و سالمی لە نێوان وەرگرتنی یارمەتیی پشتی جەبهە لە دەوڵەتی عێراقو بردنە پێشی خەبات لە دژی حکوومەتی زاڵ بەسەر ئێران دا پێک هێنابوو. هەموومانی فێر کرد کە لە بواری پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دا نابێ تەسلیمی شانتاژی نەیاران بین. فێری کردین کە پێوەندییەکی ئەوتۆ دەکرێ هەبێ و جاری وایە تەنانەت دەبێ هەبێ بێ ئەوەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆمان لەدەست بدەین. هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم کۆمەڵە ـ بە باوەڕی من ـ پەروەندەیەکی خاوێنیان لەو بارەیەوە هەیە. پاراستنی سەربەخۆیی ئەوان بەبێ نرخ و بێ گیروگرفت بۆ ئەوان، شتێکی ئاسایی و زۆریش ئاسان نەبووە. ئەوەندە بەسە چۆنیەتیی پێوەندیی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حیزبەکانی کوردستانی عێڕاق و تورکیە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بێنینە بەرچاوی خۆمان، تاکوو ئەو راستی یەمان باشتر بۆ دەرکەوێ.

٩- دوکتور قاسملوو هەر تەنیا لێکۆڵەرێک یان تیئۆریسیەنێک یان خەباتگێڕێک یان سیاسەتمەدارێک نەبوو، بەڵکوو دیپلۆماتێکی چالاکیش بوو. پێوەندییە دیپلۆماتیکییە نێونەتەوەیی یەکانی وی رۆڵێکی گرنگیان لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و ناساندنی خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە نێو بیروڕای گشتی و راگەیەنە گشتی یەکان دا هەبووە. ئەگەر رادەی پێوەندییەکان و وتووێژەکانی ئەو و بەشداری لە کۆنگرەکان و سیمیناره نێونەتەوەییەکانی ئەو لەگەل کارە کەم و لاوازەکانی دواتری ئەو هەمووە ئێرانی و کوردانەی دەرەوەی وڵات لە ئێستا دا بەراورد بکەین،

**چۆنیەتی و چەندیەتیی بەرزی چالاکی یە تاکەکەسی یەکانی دوکتور قاسملوومان باشتر بۆ دەردەکەوێ.**

١٠- لە تایبەتمەندی و خەسلەتە بەرچاوەکانی وی زانایی و بیرمەندی و فەرهەنگ و لەسەرخۆیی و ئەدەبی بەرزی سیاسیی ئەو، زاڵبوونی بەسەر مەسەلە سیاسی یە نێوخۆو نێونەتەوەیی یەکانداو راوێژێکی جوان لە شیکردنەوەی مەسەلە سیاسی یەکانی رۆژ دا بوو. هەمووی ئەمانە ببوونە هۆی ئەوە کە ببێتە خاوەنی توانایەکی زۆری ئیستدلال و قسەی بڕوا. ئەو سەرەڕای ئەوەی رێبەری خەباتێکی سەخت و خوێناوی و نابەرابەر لە دژی ستەمی میللی دا بوو، بەڵام ـ ئەمن پێم وایە چونکە لە داوێنی چەپی ئێران دا پەروەردە ببوو ـ قەت سنووری سیاسی‌یەکانی نەڕووشاند. دژایەتیی لەگەڵ خەڵک و قەوم و فەرهەنگ و زمانێکی تایبەتی دا نەکرد. بە پێچەوانە قەت نەی شاردەوە ئاشقی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسی و خەڵکی فارس زمانەو هەمیشە بەدوای نزیکایەتی لەگەڵ کەسایەتی یە ئێرانی و هێزە "سەرانسەری"یەکانەوە بوو. هەروەها ئەلهەق جینایەتی مۆرەی وەک حەسەنی و مرادی قەتاری و کەسانی دیکەی بە حیسابی ئازەربایجانی یەکان دانەنا. لە هیچ کام لەو سەدان نووسین و وتووێژانە دا تەنانەت یەک وشەی ناحەز و تێکەڵ بە تووڕەیی بۆ گەلی دراوسێ بەکار نەهێنا. ئەگەر چاوێک لە سایتە ئەنتەرنێتی یەکانی ژمارەیەک لە "چالاکان"ی تازە هاتووی ئەمڕۆ بکەین کە لە بواری میللیەتەکانی ئێران‌و هەورەها "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" دا شت دەنووسن، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم تایبەتمەندیو نەجابەتە سیاسییەی دوکتور قاسملوو شتێکی زۆریش ئاسایی نەبووە. ئەوە تەنیا لە کەسایەتییە بەرزەکانی وەک ئەو (دیارە ژمارەیەکی کەمیش نا لە رێبەرانی ئێستای کوردستانی ئێران لە حیزبە جۆراوجۆرەکانی) دەوەشێتەوە. ژیان‌و بەرهەمەکانی لەم بارەیەشەوە دەرسی زۆر بەنرخی بۆ هەمووومان تێدایە.

-----

بەڵێ، حکوومەتی تێرۆرو جینایەت دەیزانی چ کەسێک لە خەڵکی کوردستان‌و ئێران دەستێنێ. بەڵام نەی دەزانی لەبەر چاوانی ون دەکاو دەی باتە نێو دڵەکان. دوکتور قاسملوو قەت بەرادەی ئێستا، بیست ساڵ پاش ئەوەی بە مەزڵوومی گیانی لەدەست دا، ئاوا خۆشەویست نەبووە. حکوومەتی ئیسلامی نەیزانی رەخنەگرانیشی دەبنە ئەوینداری رێبواری رێگاکەی. ئەمەش لە حاڵێک دایە کە یەکێک لە مۆرەکانی قەتڵی ناجوانمێرانەی ئەو، ئەحمەدی نەژاد، وەک حکوومەتەکەی بێزراوتر لەهەر کاتێکی دیکەن و خەڵکی ئێران لەمێژە دەنگی زەنگی مەرگی ئەوانی وەڕێ خستوە.

لە بەیانیی شۆڕشی خەڵکی ئێران دا کە هەر ئەم رۆژانە شاهیدی گۆورانی نەمامەکەین، خەڵکی ئێران جینایەتکارانی وەک خامنەیی و رەفسەنجانی و ئەحمەدی نەژاد دەکێشنە پای موحاکەمەی گەل. بەڵام پەیکەران لە گەورەپیاوانی وەک دوکتور

قاسملو دروست دەکەن و مانیۆمێنتیان لێ ساز دەکەنو شەقام و مەیدان و شوێن و دامەزراوە و قوتابخانەکانیان بەناو دەکەن. ئەمن وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان هەر لە ئێستاوە پێشنیار دەکەم کە یەکێک لە شارەکانی کوردستان و ئێران بە ناوی ئەم گەورە پیاوەی مێژووی ئێران و کوردستان بکەین. گرنگیی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستان و ئێران لە گرنگیی جۆرج واشینگتۆن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر نەبووە. دەبا جەللادەکانی ئیسلامیی ئێران ئاوا وەڵامی جینایەتەکانی خۆیان بۆ نەهێشتنی فیزیکی و کوشتنی بیرمەندانی ئێران و کوردستان وەرگرنەوە.

١٢ی پووشپەڕی ١٣٨٨ ـ ٣ی ژووئیەی ٢٠٠٩

سەرچاوە: ژمارە ٥١٤ ی "رۆژنامەی کوردستان"،(١٣ی ژوئیەی ٢٠٠٩) تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا بڵاوکراوەتەوە.

## بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ " کەمپ"

### وەرگێران لە فارسیەوە: بێژان

بابەت: لەم ساڵانەی دوایی‌دا ئەوەی کە لە لایەن ژمارەیەک لە رەخنەگرانەوە بە "کەمپنشینیی هێندێک حیزبی کوردستانی" ناوی دەبرێ بۆتە بابەت یان بیانوویەک بۆ رەخنەگرتن لەم حیزبانە. ئەم "کەمپانە" شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم حیزبانە لە خاکی کوردستانی عێراقدان. جێی خۆیەتی هەڵوێستەیەکمان لەسەر ئەم بابەتە هەبێ. نووسەری ئەم دێڕانە پێشەکی ددان بەوە دادەنێ کە تا ئێستا نە لە نزیکەوە ئەزموونی "ژیانی کەمپ" و "کەمپنشینی"ی هەیەو نە لە دووریشەوە دیتوویەتی، هەرەک بۆ زۆربەی رەخنەگرانی ئەو مەسەلەیەش هەر وایە. کەوابوو وەک چاوەدێرێکی بێلایەنی سیاسی پێم وایە ئەم باسانە هەر لەجێدا بێ بناخەو هەڵەن، هەرنەبێ کەموکووڕیی بنەڕەتی‌یان هەیە، کەوابوو بە ئاکام گەیشتنەکانیشیان ناتوانێ دروست بن. لە خوارەوەدا هەوڵ دەدەم بە چڕیو بە کورتی، بە بەڵگە بۆچوونەکەم بسەلمێنم.

زاراوە سازی (تێرمینۆلۆژی)ی هەڵە: یەکەم، لە بەکارهێنانی خودی زاراوەی "کەمپ" و "کەمپنشینی"دا شاراویە. ئەم زاراوەیە بە شایانی بنکەو بارەگاکانو پێگەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران نازانم، لەبەر ئەوەی کە ئەم زاراوەیە زیاتر کەشوهەوایەک دێنێتە یاد کە ناتوانێ زۆر لەگەڵ "کەمپەکانی" سەربە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بێتەوە. چونکە هێزەکانی ئەم حیزبانە نە ئاوارەن کە لە شوێنێکی دیاریکراو (کەمپ)دا بە شێوەیەکی کاتی نیشتەجێ کرابنو نە ژیانو پێوەندییە دەروونییەکانیان چەقبەستوویە کە پاشگری "نشینی" لە بیرو زەیندا پێک بێنێو نە دانیشتوانیشی خەڵکی بێ ئیرادەو بێ ئامانجن...

وەبەرچاونەگرتنی سەرچاوەی مێژوویی ئەم "کەمپانە". ئاشکرایە کە کوردستانی ئێران تاقە نموونەیەک لە مێژوودا نیە کە ئەم جۆرە بارەگایانەی هەبێ، بە پێچەوانە: کام بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە پانتایی کوردستان لە رووی درێژەکێشانی کاتەوە دەناسین کە ئەم جۆرە بارەگاو پایەگایانەی نەبووبێ؟ پێکهاتنی ئەم بارەگایانە کاتێک بۆ هێزەکانی کوردستانی ئێران بوو بە مەسەلە کە ئەوان پاش هێرشی بەربڵاوی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆسەر کوردستانو شەڕێکی چەند ساڵە ئەوانی ناچار کرد، لە خاکی کوردستانی عێراق شوێنێک بۆ دامەزراندنی هێزە شەڕکەرەکانیان و پاشان بۆ بنەماڵەکانیشیان بدۆزنەوە و لەوێوە خەباتی سیاسی - نیزامیو پاشان تەنیا سیاسی لە کوردستانی ئێراندا رێک بخەنو هەماهەنگو رێبەریی بکەن. هەر بۆیە ئەم هەنگاوەی ئەوان نە ئەوە بوو بۆخیان هەڵی‌بژێرنو نە دڵخوازو مەبەستی ئەوان بوو.

وەبەرچاونەگرتنی رۆڵی بێ ئاڵتێرناتیڤی ئەم "کەمپانە". هەروەها سەرنج نەدان بە رۆڵو کردەوەی ئەم بارەگایانە چ لەو کاتداو چ ئێستا هەیانە، تووشی ئەو ئاکامگیرییە هەڵەیەمان دەکا.

**ئەم هێزانە هەر دەبووا جێگەیەکیان هەبێ بۆ:**

- دامەزرانو نیشتەجێبوونی یەکە پارتیزانەکانیان کە بە شێوەیەکی پەڕاکەندە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەهاتنەوە،
- ئامووزشی سیاسی - نیزامیی هێزەکان،
- وەڕێخستنی ئۆرگانە راگەیەنەکان (رادیۆ، چاپەمەنی)،
- دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ رێکخستنەکانی نێوخۆی وڵات،
- نیشتەجێکردنی بنەماڵەی خەباتگێڕەکان،
- بەڕێوەبردنی کۆنگرەکانو کۆنفرانسەکانو پلینۆمەکانو سیمینارەکانو رێورەسمەکانی حیزبی،
- دابینکردنی ئەمنییەتی گیانیی ئەو هێزانە لە مەترسیی تێرۆریزمی حکوومەتی ئیسلامی،
- هەروەها جێگەیەک بۆ هاتوچۆ و سەردانە ئاساییەکانو
- وەرگرتنو ئامووزشی ئەوانەی دەهاتنە نێو ریزەکانی خەباتەوە.

ئێستاش تەنانەت کە خەباتی چەکدارانە لە گۆڕێ دا نیە ئەم بارەگایانە ئەم ئەرکانە هەر بەڕێوە دەبەن. راستە ئێستا لایەنی نیزامیی خەبات دەوری سەرەکیی خۆی لەدەست داوە و ئەم هێزانە زیاتر لە جاران بۆ کاری سیاسیو راگەیاندن - بە تایبەتی تەلەڤزیۆن - تەرخان دەکرێن، بەڵام بەو حاڵەش بوونی ئەم "کەمپانە" بۆ دابینکردنو دەستەبەرکردنی کاری چەند لایەنەو بەردەوامو وردی سیاسیو پاراستنی پێوەندیی سیاسی، پێرسۆنێلو رێکخستن لەگەڵ نێوخۆ پێویستە. دەکرێ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان بەم جۆرە یان بەو جۆرە باشتر بکرێ، بەڵام ئاڵتێرناتیڤو بەربژێرێکی دیکە بۆ ئەوان بەدی ناکرێ. داخستنی ئەم "کەمپانە" زیانێکی جیددی بە کاری سیاسیی ئەوان دەگەیەنێ. دیتمان کەسانێک بۆ وەڕێخستنی "شۆرشی جیهانی" لە دژی "کەمپنشینی" راپەڕینو کۆچیان فەرموو بۆ ئورووپا، بەڵام هێندەی پێ نەچوو پەژیوان بوونەوە، بەڵام ئیدی رێگایەکیان بۆ گەڕانەوە نەبوو. حیزبە کوردستانیەکان ناتوانن ئەوا نامەسئوولانە بجووڵێنەوە. رێکخستنی خەبات لە ئورووپاوە ئیمکانی نیە. زۆرن ئەو چالاکانەی کە لە نێوخۆی ئێران لە باری سیاسییەوە لەژێر چاوەدێری دانو بە ناچاری وڵات بەجێ دێڵنو هەر لەم بە قەول "کەمپانە"دا دەرفەتی زیندوو مانەوە، ژیانو خەباتو گەشەکردنی سیاسییان بۆ هەڵ دەکەوێ. نەبوونی ئەم بارەگایانە لە پەنا وڵات نەک هەر ئەم دەرفەتەو ئەم پەناگەیە لە چالاکانو ئۆگرانی سیاسی دەستێنێ، بەڵکوو لە داهاتوودا دەتوانێ ناڕاستەوخۆ نوشوستی خەباتی سیاسییشی لە نێوخۆ دا بەدواوە بێ، چونکە ئەگەر ئاشکرا بنو بکەونە ژێر ئەشکەنجە دەبنە نێچیری رێژیمی تینووی مەرگ. لەسەرەوە لەرووی ئەمنییەتی گیانیی هێزەکانی

ئەم حیزبانە ئیشارە بە رۆڵی ئەم بارەگایانە کرا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە حکوومەتی ئیسلامی تا ئێستا سەدان کەس لە ئەفرادی ئەوانی تێرۆر کردووە تەنانەت ژمارەیەکی رفاندوون، نەبوونی ئەم بارەگایانە زیاتریش پەرە بەو تێرۆرانە دەدا، پێداگرتنەوەی دووبارە لەسەر ئەوە زیاتر پێویستە.

**هەڵەی رەخنەگرەکان لە باری نێوەڕۆکەوە. لەپێشدا دەبێ بزانین کە رەخنەگرانی "کەمپنشینی" لە سێ لایەنی جۆراوجۆرو دژبەیەکەوە پێک دێن.**

١- روانگەی حکوومەتی ئیسلامی روونوئاشکرایە: ئەو حیزبە کوردستانیەکانی ئێران بە هەق بە مەترسییەک بۆدرێژەدان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەو کۆنەپەرستانەی خۆی دەزانێ. بۆیە لانی کەم لە پێنج رێگاوە هەوڵ دەدا هەرچی لە توانای دایە بەکاری بێنێ تاکوو کۆتایی بە ژیانی سیاسیو تەشکیلاتی ئاشکرای ئەم حیزبە لە کوردستانی عێراق بێنێ کە بریتین لە: بەکارهێنانی پیاوەکانی خۆیو هاوبیرەکانی لە عێراقدا، هێنانی فشاری بەردەوام بۆسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان،، بەکارهێنانی تێرۆر، هێرشی نیزامیو سەرەنجام بە یارمەتیی "سەربازانی بێ ناوونیشانی ئیمامی زەمانەکەی" کە بە ناوی خۆیان یان بە ناوی خوازراووەوە لە ئینتێرنێتدا قەڵەمی بۆ دەگێڕنو جاری وایە تەنانەت لەژێر پەردەی دیفاع لە مەدەنیەتو بزووتنەوەی کوردستاندا هێرش دەکەنە سەر "کەمپنشینی".

٢- ئەو رەخنەگرانەی کە لە روانگەی بردنە ژێر پرسیاری پێوەندییە نێوخۆییەکانیانەوە و داکۆکی لە دەستپێکردنی سەرلەنوێی شەڕێکی نیزامیی بەربڵاووە کێشەیەیان لەگەڵ "کەمپنشینی" هەیەو پێیان وایە ئەمە بۆتە هۆی دابەزینو چەقبەستوویی‌و بە کۆسپی سەررێگەی درێژەکێشانو گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردستانی دەزانن. دیارە ئەم دیاردەی "کەمپنشینی"یە ئاکامی خراپیشی هەیە. کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان، هەرکات پێوەندییەکانیان بەرتەسکو چرووپڕ بێ‌ولە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی ئاوا تەسکدا بن، هەمیشە بەدوور لە کێشە نین. جگە لەمەش لە پێوەندی لەگەڵ ئەم "کەمپانە"دا دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە تاکەکانیان زۆربەی لە شارو ژینگەی فەرهەنگیی جیاوازەوە پێک هاتوون. هیوای ئەوان رزگاریی هەرچی زووتری خەڵکەکەیان لە ژێر چۆکی کۆنەپەرستیو سەرەڕۆییە. هێندێکیان - ئەگەر پێیان وابێ وەدیهاتنی ئەم ئامانجانە ئیمکانی نیە ـ هومێدیان دەگۆڕێ بۆ ناهومێدیو تووشی قەیرانی فکری دەبن. ئاشکرایە کە ئەم شتە (ئەگەر) لایەنی بە کۆمەڵیش بە خۆیەوە بگرێ هێندێک کێشە دروست دەکا. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ ئەم "کەمپانە"دا ئاژاوەی بە ئەنقەستی حکوومەتی نابێ محەممەدی لەم جۆرە شوێنانەدا لە رێگەی مۆرە نفووزییەکانیەوە نابێ لەبیر بکەین. ئەم مەسەلەیە بۆ خودی حیزبەکانیش روونە، ئەدی ئەوە نیە ئەوانە زیاتر لە سی ساڵە لەگەڵ‌یەکێک لە دژێوترین حکوومەتەکانی جیهان لەشەڕدان. بەڵام ئەوە کە ئەم "کەمپانە" هۆی دابەزینی بزووتنەوەی کوردی بووە، بێ ئەملاو ئەو لا بە هەڵە دەزانم. ئەم دۆستانە بزووتنەوەی کوردستان تا ئاستی لایەنە نیزامیەکەی دێننە خوار، لە حاڵێکدا دەزانین کە ئەسڵی خەباتو بەرەبەرکانیی خەڵک مەیدانو بواری غەیرە نیزامی (مەدەنی) یە کە لەگۆڕێ دایە. ئەمن بۆ



سەرچاوە Serchawe

نموونە لە وتووێژی "بەرزەخی خەباتی یاسی لە دۆزەخی حکوومەتی ئیسلامی‌دا" بە دووورودرێژی نووسیومە کە لە روانگەی منەوە شەڕی چەکدارانە لە هەلومەرجی ئێستادا نە دروستەو نە دەکرێ. بوونی ئەم بارەگایانەش بە دژی ئەمە نازانم. کام نەتەوەو دەوڵەت لەم دنیایەدا هەیە کە خاوەنی جبەخانەو ناوەندی جۆراوجۆری نیزامی نەبێ؟ بەڵام لە کام یەک لەو نەتەوەو دەوڵەتانەدا بوونی ئەم ناوەندانە واتای ئەوە دەدا کە شەڕ دەست پێدەکا؟ خەڵکی کوردستان پێویستە ئاستی خەباتی خۆی لەگەڵ باقیی خەڵکی ئێران رێک بخاو لە هەلومەرجی ئێستادا خەڵکی ئێران - ئێستا بە هەر هۆیەک بێ - بۆ بەرەورووبوونەوەیەکی فیزیکی لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی نەهاتوونەتە مەیدان. بەڵام دەزانین کە ئەمە درەنگ یان زوو روو دەدا. بۆئەو کاتە دەبێ کادری سیاسی‌و نیزامی پەروەردە بکرێ، تاکوو کوردستان لە بەرامبەر هێرشی دەسەڵاتدارندا بێ چەک نەبێ.

٣- دیتراوە کە فڵان یان فیسارە چاوەدێریش بە شێوەی پچڕپچڕ بەڵام لە درێژماوەدا، جاری وایە لەروانگەی دژایەتی لەگەڵ خەباتی چەکدارانەداو جاری واشە بە رواڵەت گاڵتە بە خەباتی سیاسی‌و کاری راگەیاندن دژایەتی لەگەڵ "کەمپنشینی" دەکەن (ئەویش نەک "کەمپنشینی"ی هەموو لایەک، بەڵکوو حیزبێکی دیاریکراو). قسەکانیان ناڕوون‌و قەڵسە گێڕانە (هیستریک)ن‌و ئەگەر لە باشترین حاڵەتدا لە رووی بەدبینییەوە سەیریان نەکرێ، دەتوانین بڵێین کەموکوڕییەکی زۆریان پێوە دیارەو جاری وایە - تەنانەت ئەگەر بە ئەدەبیاتێکی جوانیش نووسرابن - لە رووی ئیستیدلال‌و راوێژەوە تا رادەیەک جیددی نین، بە چەشنێک کە دەتوانن بە ناهەق ئانتی یاتی لە گوێگر دا پێک بێنن. "بە ناهەق" چونکە بۆخۆم هێندێکیان دەناسم بە مەتانەتو سەنگینی‌یان دەزانم. هەرچۆنێک بێ لەم جۆرە باسانەدا نەک باسی هۆیەکان بەڵکوو باسی هۆگرەکان دەکرێ. باش دەزانین کە دیاردەی بە ناو "کەمپنشینی" - هەروەک لە سەرەوە باسی کرا - ئاکامی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دایە. کام ئەقڵێکی سەلیم هەیە کە بە پێخۆشبوونی خۆی ئەم جۆرە ژیانە سیاسییە بۆخۆی هەڵ بژێرێ؟! بۆیە جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە: بۆچی مەسەلە سەرەکیەکە - واتە داخراویی پێکهاتەی سیاسی و قەدەغەو قۆرغ‌و قەڵتوبڕکردنی حیزبە سیاسییەکان لە وڵات دا - لەگەڵ بەرەبەرەکانیی لێبڕاوانە، جیددی‌و شەفاف (هەر نەبێ بە گاڵتەو پێکەنین) بەرەوڕوو نابێ؟! جاری وایە لەو باسانەدا تەنانەت ئەو گومانە دێتە پێش کە رەخنەگرتن لەم دیاردەیە جاری وایە تەنیا بیانوویەو مەسەلەی سەرەکی دژایەتی لەگەڵ ئەم یان ئەو رێکخراو، یان کەسایەتییەیە بە هەر نرخو بەهەر بیانوویەک بێ، بە تایبەتییش کە رەخنەکان مەبەستی دیاریکراو (selectively) یان لە پشتە. دەزانین کە هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دان بێ جیاوازی، بەڵام دەبینین نووکی هێرشەکە بۆسەر ژمارەیەکی زۆر کەم بە تایبەتی یەکێکیانە. ئەمەش هێندێک گومان لە بارەی مەبەستو مەڕامی واقعیی ئەوان پێک دێنێ‌و لە پلەی جیددی بوون‌و کەلکی ئەم رەخنانە کەم دەکاتەوە. رۆژێک "پاشگەزبوونەوەی سیاسی" وەک تاوانێکی نەبەخشراو دەبێتە بابەتی باس‌وخواس، رۆژێکی دیکە "نەبوونی جیددییەتی سیاسی" دەبێتە مشتومڕ و ئەمڕۆش "کەمپنشینی" و "زستانی کەمپنشینی" بۆتە بابەتی تەنزو لێکدانەوە! بەڵام ئەوشتەو ئەو کەسەی لە هەموویان دا دەکەوێتە ژێر پرسیار تاقە



سەرچاوە
Serchawe

لایەنێکو تاقە کەسێکەو بەس. دیارە دەشزانین کە هونەرو تێگەیشتنی واقعی هەر تەنیا لە رەخنەگرتندا نیە بەڵکوو زیاتر لە ئاڵتێرناتیڤو رێگا چارەدایە، لە حاڵێک لەم جۆرە لێکدانەوانەدا رێگای زاڵبوون بەسەر ئەو دیاردەیەی دەکەوێتە بەر رەخنە ناخرێتەروو. بۆ نموونە باسی ئەوە ناکرێ کە ئەگەر بە قەولی ئەم دۆستانە "کەمپنشینی" کەموکووڕیی هەیەو جێی لۆمەکردنە، ئەدی مۆدێلی پێشنیارکراوو شیاوی ئافەرین بۆ حوزوورو ژیانی سیاسی لە روانگەی ئەوانەوە کامەیە، داخستنی بە قەولی ئەوان ئەم "کەمپانە"و چوون بۆ ئورووپایە یان چوونەوە بۆ باوەشی "پڕ لە بەزەیی" حکوومەتی ئیسلام؟!
سەرەنجام ئەوەکە هۆیەکی دیکە کە لە عەینییەتگەراییو بێلایەنیو بێ غەرەزیو ئینسافی ئەم رەخنانە بە رادەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە و لایەنی زەینیو یەکلایەنیو مەبەستدار بوونیان زیاتر دەکا، ئەوەیە کە هێندێک لەو رەخنەگرانە وەبەرچاو گرتنی مەسئوولانەو ئاقڵانەی هەلومەرجی کوردستانی عێراق لەلایەن ئەم حیزبانەوە بە نیشانەی "پاسیڤ بوون" و "لاوازی" دەزانن‌و ناردنەوەی نامەسئوولانەی هێزی نیزامی لەلایەن رەوتی دیکەوە بۆ نێو کوردستانی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە بە نیشانەی "توانایی" دەزانن، ئەویش بەبێ سەرنجدانی پێویست بە ئاکامەکانی ئەم جۆرە مێتۆدوکردەوانەی کە تا ئێستا بۆ خۆیان‌و بۆ کوردستانی ئێران‌و کوردستانی عێراق‌و ناوچە بە دیاریان هێناوە.

لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕیانەدا ئەم باسانە لایەنی موسبەتیشیان هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر خودی رەخنە: رەخنە لە رەوتە سیاسییەکان‌و نیهادینە بوون‌و ئاسایی بوونی - با لەوە گەڕێین چەندە دروستە یان نادروست - یارمەتی بە گەشەکردنی ئەندیشەی سیاسیو نەمامی دیموکراسیی نێوخۆی بزووتنەوەی کوردستان‌و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریو ئۆگریی سیاسی (Political sensitivity) دەدا. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم جۆرە هەلسوکەوتە رەخنەگرانەو کێشە خولقێنەیە - لە نەبوونی پێکهاتەیەکی سیاسیی دیموکراتیک لە ئێراندا - پێکهاتنی جۆرێک ئۆپۆزیسیۆنی رێک نەخراو، بەڵام گرنگ، بۆ حیزبە سیاسییەکانە. ئەمە لەخۆی دا بە سوودی خودی حیزبەکانیشە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە لەم رەخنانەدا لەلایەک جۆرێک مەشروعیەتدان بەوان‌و بە رەسمی ناسینی ئەوان‌و لەلایەکی دیکەوە غەمخۆریو دڵسۆزیی رەخنەگران بۆ ئەوانی تێدا شاراوەیە. جگە لەوەش ئەم کارە - بتەوێ، نەتەوێ - مەترەح بوونی زیاتری ئەوان لە بیروڕای گشتییدا بەدواوە دەبێ. هەروەها لەم باسانەدا هەرچۆنێک بێ زۆرجار باسی کێشەگەلێک دەکرێ کە بەڕاستی هەن. بۆیە ئەمانە دەتوانن بە سوودو بەکەلک بن ئەگەر مەبەستێکی تایبەتیان لەپشت نەبێو ئامانجدارو بێلایەن‌و سیستماتیکو قووڵ بن‌و لە خزمەتی رێگاچارە بۆ ئەم کێشانەدا بن. کەوابوو روون‌و ئاشکرایە کە ئەم لایەنە موسبەتەی مەسەلەکە لەلای نووسەر جێی رەخنە نیە. هیچ کەسو هێزێک نابێ دوور بێ لە رەخنە لێگرتن.

ئەڵمان، ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١١

لە رۆژهەڵات تامیز وەرگیراوە

## کۆنفراسی پراگ و ڕەخنەگرانی،

من پێشەکی بڵێم کە ئەمە بە سەرکەوتوویی بواری ڕووناکبیریی کوردی دەزانم کە کۆمەڵێک کەسایەتی و چالاکی کورد ڕەخنەی ڕاستەوخۆ ئاراستەی هێزە سیاسییەکانی کورد دەکەن.

ئەمە خۆیلەخۆیدا وەپێشچوونی ئاستی کیانی نەتەوەیی کورد دەگەیەنێ، خۆیلەخۆیدا بوونی ئەم "حەوزەی گشتییە"دەگەیەنێ کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێویستە. بەهێزبوونی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراوەکانی کوردی (کە لە نەبوونی دەوڵەتدا ئەرکی دەوڵەتی کوردیان لەسەر شانە) بە قازانجی ئەم ڕێکخراوانە و گشت نەتەوەی کورد بۆ دەمەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دەزانم. هەر لەم سۆنگەوە دەستخۆشیان لێدەکەم.

----------------

ئەمە هەڵبەت ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم ڕەخنەگرانە رەخنەکایان رەوایە و خۆیان ڕەخنە هەڵناگرن. بە پێچەوانە: بە بڕوای من چالاکی و یان ناچالاکی رەخنەگر و بیرمەندی تاکی کورد لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات زۆر ڕەخنە هەڵدەگرێ. کۆمەڵێک "چالاک" هەن کە ئەرکی خەباتیان، ئەرکی تێکۆشانیان داوەتە هێزە سیاسییەکان و خۆیان بێ ئەرک و بێ بەری کردووە، بەڵام ئەم کاتەی کە ئەم حیزبانە لە ڕوانگەی وانەوە هەڵەیەک دەکەن، هاواریان لێ هەڵدەستێ. دەکرێ پرسیار بکەم بیلانی چالاکانی تاکی کورد لە دەرەوەی وڵات چ بووە؟ دەکرێ بپرسم کە کام ڕێکخراوەی مەدنی و سیاسیان پێک هێناوە؟ کام درووپان لە قالبی بزووتنەوەی کورد دەرێ ناوە؟ دەکرێ بپرسم خاوەنی چەند بەرهەمی زانستی لە مەڕ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکانی کورد بوون؟ ئەگەر پێمان وایە بە بۆڵەبۆڵ دەتوانین رزگار بین، ئەوە شتێکی ترە. بەڵام ئەگەر پێمان وانییە، دەبێ ڕادەی چالاکی و هەڵسوڕانی مە زۆر لەوانە زۆرتر و پان و بەرینتر بێ کە تەنیا جاروبار ڕەخنەیەک لە هێزەکانی کوردی بگرین.

دیارە من نام هەوێ بچمە سەر باسی وەی کە ڕەساڵەتی ڕووناکبیر بەگشتی و ڕووناکبیری کورد بە تایبەتی چیە.

ئەم ئاماژە کورتە تەنیا وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕاستییە تاڵەیە کە ئامادە نین دەرزێک لە خۆمان ڕاکەین، لە حاڵێکدا شوژن لە هێزە سیاسییەکانمان ڕادەکەین. ئەمە شەرتی ئینساف و ئەخلاقی ڕووناکبیری نییە.

**تەوەری ئەم دەقە کورتە، بەڵام، دەگەڕێتەوە سەر ڕەخنەی ڕەخنەگرانی کورد لە بەشداربووانی کۆنفراسی پراگ کە بە باوەڕی من ناڕەوایە.**

دۆستانی ڕەخنەگر بایخی لە ڕادەبەدەر بەم بەیاننامەیە دەدەن کە نە بەرهەمی کۆنفرانسەکە، بەڵکوو ئی تاقمێک لە بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە بووە. تەنانەت بەشداربووانی کۆنفرانسەکە - بە فارس و کورد و تورک و بەلوچ و تورکەمەنەوە - ئەوەندە بایخیان پێنەدا، دەنا داوایان دەکرد کە دەنگی لەسەر بدرێ.

من پێمەوایە بەشێک لە ڕەخنەگران ئەوەندە ناسنامەی ئەم و ئەو کەسایەتییەی بەشداربووی ئەم کۆبوونەوەیان لا گرینگە، کە کۆنفرانسەکە و بەیاننامەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنفراسەکەیان لا گرینگ نیە. ئەم دووانەی ئاخری بۆ بەشێک لە ڕەخنەگران تەنیا بەیانوویەکە بۆ هەڵپرژانەسەر ئەوەڵی.

من وتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە کە گوتاری زاڵ بەسەر کۆنفرانسەکە گوتاری کورد بوو. وتارەکان ئەوە بەرەبەرە بڵاو دەبنەوە و ئەو ڕاستییەی دەردەخەن.

بەڕێزێک ئاماژە بە لاوازی ڕێزمان و ناڕێکوپێکی دەستەواژەکانی دەقی بەیاننامەکە دەکا و دەڵێ ئەمە دەبێ دەستخەتی کورد بێ! ڕەنگە ئەم بەڕێزە پێ وابێ کە فارسەکان فارسییەکایان زۆر بەهێزە کە بەڕاستی وانییە؟ بەهەر حاڵ ئەم دەقە یەک) لە لایەن کەسێکی تورکەوە نووسرابوو (نەک کورد و فارسی فارسی‌زان و فارسی‌نەزان).دوو) هەر لە سەرەتاوە تێکۆشابوو چەمکگەلێک بەکاربێنێ کە لە ڕوانگەی خۆیەوە کەمتر کێشە دێنێتە گۆڕێ.

پاش تەواوبوونی کۆنفرانسەکە و لە بەردەرگای هۆتێلەکە حەسەن شەریعەتمەداری بە خۆی و بە کاغەزەکەیەوە لە لایەن کوردەکانەوە دەور درابوو و ڕەخنەی توندی لێدەکراو و ئەویش بە پەلە ئەم چەمکە و ئەو چەمکەی دەگۆڕی و پاساوی بۆ ئەم و ئەو فورمووڵ و گوزارە دێناوە و دەیگوت کە مەبەستی کورد نەبووە و بۆ وێنە موجاهیدینە.

ئەم ڕاستییەی ناتەبایی ڕستەکان و دەستەواژەکان کێشەیەکی زمانەوانی و فارسی‌نەزانینی شەریعەتمداری نەبوو، بەڵکوو هەرووەتر دەگەڕێتەوە سەر وەی کە بەڕێوەبەرانی کۆنفراسەکە گوشارێکی زۆریان لەسەر بوو کە ئەم کۆنفرانسەی ئەسڵەن بەڕێوە نەبەن، ئەویش لەگەڵ دوو لایەنی کوردی کە ئەم ڕێکەوتننامەیەیان واژۆ کردووە (بۆ وێنە سەیر کەنە دەمەقاڵەی بیژەنی حیکمەت لە گەڵ فەرەیدوونی ئەحمەدی، سەیرکەنە وەدەرنانی ئەم کەسە لە ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک

(ئەکسەرییەت)، سەیرکەنە قسەوباسی کەسانێک وەک ناسر کەرەمی و...) بەڵێ، ئەم کەسانە و گەلێکی تر محاولەیان کرد کە ئەم کۆبوونەوەیە تەنانەت پێک نەیە. کەوایە بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە تەنیا لە لایەن کوردەکانەوە لە ژێر گوشاردا نەبوون و بەیاننامەکەیان وا گەڵاڵە کرد بوو کە بە قەولی خۆیان "گفتمان" نەپچڕێ و بەجۆرێک هەموو لایەک کەمتاکورت رازی بکا.

من لەگەڵ مێهرانی بەراتی تورک (مائۆئیستی پێشوو و ناسیۆنالیستی پانئیرانیستی ئێستا، خەزوری یوشکا فیشێر، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئاڵمان) باسێکی زۆرم هەبوو. ناوبراو بەردی ئێرانی لەسنگی دەدا و لەم دەروازەوە دژایەتی کوردی دەکرد. هەر وەتر لە گەڵ حەسەن شەریعەتمەداری تورک ئەم باسەکرا.

کاک حەسەنی شەڕەفی زۆر بەڕوونی بە شەریعەتمەداری گوت کە: "ئەمە وتاری مە نییە. ئەگەر هەر بڵاوی دەکەنەوە بەناوی کۆنفرانسەکە مەیکەن و بەناوی بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە بیکەن." حەسەن شەریعەتمەداری وتی کە: "باشە، کەوایە دەنووسین کە کەمینەیەک لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە نەبووە." گوڵاڵە خانمی شەڕەفکەندی گوتی کە: "ئەوە وا دەردەخا کە دەنگ دراوە، لە حاڵێکدا دەنگ نەدراوە." شەریعەتمەداری وتی کە: "باشە، دەڵێین کە ئەم کەسانە دژی ناوەڕۆکەکە بوون. ناوی خۆتان بنووسن." من وتم کە: "نەخێر، کارێکی دیکە دەکەین؛ ناوی ئەم کەسانە دەنووسین کە لەگەڵ ئەم بەیاننامەیە هەن." شەریعەتمەداری وتی کە: "ئاخر بەشی زۆری بەشداربووان ڕۆیشتوون." من وتم: "لە کوێرا دەزانن کە ئەوانەی دژبەرن نەڕۆیشتوون؟ بەشێک لە ئازەری و بەلووچەکان کە لەگەڵ مەن، ئەوانیش ڕۆیشتوون."...

پاشان گوڵاڵە خانمی شەڕەفکەندی چوو بۆ لای ناهیدخانمی بەهمەنی. ناهیدخانم گوتی کە "تازە ئەوە چوار جارمان پێگۆڕیون، پێمان وتوون کە ئەمە قسە و ئەدەبیاتی مە نییە..."

دۆستان، دایبنێین کە هیچکام لەم کێشە و شەڕانەش نەبووە. کورد چ زەرەرێکی کردووە؟ ئایا لە مافەکانی خۆی پاشگەز بۆتەوە؟! ئایا ئاستی چاوەڕوانییەکانی نەرم بۆتەوە؟ نەخێر. تەنیا لە هەلێک کەڵکی وەرگرتووە، بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی، تەنیا لە تریبونێکی تر شەڕی کردووە بۆ مافەکانی خۆی. ئەوەی ناکەین چ دەکەین؟!

تازە دایبنێین کە کورد سازشی کردووە. ئەمە ئوتۆپییە ئەگەر پێمان وایە کە سیاسەت بێسازش و سازان مانای هەیە. پێتان وانەبێ کە ئەوانیش قسەی مەیان بەدڵە. بەڵام بەشێکیان بەرژەوەندی "نەتەوەیی" خۆیان لەوە دا دەبینن کە بە جۆرێک لە گەڵ ئێمە بسازێن. من پێم وایە کەسێک سازش نەزانێ، سیاسەت نازانێ.

**وتراوە کە ئاستی زانیاری و زانستی کوردەکانی بەشداربوو لە خوارێ بووە!!**

بەڵام من ئاستی زانیاری تێکۆشەرانی کوردی ئەم کۆنفرانسەم چەند قات لە ئی ئەم بەشدارانەی کە هەلی قسەکردنیان هەبوو و دمراست بوون و کورد نەبوون، پێ لەسەرتر بوو. دژبەری ئێمە دوکتور بەراتی بوو کە قسەوباسەکانی ئەوەندە بێسەرەوبەرە و ساویلکانە و سەرمەیدانی و بێحورمەتیانە بوو کە من کاتی قسەکردنی بەنیسبەت حدکا و پێژاک خۆم پێڕانەگیرا و وشەیەکی ئاڵمانیم هاتە سەرزار بە ناوی "کوواچ" (بێمانا، قسەی بێتام). هەر بۆیەش بەرپێوەبەری بەرنامە فەرەیدوونی ئەحمەدی پاشان گلەیی لێکردم. نازانم جنێودانی ئەم بەرێزە لە وتاری خۆی دژی هێزە کوردییەکانی چەندە زانستیانەیە؟

تەوەری ترێک کە لە وێ باسی کرا "هەڵبژاردنی ئازاد" بوو. لە لێدوانێکدا کە لەگەڵ پێشکەشکەری ئەم باسە (شەریعەتمەداری) هەم بوو، بۆم دەرکەوت کە ئەمە تەنیا تەرفەندێکی تەبلیغییە دژی کۆماری ئیسلامی، بۆ وەی کە بڵێن کە دژی شەڕ و هێرشی نزامین، بۆوەی کە کۆماری ئیسلامی بخەنە گەمەیەکی سیاسی و گۆشار ناونەتەوەییەوە (کە هەڵبەت زۆریشم پێ خراپ نییە). کەوایە ئەمەش باسێکی زانستی ڕامیاری نەبوو، بەڵکوو هەڵوێستێکی سیاسی.

باسی ئابووری هاتە پێشەوە. ئێران چەندەی نەقدینەگی هەیە، چەندە تەوەڕومە و... پێش وەی کە باسێکی فەننی و زانستی بێ، باسی سەرزاری خەڵکی تەنانەت نەخوێندەوارە. پێیانم وت کە: "پێم وابوو باسێک پێشکەش دەکەن لە سەر پەیوەندی ئابور و دێمۆکراسی، پەیوەندی نەوت و ماڵیات و دێمۆکراسی،..."

بەڵێ، ئەگەر کورد باسی وا بکا، دەڵێن ئاستی زانستیان لە خوارەوەیە! بۆ؟ چونکە کوردن. بەڵام زۆر جاران قسەی وا سەیر و سەمەر لە زاری مامۆستایانی ئێرانی غەیرە کورد لە ئەورووپا و ئەمریکا دەبیسترێ کە لە فتوی هیچ عەتتارێک دا نایبینێوە؛ بە هەر حاڵ ئەوان مامۆستان و فارسیشن، قسەکەیان هەرچی بێ حیکمەتێکی تێدایە!!!

قسەوباسێکم لە سەر فێدێرالیسم لەگەڵ یەکێک لە نەیارانی فێدرالیسم - کە لەکنەخۆ مامۆستای زانکۆیە - هەبوو. لە کۆتایی باسەکەمان دا وتی: "من با این ساختار و مضمونی که شما برای ایران آینده ترسیم کردید، نه تنها موافقم، بلکه معتقدم راهی هم جز طی آن نداریم." وتم کە: "استاد جان، این همان فدرالیسم هست. فدرالیسم که شاخ و دم ندارد." وتی: "بنابراین من تنها با مفهوم فدرالیسم مشکل دارم، پیداست که باید در آن تجدیدنظر کنم."

**ئەمە کورتکراوی تەنیا یەکێک لە قسەوباسەکانی کوردەکان بووە.**

بەڵێ، کورد دەبێ بەشوێن دیالۆگەوە بێ. چەندە ئەوڕۆ لە مە پێشکەوین، ئەوەندە لە شەڕی سبەی دوور کەوتووینەوە. من وەک تاکێکی کورد ئامادەم لەگەڵ شەیتانیش قسەوباس بکەم، چ بگا بەو کەسانەی کە بۆخۆیان بانگێشتنمان دەکەن بۆ وەی کە قسەوباسی مە ببیسن و ئی وان ببیسین.

لەم ڕوانگەوە ئەم کۆبوونەوەیە سەرکەوتووانە بووە. بەڵام ئەگەر پێوانەی سەرکەوتن ئەوە بێ کە گۆتار و ئەدەبیاتی کوردی دەقاودەق زاڵ بێ بەسەر گوتار و ئەدەبیاتی لایەنەکانی تر، ئەو کۆبوونەوەیە بۆ کورد سەرکەوتوو نەبووە. بەڵام ئایا چاوەڕوانێکی وا دوور لە واقیع و هێز و وزە و چەندایەتی و چلونەیایەتی کورد لە ئێراندا نییە؟ من ئەوەم پێ سەرکەوتوویی‌یە کە لایەنی بەرامبەر ناتوانێ گوتار و ئاسۆی خۆی بەسەر منی کەمینەدا داسەپێنێ و من بەم جۆرەی کە هەم و بیردەکەمەوە قەبووڵ بکا. پێم وایە لایەنەکانی سیاسی کوردی بەشداربووی ئەم کۆبوونەوەیە تۆزقاڵێک لە ماف و بۆچوونی خۆیان نەهاتوونە خوارێ. ئەمە وتارەکانیان لە کۆنفرانسەکە و دژایەتیان لەگەڵ بیاننامەیەک کە لەسەرەتا بەناڕاست لە لایەن کۆنفرانسەوە بڵاوبۆوە، دەری خست.

چالاکێکی فارسی بواری ژنان کە لە وێ ڕەخنەی توندی لە بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە لە مەڕ دەوری لاوازی ژن لە وێدا گرت، وتی: "شما می‌خواهید ما هم مثل کردها که سمج و محکم سر موضعشان ایستاده‌اند، سفت و محکم باشیم، تا ما را بپذیرید؟!" (نقل به مضمون)

**٢٥ی نۆڤەمبەر ٢٠١٢**

## پەیامێکی بە پەلە دەربارەی کۆنفرانسی پراگ

**پەیامێکی بەپەلە!**

**خۆشەویستان، ئاگادار بووم کە کۆمەڵێک لە چالاکانی خۆمان خەریکی گەڵاڵەکردنی بەیاننامەیەک بە دژی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی پراگن.**

**تکایە ئەم کارەی ـ لانی کەم ـ پێش وەی کە لەگەڵ بەشدارانی کوردی ئەم کۆنفرانسە قسەتان کرد بێ، مەکەن!**

ئەم بەیاننامە بێبایخەی کۆنفرانسە تەنیا لە لایەن کەسێک، واتا ڕێزدار حەسەن شەریعەتمەداریەوە، نووسرا بوو کە نە فارسە و نە ناوەڕۆکی نووسراوەکەی تەبایی لەگەڵ قسەوباسی بەشدارانی فارسی کۆنفرانسەکە هەیە؛ بەپێچەوانە: من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ زۆر چالاکی فارسم قسە کرد و تەنانەت یەک کەسم نەدی کە دژایەتی لە گەڵ کورد و فیدێڕالیسم بکا. ئەز قەزا کەش و هەوای سیاسی کۆنفرانسەکە لەدەست تێکۆشەرانی کورد دابوو. ئەم برادەرەش کە لەوێ دژی هێزەکانی کوردی رۆژهەڵات و باکوور قسەی بێرەبتی کرد، فارس نەبوو. کەوایە بە هیچ شێوەیەک نەکەوینە ئەم داوەیە کە بۆیان داناوین. بابەکی ئەمیرخوسرەوی تێکۆشا کورد بخاتە پەراوێزەوە، رەنگە بەڕێز شەریعەتمەداریش بەناوی بەرگری لە "ئێران" و دژایەتی لەگەڵ "شەڕ" هەر ئەم ئەرکەی بەئەستۆ گرت بێ.

نەک سەرەڕای وەی، بەڵکوو هەر بەم هۆیە بەشداری کورد لەم کۆنفرانس و کۆنفرانسانەی هاوبەش زۆر بەقازانجە.

کورد چی بۆ دۆڕاندن نییە، تەنیا دەتوانێ بە قسە و ئیستیدلالی هێمنانە سەرنجی ئێکۆشەرانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

تێکۆشەرانی کورد کاک حەسەنی شەڕەفی، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، ناهید خانمی بەهمەنی، کاک کاوە ئاهەنگەری، گوڵاڵە خانمی شەرەفکەندی، نەسرین خانمی موحەممەدی کۆمەڵە وتارێکی زۆر جوان و بەناوەڕۆکیان پێشکەش کرد. وەک هێزی سیاسی تەنیا سێ هێزی سیاسی کوردی و کۆمەڵی یارسان بەشدار بوون.

لەم دانیشتنانەدا کورد زۆر یەک ڕا بوو، زۆر جووت و سەمیمی بوو و یەکییەتی کورد هەستی خۆشی و شانازی بە منی تاک دەبەخشی. ئەگەر وا بین و بمێنین، هیچ لایەنێک ناتوانێ بەربەرەکانیمان لەگەڵ بکا، هیچ لایەنێک ناتوانێ لەبەرچاومان نەگرێ. لە ئێراندا تەنیا کورد یەکییەتی هەیە، تەنیا کورد گۆتاری هاوبەشی هەیە. دڵنیام ئەگەر حدکا و حدک و هەروەتر لایەنەکانی کۆمەڵە یەک بگرنەوە، ئەوە جێگە و پێگەی کورد چەند بەرامبەری ئێستا دەچێتە سەرێ. من تەنانەت لە چالاکانی فارسم دەبیست کە دەیان گوت کە کورد کەوتۆتە ئاستێک کە دەتوانی گشت ئێران ڕێبەرایەتی بکا. من پێم وایە کورد هیچ کەم و کەسری بۆ گێڕانی ئەم دەور و نەقشە نییە. ئێمە کەسانی وەک عەبدوڵا موهتەدی، وەک گوڵاڵە شەرفکەندی و... مان تێدایە. خۆمان بەکەم نەزانین.

ئەم کۆنفرانسە بۆ منی دەر خست کە کورد بەشی هەرە گرینگی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە. ئەمە هەروەتر لەم قسەوباسەدا دەردەکەوت کە لە دەرەوەی کۆنفرانسەکەدا لەگەڵ چالاکانی کورد دەکرا. لەم دانیشتنانەدا نوێنەرایەتی پرسی نەتەویی لە ئێران هەر کورد کردی. نوێنەرایەتی پرسی ژنان هەر کورد کردی... لەم بڕوایە دام کە نوێنەرایەتی بیری دێمۆکراسیخوازیش هەر کورد کردی.

کورد دەبێ هەروا لە هەر تریبوونێک بۆ داکۆکیکردن لە پرسی خۆی کەڵک وەرگرێ. کەوایە ئەم کۆنفرانسە تەنیا قازانجی کوردی تێدا بوو.

بەیاننامەکەش کە زۆر بێ ناوەڕۆک و شوعارییە، ئی کۆنفرانسەکە نییە. تەنانەت دەنگیشی لەسەر نەدرا. کوردەکانیش یەک دەنگ نارەزامەندیان لەسەر دەربڕی. ئەم نارەزامەندییە ڕووی دەرەوەشی پەیدا کرد. ئەوان ئەگەر شەممیان هەبێ، جارێکی تر واناکەنەوە و ئەگەریش بیکەنەوە، ئەوە تۆزەکەی دەچێتەوە ناو چاوی خۆیان. کورد تۆزقاڵێک پاشەکشەی لە مافی ڕەوای خۆی نەتەنیا نەکردووە، بەڵکوو گەلێک کەس و لایەنی تریشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەمە لەم کۆنفراسەدا زۆر بەرچاو بوو.

### بە کورتی:

**کورد یەک کار نابێ بکا: سەکۆی ئێرانی و کۆبوونەوەی ئێرانییەکان بۆ دەربڕینی داوخوازییەکانی خۆی پێشکەشی لایەنەکانی رەقیب بکا.**



سەرچاوە Serchawe

## بزانین:

زۆر شت کە لەم سەکۆیانە باس دەکرێن و بەدڵی مە نین، لە لایەن کەسانێکەوە باس دەکرێن کە ئێمە بە هەڵە پێمان وایە فارسن. لەم کۆنفراسەدا لە ڕاستیدا سێ کەس بەدژی بەرژەوەندی کورد قسەی کرد کە هیچیان بە ڕەچەڵەک فارس نەبوون. بەڵام بەداخەوە ئەوە دەبێتە هۆی وەی کە ئێمە لە ئێران و ئێرانی دوور کاتەوە، بێ وەی کە بەرژەوەندی مەی تێدا بێ و بۆخۆمان ویست بێمان.

## ئەنجام:

بەداخەوە ئێمەی کورد لابی ئێرانیمان لاوازە و کەسانێک کە کورد بن و لە سەنگەری ئێرانەوە بەرگری لە کورد و بەرژەوەندی کورد بکەن، کەمن. جائەگەر خۆ لەم دانیشتنانەش بپارێزین، زەرەرەکە چەند قات دەبێتەوە.

**هیوادارم مەبەستەکەم گەیشت بێ، بێ وەی کە لە بنی کولەکەم دابێ.**

**هەر بژین**

**ناسر ئێرانپوور**

**٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢**

# وتوویژ لە گەڵ ناسر ئێرانپوور

ئا: جەمشید بارامی

## پێشەکی:

**وتووێژێک لە سەر رێککەوتنامەی هاوبەشی نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەڵوێستەکان و بەرپەرچدانەوەکان لە گەڵ بەڕێزان "ناسر ئێرانپوور" چالاکی سیاسی و لێکۆڵەری پرسە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها نوسەر و رۆژنامەنووس بەڕێز "عەدنانی هونەروەر". ئەو دوو بەڕێزە لەم وتووێژەدا بۆچوونە جیاوازەکانی هەمبەر ئەو رێکەوتنامەیەیان لێکداوەتەوە،ئەوەی کە لە درێژەدا دەیخوێننەوە.**

## بەرایی:

بڵاو بوونەوەی رێکەوتنامەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەکتێشانی کوردستانی ئیران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵێک لێکدانەوە و بەرپەرچدانەوەی لێکەوتەوە؛ بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پشتگیرییان لەم رێککەوتنامەیە کردووە و بەشێکی بە ئەژمار کەم و کەمینە کە بە پان ئیرانیست ناویان لێ دەبەن زۆر توند هەڵوێستیان وەرگرتووە و تەنانەت بە راشکاوانە ئەوەیان راگەیاند ئەگەر کورد پێداگری لە مافەکانی خۆی بکات و مەترسییەک بێت بۆ جوغرافیای سیاسی ئێستای ئیران! تەنانەت ئەڕۆنەوە بۆ باوەشی کۆماری ئیسلامی و دەستی خامنەیی ماچ دەکەن. لە بەرانبەر یشدا کۆمەڵێک لە کەسایەتی سەربەخۆو نووسەرانی کوردیش بە پشتیوانی لەم رێککەوتنە لەبەرانبەر هەڵوێستی پاوانخوازانەی ئەو کەسانەدا وەستانەوەو بەشێکی زۆر لە چالاکانی سیاسی و رۆژنامەنووسانیش لە هەمبەر ئەو هەڵوێست و هێرشانەی بەرەی پان ئێرانیست و نەیاری کورددا وەستانەوە و بە واژۆ کردنی بەیاننییەیەک پێداگریان لە مافە رەواکانی گەلی کورد کردەوە.

لە هەمبەر هەڵوێستی نەشیاوی هەندێ لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان بەرامبەر بەو رێکەوتنامەیە، کاک ناسر ئیرانپوور؛ پێی وایە: "ئەوانەی دژی ئەم رێکەوتننامەیە ڕاوەستان چەپ نەبوون، بەڵکوو لە چەپ پاشەکشەیان کردووە و هاتوونە بەرەی ڕاست... هۆی هەرە سەرەکەی بەرپرچدانەوەی ئەم کۆمەڵە نەیارە، شتێک جگە لە باوەڕ و فەرهەنگی شۆوینیستی نییەو نەبووە".

هەروەها کاک "عەدنان هونەروەر" لە هەمبەر ئەو کەسانەی کە بەرپەرچدانەوەی نەشیاویان بەرامبەر بەو رێکەوتنامەیە نواندە؛ ئاماژە بەوە دەکات: " ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبنە وردە شووشە و لەمپەری ئەم جۆرە رێکەوتنامانە، لە راستی دا هەموویان بێجگە لە ناکامی هیچیان بۆ نامێنێتەوە".

لە بابەت ئەو رێکەوتنامەیە و هەڵوێستەکان و بەرپەرچدانەوەکان، کۆمەڵێک پرسیارم ئاراستەی چالاکی سیاسی و لێکۆڵەری پرسە سیاسییەکانی کوردستان کاک "ناسر ئێرانپوور" و هەروەها نوسەر و رۆژنامەنووس کاک عەدنانی هونەروەر کرد. ئەو دوو بەڕێزە لەم وتووێژەدا بۆچوونە جیاوازەکانی هەمبەر ئەو رێکەوتنامەیەیان لێکداوەتەوە،ئەوەی کە لە درێژەدا دەیخوێننەوە،کۆی وتووێژەکەیە.

**پرسیار**: بە رای ئێوە رێکەوتنامەی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵگری چ پەیامێکە بۆ ئێران و بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان؟

**ناسر ئێرانپوور**: پەیامی سەرەکەی ئەم رێکەوتنامەیە لە خودی رێکەوتنەکەدا خۆی دەبینێتەوە. مەبەست ئەوە بووە چوارچێوێک ساز بکردرێ بۆ نیزیکبوونەوەو لێکتێگەیشتن، تا بەڵکوو ببێتە بنەمایەک، پلاتفۆڕمێک بۆ بەرەیەکی بەرفراوانی کوردی.

مەبەستی دووهەمی ئەم رێکەوتنامەیە گەڵاڵەکردنی جۆرە بەرنامەیەک بۆ داهاتووی کوردستان بووە. هەوڵ دراوە ئاسۆیەکی گەڵاڵەکراو بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات دابڕێژدرێ.

دیارە دوور لە چاوەڕوانی نییە کە هەروەتر بەهێزکردنی پێگەی کورد لە ناو ئێران و ئۆپۆزیسیۆن و لە ئاستی ناونەتەوەییدا بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە و ئەگەرەکانی داهاتووی ئێران مەبەست بوو بێ.

هەروەتر پەیامێکشی پێ بووە بۆ ئەم لایەنانەی کە لەم حیزبانە جیابوونەوە و هەوڵ دراوە خۆ بەسەر وان دا بسەلمێنن.

**پرسیار**: ئایا ئەو رێکەوتنامەیە وەڵامێک بوو بە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و رێ خۆش کەر دەبێت بۆ بەرەی پێکهێنانی کوردستانی؟

**ناسر ئێرانپوور**: بەڵێ، سروشتیە کە باشتر بوو هێزەکانی سیاسی تریشی لەگەڵ با، بەڵام ئەمەش بە هەر حال دەسپێکێکە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەورەتری بەرەی کوردستانی.

عەدنان هونەروەر: کاتێک باس لە داخوازیەکانی گەلی کورد دەکرێت یەکەم پرسیار کە دێتە مێشکەوە ئەوەیە کە کام داخوازی؟ لەوانەیە کاتێ باس لە داخوازی دەکرێت مەبەست ماف بێت و هێندە ئەو مافانەمان لێ زەوت کراوە ئیتر ئاوزەدمان کردون بە ناوی داخوازی!

نەتەوەکانی دیکە کاتێ باس لە داخوازی خۆیان دەکەن، باس لە سەفەر و گەڕان و پارە و خواردن و خواردنەوە و پیاسەکردن و چی و چی دەکەن... بەڵام بۆ نەتەوەی ئیمە لە وانەیە ئەم شتانە وەک خەون و خەیاڵێک لە بەرچاومان بن، لەوانەیە ئەگەر لە کوردێک پرسیار بکرێت چ داخوازییەکت هەیە؟ باس لەوە دەکات کە نەکوژرێت، ئێعدام نەکرێت، بوونی ئینکار نەکرێت و هاواری ببیسرێت وەک شارۆمەندێک.

ئەگەر بڵێم کە ئەم رێکەوتنامەیە هاوارێک بوو بۆ ئەوەی مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەیەک راشکاوانە بەرامبەر بە داگیرکەر بنوێنێ، ئەوا قسەیەکی نا بە جێ نییە! بەڵام ئەگەر بڵێم رێ خۆشکەر بوو بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی، لەوانەیە نەکرێ بە تەواو مانا بڕوات پێی بێ! هەر چەندە کە دەمێک ساڵە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی هەنگاوێکن کە وا بتوانن داخوازییەکانی خۆیان و خەون و ئاواتەکانیان لە چوار چێوەیەک دا بدۆزنەوە و بەتایبەتی بەردەوام هیوادارن کە بەرەیەکی کوردستانی و یەکڕیزییەک لە نێوان حیزبەکان دا بێتە ئاراوە، دەتوانم بڵێم تا رادەیەک وڵامدەر بوو، هەر چەندە کە پێشتر هەندێک هەنگاو و هەندێک چالاکی بۆ گەیشتن بەم خەونەی خەڵکی کوردستان هاتبوە ئاراوە و بەردەوام لە لایەن نەیارانی مافەکانی گەلی کوردەوە، بەرەو رووی هەڕەشە و فەوتان و کز بوون دەڕۆیشت... بەڵام وادیارە پێداگری ئەمجارەی ئەم دووحیزبە و هەروەها پشتیوانی چالاکڤانانی مەدەنی بە کۆکردنەوەی ئیمزا، تا رادەیەک توانیویەتی ئامانجەکان بپێکێ!

**پرسیار**: هەڵوێستی بەشێک لە حیزبە کوردستانییەکانی رۆژهەلات و ئەو کوردانەی کە دژ بەو رێکەوتنامەیە بوون چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ناسر ئێرانپوور**: تا ئەو جێیەی من ئاگادارم حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی کومونیستی ئێران هەڵوێستیان گرتووە. هەڵوێستی حدکم زۆر پێ ژیرانە بوو. بەڵام حیزبی کومونیستی ئێران زۆر کاسبکارانە هەڵسوکەوتی کرد و تەنانەت لەبەرامبەریشیدا ڕاوەستا. ئەم حیزبە ئێستاکەش نەیتوانیوە هەزمی بکا کە کۆمەڵێک کەس لە وی جیابوونەوە. سەیرەکەی لەوەدایە کە ئەوەندەی بە دژی ساخکردنەوەی کۆمەڵە بوون، دژی پرۆژەی گوماناوی لەبەینبردنی کۆمەڵە لە لایەن

"کومونیستە کرێکارییەکان" نەبوون! دەمێکە بە دزی و ئاشکرا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیامیان بۆ دەنێرن کە ئامادەین هاوکاری بکەن. ئەمە کومونیستی کرێکارییە کە ئێستا ملی نەداوە!

**پرسیار**: بەرپەرچ دانەوەی ئەو هێزانەی کە خۆیان بە چەپ پێناسە دەکەن و هەروەها بەرەی پان ئێرانیستەکان لە هەمبەر ئەو ڕێکەوتنامەدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**ناسر ئێرانپوور**: ئەوانەی دژی ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕاوەستان چەپ نەبوون، بەڵکوو لە چەپ پاشەکشەیان کردووە و هاتوونە بەرەی ڕاست و ناسیۆنالیستەکان. ناسیونالیستەکانیش نانی شۆوینیسم و چەوسانەوەی مافی گەلانی ژێردەست دەخۆن. ئەگەر وا نەبن، ئیتر ناسیۆنالیست و شۆوینیست نابەن. ئەوان قەت ناتوانن قەبووڵ بکەن کە کوردیش دەتوانی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی ئێرانێ دیاری بکا، ناتوانن قەبووڵ بکەن کە کورد بڕیاری سەربەخۆ بدا، ناتوانن قەبووڵ بکەن کە کورد سیاسەتی خاریجی هەبێ. کورد بە بۆچوونی وان دەبێ هەمیشە لە پەراوێز دابێ. ئەگەر نەبوو، ترسیان تێدەکەوێ کە نەوەکوو ئەم سەربەخۆ بڕیاردانە ببێتە هۆی وەی کە کورد سەربەخۆ بێ. کوردیش سەربەخۆ بێ، تەنانەت ئەگەر ئێران سیستەمێکی فێدێراڵی هەبێ، ئەوان ئەم پێگە و جێگەی خۆیان کە بە قیمەتی وەدواکەتوویی و کۆلۆنیالیزمی گەلانی ئێران وەدەستیان هێناوە، لەدەست دەدەن. کە وایە هۆی هەرە سەرەکەی بەرپەرچدانەوەی ئەم کۆمەڵە نەیارە شتێک جگە لە باوەڕ و فەرهەنگی شۆوینیستی نییەو نەبووە.

**پرسیار**: بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ تا ئێستا کۆمەڵە و دیموکرات لە بەرامبەر خەلکی کوردستان و ئیراندا لە دوو گوتار کەڵکیان وەرگرتووە (واتە گوتارێکی کوردستانی و گوتارێکی ئیرانی)، هەر بەو پێیەش بەردەنگی ڕێکەوتنامەکە خەڵکی کوردستان بووە،و بەرەی ئێرانی لەگەڵ ئەو گوتارەدا نامۆ بووە،چ لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم پرسە هەیە؟

**ناسر ئێرانپوور**: نەخێر، لەگەڵ ئەم بۆچوونە نیم. ئەم دوو گوتار نەبووە، بەڵکوو دوو ڕووی جیاوازی یەک گوتار بووە. ئەم گۆتارەش سەرچاوەی لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردی دایە، سەرچاوەی لە ڕەچاوکردنی دیپلۆماسی سیاسی دایە، لەوە دایە کە خیتابی ئەم گوتارە جارێک ڕووی لە ئێرانە و جارێکیش ڕووی لە کوردستان. لە گەڵ کورد کە قسە دەکردرێ، سروشتییە کە پرسەکانی کوردستان بێنە بەرباس، سروشتییە کە کەڵک لە دەستەواژە و زاراوەی سیاسی کورد وەر گیردرێ.

**پێچەوانەکەشی ڕاستە:** سەیر دەبێ کە لەگەڵ فارس بە وەرگێردراوی دەقاودەقی ئەدەبی سیاسی کوردی قسە بکردرێ. ئیزن بدەن کە نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە: لە سەر وشەی "قەوم" شەڕە. "قەوم" لە ناو کورددا ناوەڕۆکێکی تری هەیە تا لە ناو فارسیدا. سرودی "ئەی رەقیب"ی کورد بە قەومەوە دەست پێدەکا. مەبەست دەقاودەق "نەتەوە"یە. بەڵام دەزانین کە ئەمە لە

ناو فارسدا جۆرێکی ترە. ئەگەر ئێرانییەکی ناسیۆنالیست دەڵێ "قەوم"، مەبەستی ئەوەیە کە ئێمە بەشێکی جیاییەنەکراوە لە "نەتەوەی ئێران"ین، مافی دیاریکردنی چارەنووسمان نییە. تەنانەت لەقسەکردن لەگەڵ ناسیۆنالیستەکان دەبێ تەوەرەکانیش جیاواز بن. لەگەڵ ناسیۆنالیستێکی ئێرانی باسی خاڵە هاوبەشەکانمان دەکەم، باسی حکومەتی ئێرانی داهاتوو دەکەم. کەمتر باسی وردەکارییەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان دەکەم. شتێک زۆر زۆر گرینگیش ئەوەیە کە ئێمە دەبێ ڕەوتی "نەتەوەسازی" کورد وەپێش بخەین. ئەم ڕەوتە دەبێ ڕووی لە ژوورەوە بێ، نەک لە دەرەوە. ئێمە پێویستمان بە هەست و سەروەری و کیانێکی پتەوی کوردی هەیە. ئەم کیانە دەبێ هەروەتر لە ئەدەبیاتی سیاسی مەدا، لە گوتارەکانمان خۆی ببینێتەوە، بەڵام لە گەڵ کورد، نەک لە گەڵ نەتەوەکانی تر. ئەگەر ئێمە ڕوو بەدەرەوە نەتەوەسازی بکەین، ڕەنگە شوێنەواری خراپی هەبێ لە سەر پەیوەندی ئێمە و دراوسێکانمان. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دەتوانێ شانازی بەوە بکا کە هیچ کات لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا دژی نەتەوەیەکی تر ڕانەوەستاوە. ئەگەر گەرەکمان بێ ئەم ڕەوتەی هەروا پێشکەوتنخوازانە بەرینە پێشێ، دەبێ ڕوو بەدەرەوە لەسەر پرسگەلێکی گشتی‌تر قسە بکەین. بەڵام لە نیهایەتدا گوتاری ڕووبە ژوورەوە و ڕووبەدەرەوە هەر یەکین و یەک مەبەستیان هەیە. ئاخۆ نوێنەرانی حکومەتە ئەیالەتییەکان، کاتێک مەبەست پێکهێنانی بەرەیەک بۆ حکومەتی ئاڵمانییە، لەسەر پرسەکانی ئەم ئەیالەتە دەدوێن یا لە سەر ئەم پرسانەی کە پەیوەندیان بە گشت وڵاتەوە هەیە. ئایا ئەگەر حیزبی سوسیال دێمۆکراتی ئاڵمان لە پارڵمانی ئەوروپا قسە دەکا، لەسەر نەتەوەخوازی ئاڵمان قسە دەکا، یان لەسەر ئەم شتانەی کە پەیوەندیان بە ئەوروپاوە هەیە. لێرەدا تەنانەت لەحن و دەستەواژەکانیش جیاوازن.

**پرسیار**: کەسانێک دەڵێن دەبێ حیزبە کوردییەکان بە بێ چەک بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و بە تایبەت دوای بە بڵاو بوونەوەی ئەو رێککەوتنامەیە، هەندێ کەس رەخنەیان لە چەکدار بوونی ئەو دوو حیزبە گرتووە، بە رای ئێوە لە هەل و مەرجەی ئێستادا حیزبی چەکدار لە وێنەی ئەو دوو حیزبە چ زەروورەتێکی هەیە؟

**ناسر ئێرانپوور**: من نازانم ئەم بەرێزانە باسی "کۆماری" ئیسلامی ئێران دەکەن یان باسی وڵاتی سوید. چەک هەڵگرتنی ئەم هێزانە مەوزووعییەتی خۆی لەدەست دەدا، هەر کات هێزی سیاسی لە ئیران بتوانێ بە ئازاد هەڵسوکەوت بکا. پێویست بە ڕێنموونی ئەم کەسانەش ناکات. ئەم کەسەی کە گرفتێک لە چەکداربوونی ئەم هێزانە بۆ گەڕانەوە دەبینێ، ئیزنی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی بۆ وان وەرگرێ، من زەمانەتی دەدەمێ، گشتیان بێ‌چەک بگەڕێنەوە. لەوەش گەڕیین، با بۆ خۆی ئیزنی کۆمەڵێکی مەدەنی وەرگرێ، مۆڵەتی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ وەرگرێ، پاشان قسە لەسەر وە دەکەین کە ئەم حیزبانە بۆ ناگەڕێنەوە. سەیرەکەی لەوە دایە کە قسەوباسە کاتێک دەکردرێ کە لە لایەکەوە ڕیفۆرمخوازەکانی سەر بە حکومەتیش یەک لە دوای یەک ئێران بەجێ دەڵێن و لە لایەکی تروە هروژمێکی فاشیستی بۆ سەر ئەم گەلە بێ‌بەشە لە ئارا دایە! بەنیسبەت چەکداربوونی ئەم هێزانە و ئوردوگاکانیان زۆر بە تێر و تەسەلی لە وتارێکدا قسەم کردووە و بۆیە نامهەوێ

لێرەدا بە وردی بچمە سەر ئەم باسە. تەنیا ئەوە دەڵێم کە ئەوە هەروەتر ئەرکی ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی ژوورەوەیە، هەڵێک بڕەخسێنن کە حیزبەکانیان بگەڕێنەوە. یاسر عەرەفات خەڵکەکەی خۆی بردییەوە، نە هێزە سیاسییەکانی تاراوگە! ئەووەش زیاد بکەم، ئەوەی پێی وایە هێزی کوردی لە هەڵە دایە، مافی خۆیەتی. بەڵام با بۆ خۆیان هێزێکی ڕامیاری ساز بکەن و بە مەدەنییەت و شارستانییەت کار بکەن. ئەو کات یان سەردەکەون و هێزەکانی سیاسی دەرەوە کە گۆیا "چەند دە کەسێکن"، لە باو دەکەون، یان ئەوانیش درەنگ یا زوو دێنە تاراوگە یان ئەوەی کە حکومەت وایان لێدەکا بێدەنگ و بەحەیا لە ماڵە خۆیان دانیشن. لە بیرمان نەچێ، ئەگەر ئەم و ئەو دەتوانن چوار قسان بکەن، ئەمە پەیوەندی نە بە ئازادی سیاسی ئێران، بەڵکوو ئەز قەزا بەم "چەند دە کەسە"وە هەیە کە بارەگاکانی حیزبەکان دانیشتوون. بە پێی سەرچاوەکانی ناو حکومەت و لێکۆڵێنەرانی ئیستراتیژیکی حکومەت لە کوردستان بە دانیستە و بەئەنقەست و مەبەست ڕێگای ئۆپۆزیسیۆنێکی ناکارامەد (مونفەعیل) دەدەن، تا سوپایێک بێ بۆ هەناسەکێشانی کۆمەڵێک ڕووناکبیر کە ناتوانن بە هێدی و هێمنی دانیشن و هیچ نەڵێن و هەمیش کەرەسەیەک بێ بۆ ڕازاندنەوەی ویترینی حکومەت. تێکۆشەرێکی دامرکاو بۆ ئەم حکومەتە بەهەر حاڵ باشترە لە وە کە زەختی پۆلیسی ئەوندە لەسەر بێ، تاقەت نەهێنێ و بچێتە ناو ئۆپۆزیسیۆن. لە نەبوونی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بنەما و چوارچێوەی کاری سیاسی لە ئێران بەرتەسکتریش دەبێ.

**پرسیار**: بەشێک لە رەخنەگرانی ئەو رێککەوتنامەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ژێر کاریگەری دوو حیزبی سەرەکی باشووری کوردستاندا (واتە پارتی و یەکیەتی) ، کۆمەڵە و دیموکرات ئاوەها رێککەوتنامەیەکیان واژۆ کردووە،ئایا پێ دەچێ واژۆکەرانی ئەو رێککەوتنامەیە لە هەوڵی ئەوە دابن کە ئەزموونەکانی باشور، لە رۆژهەڵات دووپات بکەنەوە؟

**ناسر ئێرانپوور**: ئەم دوو تەورە ـ واتا ڕێکەوتنامە و ئەزموونی باشوور ـ لە ڕوانگەی منەوە پەیوەندیان پێکەوە نییە. بەڵێ، منیش کەمم نەبیستووە کە ئەوانە لە ژێر گوشاری ئەم دوو پارتە ئەم کارەیان کردووە. لەم پەیوەندییەدا ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەم:

**یەک**) تا دوێنێ دەیان وت کە پارتی و یەکییەتی لەتیان کردوون و ئیزن نادەن یەک بگرنەوە. ئێستاکە دەڵێن کە ئەوان ڕێکیان خستوونەوە. جا ئەگەر پارتی و یەکییەتی بەڕاستی کاریان وایان کرد بێ، دەبێ دەستیان ماچ کەین و دەر دەکەوێ کە نەبوونە هۆی لەتبوونیان. ئەویش بەلەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە هەرێم پەیوەندەی باشی لەگەڵ 'کۆماری" ئیسلامی ئێران هەیە و ئەم ڕێککەوتننامەیە وەک هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر خاکی ئێران ناوەزد کراوە.

**دوو**) ئەگەر پارتی و یەکییەتی توانیبایان ئەم دوو حیزبە سەرەکییە ناچار بکەن، کاری وا بکەن، دەبێ بۆ وان ئەووەندە دژوار نەبووبێ هێزەکانی بچووکتر ڕێکبخەن. ئەدی بۆ وان ڕێک نەکەوتوون؟

سێ) من پێم وانییە ئەزموونی کوردستانی باشوور لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دووپات بکرێتەوە. هۆی ئەوەش زۆرن کە لێرەدا ناچمە سەریان.

**چوار**) هەر هێزێک بۆی هەیە بێتە هێزی سەرەکی و حکومەت بەدەستەوە بگرێ. ئەمە نەتەنیا گۆناح نییە، بەڵکوو ماف و تەنانەت ئەرکیشیانە. من زۆرم پێ سەیرە ئەگەر دەبیسم کەسانێک ئەمەی وەک "تاوان" و "پیلان" باس دەکەن. نازانم حیزبێک ئەگەر نایهەوێ ببێتە حیزبێکی سەرەکی و حکومەت بەدەستەوە بگرێ، بۆ پێک دێ.

**پرسیار**: بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەم هەل و مەرجەدا کۆمەڵێک پرسی گرنگ بەرامبەر بە چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوەتە ئاراوە؛ ڕوو بە حیزبە کوردییەکان و خەڵکی کوردستان، دوایین قسەتان چییە؟

**ناسر ئێرانپوور**: من لەسەر ئەو باوەڕەم کە حەرەکەتێکی تەعەروزی ڕوونکەرەوانە لە ئاست داواکانی مێژوویی خەڵکی کورد دەبێ دەست پێبکردرێ. کاری مێدیایی ئێمە زۆر زۆر لاوازە. زۆر کەم بەها دەدەین بە ناوەڕۆکەوە. هەروەتر گرفتی ئێمە ئەویە کە زۆر درەنگ دژکردەوە لەخۆمان نیشان دەدەین. هۆیەکەشی ڕەنگە ئەوە بێ کە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەمان نییە. هێزەکانمان زۆر پرش و بڵاون. بەتایبەتی ئەوە بۆتە هۆی وەی کە جیددیمان نەگرن و تەنانەت گاڵتەمان پێبکەن. ئاواتەخوازم ئەم هروژمە نامرۆڤانە بۆ جوولانەوەی کورد ببێتە هۆی تەبایی و یەکییەتیمان.

**تێبینی تەنیا ئەم بەشەی پێوەندی بە کاک ناسری ئێرانپوورەوە هەیە بڵاوی دەکەمەوە – رەحمان نەقشی**

**ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات**

## هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە روانگەی کوردانەوە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەسعوود رەواندوست

### بەشی یەکەم

### «یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»

### ئاماژە:

**ڕۆژانی حەوت و هەشتی ژانویەی ئەمساڵ لە شاری کۆڵنی ئاڵمان کۆبوونەوەیەک لەژێر ناوی «کۆبوونەوەی هاوبەندی بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ» بەڕێوەچوو. دواتر چەند کەس لە بەشدارانی ئەم کۆبوونەوانە بە نووسینی وتار، حیزبە کوردستانییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەیان دایە بەر رەخنە کە گوایە ئەم ڕێکخراوانە بۆ «رازی کردنی چەند ناسیۆنالیستی پانیرانیست» لە ستراتێژیی دامەزراندنی فێدرالیزم لە ئێراندا پاشگەز بوونەتەوە. بە گشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا باوەڕی سیاسیی جۆراوجۆر بەدی دەکرێن کە بەشێکی بەرچاو لەم باوەڕانە خاڵی هاوبەشیان هەیە. داخوا ناکرێ لەسەر بنەمای ئەم خاڵە هاوبەشانە هاوبەندی و ئاڵتێرناتیوێکی سیاسی پێک بێ؟**

**ئەم پرسیارانە لە حیزبە کوردییەکان دەکرێن و وڵامدانەوەیان زۆر ئاسان نیە، چونکە ئەم حیزبانە:**

١) لە هێندێک بابەت و چەمک (ی وەک ئەم بابەتانەی سەرەوە) بۆچوونی تایبەت و جیاوازیان هەیە.

٢) خاوەن ستراتێژییەکی هاوبەش و یەکگرتوو و جێگرتوون و، هەر ئەم روانگە و دووره دیمەنە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەیان لە هێندێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوە سەراسەرییە ئێرانییەکان و، یەکگرتن لەگەڵ ئەوان دژوارتر دەکا.

٣) بە تایبەت لەم حیزبانەدا بێ باوەڕییەکی مێژوویی بە رەوتە »سەراسەری« و ناوەندئاژۆکان هەیە و ئەوەش هۆکارێکی دەروونیی بەهێزە کە دەتوانێ ڕێگر بێ لە بەردەم یەکگرتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان.

لەم دێڕانەی خوارەوەدا هەوڵ دەدرێ بە وەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە فکرییانە وڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە، بێ ئەوەی ئیدیعا بکرێ کە ئەم پێشنیارانە بۆ چارەسەری گرفتەکان، یەکگرتوویەکی لۆژیکییان هەیە و تەواو و بێ کەموکوڕین. کاتێک ئەم نووسراوە مەبەستی خۆی دەپێکێ کە ببێتە هاندەرێک بۆ وتووێژی بنیاتنەر لەم بیاڤەدا.



سەرچاوە Serchawe

١- ئامادەیی بۆ پێکهاتن مەرجی یەکەمی هەر هاوبەندییەکە. سروشتییە کە ڕووناکبیرێکی سەربەخۆ هەمیشە قورساییەکە بخاتە سەر جیاوازییەکان و ڕەخنە و ڕەتکردنەوە و، لەوانەیە ئەرکی سەرەکیی ڕووناکبیرێکیش هەر ئەمە بێ. بەڵام حیزبێکی بەرپرسیار، ئەویش حیزبێک کە بە دوای پێکهێنانی هاوبەندی و یەکگرتوویییەکی گشتگیردا بێ، ناکرێ ئاوا بیربکاتەوە و کاربکا. بەرنامەی هیچ هاوبەندییەک دەقاودەق بەرنامەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار لە هاوبەندییەکەدا نیە. لە ڕاستیدا ئەگەر هەوڵێکی لەم دەستە بدرێ هیچ هاوبەندییەک پێک نایە. لەبیرمە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ڕێکخراوە سیاسییە سۆسیالیستەکانی ئێران مشتومڕیان بوو کە داخوا لە یەکیەتییەکدا بۆ دامەزراندنی «کۆماری دێموکراتیکی میللی» یان «کۆماری دێموکراتیکی خەڵق» بەشدرابن کە تێیدا «باڵادەستیی چینی کرێکار» مسۆگەر نەکرابێ؟!. لە ئاکامدا هیچ هاوبەندییەک پێک نەهات: نە بە »باڵادەستیی چینی کرێکار» و نە بێ ئەو باڵادەستییە (کە زیاتر مەبەست باڵادەستیی حیزبەکانیان بوو). هێندێک لە بنەما و پرەنسیپەکان ناکرێ ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ. بەڵام هێندێک لە پرەنسیپەکان ـ هەرچەند گرنگ و ستراتێژیکیش بن ـ دەکرێ لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەتنێکی هاوبەش بۆ داهاتوو دوابخرێن، یان لانیکەم وەک پێش مەرج بۆ ڕێککەوتن دیاری نەکرێن. لەوانەیە یەکێک لەم بنەمایانە بۆ کەسانێک بۆ وێنە »پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات» بێ و بۆ کەسانێکی دیکە »مافی دیاری کردنی چارەنووس» بێ. هونەری دیپلۆماسیی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە خاڵێکی هاوبەش لەم دوانە دروست بکرێ. ئەو پرەنسیپ و بنەما نەگۆڕانە بۆ حیزبە کوردستانییەکان (و هەروەها بەشێکی زۆری ڕێکخراوە دێموکرات و چەپە ئێرانییە هاوپەیمانەکانیان) چین و ئەو خاڵە هاوبەشە دەبێ چۆن بێ؟ پێشنیارەکانی نووسەری ئەم دێڕانە ئەمانەن:

- سەرەتا دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە کە مەبەست لە پێکهاتن ئەوە نیە کە چاوەڕوان بکرێ لایەنێک ئەو شتانەی لایەنی بەرامبەر دەیانڵێ قەبووڵ بکا. نەخێر. لێرەدا پێکهاتن تەنیا بەو مانایەیە کە دەبێ یان لەسەر ئەم بابەتانە لە نێوەڕاستدا ڕێککەون یان ئەوەی ئەم بابەتانە لە دەستووری کار وەدەرخەن. بۆ وێنە: لایەنێک بە هۆ یان بێ هۆ بەردەوام باس لە »میللەتی ئێران» دەکا و لایەنی دیکەش بۆ وێنە کوردەکان باس لە »میللەتی کورد» دەکەن. لەو نێوەدا پێکهاتن ئەوە نیە کە یەکێک لەم دوو دەستەواژەیە قەبووڵ بکەین. بەڵکوو ڕێگە چارە ئەوەیە یان وشەی کێشەلەسەری میللەت وەلا بنرێ و بۆ هەردووکیان لە وشەی خەڵک کەڵک وەرگیرێ یان هاوکات هەردوو دەستەواژەکە بەکاربهێنرێن. (بە هۆی گرنگیی ئەم بابەتە لە درێژەی باسەکەدا زیاتر شی دەکرێتەوە). لە کەس شاراوە نیە کە هەرکام لەم چەمکانە هەڵگری واتای سیاسیی خۆیانن و لە دەزگایەکی فکریی دیاریکراوەوە سەرچاوە دەگرن و پەیامێکی دیاریکراویشیان پێیە. قەبووڵ کردنی یەک لایەنە و بێ ئەملاو ئەولای یەکێک لەم چەمکانە لە لایەن لایەنی بەرامبەرەوە بە مانای قەبووڵ کردنی ئەم دەزگا فکرییە و پەیامەیەکەیەتی.

- لە هەمان کاتدا دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەگەر بە ڕاستی دەمانهەوێ یەکیەتییەک لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکاندا

بەدی بێ، پلاتفۆرمی هاوبەش دەبێ خاڵی هاوبەشی ئەم حیزبانە بێ نەک بۆچوون و ئایدۆلۆژیی سیاسیی حیزبە بەشدارەکان لە هاوبەندییەکەدا. موجاهیدینی خەڵق ئەم هەوڵە هێژمۆنیستی و باڵادەستانەیان دا و ئاکامەکەی بوو بەوە کە ئەمڕۆ زۆر لە پێشوو تەنیاتر و تەریک کەوتووترن. تەنانەت دەبێ لە پێداگری لەسەر دەستەواژە کێشەلەسەرەکان خۆبپارێزن چ بگا بە دیاریکردنی مەرجی قەبووڵکردنی ڕوانگەکانی لایەنێک وەک مەرجی ڕێککەوتن. بەڵام ئەم پرەنسیپە دەبێ بۆ هەردوو لا وەک یەک ڕەچاوبکرێ.

- لە ڕوانگەی نووسەری ئەم بابەتەوە ڕەوا نیە هیچ سازان و دانواندنێک لەسەر سێ بنەمای دێموکراسیی پارلمانی، فێدرالیزم و سێکۆلاریزم بکرێ. بۆ ڕەوتەکانی کوردستان ئەم سێ بنەمایە لێک جیانەکراوەن. بە تایبەت فێدرالیزم دەوری سەرەکی دەگێڕێ. هەر ڕەوت و کەسایەتییەکی سیاسی کە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دادەنیشێ دەبێ پێشتر ئاگاداری ئەم سێ بنەمایە بێ.

- جگە لەم سێ بنەمایە زۆر بابەت و بنەمای دیکە هەن کە دەکرێ لەسەریان ڕێککەون یان بێ دەنگەیان لێ بکرێ و بە واتایەکی دیکە نەبن بە مەرجی ڕێککەوتن. لە بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا (بۆ وێنە) باس لە »مافی دیاری کردنی چارەنووس» و «سۆسیالیزم» و زۆر شتی دیکە دەکرێ. بە باوەڕی من ڕەوانیە ئەمانە وەک مەرج و بنەمای ڕێککەوتن دیاری بکرێن، ئەگەرچی زۆربەی ڕێکخراوە چەپە ئێرانییەکان نەک لەگەڵ سێ بنەمای باسکراو، بەڵکوو لەگەڵ ئەم دووانەش کێشەیەکیان نیە و لە زۆریاندا لە بنەما سەرەکییەکانی بەرنامەکەشیانە. بەوحاڵەش دەکرێ لەسەر ئەم دوو خاڵە سازان بکەن. لە مەسەلەیەکی وەک «کۆماریخوازی»دا: حیزبە کوردستانییەکان بە گشتی کۆماریخوازن. ئەمن وەک خۆم تەنانەت سازان و پێکهاتن لەسەر کۆماری و قەبووڵ کردنی سیستمی مەشرووتە بە مەرجی قەبووڵ کردنی سێ بنەمای دێموکراسیی پارلمانی (دوو مەجلیسی)، فێدرالیزم و سێکۆلاریزم لە لایەن مەشرووتەخوازان بە دەگمەن و ئاستەم نازانم. ئێمە دەتوانین لەسەر ئەم سێ بنەما سەرەکییە ڕێککەوین و، وەڵامی پرسیاری «مەشرووتە یان کۆماری» بە ڕاپرسی بسپێرین، بەو ئاکامە کە ئەم مەسەلەیە نەبێتە بەربەستێک لەبەردەم هاوکاری و تەنانەت هاوبەندیی حیزبە کۆماریخوازەکانی کوردستان و ڕەوت و کەسایەتییە مەشروتەخوازەکانی ئێران. لەم پێوەندییەدا تۆپەکە هێشتا لە مەیدانی مەشرووتەخوازەکاندایە و ئەم وەرچەرخانەی لە وڵامی ناوچەکانی وەک کوردستان لەخۆیاندا پێکیان هێناوە و پەسندکردنی «بڵاوکراوەی حکوومەتە ناوچەییەکان» لە لایەن ئەوانەوە تەواوو وڵامدەر نیە.

- ئێستا بڕیارنامەی کۆبوونەوەی ناوبراو بڵاوبۆتەوە. تێیدا باس لە فێدرالیزم نەکراوە بەڵام باس لە سیستمی «غیرمتمرکز» کراوە. دەزانین کە هەر سیستمێکی فێدراتیو «غیرمتمرکز»ە، بەڵام هەر سیستمێکی «غیرمتمرکز» فێدراڵ نیە. سیستمی «غیرمتمرکز» زیاتر لە سەر بڵاویی دەسەڵاتی ئیداری پێ دادەگرێ، لە حاڵێکدا کە مەبەست لە سیستمی



سەرچاوە Serchawe

فێدراڵ، سیستمێکی بەربڵاو لە باری سیاسییە، ئەگەرچی بە وەبەرچاوگرتنی فرەچەشنی لە سیستمە فێدراڵ و «غیرمتمرکز»ەکاندا، ناکرێ ئەمە بە حوکمێکی قایم و نەگۆڕ بێنینە ئەژمار. بەراوردکردنی سیستمی «غیرمتمرکز»ی بریتانیا و فێدراتیوی ئۆتریش لەوانەیە لەم بارەوە بەسوود بێ. بە رواڵەت بە هەڵبژاردنی دەستەواژەی «غیرمتمرکز» هەوڵ دراوە هەم نیگەرانی لە سیستمێکی فێدراڵ نەهێڵن و هەم داخوازی حیزبە نەتەوەیی . ناوچەییەکان بۆ گەیشتن بە سیستمێکی «غیرمتمرکز» دابین بکەن. دەکرێ ئەم فۆرمۆلەکردنە بۆ دەسپێکی وتووێژەکان قەبووڵ بکرێ بەڵام دۆخێکی دڵخواز نیە و ناتوانێ ئاکامی پێکهاتنێکی راستەقینە و پایەدار بێ. پرسیاری راستەقینە لە دژبەرانی فێدرالیزم ئەوەیە کە داخوا ئەوان بێ وەبەرچاوگرتنی داخوازی حیزبە نەتەوەیی . ناوچەییەکان، بە راستی خوازیاری سیستمێکی «متمرکز»ی سیاسی، ئابووری، نیزامی، ئەمنییەتی و فەرهەنگین؟!! ئەو ئەگەرە بەهێزە کە وڵامەکەیان «نەخێر» بێ. کەوابێ پاشەکشە و پێکهاتنێک کە دەبێ نێونجی داوای دوو لایەن بێ لە کوێیە؟ چونکە ئەم بڵاوی و «عدم تمرکز»ە داخوازی ئەوانیشە. بە باوەڕی من ئەگەر رێککەوتنێک لەسەر فێدرالیزم بەدی نەیە، واباشە کە تەنیا پێ لەسەر ئەوە دابگیرێتەوە کە کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەڕۆیی لە وڵاتەکەماندا بووە و دەبێ لە سیستمی سیاسی‌دا دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن و، شێوە و ناو و خەستی و قووڵیی ئەم دابەشکردنەی دەسەڵات دیاری نەکرێ. دەکرێ وڵامی کۆتایی و یەکجارەکیی ئەم پرسیارە بە رەوتی داهاتووی باس و وتووێژەکان، یان بە کارناسانی ئەم بوارە بسپێردرێ، بەڵام تەنیا قسەکردن لە سیستمی «غیرمتمرکز» دەبێتە هۆی یەکلابوونەوەی ئەم رەوت و دەسەڵاتە و رێگە لە باس و دیالۆگ لەم بوارەدا دەگرێ. واباش بوو ئێستا کە ناوی سیستمی «غیرمتمرکز» لە جیاتی فێدراتیو هەڵبژێراوە لانیکەم گوترابا سیستمی «غیرمتمرکز»ی سیاسی . حکوومەتی کە جیای کردباوە لە «تمرکز»ی تەنیا دەسەڵاتی ئیداری. ئەمە خۆی پێکهاتنێک بوو لە نێوەڕاستدا، ئەگەرچی ئەمن پێم وایە حیزبە کوردستانییەکان و بە گشتی چەپ و دێموکراتە ئێرانییەکان نابێ لەسەر مەسەلەی فێدرالیزم سازان و پێکهاتن بکەن. دوکتور قاسملوو لە خواستی خودموختاری‌دا پاشەکشەی نەکرد، ئەویش لە وتووێژی خوێناوی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی نابی محەممەدی‌دا، ئایا ئێستا رەوایە بۆ دواتر بکشێینەوە ئەویش ٣٠ - ٢٠ پاش ئەو کات و لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن‌دا؟!! بە باوەڕی من نا.

- ئاماژەکردن بە پابەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هونەر نیە. مەگەر لە دنیای ئەمڕۆدا لایەنێک دەدۆزییەوە کە باوەڕهەبوون بەم بنەمایانەی لە ئاڵا و دروشمەکەی‌دا تۆمار نەکردبێ، ئەویش لە ئۆپۆزیسیۆن‌دا؟!!

- بە شێوەیەکی تایبەت قسەکردن لە »مافی مرۆڤ» لە باسی پێکهاتەی سیاسی‌دا لەوانەیە زۆر بەجێ نەبێ و ببێتە هۆی تێکەڵ کردنی مەسەلەکان. هەر مرۆڤێک لە هەر کوێ بژی دەبێ بە پێی پێناسەکان خاوەنی «مافەکانی مرۆڤ» بێ، لە حاڵێکدا کە ئەوەی ئێمە لە ئێراندا پێویستمانە سیستمێکی حقوقیی لەوە زیاترە کە پێک دێ لە:

١) مافە بنچینەییەکان

٢) مافی هاووڵاتی بوون

٣) مافی بەکۆمەڵ. لە جیهانی ئەمڕۆدا هەروەها بنەما و ئامرازی حقووقیی دیکەش هەن وەک بڵاوکراوەکان و رێککەوتننامەکان کە بەڕێوەبردنیان بە تایبەت لە ئێراندا زۆر گرنگە. ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە پەسەندکراوەکانی «ئەنجومەنی ئورووپا» لە پێوەندی لەگەڵ زمانەکان و کەمایەتییەکاندا بخشێنینەوە.

- لە بڕیارنامەی باسکراودا هەروەها تەنیا باس لە دێموکراسی کراوە، لە حاڵێکدا دەزانین کە چەندین جۆر دێموکراسی هەیە. بە واتایەکی دیکە دێموکراسی یەکسان نیە لەگەڵ دێموکراسی. هەر کۆمەڵگایەک جۆرێک لە دێموکراسی دەخوازێ. بە وەبەرچاوگرتنی فرەچەشنیی ئێران و بزووتنەوەکان و داخوازە نەتەوایەتی - ناوچەییەکانی و هەروەها پێویستیی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیزەکردنی راستەقینەی پێکهاتەی سیاسیی ئێران، بێ وەبەرچاوگرتنی فێدرالیزم، ئەوەی دەبێ بە روونی پێی لەسەر دابگیرێتەوە دێموکراسیی پارلمانی (دوو مەجلیسی)یە. دێموکراسیی زۆرینە لە ئێران و لە بەستێنی سیستمێکی سەرۆک کۆماریدا قەیران خوڵقێن و ناوەندئاژۆ دەبێ.

لە بڕیارنامەکەدا هاتووە:

ئێمە خوازیاری جیایی بنیاتی دین لە بنیاتی دەوڵەت و دەسەڵاتین و هەروەها خوازیاری سیستمێکی دێموکراتیک، «غیرمتمرکز» لەسەر بنەمای بڵاوکراوەی مافی مرۆڤ، لە مسۆگەرکردنی یەکسانیی مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی هەموو نەتەوە و قەومەکانین (فارس، تورک، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن، کورد، لوڕ و ...) کە بەیەکەوە میللەتی ئێران پێک دێنن.

**داڕشتنێکی نێونج (نەک دڵخواز) بۆ پێکهاتن دەکرا بە شێوەی خوارەوە بێ کە هەڵگری سێکۆلاریزم، مافی هاووڵاتیبوون و بنەماکانی «سوپسیدیاریتی» بێ:**

«ئێمە خوازیاری جیایی دین لە دەوڵەت و، سیستمێکی دێموکراتیکی پارلمانی و «غیرمتمرکز»ی سیاسین لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و یەکسانیی مافە سیاسی و فەرهەنگییە تاکە کەسی و بەکۆمەڵەکانی هەموو خەڵکی ئێران، بێ وەبەرچاوگرتنی نەتەوە، قەوم، زمان و فەرهەنگەکەیان.»

٢) خۆبواردن لە سیاسەتی وەلانان لە باسی یەکیەتییەکاندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران



سەرچاوە Serchawe

شتێکە کە پێوەندی بە هەموو ئێرانییەکانەوە هەیە و هەر ئێرانییەک مافی خۆیەتی وێنا و بۆچوونەکانی خۆی لەم بارەوە دەرببڕێ. دەزانین کە ئەم وێنایانە لە چەپ هەتا ڕاست، لە سۆسیالیستی هەتا لیبراڵ، لە پاشایەتیخوازانەوە هەتا کۆماریخوازانە، لە ناسیۆنالیست و شۆوێنیستەوە هەتا یەکسانی خواز و ناوچەگەرا لەخۆ دەگرێ. وەبەرچاونەگرتن و وەلانانی باڵادەستانەی ئەوان ئاکامێکی نابێ و لەگەڵ پرەنسیپی پلورالیزمی سیاسی ناتەبایە. من ئەوە بە شتێکی باش دەزانم کە ئەم دانیشتنە لە لایەن نوێنەرانی فکرە جیاوازەکان لە کۆڵن بەڕێوەچوو و هیوادارم لە داهاتوودا دانیشتنی لەم چەشنە زیاتر بن. ڕاستە هێندێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە هیچ پێگەیەکیان لە نێو خەڵکی ئێراندا نیە و پێشەوانیە خۆشیان ئیدیعایەکی پێچەوانەی ئەوەیان هەبووبێ. بەڵام گومانم نیە لەوەیکە ئەوان نوێنەرایەتی بیروبۆچوونێکیان کردوە کە بێ شک لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا هەیە. ئاگادارین کە لە ڕۆژەکانی بەر لە دەست پێکردنی کۆبوونەوەکاندا، لە لایەن تەلەڤیزیۆنە شۆوێنیستەکانەوە پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو لە دژی هێندێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بڵاوبۆوە و هەوڵدرا لە بەشداری لە کۆبوونەوە لەگەڵ «فێدراڵیست» و «جیاییخوازەکان» بەدووریان بکەن. کەوابوو ئەوە هەر حیزبە کوردستانییەکان نین کە کەوتوونەتە ژێر ئەم گوشار و هێرشانە، بەڵکوو ئەم تەنگژەیە ڕووبەڕووی لایەنی بەرامبەریش بۆتەوە. بە باوەڕی من ئەوە ئەزموونێک بوو کە تێیدا هەوڵدرا جیاوازییەکان نەبنە بنەما و پێ لەسەر خاڵە هاوبەش و یەکیەتی بەخشەکان دابگیرێ. ئەگەر دەمانهەوێ کۆمەڵگایەکی هاوبەش لەسەر بناخەی پلۆرالیزم و فرەحیزبی دابمەزرێنین نەک لەسەر بنەمای دەسەڵاتی تاک حیزبی، دەبێ توانای دروست کردنی هاوبەندیمان هەبێ و بە تایبەت نابێ هیچ کەس و هێزێک وەلابنێین. دیارە ئەوەی لە کۆڵن ڕوویدا شتێک نەبوو جگە لە باس و ڕاوێژ بۆ پێکهاتن و بەدیهێنانی یەکیەتییەک لەسەر بنەمای ئەم پێکهاتنە لە نێوان ئێرانییەکاندا. سروشتییە کەس لە بەرنامەی حیزبی خۆی پاشەکشەی نەکردوە. ئەم بەرنامانە وەک خۆیان هەن. لەسەر سێ بنەمای باسکراویش هیچ سازان و پێکهاتنێک ڕووی نەداوە، بەڵام ئەم بەرنامانە بە گشتی بۆ هاوبەندی دانەڕێژراون و تەنانەت ئەگەر هاوبەندییەکیش بۆ پیکهێنانی حکوومەت بێتە ئاراوە، تەنیا بەشێک لەم بەرنامانە بەڕێوەدەچن. هەروەها ئێمە دەبێ لانیکەم توانای وتوویژ لەگەڵ یەکترمان هەبێ. ئەگەریش بە هۆکاری بەرنامەیی لە ڕەوتی پرۆسەکەدا بەو ئاکامە گەیشتین کە ناتوانین لە بەرەیەکدا کار بکەین، لانیکەم بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی یەکترمان بیستوە و دانوسانێکی دێموکراتیکمان پێکەوە هەبووە. هەر ئەو مەسەلەیە خۆی زۆر گرنگە، چونکە گرفتی ئێمە ئێستا بنەڕەتیترە لە نەبوونی یەکیەتی و یەکریزی. ئێمە هێشتا بە تەواوی فێری پێکەوە دانیشتن و وتوویژ نەبووینە. هەر دانیشتنێکیش بەو مانایە نیە کە ئەوە یەکگرتنێکی لێ دەکەوێتەوە. دڵنیا بن کە لە داهاتوودا نەک لەگەڵ هاوبەندییەک، بەڵکوو لەگەڵ چەندین هاوبەندی بە بەرنامە و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە بەرەوڕوو دەبینەوە کە ئەوە شتێکی باش و ئەرێنییە، چونکە لە هەرحاڵدا خەڵک ئاڵتێرناتیڤی جۆراوجۆریان دەبێ. بەڵام داخوا ڕێگەی دۆزینەوەی هاوپەیمان دانیشتن و وتوویژکردن نیە؟ ئایا خۆمان لەو کارەش ببوێرین؟!!

**پێشنیارەکانی من بریتین لە:**

- ئامانج دەبێ روون و دیاریکراو بێ. لە پلەی یەکەمدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا، وتوویژی راستەوخۆ و ئەگەر کرا پێکهێنانی هاوبەندییەکی گشتگیر بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیک لەدژی کۆماری ئیسلامی. ئەرکی ئەم هاوبەندییە لە پلەی یەکەمدا دیاریکردنی بەند بە بەند و وردی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران نیە، بەڵکوو بەر لە هەرکارێک رێکخستن و چالاک کردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە لە دەوری دروشمی رووخان و وەلانانی رێژیم.

- وایدانێین لایەنەکانی دیکەش لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی سیاسیی داهاتوودا روانگە و بۆچوونی خۆیان هەیە. ئەوەی پەسند دەکرێ تێکەڵاوێکە لە هەمووی ئەم بەرنامە و وێنایانە و بە تەواوی لەگەڵ هیچکام لەم بەرنامانە یەک ناگرێتەوە.

- هەوڵ بدرێ بەوپەڕی راستگۆیی و رەوانی و لەسەرەخۆیی روانگە جۆراوجۆرەکان تاوتوێ بکرێن. بۆ گەیشتن بە رێککەتنێک، دەوری زمان و شێوەی دەربڕین لە وتوویژەکاندا زۆر زیاتر و گرینگترە لە ناکۆکییە زەینی و تەنانەت راستەقینەکان. کەوابوو دەبێ بە زمانێکی نەرم و سیاسی و بەڵگەمەند وتوویژ بکرێ.

- وایدانێین کە هاوبەندییەک لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێک نایە. بەڵام بەوحاڵەش دەبێ هەوڵ بدرێ زیاترین هێزەکان کۆبکرێنەوە. سروشتییە کە بنەمای یەکیەتی دەبێ لێک نزیکبوونی بەرنامەی ئەم هێزانە بێ. بەڵام ئێمە ئێستا پێویستیمان بە کەشوهەوایەکە کە تێیدا لە نزیکەوە ئەو بەرنامانە بۆ یەکتر باس بکەین و روون بکەینەوە. کەوابێ لە گرتنی هەڵوێستێک کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێشداوەری لە لایەنی بەرامبەردا خۆ ببوێرین و خۆشمان بە پێشداوەرییەکی رەشبینانەوە بەشداری دانیشتنەکان نەبین. لە هەبوونی پێوەندی لەگەڵیان خۆ نەبوێرین و تەنانەت بۆ بانگهێشتنیان دەستپێشخەر بین. لەم کارەدا تەنیا بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئێران و خەڵکی کوردستان قازانج دەکەن. باوەڕمان بە خۆمان هەبێ.

- لەم پێناوەدا هەوڵ بدرێ لەبارەی بابەتە کێشەدارەکان کەمتر دەنگ وەربگیرێ و زیاتر هەوڵی تێگەیاندن و بە قەناعەت گەیاندن بدرێ. ئەگەریش پێویست بە دەنگ وەرگرتن بوو ئەم کارە لە کۆتایی پرۆسەیەکی دووردرێژی باس و وتوویژ بکرێ.

- لە خاڵە هاوبەشەکانەوە دەست پێ بکرێ و خاڵە جیاواز و ناکۆکان بخرێنە قۆناغی کۆتایی وتوویژەکان.

## بەشی دووهەم

### «یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»

٣- پێگەی کۆمەڵایەتی و شوناسی گرووپە بەشدارەکانیش جێگەی باسە. ئەم رەخنەیە دەگرن کە گوایە بەشدارانی ئەم دانیشتنە و دانیشتنەکانی هاوشێوە پێگەی جەماوەرییان نییە، دێموکرات نین و ئەگەریش پێگەیەکیان هەبێ، دوارۆژ هەر ئەوە دەکەن کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوویەتی. دەگوترێ: «مەگەر خومەینی لە پاریس نەیگوت: لە ئێراندا کۆمۆنیستەکانیش ئازادییان دەبێ، بەڵام ژیانی هەموو جیابیرانی تاڵ کرد، چ بگا بە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان؟» بەڵێ ئەوە راستە. بەڵام لەو حاڵەتە شیمانەکراوەدا ئەوەی زەرەر دەکا هەر ئەم هێزانەن، چونکە ئەوکات بێ گومان ئەوەی ئەمرۆ باسی دەکەن دەچێتە ژێر پرسیار، چونکە دەبێ بزانن کە حیزبە کوردستانییەکانیش دەست لەسەر دەست دانانێن، هەر ئەوجۆرەی لە رابردووشدا دەستەوەستان نەماونەتەوە. دوکتور قاسملوو، کاریگەرترین تیۆریسیەنی بزووتنەوەی کوردستان لە چەند دەیەی رابردوودا، دەیگوت: «ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ‹دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان› مان دەوێ. بۆ خەڵکی دیکە و ئەوەی داهاتووش بڕیار نادەین». کەوابوو هەر هاووڵاتییەک کە خۆی بە «ئێرانی» دەزانێ و بە راستی نیگەرانی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە، دەبێ بزانێ کە پاراستنی ئەم یەکپارچەییە بە زۆر و سەرکوت و پیلان و مافخواردن، یا بێ بەش کردن و کوشتار دەستەبەر نابێ. ئەگەر منیش «یەکپارچەیی خاکی ئێران» بێ هیچ مەرجێک قەبووڵ بکەم خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان و خوزستان و بەلووچستان و تورکەمەن سەحرا لە داهاتوودا تەنیا ئەو کاتە لەباری حقووقی و، بە تایبەت عاتیفییەوە دەروەستی ئەم نیشتمانە هاوبەشەوە دەبن کە مافەکانیان تێیدا پێشێل نەکرابێ و هاووڵاتییان پێکەوە یەکسان بن. لە وەها حاڵەتێکدا هیچ هێزێک ناتوانێ لە ئێران دەریان بکا. بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی یەک لایەنە نییە، هەر بەو رادەیەش ئەگەری جیابوونەوە و سەربەخۆییان هەیە، ئەگەر بێتوو هەلومەرجی ئێستا بەردەوام بێ و پێکهاتەیەکی تەواو فێدراڵی پێکهاتوو لە خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و بەشداری لە حکوومەتی هاوبەشیان بۆ دابین نەکرێ. سەیری رەوتی روو لە زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن کە ١٠٠ ساڵ لەوەپێش، ٦٥ ساڵ لەوەپێش و ٣٠ ساڵ پێش ئێستا چۆن بوو؟ بە تایبەت پێم خۆشە هاووڵاتییانی فارس زمانم لەوە ئاگادار بن کە بۆ تورکەمەن و ئازەری و کورد و عەرەب و بەلووچ سنووره جیاکەرەوەکانی ئێستا ناتوانن «پرگەوهەر (پرگهر)» بن. بریا ئەم خۆشەویستانە سەرنجێکیان دابا بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە رۆژانە لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیە و بە دەستی هێزەکانی رێژیم دەکوژرێن. ئەوکات لەوانە بوو هەست بەو ئازارە بکەن کە خەڵک و رووناکبیران و چالاکانی کورد هەستی پێدەکەن. بەڵام ئەم بە پیرۆز نەزانینەی ئەو سنوورانەی کە خاکی کوردستانیان پارچە پارچە کردوە و ماوە ماوە گیانی زەحمەتکێشانی ئەم

ناوچەیە دەستێنن، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەربەخۆییخوازی هەیە.

**پێشنیاری من:**

- قسەی من بۆ چالاکانی کوردستان ئەوەیە کە زۆربەی کاتەکان سیاسەتی پێشگوویی کێشەخوڵقێنە، ناکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەم هێزە یان ئەو هێزە لە داهاتوودا چ هەڵوێستێکی دەبێ. ئەوانیش هەر ئەو قسانە لەبارەی ئێمەدا دەکەن و لە هەڵەدان. بە باوەڕی من هەر ئەوەیکە کەسانێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و چەپ ئامادەن پێکەوە لەسەر یەکیەتییەک ڕێککەون، ئەوە پێشکەوتنێکە. دڵنیا بن چالاکانی کوردستان دەتوانن هێزەکانی دیکە بخەنە ژێر کاریگەریی بەڵگەهێنانەوە و ڕوونکردنەوە و داخوازە ڕەواکانی خەڵکەکەیان و بە پێچەوانەشەوە. نەک هەر گرووپە سیاسییەکان بەڵکوو دەبێ بۆمان گرینگ بێ کە هەر چالاک و ئۆگرێکی سیاسیی هاونیشتمان چۆن بیر دەکاتەوە. نابێ دەرگای وتووێژ لەبارەی ئەگەرەکانی داهاتوو بە ڕووی هیچ هێز و کەسێکدا دابخرێ. ئێمە لەگەڵ شەیتانیش دانیشتین و وتووێژمان کرد و ئەگەر هەلومەرج بخوازێ لەگەڵ هەر شەیتانێکی دیکەش دادەنیشین و قسە دەکەین، چ بگا بەو هاونیشتمانانەی دەستی دۆستایەتیمان بۆ لا درێژ دەکەن. ئەو بێباوەڕییەی هەیە لەباری مێژووییەوە قابیلی دەرکە بەڵام چارەساز نییە.

- پانی و بەرینایی هیچکام لە پێکهاتە سیاسییەکان نەکەینە مەرجی وتووێژکردن. دەبێ تەنیا پێوانەمان ئەو بەرنامە هاوبەشە بێ کە پەسند دەکرێ. ئێمە هەر چەند هێزی زیاتر لە دەروی دروشمە دێموکراتیکەکان کۆ بکەینەوە باشترە. با لایەنی تەبلیغی و ڕوونکردنەوەی ئەم کارە بە کەم نەگرین.

- ئاشکرایە کە نابێ ڕێکخراوە کاریگەر و خاوەن ڕابردوو و بەهێزەکانیش لەبیر بکەین. کاری سەرەکیی ئێمە دەبێ زیاتر ڕووی لە ڕێککەوتن لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکانی ئێران بێ. لایەنە جۆراوجۆرەکانی فدائیان (بە تایبەت «فدائیان اکثریت»)، «راه کارگر»، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆماریخوازان و سەوزە سێکۆلارەکان دەتوانن لایەنی وتووێژ و تەنانەت هاوبەندی بن. مەشرووتەخوازان و گرووپە جۆراوجۆرەکانی سەر بە »جبهەی ملی» و هەروەها بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق نابێ وەلابنرێن. لە پێوەندی و مامڵەکردن لەگەڵیاندا دەبێ تابۆ و بەربەستە ئایدۆلۆژیکی و دەروونییەکانی ڕابردوو بشکێنین. هەرکام لەم هێزانە ئامادەبن لە دامەزراندنەوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدا هاوڕێمان بن، نابێ لە لایەن ئێمەوە بەربەستێکیان بۆ دروست بکرێ یان سیاسەتەکانی ڕابردوویان بکرێن بە بەربەست. بەجێ و ڕەوایە کە حیزبەکانی کوردستان ببن بە پاڵنەر و هاندەری یەکیەتییەکی دێموکراتیک لە ئێراندا. هەم ئەزموونی ڕابردوویان هەیە و هەم توانا و پتانسیەلی سیاسی و ئیعتباری پێویست. لە سایەی خەبات و ماندووبوونی ئەوانەوە ئەمرۆ فێدرالیزم بۆتە ستراتیژییەک کە کەس ناتوانێ وەلای بنێ،



سەرچاوە Serchawe

ئەگەرچی ناکرێ دەوری ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی «فدائیان خلق ایران» (اکثریت) و دواتر چالاکانی بزووتنەوە میللیەکانی ناوچەکانی ئێران لەم پێوەندییەدا بە کەم دابنرێ. بەڵام بێ گومان ئەمە نەدەهاتە دی ئەگەر کوردستان ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی ئەم بزووتنەوە فێدرالیستی و «تمرکززدایی»یە نەبا. (ئازەربایجان لە بزووتنەوەی مەشرووتەدا بە هێنانەگۆڕی گەڵاڵەی «ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتی‌یەکان» دەورێکی بەرجەستەی لەو شێوەی گێڕا.) بە پێی لێکدانەوەی من «فێدرالیزم»ی ئەمڕۆ دوای «دێموکراسی» (واتە دروشمی ٦٦ ساڵەی کوردستان) لە لایەن ئەهلی قەڵەم و نەزەر و سیاسەت و ئۆپۆزیسیۆن زیاتر لە هەر دەستەواژەیەکی دیکە بەکاردەبرێ و چەندین ساڵە وەپێش وشەی «سۆسیالیزم» کەوتۆتەوە. ئەمە هەر لە خۆڕا نیە و بێ‌هۆ ڕووی نەداوە. بەرهەمی هەوڵی بەردەوامی پارێزەرانی ئەم سیستمەیە. دەزانین سەردەمێک لە هێنانەگۆڕی دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا کوردستان تاک و تەنیا بوو. ئەمڕۆ کام هێزی بە راستی دێموکراتیک هەیە کە خودموختاریی نەک هەر بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ هەموو ناوچەکانی ئێرانی (کە هەمان فێدرالیزمە) بە جۆرێک (بۆ وێنە لە چوارچێوەی جۆرێک ناوەندئاژۆیی و «حکوومەتە ناوچەییەکان»دا) لانیکەم تا ڕادەیەک قەبووڵ نەکردبێ. کەوابوو ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە هەڵوێستی هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێراندا هەیە. درێژە بەم ڕێگایە بدەین. ئەوە مەدەنی‌ترین و کەم تێچووترین جۆری خەباتە.

٤- دەستەواژەی «یەکپارچەیی خاک» بەردەوام بۆ هەر دوو لا ـ دیارە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە ـ هەستیار بووە. ئەوەکە حیزبە کوردستانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا چۆن هەڵسوکەوت دەکەن پێویستیی بە باس و شیکردنەوەی زیاترە. ئەوەی ڕاستی بێ مەسەلەی یەکپارچەیی خاکی وڵات بەو شێوەی کە تا ئێستا باسی لێکراوە زیاتر لەوەی مایەی یەکگرتن بێ، فاکتەرێکی ورووژێنەر بووە. لایەنێک زیاتر ئەم مەسەلەیە دێنێتە بەرباس کە خۆی بە خاوەنی ئێران دەزانێ و لەم پێناوەدا خۆی بە بەرپرسیاری پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی ئێران دەزانێ. بە باوەڕی من واباشە ئەم باسە بە تەواوی لە بڕیارنامەکاندا نەمێنێ، چونکە هێنانەگۆڕی ئەم باسە جگە لەوەی سوان و بردنەژێر پرسیاری یەکیەتیی ئێرانە، دەرخستنی پێکهاتەی داسەپاو و نادادپەروەرانەی زاڵ لە وڵاتەکەشمانە لە زمانی ئۆپۆزیسیۆن و، مافی دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤەکان و نەتەوەکان پێشێل دەکا و هەربۆیە نادێمۆکراتیکە و هیچ کێشەیەکیش چارەسەر ناکا. ئەوە چ کەلکێکی هەیە کە من ئەمڕۆ دەروەستی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات بم، بەڵام سبەی بۆ وێنە بە هۆی ئەوەی مافە نەتەوایەتییەکانم لەم وڵاتەدا وەبەرچاوناگیرێ، لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بە پێی ئەساسنامەی حیزبەکەم باوەڕم پێیەتی و بە ڕاشکاویش ڕامگەیاندوە، لێی پاشگەز ببمەوە. بە وەبەرچاوگرتنی هێندێک فاکتەری دیکەش دەبێ ئەم مەسەلەیە لە دەستووری کار وەلابنرێ، بۆ وێنە و بە تایبەت کە یەکپارچەیی خاکی ئێران هیچکات لە لایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی لە دانیشتنەکەدا بەشداربوون، نەکەوتۆتە ژێر پرسیار. هەروەها بەم هۆیە کە لە ڕاستیدا هیچکام لە لایەنەکان مافی ئەوەیان نییە کە ئەم داوایە لە لایەنی بەرامبەر بکا، مەگەر ئەوەکە خۆی بە ڕەسەنتر و خاوەن ماڵتر و ئێرانی‌تر لەوانی دیکە بزانێ کە ئەویش هەروەک شەهیدی بلیمەت دەیگوت نابێ ڕێگەی

ئەمە بە هیچ کەس بدرێ. بەڵام حیزبە کوردستانییەکان، سیاسی و بە ئەزموونن و دەزانن کە دەبێ لە هێندێک شوێن رێککەون و سیاسەت و خەبات بێ رێککەوتن و سیاسیکاری و دیپلۆماسی نابێ. ئەوەکە جۆری ئەم رێککەوتنە چۆن دەبێ، دەکرێ قسەی لەسەر بکەن. رێگەچارەی پێشنیارکراو (نەک تەواو دڵخواز)ی من لە حاڵەتێکدا کە لایەنەکان (بێ هۆ) پێی لەسەر دابگرن، بریتییە لە: «پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی خاکی ئێران بە وەبەرچاوگرتنی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران». دوو بەشی ئەم بابەتە لێک جیاناکرێنەوە، بەو مانایە کە یەکیەتیی خاکی ئێران تەنیا کاتێک مانای دەبێ کە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران وەبەرچاوگیرابێ و، پێچەوانەکەشی هەروایە: ئەگەر مافەکانی ئەم نەتەوانە بە فەرمی ناسرابن، هیچ هۆیەک نییە بۆ بردنەژێر پرسیاری یەکپارچەیی خاکی ئێران. ئەمە شێوەیەک لە رێککەوتنە، چون سروشتییە بە باوەڕی من (و دەشزانم هەموو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان) ئەوەی گرنگ و بنەمایە، «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «یەکیەتیی دڵخوازانە«یە. دیارە ئەم دوو فۆرمەلبەندییە لە نێوەرۆکدا یەکێکن، چون دڵنیام ئەگەر بۆ وێنە مافەکانی خەڵکی کوردستان وەبەرچاوگیرابن، ئەم خەڵکە لە راپرسییەکی ئاگایانەدا دەنگ بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەدەن و «یەکپارچەیی خاکی ئێران» بێ گوشار و شانتاژ دابین دەبێ. لە نەزەر منەوە گرنگە کە لایەنەکانی هاوبەندییەکە بزانن کە یەکپارچەیی خاکی وڵات تەنیا ئەو کاتە دەکەوێتە مەترسییەوە کە مافەکانی بەشێک لە خەڵکی ئێران تێیدا دابین و گرەنتی نەکرابێ و، دەرەوەست بوونی کەسێکی وەک من هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک ناهێنێ. وەختێک لە دوکتور قاسملووی گەورەیان پرسی: «چ گرەنتییەک هەیە بۆ ئەوەی ئەم خودموختارییەی ئێوە داوای دەکەن نەبێتە سەربەخۆیی؟» وڵامی بەڕێزیان زۆر سادقانە و بیرمەندانە بوو و ئێستا لە هەرکاتێک نوێتر و دروستترە: «چ گرەنتییەک هەیە کە ئەو دێموکراسییەی ئەمڕۆ ئێوە باسی دەکەن، سبەی نەبێ بە دیکتاتۆری؟» مانای ئەم قسەیە چییە جگە لەوەی: «ئەگەر ئێوە بەڵێنەکەی خۆتان ژێر پێ نەنێن، هیچ هۆیەک نییە کە من بەو بەشە لە بەڵێنەکەم وەفادار نەبم.» ئەمە لە راستیدا بنەمایەکی کۆمەڵناسانەیە ) »پەیمانی کۆمەڵایەتی»ی ماکس ڤێبێر) و هەروەها پرەنسیپێکی ناسراوی مافە نێونەتەوەییەکانە. لە مافە نێونەتەوەییەکاندا کاتێک مافی داواکراوی نەتەوەیەک بۆ سەربەخۆیی بە رەسمی دەناسرێ کە »مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی» و خۆبەڕێوەبەریی ئەم نەتەوە راپەڕیوە زەوت کرابێ. تەنانەت لە روانگەی بڵاوکراوەی جیهانیی مافی مرۆڤیشەوە مرۆڤ تەنیا لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا وڵامدەر و بەرپرسیارە کە مافەکانی تێیدا دابینکرابێ.

**من لەم باسە تەنیا بەم دەرەنجام و رێگەچارەیە دەگەم:**

- وەلانانی مەسەلەی «یەکپارچەیی خاکی وڵات» بە گشتی لە باسی هاوبەندییە (دڵخوازە)کاندا یا

- پێوەندیی جیانەکراوەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ پاراستنی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران (رێککەوتن).

- سروشتییە کە هێنانەگۆڕی ئەم باسە بۆ ئێمەی ئێرانی زۆر نابەجێ بێ، بەڵام دەبێ بزانین کە هەرکەس ئەم باسەی خستەڕوو دوژمنی خەڵکەکەمان نییە، بەڵکوو پرۆپاگەندەی بە وتەی خۆیان «ناسیۆنالیستە یان ئێرانیستەکان» و تێگەیشتنی هەڵە لە دووره دیمەنی سیاسیی کورد ئەم ترسە مێژوویی و ناڕاستەی خستۆتە دڵیان. من خۆم چەندین جار تاقیمکردۆتەوە، بە باس و وتووێژی لەسەرەخۆ و بەڵگەمەند ئەم نیگەرانییانە دەڕەونەوە. بۆیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە باس و وتووێژی بەڵگەمەند بە تایبەت بۆ چالاکانی کوردستان زۆر گرنگترە لە دەنگ وەرگرتن لە نێو ساڵۆنێک و کۆمەڵێک خەڵکدا.

٥- ئاڵای ئێرانیش جاروبار بۆتە هۆی مشتومڕ. سروشتییە کە ئێرانیش دەبێ ئاڵایەکی تاک و هاوبەشی هەبێ. بە باوەڕی من وەک ئێرانییەکی دێموکرات و لیبراڵ، ئاڵایەک کە نوێنەرایەتیی من و هەموو ئێرانییەکان بکا تا ئێستا بوونی نییە. ئەم ئاڵایە دەبێ ئاکامی ڕێککەوتن و لێک تێگەیشتن بێ. ئاڵای ئێستای ئێران بە پێی ئەو هێمایەی لە نێوەڕاستیدایە نوێنگە و نیشانەی ئایدۆلۆژیا و بەرنامەیەکی سیاسیی جیاواز و دیاریکراوە. هەروەها دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ئێران لەباری نەتەوەیی یان ئێتنیکییەوە یەکدەست نییە. کەوابێ دەبێ ئەم نەتەوانە خۆیان لەم ئاڵایەدا ببیننەوە. بەڵام ئاڵای ئێستا لە لایەن پارلمانی حکوومەتێکی تەواو ناوەندئاژۆوە پەسندکراوە و هیچ پێوەندییەکی بە خواست و ئیرادەی ئەم نەتەوانەوە نییە. جگە لەوە لە ناوچەکانی وەک کوردستان هێمای سەرکوتیش بووە. کەوابێ سروشتییە کە چالاکانی کورد دژایەتیی ئەم ئاڵایە بکەن چ بگا بەوە کە بە هی خۆیانی بزانن.

**پێشنیاری من ئەوەیە:**

- یا بە هۆکاری بنەڕەتی یان پراگماتیستی و خۆبواردن لە گرژی و ئاڵۆزی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دانەنرێ و بڕیاردان لەسەر ئاڵا بۆ داهاتوو دوابخرێ،

- یا هەر کەسێک مافی ئەوەی هەبێ ئاڵای دڵخوازی خۆی بێنێ،

- یان لانیکەم تا ڕێککەوتن لە ئێرانی داهاتوودا لە کۆبووبوونەوەکاندا لە دەوری ئەم ئاڵایە کۆبنەوە و وەک پرەنسیپێک لە پەسندکراوە پێوەندیدارەکاندا بگونجێندرێ. لەم حاڵەتەدا نوێنەرە فکرییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەگەڵ ئەمری واقیع بەرەوڕوو نابن و ئاڵای سێ ڕەنگی ئێران وەک ئاڵای تاکی ئێران دەتوانێ بە فەرمی لە کۆبوونەوەکاندا هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

دیارە باشتر دەبێ ئەگەر:

١- لە نێوەڕاستی ئەم ئاڵایەدا هێمایەک بە نیشانەی بوونی فرەچەشنییە نەتەوەیی . قەومییەکان لە ئێراندا هەبێ (بۆ وێنە وەک ئەوەی هی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ) بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ ئاڵای حکوومەتی پاشایەتی و هەم ئاڵای کۆماری ئیسلامی جیاوازبێ و

٢- لە هەمان حاڵدا بگوترێ کە ئاڵای ناوچەکانی ئێرانیش بە فەرمی دەناسرێن (هەر ئەوجۆرەی لە سیستمی فێدراڵدا ئەمە شتێکی ئاسایی و قەبووڵکراوە؛ تەنیا ئەوە بەسە کە سەیرێکی هێما و ئاڵاکانی ئەیالەتەکانی ئاڵمان بکەین (کە هەمووشیان یەک نەتەوەن)).

-------

**«یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»**

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

٦ - «تمرکززدایی» و فێدرالیزم و شیوەکانیشی لەم کۆبوونەوانەدا جێی مشتومڕ بووە. لە راستیدا بۆ من زۆر سەیرە کە ئێستاش کەسانێک هەبن کە لە بارەی پێویستیی «تمرکززدایی» بنەڕەتی لە ئێراندا گومانیان هەبێ. «تمرکز»ی نیزامی و ئەمنیەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئیداری لە ئێراندا لە لایەک بەردەوام سەرچاوەی سەرەڕۆیی و لە لایەکی دیکەوە هۆکاری مافخوراویی زۆربەی نەتەوەکانی ئێران و سەرهەڵدانی بزووتنەوە رزگاریخوازانەکان بووە. بەهەرحاڵ ژمارەیەکی کەم لە پەراوێزدا بە هۆکاری ئایدۆلۆژی و بەڵگەهێنانەوەی ناڕاست و منداڵانە هەرجۆرە »تمرکززدایی»یەک و بە تایبەت جۆری فێدراتیڤ بە کاناڵێک بۆ دابەش کردنی خاکی ئێران دەزانن؛ دەیانهەوێ بڵێن ئەگەرچی بۆ وێنە لە ئازەربایجان سەبارەت بە کاروباری ئازەربایجان بڕیار دەدرێ، بەڵام ئەوان (ئازەربایجانییەکان) دابەش دەبن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەوان (پان ئیرانیستەکان) بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە خەڵکی ئێران وا تێکەوە پێچراوو تێکەڵاون و سەدان و هەزاران ساڵە بەیەکەوە ژیاون و کێشەی قەومییان نیە و هیچ هەڵاواردنێکیش لەگۆڕێدا نەبووە و هتد...

موددەعییە پان ئیرانیستەکان . بێ ئەوەی خۆیان بزانن . نا راستەوخۆ دەڵێن کە خەڵکی ئەم ناوچانە بە پێی حەز و

ئیرادەی خۆیان لە چوارچێوەی ئێراندا نەماونەتەوە و ئەگەر ئازادیی بڕیاردانیان هەبێ، لە ئێران جیا دەبنەوە؛ کەوابێ دەبێ لە ڕێگەی «تمرکز» و زەوتکردنی ئازادییەکانیان ڕێگەی ئەم کارەیان پێ نەدرێ!!! بە شاهیدیی داتاکانی زانستە سیاسییەکان و مێژوو دەتوانین بڵێین کە فێدرالیزم هیچکات سەرچاوەی شەڕ و جیابوونەوە نەبووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە میکانیزمێک بووە بۆ خۆبواردن لە جیابوونەوە. فێدرالیزم هیچ واتایەکی نیە جگە لە »یەکیەتی». با باس لە چێکوسلاویای پێشوو بکەین؛ دوو نەتەوە دەیان ساڵ پێکەوە لە سیستمێکی فێدراڵدا ژیان و دواتر بەو ئاکامە گەیشتن کە پێکەوە ژیانیان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دروست نیە. هەر بۆیە لێک جیا بوونەوە، بێ ئەوەی دڵۆپێک خوێن بڕژێ. ئێستا بە پێی ئامارەکان زۆربەی ئەوانەی جیابوونەوە پەشیمانن و زۆربەی ئەو کەسانەش کە مانەوە خۆشحاڵن لەوەی ئەو خەڵکە لێیان جیابوونەوە. لە یوگسلاوی زۆر هۆکار هەبوون بۆ شەڕ کە تەنانەت یەکێکیشیان فێدرالیزم نەبوو، بەڵکوو نەهێشتنی پێکهاتەی فێدراتیو لە لایەن میلۆسۆڤیچ لە کۆسۆڤۆ هۆکاری شەڕ بوو. زۆرجار گوتوومە و دیسانیش دەیڵێمەوە کە ئەم وڵاتە کێشەی قەومیی نەبووە، بەڵکوو کێشەکەیان مەزهەبی و ئایینی بووە. سێرب و کرۆڤات و بۆسنی لە سێ قەومی جیاواز نین، تەنانەت زمانی هاوبەشیان هەیە، جیاوازیی ئەوان تەنیا لە مەزهەبە تێکدەرەکەیاندا بوود. (وەک ئەوە وایە کە ئەمرۆ کێشەی عێراق بە کێشەی «قەومی» بزانین، ئەگەرچی ئەوانەی یەکتر دەکووژن هەموو عەرەبن. ئەوەی بۆتە هۆی شەڕ و دوژمنایەتییان، مەزهەبەکەیانە نەک قەومییەت.) دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە، لە یوگسلاوی بە گیانی ناخێریەوە حیزبی سۆسیالیست دەسەڵاتی بەدەست بووە. ئەوەکە هۆکاری شەڕ بخەنە پاڵ فێدرالیزمەوە هیچ مانایەکی نیە جگە لە ساختەکردنی مێژوو یان بێ ئاگایی. هەر بەو ڕاژەیەش دەکرێ سوسیالیزم بە هۆکاری شەڕ لەم وڵاتەدا بزانین. بەهەرحاڵ لەم بارەدا دەبێ کاری فکری و ڕوونکردنەوەی زیاتر بکرێ. دەبێ باش بزانین، ئەگەر نەتەوەیەک بیهەوێ جیابێتەوە، «تمرکز» نەک ناتوانێ ببێتە بەربەستێک بۆ ئەم کارە بەڵکوو ئەم جیابوونەوەیە خێراتر دەکا. تەنیا فێدرالیزم دەتوانێ بەربەستێکی دێموکراتیک و ئەخلاقی لە بەرامبەریدا پێک بێنێ. دژبەرانی فێدرالیزم هێشتا نەیانتوانیوە لەم لۆژیکە بگەن. دیارە هێندێک کەس «تمرکززدایی»یان قەبووڵە، بەڵام سیستمی فێدراڵیان ناوێ. هێندێک کەسیش سیستمی فێدراڵیان دەوێ بەڵام فێدرالیزمی قەومییان ناوێ. دیارە ئەوەش هەر باشە کە فێدرالیزمیان قەبووڵە. دەکرێ لەگەڵ ئەم دەستەیە وتووێژی بەڵگەمەند بکرێ. دەبێ بزانین مەبەستیان لە «تمرکززدایی» و سیستمی فێدرالی ئوستانی چیە؟ ئەگەر مەبەستی ئەم دووانە ئەوەیە کە هەر ئوستانێک دەزگای حکوومەتیی خۆی هەبێ بە دەسەڵاتی سیاسی، دادوەری، ئەمنیەتی، فەرهەنگی و ... هوە (وەک کانادا)، ئەوە بنەمایەکی باشە بۆ لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتن. ئەگەریش مەبەست ئەوەیە کە »تمرکز»ی سیاسی و ناوەندی بڕیاردانی یاسایی لە ناوەند دەمێنێتەوە و بۆ وێنە تەنیا فەرماندار و ئوستاندار لە لایەن خەڵکی ئەم ئوستان و شارانەوە دیاری دەکرێن، سروشتییە کە ئەمە کێشەکە چارەسەر ناکا و مەبەستی دڵخوازی حیزبە ناوچەییەکانیش ناهێنێتەدی. هێندێک لە هاووڵاتییانی ڕەخنەگر لەگەڵ فێدرالیزمی بە وتەی خۆیان «قەومی» کێشەیان هەیە. لە ڕاستیدا منیش لەگەڵ ئەم دەستەواژەیە کێشەم هەیە، چونکە دەزانم شتێکی وا لە تەواوی ئێراندا، لانیکەم لە کورتخایەندا مومکین نیە. مەسەلەکە تەنیا لە کوردستاندا کەمێک جیاوازە. پێشنیارێک بۆ ڕێککەوتن دەتوانێ بریتی بێ لە پێکهاتن و ڕێککەوتن



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر «فێدرالیزمی ئوستانی» (لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت، بۆ وێنە تا ئەوکاتەی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا سەقامگیر دەبێ)، بە مەرجێک کە ئەم ئوستانانە بە راستی بە شێوەیەکی دێموکراتیک و فێدراڵ رێکخرابن. بەڵام دەبێ ئیمکانی تێکەڵ بوون یان جیابوونەوەیان بە پێی دەنگی خەڵکی ئەم ناوچانە هەبێ (شار بە شار، دێ بە دێ). دیارە دەکرێ ئەوە بە فێدرالیزمی ناوچەیی ناوبنرێ. لە چوارچێوەی هەرکام لەم ناوچانەدا پێکهاتە ئوستانییەکان لەباری ئیدارییەوە تاڕادەیەکی زۆر دەمێننەوە. بۆ وێنە ناوچەی کوردستانی ئێران (یان ئەمجۆرەی کوردەکانی عێراق دەڵێن «هەرێمی کوردستان»)لە چوار ئوستانی موکریان (ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێستا)، کوردستان (ئەردەلان)، کرماشان و ئیلام پێک دێ، دیارە بێ ئەوەی پێکهاتەی ئوستانییان تێک بچێ. بەو مانایە کە لەم ناوچەیەدا ئوستانی ئیلام هەر ئوستانی ئیلام دەمێنێتەوە و ئوستانی کرماشانیش هەر ئوستانی کرماشان و ئوستانی کوردستانیش هەر ئوستانی کوردستان. تەنیا ئوستانێک زیاد دەبێ ئەویش ئوستانی موکریانە. لە پێوەندی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دەکرێ بەم شێوەیە بێ. ئوستانی تارانیش وەک ئوستان و ئەیالەتی تاران دەمێنێتەوە. ئازەربایجانیش دەتوانێ لە چەند ئەیالەت و ئوستانی نێوخۆیی پێک بێ. بەڵێ، لەم بارەدا دەکرێ وتووێژ بکرێ و بیروڕای خاوەنڕایانیش وەربگیرێ. تەنیا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە دەستەواژەی «تمرکززدایی» خۆی لەخۆیدا زۆر روون نیە. چەند ساڵ لەمەوبەر لە حکوومەتی فەرانسەشدا کە هەمیشە لەباری سیستمی سیاسی، دادوەری و پەروەردەوە سەرچەشن و ئۆلگوی ئێران بووە »تمرکززدایی» کرا، بەڵام هێستاش لە حکوومەتێکی بەڕاستی «نامتمرکز» زۆر دوورە. سیستمێکی لەم چەشنە ئەگەرچی لە وڵاتێکی یەکدەست لەباری ئێتنیکییەوە مەیسەر بێ، بەڵام لە وڵاتێکی فرەچەشن لەباری ئێتنیکییەوە کێشەخوڵقێنە. دەوڵەتی بریتانیاش «نامتمرکز»ە. ئۆتریشیش «نامتمرکز»ە و فێدرالیشە. بەڵام سیستمێکی فێدراڵی کە »تمرکز» تێیدا خەست و بەرچاوە. لەم باسانەدا لەوانەیە باش بێ وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: کام سیستمی فێدراڵمان دەوێ؟ ئایا رادەی بەشداریی هەرکام لەم ناوچانە لە ناوەندا زۆر بێ و هەر بەم پێیەش رادەی دەسەڵاتی ناوەند لە ناوچە فێدراڵەکانی سەرەوەدا (فێدرالیزمی کێئۆپراتیڤ) یا رادەی دەسەڵاتی ئەیالەتەکان لە ناو ئەیالەتەکاندا زۆر بێ و لە بەرامبەردا دەسەڵاتیان لە ناوەندا کەمتر بێ (فێدرالیزمی دوئال)؟ ئەو کەسانەی بێ ئاگاداری لە جۆرەکانی سیستمی فێدراڵ خێرا بە «جیاییخوازی» ناویدەبەن، دەتوانن جۆرێک لە فێدرالیزم هەڵبژێرن کە هاوکات لەگەڵ بەشداریی ناوچەکان لە حکوومەتی فێدراڵ (ناوەندی)دا دەسەڵاتێکی زۆر لە ئەیالەتەکان یان ئوستانەکاندا بدا بە ناوەند. لەم سیستمانەدا تەنیا کاروباری کولتووری و ئەمنییەتی و بەشێک لە کاروباری ئابووری لە دەسەڵاتی ئەیالەتەکاندا دەمێنێتەوە. ئەمە دەتوانێ بۆ وێنە جۆرێک سازان بێ لەسەر مەسەلەی فێدرالیزم و «تمرکززدایی».

**لە ئاکامدا ئەم پێشنیارە پێکهێنەرانەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:**

- فێدرالیزمی ناوچەیی (کۆی چەند ئوستان) بەمجۆرەی باس کرا یا.

- فێدرالیزمی کێئۆپراتیڤ (تێکەڵکردنی نوێنەرانی سیاسیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات لە حکوومەتی ناوەندیدا وێڕای دانی دەسەڵاتی زۆر بە ناوەند لە ناوچەکاندا).

- هەروەها بۆ روونکردنەوە و بە قەناعەت گەیاندن دەبێ پێدابگیرێتەوە لەسەر گرینگیی «تمرکززدایی» و بە تایبەت فێدرالیزم لە سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا و هەروەها دەوری «تمرکز» لە جێگیرکردنی سەرەڕۆییدا و دەوری فێدرالیزم لە گرێدانی راستەقینەی ناوچە جۆراوجۆرەکان بە یەکتر و بە ناوەندەوە (بە شێوەی مەجلیسی سەنا، بەشداربوونی ئەم ناوچانە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، ...)و بەمجۆرە پێ لەسەر دەوری فێدرالیزم لە پتەوترکردنی یەکیەتیی ئێران دابگیرێتەوە.

- لەوانەیە واباشتر بێ کە بە مەبەستی بە جەماوەریتر کردن و ناساندنی ئەم چەمکە لە واتا و نێوەرۆکی راستەقینە و ئەرکی سیستمی فێدراڵەوە دەست پێ بکرێ نەک پێ داگرتن لەسەر دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی «فێدرالرالیزم». پرسیاری وەک: ئایا رازین هەر شار و ئوستانێک ئۆرگانە هەڵبژێراوەکانی خۆی (وەک شوورا و پارلمان) هەبێ و هەروەها دەزگای دادوەری و ئیداری و بەڕێوەبەریی خۆی هەبێ؟ ئایا هیچ دژایەتییەکت لەگەڵ ئەوە هەیە کە زمانی دانیشتوانی هەر ئوستانێک ببێ بە زمانی رەسمیی ئەم ئوستانە، هەر ئەوجۆرە ئێستا بە کردوە (نەک بە رەسمی) وایە؟ ئایا دژایەتیت لەگەڵ ئەوە هەیە کە ئەگەر خەڵکی چەند شار یان ئوستان ویستیان پێکەوە تێکەڵ ببنەوە، ئەم کارە بکرێ و ٣٠ ئوستانی ئێستا بۆ وێنە ببێتە ١٠ ئوستان؟ ئایا پێتخۆشە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەمان هەم بە تاک و هەم بە کۆمەڵ لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیی وڵاتەکەماندا لەگەڵ ئۆرگانە هەڵبژێراوەکان لە ئاستی ناوەندیدا بەشداری بکەن؟ ئایا رازیی ئەو ئۆرگانانەی هی هەموو خەڵکی ئێرانن بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا دابەش بکرێن؟ ئایا رازیی خەرجکردنی ئەو بودجەیەی هی هەموو خەڵکی ئێرانە بە نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی خەڵکی هەرکام لە ناوچەکان بسپێردرێ؟ ئایا رازیی خەڵکی کوردستان، ئازەربایجان، خوزستان، بەلوچستان و تورکەمەن سەحرا لە قوتابخانە و زانستگادا بە زمانی خۆیان بخوێنن؟ ئایا دەزانن وڵاتانی وەک ئامریکا، کانادا، ئوستralیا، ئاڵمان، ئۆتریش، بێلژیک، سویس، ئیسپانیا ...

چ سیستمێکی سیاسییان هەیە؟ دڵنیا بن پرسیاری سادەی لەم چەشنە دەتوانن دژبەرێکی فێدرالیزم بکەن بە لایەنگری فێدرالیزم، چونکە هیچ مرۆڤێکی تێگەیشتوو ناتوانێ دژایەتیی لەگەڵ بکا. کاری بەڵگەمەند بە تایبەت لە وڵاتانی فێدراڵ و ناکۆجێ (غیر متمرکز) کە ژمارەیەکی زۆری ئێرانییان تێدا دەژی زۆر ئاسانترە. ئەوە بەسە کە ئاماژە بە دابەشکردنی جوغرافیایی ستوونی و ئاسۆیی ناوەندەکانی بڕیاڕی سیاسی، دادوەری و راگەیەنەکان لەم وڵاتانەدا بکرێ. ئایا کەس دەزانێ ناوەندی سیاسی، راگەیاندن، ئابووری و کولتووریی ئاڵمان کوێیە؟ کەس ناتوانێ وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، چونکە ناوەندێکی تاک و دیاریکراو نیە. دەزانین کە هەموو ئیمکاناتەکان لە شارەکان و ئەیالەتەکانی ئاڵماندا دابەش



سەرچاوە
Serchawe

بوونە. دەزانی ئەم تێچووەی دەوڵەتی ئاڵمان لە بەشی رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەدا خەرجی دەکا زۆر زیاترە لەم تێچووەی لە رۆژئاوای وڵاتدا خەرجی دەکا (بەهۆی ماڵیات بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ئاڵمان کە هەموو هاووڵاتییانی ئاڵمانی دەبێ بیدەن، وەک ئەوە کە بۆ وێنە دوارۆژ لە سیستمێکی فێدراڵدا هەموو هاووڵاتییانی ئێرانی «ماڵیاتی هاوپێوەندی لەگەڵ ناوچە هەژارەکانی ئێران» وەک بەلووچستان بدەن و ئەم داهاتە بدرێ بە نوێنەرانی ئەم ناوچانە). دەزانین کە بێرلین پێتەختی ئەم وڵاتەیە، یەکێک لە قەرزدارترین ئەیالەتەکانی ئاڵمانە و بێ یارمەتیی ئەیالەتەکانی باشوور و ناوەندی ئاڵمان ناتوانێ بۆ ماوەی زۆر بەردەوام بێ. ئەمە فێدرالیزمە. ئەم بەڵگەهێنانەوە عەینی و هەست پێکراوانە یارمەتییەکی باش دەکەن بە تێگەیاندن و گشتگیرکردنی فێدرالیزم و لە باسە تیئۆریک و دەرهەستەکان کاریگەرترن.

٧- زمانی فارسی چی بەسەر دێ؟ چەند رۆژ بەر لە دانیشتنەکانی کۆڵن پیاوێک کە خۆی سەر بە رێکخراوی «راستەقینەی» «هاوپێوەندی بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ» دەناساند، لە وتووێژێکدا لەگەڵ یەکێک لە تەلەڤیزیۆنە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، بڵاوکراوەی ١٢ ماددەیی پەسندکراوی رێکخراوەکەی خۆی خوێندەوە کە بە «پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی ئێران» دەستی پێدەکرد و بە «پاراستنی زمانی پارسی» کۆتایی پێ دەهات! ئەمجۆرە بەرگریکردنە لە زمانی فارسی بە «دفاع خاله خرسه» دەزانم. یەکەم ئەوەکە زمانی فارسی هیچکات هەڕەشەی لێ نەکراوە کە منی ئۆپۆزیسیۆن هاوکات لەگەڵ بەرگری لە دێموکراسی پاراستنی ئەویش بە ئەرکی خۆم بزانم. ئەوەی لە ئێراندا تووشی هەڕەشە و هەڵاواردن هاتوە زمانی غەیرە فارسەکانی وڵاتەکەمانە کە مافی سەرەتایی خوێندن بەم زمانانە لە ئاخێوەرانی زەوت کراوە. دووەم ئەوەکە زمانی فارسی پێویستیی بە بەرگری کردنی من نیە. بە سەدان ساڵ ئەم زمانە زمانی قسەکردنی بیرمەندان و زانایانی ناوچەی ئێمە (جیا لە سنوورە سیاسی - جوغرافییەکان) بووە، ئەویش بەر لەوەی پێگەی ئەم زمانە بۆ «زمانی رەسمی» نزم بکرێتەوە. سێیەم ئەوەکە بە پێی هیچ پێوەرێکی دێموکراتیک ناتوانی بە یاسا و حوکمی ئیداری و سیاسی کەسێکی غەیرە فارس ناچار بە پارێزگاری لە زمانی فارسی بکا، ئەویش لە وڵاتێک کە زمانی نووسینی هەموو ئەو کەسانەی بە زمانی جگە لە فارسی قسەدەکەن قەدەغە بووە. من وەک کوردێک زۆر جار ئۆگریی زۆر و سادقانەی خۆم بە زمانی فارسی نیشان داوە، بەڵام رێگە نادەم حوکمم پێ بکەن کە ئەرکی من پارێزگاری کردن لە زمانی فارسییە، لە حاڵێکدا کە هێشتا ئیزنی خوێندن و نووسین بە زمانی خۆم پێ نەدراوە. لە ئێرانی داهاتووشدا ئەرکی حکوومەتی هاوبەش و فێدراڵ پارێزگاری لە هەموو زمانەکانی ئێران و ناساندنیان وەک «زمانی میللی و رەسمی» لە یاسای بنەڕەتیی فێدراڵدایە. هەرکام لە حکوومەتە ئوستانی یان ئەیالەتییەکانیش هەم زمان یان زمانە سەرەکییەکانی ئەم ئەیالەت یا ئوستانە بە پێی پێکهاتەی زمانیی خۆیان دیاری دەکەن. بە باوەڕی من ئەوەی چەندین دەیەیە لە سویس وەک شتێکی ئاساییە دەبێ لە ئێرانی داهاتووشدا بەڕێوەبچێ: هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی ناچارە جگە لە زمانی ئەو ئەیالەت یان ئوستانەی تێیدا دەژی، یەکێک لە زمانەکانی ئێرانیش فێربێ. منی کورد کە لە تاران دەژیم، سروشتییە وێڕای زمانی فارسی (وەک زمانی فێربوون و ئیداریی ئەم ئەیالەتە) دەرسێکیش دەخوێنم لەژێر ناوی زمانی کوردی. بە باوەڕی من ئەوە گرینگە کە هیچ زمان و کولتوور

و ئەدەبیاتێک نە هێچ پاساوو بیانوویەک ئیمتیازێکی تایبەتی پێ نەدرێ. زمانی پلە یەک و پلە دوو هیچ مانایەکی نیە جگە لە هاووڵاتییانی پلە یەک و پلە دوو. زمان لە لایەک کاناڵ و ئامرازێک بووە بۆ پێشکەوتن و لە لایەکی ترەوە بۆ هەڵاواردن و سووکایەتی کردن. لە ئێرانیش تا ئێستا هەر وا بووە. کەوابێ یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەتی دێموکراتیکی داهاتوو دەبێ نەهێشتنی ئەم هەڵاواردن و نایەکسانییە بێ. دڵنیام کە تەنیا لەم حاڵەتەدا زمانی فارسی پێگەی راستەقینەی خۆی وەدەست دێنێ. بۆ فێربوونی زمانی فێردۆسی و سەعدی و حافز و مەولەوی پێویستیمان بە دیاریکردنی ئەرکی دەوڵەتی نیە. ئەگەر فێری نەبم خۆم لەم خەزێنە دەوڵەمەندە ئەدەبی ـ فەرهەنگی ـ فەلسەفی و ئەخلاقییە بێ بەش کردوە. (من هەر لەم ئورووپایە بێ ئەوەی هیچ پێویستییەک بەم کارە هەبێ یان کەسێک ئەمری پێ کردبم، منداڵەکانم ناردۆتە کلاسی زمانی فارسی، لە حاڵێکدا کە چەند دۆستی فارس زمانم هەیە ئەو کارەیان نەکردوە.) هەتا چەند دەیە لەوەپێش لە کوردستانی عێراق بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانەی لەسەرەوە ناوم هێنان، بەشێک لە دەرسە سەرەکییەکان بوون، بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێک ئەمری پێ کردبن. کەوابێ من وێڕای هەموو ئۆگرییەکەم بە زمانی فارسی، واتە نزیکترین زمان لە زمانی زگماکیم، لەگەڵ ئەم مەسەلەیە کێشەم هەیە کە بگوترێ «فێربوونی زمانی زگماکی لە تەنیشت زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەش». لەم وتەیەدا هەڵاواردنێک بەرچاو دەکەوێ. زمانی فارسی بە بنەما دانراوە. هەروەها بە پێی ئەم قسەیە من دەبێ زمانی فارسی فێربم، بەڵام هاووڵاتییە فارس زمانەکەم پێویست نیە زمانی من فێربێ. دەبێ روون بێ کوردستان، ئازەربایجان، بەلوچستان و ... یان هی ئەم هاووڵاتییەشم هەن یان نین. ئەگەر هەن، ئەگەر ئەو ئەرکە بۆ ئەو دانانرێ کە بە دڵخوازی خۆی یەکێک لە زمانەکانی دیکەی ئێران فێربێ و، ئەگەریش نیە، بۆچی دەبێ لەسەر من بێ بە ئەرک کە زمانی ئەو فێربم؟!

بۆ نەهێشتنی ئەم هەڵاواردنە دەبێ:

- هەموو زمانەکانی ئێران میللی و رەسمی بن. هەر هاووڵاتییەک دەبێ بتوانێ بەو زمانەی لێی شارەزایە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دانوسان بکا و هاوکات،

- هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی هەر زمانێکی هەبێ دەبێ دوو زمانی ئێرانی فێربێ. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە هاوپێوەندیی راستەقینە مسۆگەر دەبێ و سووکایەتی و هەڵاواردن لە رێگەی زمانەوە نامێنێ. هەروەها داخوا هاووڵاتییە فارس زمانەکانم ئامادەن لە ناوچەکانی وەک کوردستان و ئازەربایجان و بەلوچستان و خوزستان و تورکەمەن سەحرا بژین و کار بکەن یان نا؟ داخوا ئەم ناوچانە بە بەشێک لە نیشتمانەکەیان دەزانن یان نا؟ ئەگەر وڵامەکەیان بەڵێیە ئەوە فێرکردن بە زمانە غەیرە فارسەکانی ئەم ناوچانەش لەم رووەوە پێویستە. من دڵنیام کە زۆربەی خەڵکە غەیرە فارسەکەی وڵاتەکەمان بە دڵخوازی خۆیان زمانی فارسی هەڵدەبژێرن. تەنیا دەمهەوێ کە هاووڵاتە فارس زمانەکانیشم هاوپێوەندی و سۆزی خۆیان بۆ



سەرچاوە Serchawe

زمانەکانی دیکەی ئێران نیشان بدەن.

- ئەگەریش ئیجبارێکیش لە پێوەندی لەگەڵ فێربوونی زمانی فارسی بۆ خەڵکی غەیرە فارسی وڵاتەکەمان هەبێ، دەبێ لانیکەم ئیجبار بۆ هەڵبژاردنی زمانێک لە زمانە ئێرانییەکان بۆ هاووڵاتییانی فارس زمان هەبێ.

٨- چەمکەکانی «قەوم» و «میللەت» و «میللییەت»یش لەو مەسەلە کێشەخوڵقێنانە بوونە. بە باوەڕی من لەسەر بنەمای ئەم لێکۆڵینەوانەی کردوومن، هەرکام لە کۆمەڵە کولتووری ـ زمانییەکانی بەلوچ، فارس، تورکەمەن، عەرەب و کورد و ئازەری(تورک) ئیتنیکن (کە بە رای من لە ئێراندا بە هەڵە کراوە بە «قەوم»)، لە هەمان کاتدا هێندێکیان لە رەوتی پرۆسەیەکدا بەرەو میللەتی سیاسی (کۆمەڵی مرۆڤی بە ئیرادەیەکی سیاسی) رۆیشتوون. تەنانەت ئەگەر پێوەری «میللەت» بوون بە هەبوونی دەوڵەت بزانین، دەبینین کە بەشەکانی دیکەی هەرکام لەوانە لە دەرەوەی ئێران (چەندین دەوڵەتی عەرەبی، دەوڵەتی ئازەربایجان، دەوڵەتی هەرێمی کوردستان، کۆماری تورکەمەنستان، بەلوچستانی پاکستان) بەجۆرێک دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکەی سیاسی - حکوومەتیی خۆیان هەیە، کەوابێ دەکرێ ئەوانیش لە ئێراندا بە «میللییەت» ناوببرێن. جگە لەوەش بۆ ئەوەی ئێران بە «میللەت» بزانن (لە باری سیاسی و ئیتنیکی‌یەوە) هیچ پێناسەیەکی بە کردەوە و حقووقیی شیاوی پەسندکردن لە ئارادا نیە؛ ئێران نە کۆمەڵێکە کە خاوەن یەک زمان و فەرهەنگی تاک بن کە وەک خەڵکی ئاڵمان بە «میللەت»ی بزانین و نە میللەت بە واتا سیاسییەکەیەتی، چونکە هاووڵاتییانی ئێران مافی یەکسانییان (تەنانەی لە سەرکوتدا) نیە و دەوڵەت و قانوونی حاکم جێگەی پەسندی هاووڵاتییان نیە، لە بناخەڕا هاووڵاتی بە واتای راستەقینەی وشە لە ئێراندا بوونی نیە. بەڵام ئێران «نەتەوەیەکی باستانی ـ مێژوویی»یە (وەک میسر و چین و یوونان) و هەموو نەتەوەکانی ئێران ئەندامەکانی ئەم جەستەیەن. ئەوەکە لە داهاتوودا بە سیستمێکی سیاسی و هاووڵاتی بوونی مودێرن، نەتەوە لە باری سیاسییەوە دروست دەکەین ئەوە شتێکە کە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە. باسەکەی من لە پێوەندی لەگەڵ نەبوونی دیاردەیەک بە ناوی میللەتی سیاسیی ئێران لە ئێستادایە. بەهەرحاڵ بە باوەڕی من ئەم دانیشتنانە شوێنی ئەم باسە تیۆریک و دەرهەستانە نین، بە تایبەت کە لە خودی زانستە سیاسییەکانیشدا پێناسەیەکی تاک و جێی پەسندی هەموو لایەک بۆ ئەم دەستەواژانە نیە، هەروەها بەریان و ئینتمای سیاسیمان بەربەستە لە بەردەم واقیع بینی و بێ لایەنیمان و جگە لەوەش زۆربەی ئەم چەمکانە لە زمانی فارسی‌دا وەرگێردراوی سەقەتی دەستەواژە غەیرە فارسییەکان و بە تایبەت عەرەبییەکانن. لە کوردستانی عێراقدا ـ بۆ وێنە ـ ئەم کێشەیە نیە، ئەوان قەوم و نەتەوە وەک هاوتەریب و هاومانای یەکتر بەکار دێنن و تەنانەت دیتوومە زیاتر «قەوم» بەکار دەبەن. لەم وڵاتەدا «میللی» هاومانای «لۆکاڵ/خۆجێیی»یە.



سەرچاوە
Serchawe

**هەربۆیە لەم پێوەندییەدا پێشنیار دەکەم:**

**- یا (هەر ئەوجۆرەی لەسەرەوە باسکرا) لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی «میللەت» و «قەوم» بە تەواوی خۆببوێرن، جا چ بۆ ئێران و چ بۆ هەرکام لە ئێتنیکە ناوبراوەکان و لە جیاتی ئەو «خەڵک» بەکاربێنن کە بۆ هیچ لایەک هەستیار و کێشەخوڵقێن نیە و**

**- یا هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی دەستەواژەی «میللەتی ئێران» دەستەواژەکانی وەک میللییەت یان «میللەتی (فەرهەنگیی) کورد»، «میللەتی (فەرهەنگیی) تورک» و هتد بەکار بهێندرێ،**

**- یان هەموو کۆمەڵە زمانی - فەرهەنگییەکانی ئێران (بە خەڵکی فارسیشەوە) بە قەوم (واتە وەرگێڕاوی ناتەواوی «ئێتنیک») بزانرێ (وەلانانی هاووڵاتییانی فارس زمان لە ریزی «قەومەکان»ی ئێران تەنیا نیشانەی بە سووک زانینی دەستەواژەی «قەوم»ە کە دەیخەنە پاڵ میللییەتەکانی ئێران و ئەوە لە هیچ کەس قەبووڵ ناکرێ)،**

**- یا لە پێوەندی لەگەڵ ئێتنیکەکانی ئێراندا لە جیاتی دەستەواژەکانی «میللەت»، «قەوم» و «خەڵک» لە »خلق» کەڵک وەرگرن.**

**٩- هاوپێوەندی لەگەڵ چەپی لیبراڵ، رێککەوتن لەگەڵ راستی دێموکراتیش پێویستە. لە هەرحاڵدا دروست نیە بانگهێشتی هێزەکان و بە تایبەت کەسایەتییە نێوەڕاستی، لیبراڵ و تا رادەیەک راستە دێموکرات و ناشۆێنیستییەکان کە خوازیای هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانن بێ وڵام بمێننە. دەبێ وایدانێین کە ئەوانیش لە بانگهێشتنەکەیاندا نیازپاکن و کێشەی لانیکەم بەشێک لەم هێزانە لێک تێگەیشتنە نەک سیاسی؛ بەو مانایە کە هەرکات تێبگەن کە نێوەرۆکی ئەو شتەی کورد زیاتر لە هەش دەیەیە بۆ دامەزراندنی خەبات دەکا، لەگەڵ بیرو بۆچوون و ئاواتەکانی ئەوان دژایەتیی نیە و بە تایبەت ئەگەر دڵنیابن کە ئەوە حکوومەتە زاڵ و دەسەڵاتدارەکانی ئێرانن کە فاکتەری مەترسیدارن بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران نەک کوردستان، و حیزبە کوردستانییەکان هیچکات یەکپارچەیی خاکی ئێرانیان نەبردۆتە ژێر پرسیار، ئەوکات ئەگەر پشتگیریشیان نەکەن دژایەتییان ناکەن و لەوانەیە لەگەڵیان هاوبەندییەکیش پێک بێنن. وەبەرچاونەگرتن و وەلانانی ئایدۆلۆژیکی و سیاسیی ئەم هێزانە لە درێژخایەندا و پێداگریی تەک رەهەندی لەسەر یەکیەتی لەگەڵ هێزە چەپەکان بە وەبەرچاوگرتنی پتانسییلی پێکەوە هەڵنەکردن و یەکیەتی‌هەڵنەگریی هێزە چەپەکان و هەروەها دەورو کاریگەریی پەراوێزکەوتووی ئەم لایەنە سیاسییانە لە کۆمەڵگادا، بە باش نازانرێ. بریا وانەبایەو ئێمە**

ئاڵتێرناتیڤ و جەمسەرێکی چەپی لیبراڵی بەهێزمان لە کۆمەڵگادا هەبا. بەڵام پێکهاتەی هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگا بە دڵخوازی ئێمە نیە (بە باوەڕی من چونکە هێشتا چەپ لەگەڵ لیبرالیزمی سیاسی تێکەڵاو نەبووە و تا ئێستا خۆی لە بەندی ئایدۆلۆژیای پێشووی خۆی رزگار نەکردوە کە ئەمە خۆی باسێکی جیایە و کاتێکی دیکەی پێویستە)

**بەهەرحاڵ پێشنیاری من لەم بیاڤەدا ئەوەیە:**

- هەڵوێستەکانی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ هەڵوێستەکانی بەشێکی زۆر لە رێکخراوە چەپەکانی وڵاتەکەمان یەک دەگرنەوە. کەوابێ بەجێیە هێزە سەرەکییەکان وەک پێشوو بۆ یەکیەتی و هاوبەندی لەگەڵ چەپ هەوڵ بدەن.

لەم بارەوە - بە تایبەت لە لایەن رێکخراوەکانی کوردستانەوە ـ کەم کاری کراوە. ئێمە دەبووایە لە زۆر بەر لە ئێستاوە بەرەیەکی لیبراڵ ـ چەپی ئێرانیمان هەبووایە. ئەم شتە گرینگە هەوڵ و هیممەتی جیددیی پێویستە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە پاڵپشتیی ئیعتباری سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتییان دەتوانن وەک هۆکارێکی نێونج و هاندەر و یەکیەتیبەخش بن. هەر ئێستاش یەکیەتیی دێموکرات و کۆمەڵە و فەدایی و بەشێک لە کۆماریخوازەکان زۆر ئاسان و مومکینە. حیزبە کوردستانییەکان دەبێ دوای پێکهاتنی هاوبەندییەکی لیبراڵ - چەپ لە ئێراندا وەک بڕبڕەی پشتی ئەم هاوبەندییە بمێننەوە و دەورێکی گرینگ لە داڕشتنەوەی سیما و چۆنیەتیی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران و هەروەها دروستکردنی ئێرانێکی سێکۆلار و دێموکراتیک و فێدراڵدا بگێڕن.

- لە هەمان حاڵدا هێزە کۆمەلایەتی و «چەپەکان»ی کۆمەڵگاش نابێ وەک پێشو پاشگوێ بخرێن، چونکە بەدەر لە ویست و ئیرادەی ئێمە، لە کۆمەڵگادا کاریان لەدەستدێ. بە تایبە دۆزینەوەی زمانێک بۆ دیالۆگی بەردەوام و شارستانییانە لەگەڵیان گرینگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کوردستان و تەواوی ئێران.

- هەروەها جێی داخە کە تا ئێستاش بوونی بەرەیەکی کوردستانی وەک ئاوات و ئارەزوویەک ماوەتەوە. پێکهاتنی بەرەی کوردستانی دەتوانێ رەوتی هاوبەندیی ئێرانیش خێراتر بکا و ئاراستەی پێ ببەخشێ.

١٠- گرێدان و بەیەکەوە بەستنەوەی دیپلۆماسی لەگەڵ ستراتێژی ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارەیە. ئەوەی لەسەرەوە باسی لێکرا نەک وەکوو نوسخەیەکی ئامادەکراو بۆ رێنوێنی، بەڵکوو وەک بانگەوازێک بۆ تێفکرین و رامان لە باسەکەدا و وەک گەڕانێکی سەرەتایی بە مەبەستی وروژاندنی باسێک لەمەڕ مەسەلەکەیە و لانیزۆر وەک هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی وڵامێکی تاکەکەسی بەو پرسیارە کە لە چ بوارێکدا و تا چ رادەیەک ئامادەین رێککەوین بۆ گەیشتن بە هاوبەندییەکی ئێرانی بۆ



سەرچاوە
Serchawe

دامەزراندنی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا. ئەمە زۆر گرینگە چونکە ڕێککەوتن لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێراندا لەسەر بنەمای بەرنامەی هەرکام لە حیزبەکان نابێ، بەڵکوو لەسەر بنەمای پراگماتیزم و دیپلۆماسی و متمانە بە خۆبوون و سینگ فراوانی و دووربینی و بە تایبەت هەڵسوکەوتی نائیدئۆلۆژیک و نادوگماتیک پێک دێ. ئەوە مەسەلەیەک کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە. پرسیاری سەرەکی لەم پێناوەدا ئەوەیە: ئایا دەمانهەوێ هاوبەندییەکی بەربڵاو بۆ دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا پێک بێنین یان نا؟ ئەگەر وڵام بەڵێیە، پرسیاری دووەم ئەمەیە: ئەم هاوبەندییە بەرهەمی ڕێککەوتنی هاوبەش دەبێ یان بەرنامەی حیزبی ئێمە؟ ئەگەر ڕێککەوتنی هاوبەشە، پرسیارەکانی دیکە بریتین لە:

**هەتا کوێ ئامادەین بە ڕێککەوتنەکەمان وەفادار بین؟ تابۆ و هێڵە سوورەکانمان کامانەن؟**

**کەوابوو بەجێیە:**

**– ئەو کەسانەی خوێندنەوە و لێکۆڵیەوەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، دەبێ ڕێگەچارە و پێشنیاری پراگماتیستی (نەک ئیدەئالیستی)ی خۆشیان بخەنەڕوو. پێموانیە نێهیلیزم بە هیچ کوێمان بگەیەنێ.**

**لە ژمارە ٥٨١، ٥٨٢ و ٥٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**١٩ی ئەپریلی و ٤ و ٢١ی مای ٢٠١٢**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان و دروشمی ڕووخاندنی رێژیم

### وەرگێڕان لە فارسییەوە: ڕێبوار مەعرووف زادە

پرسیارێک بەردەوام ڕووبەڕوی بزووتنەوەی کوردستان بۆتەوە کە ئاخۆ هەڵگرتنی دروشمی رووخاندنی رێژیم لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستان رەواو دروست بووە؟ ئەو پرسیارە لەبەر چەند هۆکارێک دێتە ئاراوە: یەکەم ئەوە کە گەلی کورد یەکێک لە نەتەوەکانی ئێرانەو داخوازی ڕووخان یان هەر چەشنە هەوڵێک لەو ئاراستەیەدا ئەرکی سەرجەم خەڵکی ئێرانە. دووهەم ئەوە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئۆپۆزیسۆنێکی ئاسایی حکوومەتی ناوەندی نین‌و داخوازەکانیان داخوازی بنەڕەتی‌و لە سەرووی خواستگەلێکی دێمۆکراتیک وەک ئازادیی بەیان‌و ئازادیی چالاکیی هێزە سیاسییەکان و ... یە. شتێکی چاوەڕواننەکراو نییە ئەگەر رێژیم لە ئاکامی هاتنەئارای دۆخێکی تایبەتدا بەشێک لەو داخوازییانە قبوول بکا بە بێ ئەوەی لە ئاست هەمووی وڵاتدا گۆڕانێکی دێموکراتیک ڕوو بدا. تەنانەت رەنگە رێژیم بە شێوەیەکی ناتەواو و نیوەچڵ ببێ بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک یان لە پشتگیری جەماوەری بەهرەمەند بێ‌و لە چوارچێوەی هەلومەرجێکدا دانیشتن قبوول بکا. هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی رێژیم پێش بە دەستپێکردنی ئەو رەوتە دەگرێ. هەروەها دەگوترێ کە کوردستان توانای ڕووخاندنی رێژیمی نیەو خەباتی بزووتنەوەکەی بۆ هێنانی رێژیم بۆ سەر مێزی وتووێژە. دواجار دەستەیەک لە روانگەیەکی سیڤیل‌و دژە توندوتیژی‌یەوە جەخت لە سەر گرتنەبەری رێگای ئاشتی‌خوازانەو مەدەنی دەکەنەوەو دروشمی رووخان کە هەڵگری جەوهەرێکی شاراوەی توندوتیژی‌یە بە بێ سوود لە قەڵەم دەدەن.

### ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ وەڵام دانەوەیەکی تاکەکەسی بەو پرسیارە:

بە بڕوای من دانی وەڵامێکی نەگۆڕو هەمیشەیی بەو پرسیارە هەڵەیە. ئەوەکە هێزە سیاسییەکانی ئێران‌و لەوانە هێزە سیاسییەکانی کوردستان مافی ئەوەیان هەیە دروشمی رووخانی ڕێژیم هەڵگرن پێش لە هەر شتێک دەگەرێتەوە بۆهەڵسوکەوتو هەڵوێستی حکوومەتی ناوەندی دەرهەق بەو هێزانە. ئەگەر تەماشای هەڵسوکەوتی ڕێژیم بکەین دەبینین کە دروشمی رووخان پێش ئەوەی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە دەرهەق بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەڵبگیرێ، لە لایەن حکوومەتی ناوەندی بە توندترین شێوەی خۆی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆندا هەڵگیراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوەدا هەمووان بکاتە دوژمنی خۆی توانایەکی بێوێنەی هەیە. بۆ نموونە موجاهیدین لە سەرەتادا نەیاندەویست ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی ڕێژیم ببنەوە. ڕێژیم بە ئەنجامدانی خوێنرێژیی سامناک بە دژی موجاهیدین ئەوانی ناچار بە ڕووبەڕووبوونەوە

کرد. لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودەو ئەم دواییانە میللی - مەزهەبییەکانیشدا ڕێژیم هەر ئەو کارەی کرد. ئێستا کام بەشی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەیە کە وەبەر توندوتیژییەکانی ڕێژیم نەکەوتبێ. ئاخۆ کوشتاری دەیان هەزار دیلی زیندانی شتێک جگە لە راگەیاندنی شەڕ بە دژی جیابیرانی سیاسیو فەلسەفی بووە؟ ئۆپۆزیسیۆنیش، کە هەر کام رادەیەک لە ناکۆکیی لەگەڵ ڕێژیم هەبووە، بە جێگەی خۆی، تەنانەت بەشێک لە روخسارەکانی پێشووی ئەو ڕێژیمە و بە قەول ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتیش قوربانیی سیاسەتی رەشبگیریو کوشتاری ڕێژیم بوون. ئایا ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی ئەو پێکهاتە دواکەتووەش بە هەبوونی ئەو کردەوە توندوتیژانە ڕێگایەکی جگە لە هەڵگرتنی دروشمی رووخان بۆ ئۆپۆزیسیۆن هێشتۆتەوە؟ ڕێژیمێک کە مل بۆ هیچ ڕێسایەکی دێموکراتیک، تەنانەت ڕێسا نادێموکراتیکەکانی خۆیشی نادا، لە زمانێک جگە لە زمانی توندوتیژ تێ ناگا، شتێک جگە لە تاوانو زەبروزەنگی لێ نەبینراوە، تەنیاوتەنیا شایانی ڕووخانە. هەرچەشنە نەرمینواندنو ناچالاک بوونێک لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا ئاکامێکی جگە لە بەردەوامیی سەرەڕۆییو تێکەوتن لە داوی ئەو ڕێژیمە نابێ. بە تایبەتی کوردستان، ئەویش نە تەنیا وەک ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیم، بەڵکوو وەک گەلێکیش کە کوشتوبڕ کراوە دۆزێکی تایبەتیی لەگەڵ ڕێژیم هەیە. هەموو تاوانەکانی ڕێژیم بە جێگەی خۆی، تەنیا تیرۆرە رەشەکانی لە دەرەوەی وڵات دەرخەری توندوتیژیو تاوان بە دژی مرۆڤایەتییە. کوشتنی سەدان چالاکی سیاسیی کورد لە عێراقو وڵاتانی دیکە روخساری دزێوی ئەو ڕێژیمە هەرچی زیاتر ریسوا دەکا. هەروەها تیرۆری دوکتور قاسملووی بلیمەتو دوکتور شەرەفکەندی کە نیشاندەری کردەوەی تووندوتیژانەی ئەو ڕێژیمە دەرهەق بە کوردستانە هەرگیز لە یاد ناچێ. ڕێژیمێک کە نارازییانی خۆی بۆ وتوویژ دەعوەت بکاو ئەوان لە سەر مێزی وتوویژ بکوژێ تەنیا پێویستە بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە. هەر بۆیە پێویستیی هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەوە سەرچاوە دەگرێ کە یەکەم ئەوان بەشێک لە ئۆپۆزیسۆنی ئێران پێک دێننو دواتر ئەوان هێزێکی کوردستانین . بە زمانێکی ساکارتر ئەگەر هێنانەئارای دروشمی رووخانی ڕێژیم بۆ حیزبێکی ئێرانی(سەرانسەری) لە سەر بنەمای یەک هۆکار بێ ئەوە حیزبەکانی کوردستان چەند هۆکاریان بۆ ئەو کارە هەیە.

ئەوە دروستە کە کورد تەنیا بەشێک لە حەشیمەتی ئێران پێکدێنێو ڕووخاندنی ڕێژیم پێوەندیی بە هەموو خەڵکی ئێرانەوە هەیە. بەڵام لەو راستییە ناکرێ بە شێوەیەکی رەها ئەوە هەڵێنجین کە هەڵگرتنی دروشمی رووخانی ڕێژیم بۆ کورد رەوا نیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆیەک دەکەین:

**یەکەم** هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دژکردەوەی هەڵوێستی ڕێژیم دەرهەق بە خەڵکی کوردستانە. مادام ئەو ڕێژیمە سیاسەتی لەنێوبردنی فیزیکیی حیزبە کوردییەکان رەچاو بکا، ئەو حیزبانە ناتوانن داوایەک جگە لە رووخانی ڕێژیمیان هەبێ.

دووهەم ڕەنگە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خەڵکی کوردستان لە قۆناخگەلێکدا هاوئاراستە لەگەڵ بەرژەوەندیی بەشەکانی دیکەی ئێران نەبێ، بەڵام لە ڕوانگەی دێموکراتیک ناتەباییەکی لە گەڵ ئەوان نیە. بە گشتی ڕەنگە لە بارودۆخێکدا تێگەیشتنی ئەو بەشانە لە بەرژەوەندییەکان وەک یەکو بە یەک ڕادە نەبێ. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە حکوومەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە دوای ٢٢ی ڕێبەندان لە پشتیوانییەکی بەرینی جەماوەری (جگە لە موجاهیدین و بەشێک لە چەپ) بەهرەمەند بوو. بەڵام هەر ئەو حکوومەتە فوتوای شەر بە دژی کوردستانی دا. ئایا ئەو کات کوردستان دەبا تەسلیمی ئیرادەی ڕێژیم ببا؟!

سێهەم ئێستا چۆن بەو ئاکامە بگەین کە ڕووخانی ڕێژیم خواستی بەشەکانی دیکەی ئێران نیە؟ ئاخۆ ڕاپەڕینی چەند ساڵ پێشووی خەڵک لە ناوەندمان نەبینیوە؟ ئایا بە کردەوە ئۆپۆزیسیۆنێک هەیە کە بە لانیکەم خوازیاری لاچوونی ڕێژیم نەبێ؟

چوارەم خەڵکی کوردستان جگە لەوەی وەک گرووپێک، وەک شارومەندێکی ئێرانی مافی خۆیانە خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمێک بن کە لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێ بەشی کردوون. وای دابنێین لە داهاتوودا حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار. ئایا چاوەڕواننەکراوە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە خانەی ئۆپۆزیسۆندا جێ بگرن و لە چوارچێوەی یاساوڕێسای دێموکراتیک هەوڵی ئەوە بدەن ئەو حکوومەتە لابچێو حکوومەتی هاوبەشی خۆیان بێتە سەر کار؟ ئەگەر ئاوا نەبێ ئایا ئەوە بە واتای «ڕووخان»، بە شێوازی نەرم، نیە؟

پێنجەم لە مێژووی زۆر لە وڵاتانو کۆمەڵگەکاندا ئەوە بینراوە کە ئەگەر ناوچەیەکی تایبەت داخوازێکی تایبەتیی هەبێ، حکوومەتی ناوەندی لە بەرامبەر ئەو خواستەدا ڕاوەستاوەو زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەش ئەگەر نەچوونە ڕیزی لەشکەریانی ئەو ڕێژیمە، لە بەرامبەر حکوومەتدا بێدەنگییان نواندوە. دیارە ئەو بێدەنگینواندنە بە هۆی گەشەنەکردنی سیاسی بووبێ یان بە هۆی ترس لە ڕێژیم، هیچ لەوە ناگۆڕێ کە زۆرینەی خەڵکی وڵات ئەو بەشەی خەڵکیان بە تەنیا جێهێشتوە. ئەوەی کە کۆمەڵگەی زۆرینە تەنانەت نەهاتۆتە نێو گۆڕەپانی خەبات، هەتا ئەوەی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بدا نابێ بە زیانی کۆمەڵگەی کەمینە لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر چەند هەزار ژنو کچی ئەو وڵاتە دەرژێنە سەر شەقامەکانو دروشمی « ئێمە شۆڕشمان نەکرد تا بۆ دوایە بگەڕێینەوە» و ڕێژیم ئەوان کوشتوبڕ دەکاو دەنگێک لە میلیۆنان ژنی ئێرانی بەرز نابێتەوە، لە قەلەمدانی ئەوە وەک تاوانی کەمینەیەکی  ژنانی هوشیارو تاوانبارکردنیان بەوەی کە خوازیاری لاچوونی ڕێژیمێکی دژە ژنن زور زاڵمانە نیە. ئەو بابەتە لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی هوشیارو خوڕاگردا دروستە. کوردستان لەو بوارەشدا بە هەقو لە ڕووی ناچاری خوڕاگریو داکۆکیی فیزیکیی لە خۆی کردوە.

**دەگوترێ کە مەسەلەی کورد تارادەیەک لە مەسەلەی گشتیی ئێران جیاوازە. بێ گومان ئەوە ڕاستەو ئەو بابەتە پێویستیی هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم دووقات دەکا. بە هۆی ئەوەی:**

١- ئـەوەی کوردسـتان داوای دەکـا، گـۆڕانی بنـەڕەتی لـە پێکهاتـەی دەسـەڵاتو دەوڵـەتی ترسـناکی ناوەندگەرایـە. رەنگـە خواستەکانی بەشێک لە خەڵکی ئێران بە پێکهاتنی هێندێک رێفـورمی دێموکراتیـک لـە پێکهاتـەی سیاسـیو دانـی بەشـێک لـە ئازادیـیە دێموکراتیکـەکان بـە خـەڵک چارەسـەر بـێو لـەو رێگـەوە بـێ گومـان گرفتـەکانی کـوردیش کـەمتر دەبـێ، بـەڵام ئـەو گرفتانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر نابن. کوردستان خوازیاری سیستمی فێدراتیو لە ئێرانو سیستمی خودموختـاری لـە کوردستانەو بە زمانێکی سادەتر دەیەوێ لەو دەسەڵاتە کە بڕیـارە دەسـەڵاتی ئـەویش بـێ بەشـدار بـێو خـاوەنی حکوومـەتی ناوچەیی_نەتـەوەیی خـۆی بـێ. هـیچ یـەک لـەو خواسـتانە لـە دەسـەڵاتی ئیسلامیدا مەجالی بـەدیهاتنیان نیـە. هـەر بۆیـە هێنانـەئارای بابـەتی رووخـانی رێـژیم بـە دوو واتـا پێویسـتە: یەکـەم بـۆ دەستـەبەرکردنی ئازادیـیە دێموکراتیکـەکان وەک شارۆمەندێکی ئێرانیو دووەم بە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانی بنچینەیی لە پێکهاتەی سیاسیی ناوەندگەرادا.

٢- شـتێکی چاوەڕواننـەکراو نیـە کـە رێـژیم لـە ئاکـامی هاتنەپێشـی هەلومـەرجێکدا ناچـار بـە پاشەکشـە لـە بەرامبـەر بزووتنەوەی کوردستاندا بێ، بە بێ ئەوەی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە تووشی گـۆڕان بـێ (هـەر وەک چەنـد جـار ئـەوەمان لـە عێراق بینیوەو ئێستا بەرەبەرە خەریکە لە تورکیە دەیبینین)، بـەڵام ئـەو جـۆرە پاشەکشـێیانە کـاتیو تـاکتیکی دەبـن. ئـەو پاشەکشێیە تەنیا کاتێک دەبێتە هەوێنی گۆڕانێکی سەقامگیر کە لە درێژەی خۆیدا رووخـانی رێـژیم یـان پێکهـاتنی گـۆڕانی بنچینـەیی لـە سیسـتمی سیاسـیدا لێبکەوێتـەوە. دوکتـور قاسـملوو بـە باشـترین شـێوە ئـاماژەی بـە پێوەنـدیی نێـوان بابـەتی بچووکو گەورە لەگەڵ یەکتر کردوە. دوکتور قاسملووی پراگماتیسـت بـە دروسـتی دەیگـوت ئەگـەر خودموختـاری لـە کوردسـتان بنیات بنرێ، هاندەرو یارمەتیدەری بنیاتنانی دێموکراسی لـە سەرتاسـەری ئێـران دەبـێو ئەگـەر دێموکراسـی لـە سەرتاسـەری ئێـران جێگیـر بـێ، ئـەوە دەبێتـە گارانتییـەک بـۆ بنیاتنـانی خودموختـاری لـە کوردسـتان. بـەڵام ئەمرۆکـە پـاش تێپـەڕینی سـیوچەند سـاڵ لـە دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی دەزانـین کـە بابەتگـەلێک وەک دێموکراسـی، فێـدرالیزم، ئـازادیو خودموختـاریو... لـە گـەڵ ئـەو رێژیمـە ناتەبایـەو سیاسەتکردنو پلانداڕێژی لەسەر ئـەو بنەمایـە بـە تـەواوەتی هەڵـەیە. کاتێک کە رێژیم بە لانیکەم دەستی لە سڕینەوەی فیزیکیی ئۆپۆزیسیۆن هەڵگرت، ئەو کات گرتنەبەری ستراتژی پێویستە. تا ئەو کات سیاسەتی کوردی دەبێ رووخانی رێژیم بێو هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی بۆ ئەو مەبەستە بدرێ.

٣- هێندێک دەنگۆ لە سایتەکان بە نیسبەت هەوڵی رێژیم بۆ وتووێژ لەگەڵ هێزە کوردییەکان بڵاوکراوەتـەوە. رەنگـە رێـژیم بـە مەبەسـتێکی تایبـەت وابنـوێنێ کـە ئامـادەی دانیشـتنە، بـەڵام متمانـەکردنی حیزبـە کوردییـەکان بـەو بابەتـە وێرانکـەرو فرێـودەر دەبـێ. ئـەوان ئەوەنـدە واقیعگـەراو بـە ئـەزموونن کـە بـزانن کۆمـاری ئیسـلامی نـە ئەوەنـدە لاوازەو نـە یـەکجێ تێگەیشتنێکی دیکەی پەیدا کردوە کە ئامادەی ئەو دانیشتنە بـێ. ئـەو سیگنالانەی رێـژیم لـە رێگـەی دوستانیەوە بـۆ حیزبـە کوردییەکانیان دەنێرێ، ئەگەریش ڕاست بێ، شتێک جگە لە فێڵوتەڵەکەی سیاسی نیە. بە راستی کام عـەقڵی سـەلیم بـڕوا دەکا کە رێژیمێک سەرکۆمارو سەرۆک پارلمانی پێشووی خۆی زیندانی بکا، بەڵام بیهەوێ لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان

وتووێژ بکا؟!

راستە رێژیم لە ناوچەدا تەریک کەوتۆتەوە. دەوڵەتی تورکیە بە هەموو توانایەوە لە هەوڵدایە کە کایەکان لە خودی تورکیە، سووریەو عێراق بە دەستەوە بگرێ و ئەوە پرسی کوردیش لە خۆ دەگرێ. لە وڵاتی گرینگی تورکیە ترسی تورک لە کورد تا رادەیەکی زۆر رەویوەتەوەو لۆژیک جێی ترسی گرتۆتەوە. لە نیشانە بەرجەستەکانی ئەو گۆڕانە لە تورکیە جگە لە نەرمینواندنی حکوومەتی تورکیە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، وێنەگرتنی بەرپرسانی حکوومەتی تورکیە لەگەڵ ئاڵای کوردستان، دەعوەت لە مەسعوود بارزانی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی AKP و تەنانەت پێشنیاری هاوکاری بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی حکوومەتی ناوەندی عێراقە. ئەوە لەبیر نەکەین کە حیزبەکانی کوردستانی باشوورو بە تایبەتی پارتی دێموکرات نزیکترین پێوەندییان لە گەڵ حکوومەتی ئێران بووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە تورکیەیە کە بە سیاسەتی «هەڵاتن بۆ پێشەوە» ئێرانی وەدوا داوە. هەموو ئەو راستییانە کۆماری ئیسلامی ناچار دەکەن هێندێک مانۆر بدا. بەڵام لەو خاڵە کە بیهەوێ پێشنیارێکی جیددی بدا زۆر دوورە. جەوهەری ئەو رێژیمە هەر لە بنەڕەتەوە رێگەی ئەو کارەی پێ نادا.

٤- گومانێک لەوەدا نیە کە دەکرێ بە دژی رێژیم خەبات بکرێ، دروشمی رووخانیشی هەڵبگیرێ، لە هەرلەوکاتەدا وتووێژیش بکرێ. دوکتور قاسملوو دەیگوت خەباتی ئێمە لە بنەڕەتڕا بۆ رووخانی رێژیم نیە، بەڵکوو ناچارکردنی ئەو رێژیمە بە وتووێژە. لە جەوهەری ئەو وتەیە لەو هەلومەرجەدا گرفتێک نیە. بەڵام نابێ لەو وتەیە ئەوە هەڵێنجین کە هەڵگرتنی دروشمی رووخانی رێژیم لە هەر هەلومەرجێکدا هەڵەیە. ئەوە لە یاد نەکەین کە بابەتی رووخانی رێژیم لە سەردەمی دوکتور قاسملووشدا هەبووەو ئەو کات رێژیم لە پشتگیرییەکی بەرینی جەماوەرییش بەهرەمەند بووە. ئەو سەردەم بەشێک لە چەپ پشتگیرییان لە رێژیم دەکردو هەروەها لە پشتگیریی بەشە سۆسیالیستییەکانی جیهان بەهرەمەند بوو. هەر بۆیە سیاسەتی ناچارکردنی رێژیم بە دانوستانو کۆتاییهێنان بە شەڕ لە کوردستان هەرچەند بێ ئاکام مایەوە، بەڵام لە بواری لۆژیکییەوە دروست بوو. ئێستا لەگەڵ دۆخێکی تەواو جیاواز رووبەڕووین، قێزەونبوونی ئەو رێژیمە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ هەموو کەس ئاشکرایە، رێژیم لە تەریککەوتنەوەیەکی نێودەوڵەتیدایە. هیچ هێزێکی سیاسی نیە کە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنو دژی کۆماری ئیسلامی جێی نەگرتبێ. لە دۆخێکی لەو چەشنەدا هێنانەئارای ئەو بابەتە کە ڕووخانی ڕێژیم بابەتی سەرەکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان نیە، بۆ کۆماری ئیسلامی بێ سوود نیەو خەسار بە پێگەی حیزبە کوردیەکان دەگەیەنێ. بێ ئاکامیو خەسارهەڵگربوونی سیاسەتی رێککەوتن لەگەڵ کوماری ئیسلامی بە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەبێ بۆ خەڵکی کوردستانو چالاکانی روون بووبێتەوە. ئێستا کە هەلومەرجەکە بەمجۆرەیە بابەتی ڕووخانی رێژیم دەبێ ڕوونترو لێبراوانەتر لە سەردەمی دوکتور قاسملوو، کە بە هەر حال خەڵکی ئێران لەو سەردەمەدا بە نیسبەت کوماری ئێسلامی هێندێک ناروونیو چاوەروانیی نادروستیان هەبوو، بێتە ئاراوە.

بۆ من شتێکی سەیر نیە ئەگەر کەسانێک بڕوایان بە موعجیزە هەبێ‌و بیانەوێ لە ڕێگەی مەدەنی‌و ئاشتی‌خوازانەوە داخوازەکانی خەڵک دابین بکەن، بە تایبەتی ئەگەر لە نێوخۆی وڵاتدا چالاک بن. بۆ من شتێکی سەیرە ئەگەر حیزبێک کە ئەزموونی سی‌و چەند ساڵ خەباتو بەربەرەکانیی فیزیکیی بە دژی ڕێژیم هەبێ‌و خاوەنی پێکهاتەیەکی نیزامی بێ، لە بەرامبەر ڕێژیمدا قسە لە خۆبەدوورگرتن لە شێوازی توندوتیژو ڕووخانی ئەو بکا. هەبوونی هێزی نیزامیی ئاشکرا بۆ هێزێک کە بڕوای بە پێوەندیی ئاشتی‌خوازانە لەگەڵ ڕێژیم هەبێ‌و بڕوای بە دەستەبەرکرانی خواستە ئازادیخوازانەو پێکهاتەیی‌یەکانی خەڵک لە نێو ئەو ڕێژیمەدا هەبێ، بابەتێکی ناڕوونو نالۆژیکی‌یە. بە دڵنیایی‌یەوە تا ئەو شوێنەی بکرێ دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی لەگەڵ ڕێژیم خۆ بەدوور بگرین، بەڵام ڕەتکردنەوەی خەباتو بەربەرەکانی بۆ لە نێوبردنی ڕێژیم لە هەر بارودۆخێکدا نادروستو ناواقعی‌یە بە تایبەتی بۆ حیزبە کوردی‌یەکان.

بە بڕوای من لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بۆ کردنەوەی فەزای سیاسیی وڵات، هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە ململانێ سیاسی‌یەکاندا، ناچارکردنی هێزە سەرەڕۆترەکانی نێو ڕێژیم بە پاشەکشێ‌و بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکیی نێوخۆیی ئەوان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەکرێ بە پێی ڕێساکانی ڕێژیم لە »هەڵبژاردن»دا بەشدار بن. بەڵام ئەوە فۆرموولێک نیە کە بکرێ بۆ هەر کاتو بارودۆخێک کەڵکی لێوەربگیرێ. لە هەلومەرجێکدا بایکوت دەکرێ زۆر کاریگەرتر بێ. لە هەلومەرجی تایبەتیی ئێستادا کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی ڕێژیمیش ڕێگەی هیچ چەشنە هەڵوێستو بەشداری‌یەکی پێ نادرێ، هەتا دەگا بە ئۆپۆزیسیۆنی واقعی، سیاسەتی دروست تەنیا بایکوتی لێبڕاوانەی شانۆی «هەڵبژاردن»ە. ئەو بابەتە کە خەڵک سەرەرای بایکۆتی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردندا بەشداردەبن، بە تەواوەتی ناراستەو تەنیا خەسارگەیاندن بە ئۆپۆزیسیۆنی لێدەکەوێتەوە. ئەمرۆکە ئۆپۆزیسیۆن بە جێگەی خۆی، ڕیفۆرمخوازانی نێو حکوومەتیش باس لە بایکوت دەکەن. جگە لەوەی ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی پێشرەو هێنانەئارای ئاڵتێرناتیوە. سیاسەتی «نە بایکوت نە بەشداری» ناتوانێ ئالتێرناتیو بێ. بە تایبەتی ئێستا کە جەماوەی خەڵک قەیرانی سیاسی زیاتر لە هەمیشە هەست پێدەکەن‌و دەرەتانی چاکسازی نێوخۆیی زۆر کەمتر دەبینن، هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بۆ بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی کە لەودا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد، نەک خەیاڵ بێ بەڵکوو شتێکی ئاسایی بێ، پێویستە.

لە ژمارە ٦٠٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاپریلی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# باسێک لەسەر فیدرالیزم و رێفراندۆم

## وەڵامێکی شەخسی بە پرسیارێک: کوردستان چی دەکا، ئەگەر ئێران فیدراڵ نەبێ؟

**وەرگێران لە فارسییەوە: وریا رەحمانی**

### چارە چییە ئەگەر لە ئێراندا رێفراندۆمێک بەڕێوە بچێ و فیدراڵیزم بە پەسندی گشتی بکات؟ ئەگەر وای دابنێین کە فیدراڵیزم

١- لە ئاستی وڵات و سەرتاسەریدا بە مانای دابەشکردنی دادپەروەرانەی ماف و ئەرکەکانی نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی ئەیالەتی یە و، ....

٢- لە ئاستی ناوچەییدا بۆ وێنە بۆ کوردستان بە مانای دەستەبەر بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی و بەدەست هێنانی مافی بەڕێوەبەری سیاسی و ئابووری و بەتایبەت فەرهەنگی یە و،...

٣- لە هەمان کاتیشدا بە واتای بەشداری کردن لە حکوومەتی ناوەندیی فێدراڵیشە.

### ئایا دانەمەزرانی سیستمێکی فیدراڵ ناتوانێ بە مانای

١- بەردەوامیی ناوەندییەت و کەڵەکەبوونی ئیمکانات و ماف و دەسەڵات لە پانتایی سیاسەت، ئابووری ماف و یاسا، دادوەری، فەرهەنگ و... لە »ناوەند»،

٢- بەشداری نەکردنی کوردستان (و نەتەوە »پەراوێزنشینەکان»ی دیکەی ئێران) لە حاکمییەتی خۆیاندا و

٣- دوورکردنەوەی ئەوان لە حاکمییەتی گشتیی وڵاتدا بێ.

کە وایە لە ئەگەری دەستەبەرنەبوونی فیدراڵیزم لە ئێران لە ئاکامی رێفراندۆمێکی گشتیدا دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێکهێنەری بارودۆخێکی هەڵاواردنی و قەیراناوی یە. ئەحزابی کوردستان کە ئامانجەکانیان لە دەستەبەربوونی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا گونجاندوە، جارێکی دیکەش دەبیننەوە کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێراندا تەنانەت لە دۆخێکی «دێموکراتیک»ی رێفراندۆمیشدا دەستەبەر

نابێ. ئەوان لە هەلومەرجێکی ئاوادا چ هەڵوێستێک دەگرن؟

## ئەم نووسینە لێکدانەوە و شیمانەکانی کەسێکی نووسەرە لەم سیناریۆیە.

## یەک) ریفڕاندۆم و دێموکراسی

ئەوە کەم و زۆر هەمان سیناریۆیە کە کوردستان و بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی دیکەی ئێران لە دوای شۆڕش رووبەروو بوونەوەی: رێژیمی تازە دامەزراوی ئێران دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پشتیوانیی لانیکەم زۆربەی خەڵکی ئێرانی لە پشت بوو. (دایدەنێین ریفڕاندۆمی «کۆماری ئیسلامی: ئا یان نا» بەو دەرئەنجامە نەوەد و چەند دەرسەدییەش بە سوودی رێژیم تەواو نەبووبێ، کە چی بە بڕوای من ناکرێ لەوە دوودڵ بین کە ئاستی دەنگە ئەرێنییە پێدراوەکانیش کەمتر لە ٧٥ لە ١٠٠ نەبووە). بەڵام ئەم رێژیمە بەم حاڵە و لەوانەشە بە پاڵپشتی ئەم پشتوانییە بەرینەی کۆمەڵانی خەڵکەوە نەتەنیا داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی دەستەبەر نەکرد، نەتەنیا بزووتنەوەیەکی دێموکراتیکی دیکەشی سەرکوت کرد، بەڵکوو چەرخی زەمانەشی لە زۆر بواری دیکەوە وەک سیستەمی دادوەری، مافی ژنان، ئازادییە تاکە کەسییەکان و... بەرەو پاش برد.

ئەو کاتیش ئەم پرسیارانە لە ئارادابوون: ئایا ئەم ریفراندۆمە بە حوکمی بەرێوەچوونییەوە دێموکراتیک بوو؟ ئایا دەسکەوتەکەی دێموکراتیک (جەماوەری) بوو ؟ و ئایا هێزە کوردییەکان و هێزە دێموکراتیکەکانی دیکەی ئێران دەیانتوانی پشتی پێ ببەستن؟

وەڵامی هەمووی ئەم پرسیارانە لەمڕۆدا تەنانەت بۆ زۆربەی لایەنگرە گەشبینەکانی ئەوکاتی رێژیمیش ناتوانێ شتێک جیا لە »نا» بێ؛ ئەم رێفڕاندۆمە نە دێموکراتیک بوو، نە دەرئەنجامەکەی دێموکراتیک بوو، و نە هێزە دێموکراتیکەکانی کوردستان و ئێران دەیانتوانی بە ئامانجەکەی رازی بن و بچنە ژێر ئاڵای خومەینی و دەوڵەتە کاتییەکەیەوە.

ئەوە بۆ یەکەمجار نییە کە رێژیمێکی پۆپۆلیستی بە ئامرازی دێموکراتیک دێتە سەر کار و بە پشت بەستن پێیەوە لە جینایەتدا زۆر وەپێش رێژیمە هەڵنەبژێردراوەکەی پێش خۆیەوە دەکەوێ؛ هیتلێر بە زۆرینەی رێژەیی دەنگەکان لە سەرەتاوە پارلەمانی رایشی ئاڵمانی بەدەستەوە گرت، پاشان سووتاندی، ئینجا دژبەرانی سیاسیی کۆمۆنیست و سۆسیال دێموکراتەکانی کوشت، ئەوجار جوولەکەکانی قڕ کرد و دواجار شەڕێکی وێرانگەری بەسەر دنیادا سەپاند. ئەم رەوتە لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشەوە بەروونی دیارە. وێدەچی ئەم رەوتە لە داهاتووشدا هەر درێژەی هەبێ و

لەوانەیە چارەنووسی ئەم رێژیمەش وەک ئاڵمانی نازی بە شەڕ کۆتایی بێ. بنەمای هەردووکیان یەکێکە و چارەنووسیشیان هەر یەک دەبێ.

بەهەر حاڵ ئەم رێژیمە دەرئەنجامی شۆڕشێکی ناتەندروستی جەماوەریی بوو، و دەنگی ئەرێنیی تەواوی خەڵکیشی لە رێفراندۆمێکدا بە دەست هێنابوو. ئینجا دیتمان کە چ ئاژەڵێکی لێ دروست بوو. ئەم ئەزموونە نیشان دەدا کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی وڵاتێک دەتوانن هەڵەی گەورە بکەن، نیشان دەدا کە ئەگەر رێفراندۆم و هەڵبژاردنێک بە شێوەیەکی تەواو دێموکراتیکیش بەڕێوە بچێ، دەتوانێ دەرئەنجام و ئاکامێکی تەواو نادێموکراتیک و دواکەوتووانەی هەبێ. هەربۆیەش کوردستان و بزووتنەوەکانی دیکە و هێزە دێموکراتیکەکانی ئێرانی ناتوانن لە پێشەوە دەرئەنجامەکانی رێفراندۆمێکی لەم چەشنە قبووڵ بکەن؛ بەستێنسازی و پاشهاتەکانی هەر رێفراندۆم و هەڵبژاردنێک لە خودی هەڵبژاردن و رێفراندۆمەکە گرینگترە، و ئەو هەلومەرج و ئاکامانە لە ئێستاوە دیار نین.

**بۆ وێنە:** ئەوەی کە ئایا هەموو هێز و بۆچوونە جیاوازەکان ئیمکاناتی یەکسانیان بۆ نواندن و بانگەشەی خۆیان دەبێ، ئەوەی کە کەمینە باوەڕییە دۆڕاوەکان لە دوای ئەم کێبەرکێیەدا چیان بەسەر دێ، ئەوەی کە ئایا ئەو ئیمکانەیان دەبێ لانیکەم لە مافی کەمینەبوونیان بۆ خەباتی مەدەنی و بوون بە زۆرینە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کەڵک وەرگرن یان نا، گرینگایەتییەکی زێدەی هەیە.

## دوو) رێفراندۆم لە کۆمەڵگەی چەند پێکهاتەییدا

ئەلفبای سیاسەت فێرمان دەکا و نموونەی باسکراوی سەرەوە نیشانی دا کە دێموکراسی لە هەڵبژاردن و رێفراندۆمدا، تەنانەت ئەگەر بە دێموکراتیکترین شێوەشەوە بەڕێوەبچێ، کورت نابێتەوە. یەکێک لە گرینگترین پێوەرەکانی دێموکراسی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمینەیە. لێرەدا مەبەست تەنیا کەمینەی باوەڕی نییە، بەڵکوو هاوکات کەمینەی نەتەوەیی، قەومی، ئایینی و مەزهەبی و رەگەزییش دەگرێتەوە. راکێشان و تێکەڵ کردنی ئەم کەمینانە لە سیستمی سیاسیدا گەلێک گرینگتر لە راکێشانی کەمینەی باوەڕییە، چۆن کەمینەی باوەڕی لە هەلومەرجی دێموکراتیکدا دەتوانێ ببێ بە زۆرینەی باوەڕی و دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. کەچی جۆرەکانی دیکەی کەمینە هەمدیسان بەکەمینە دەمێننەوە و حاکمییەتی هەڵقوڵاوی هەڵبژاردن و رێفراندۆم بەمانای رێگەی گونجاوی بەشداریی ئەوان لە سیستمی سیاسیدا نییە. لەڕاستیدا کارکردن بە میکانیزمی زۆرینە - کەمینە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە تێکەڵاوییەکی کەمینە جۆراوجۆرەکانە، بەمجۆرەی کە هەرنەتەوەیەک لە ناوچەی ژینگەی خۆیدا زۆرینەیە، بەڵام لە ئاستی گشتیدا کەمینەن، نادێموکراتیک و قەیران خوڵقێنە. هەربۆیەش فەلسەفەی سیاسی پێمان دەڵێ کە چییەتیی دێموکراسی لە وڵاتێکی چەند نەتەوەییدا لەگەڵ وڵاتێکی تاک

نەتەوەیی دەبێ جیاواز بێ. لە وڵاتانی چەند نەتەوەییدا لە مکانیزمی دیمۆکراسیی فیدڕاتیڤی دانوستان و دابەشکردن نەک دایمۆکراسیی زۆرینە کەڵک وەردەگرێ. بەم پێیە تەنانەت سیستمی هەڵبژاردنیش ڕێژەییە نەک زۆرینەیی.

بەمجۆرەیە کە لە وڵاتێکی وەک ئاڵمان، سوئیس، بێلژیک و... تەنانەت حیزبە ٦ - ٧ لە سەدییەکانیش نەتەنیا لە حاکمییەتی ئەیالەتی خۆیاندا بەڵکوو لە ئاستی سەرتاسەریشدا لە ڕێی پێکهاتن لەگەڵ ئەحزابی دیکە لە حکوومەتدا بەشداری دەکەن. کەچی قورسایی و کاریگەرییان گەلێک زیاتر لە ئاستی ٦ - ٧ لە سەدییەکەیان دەبێ. ئەم میکانیزمە دەستەبەرکەری بەشداریی کەمینەکان لە پێکهاتەی وڵات دایە و پێگەی خانەخوێیەتیان پێ دەبەخشێ. شایانی باسە کە لە ئاڵماندا ئەحزابی بچووک زیاتر لە ئەحزابی گەورە لە حاکمییەتدا بوون، و ئەوە چییەتی سیستمی فیدڕاڵ و سیستمی هەڵبژاردنی دیمۆکراتیک و گشتگیری ئەم وڵاتەیە کە ئەم پێگە تایبەتییەی پێ بەخشیون. بەشداری دانی کەمینەی غەیری باوەڕی نابێ تەنیا لە کابینەی دەوڵەتدا، بەڵکوو پێویستە بە بەردەوامی و دوور لە ئاکامی هەر هەڵبژاردنێک لە هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتیدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ. هەروەها پێویستە بە بەشداریی کەمینەی غەیری باوەڕی لە پێدانی مافی خودبەڕیوەبەریی سیاسی ناوچەکەی خۆشیدا ڕەنگ بداتەوە. هەر میکانیزمێکی جیا لەوە بە گوێرەی نیشتمانیی ئەوان لەوڵات و «ناوەند» دوور دەکاتەوە.

ئەوەی کە دەگوترێ «ئێمە هیچ زۆرینە و کەمینەیەک جیا لە زۆرینە و کەمینەی باوەڕی ناناسین» ئەگەر ئاگادارانەش نەبێ، خود نیشانەی تێنەگەیشتن لە میکانیزمی دیمۆکراسی لەم وڵاتەدایە کە کەمینەی غەیری باوەڕییان تێدایە. کەچی بۆ زۆر کەس ڕێگەیەکی دەرباز بوونە لە دان پێدانان لە جۆراوجۆریی ئەتنیک و ڕەنگدانەوەی گونجاو و سەلمێنراو لە سیستمی سیاسیدا، دەمامکێکە بۆ دیمۆکراتیک نیشاندانی دەنگی زۆرینەی غەیری باوەڕی. ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ دیمۆکراسیی زۆرینە و سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینەدا گوترا، بۆ ڕێفراندۆمیش کە زۆربەی کات وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی سادەیە، دەیخوا. بەومانایە کە ڕێفراندۆم لەم وڵاتانەدا کە نەتەوە و ڕەوتی سیاسیی جۆراوجۆری تێدایە دەتوانێ کێشە خوڵقێن بێ. نموونەیەکی سادە دێنینەوە : لە کۆمەڵگەیەکدا دوو گرووپی ئەلف و ب دەژین. گرووپی ئەلف ٦٥ لە سەد و ب ٣٥ لە سەدن.

بە درێژایی مێژوو ئەم گرووپە خوێندنەوەی جیاوازیان لە هەندێک بابەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بۆ وێنە میکانیزمی دابەشکردنی بودجە یان دیاریکردنی زمانی ڕەسمی بووە. ئایا سەختە دەرئەنجامی ڕێفراندۆم لە کۆمەڵگەیەدا بە پێی دەنگی زۆرینە پێشبینی بکەین؟ بارودۆخی لەم چەشنەمان بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک بێلژیکدا هەیە.

### سێ) ریفڕاندۆم و کوردستان

بەڵام ئەگەر رێفراندۆمێک بەلەبەر چاوگرتنی ئەم تێبینیانە پێک هات، ئەرکی کوردستان روونە کە چ هەڵوێستێکی دەبێ. هەروەها زۆر سەختە کە خەڵکی ئازەربایجان، خوزستان، بەلووچستان و تورکەمەن سەحرا جارێکی دیکە مل بۆ سیستمێک رابکێشن کە بڕیاری چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیان لە شار و ئوستان و ناوچەکەیاندا، «ناوەند» بیدا، مل بۆ سیستمێک رادەکێشن کە پێش لە بەشداریی ئۆرگانێک و بەکۆمەڵ نەک تاکەکەسییان بگرێ، دەنگ بە سیستمێک بدەن کە خود بەڕێوەبەریی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، دادوەری و ئەمنییەتیشیان لێ دەستێنێتەوە، دەنگ بە سیستمێک بدەن کە بەشی زۆری ئیمکاناتی خۆشبژێوی، خوێندن، پزیشکی، زانستی، پێوەندی، گەشتیاری و سەرمایەگوزاریی لە »ناوەند» کۆکردبێتەوە و ٧٠ لە سەدی نەخۆشەکانی وڵات ناچار بن بۆ دەرمان، سەرەڕای تێچووی زۆر و دووریی رێی سەردانی تاران بکەن (ئاماری وەزیری تەندرووستیی خودی رێژیم). بۆ وایە؟ چون بە هۆی ناوەندیبیەتەوە ٧٠ لە سەدی ئیمکاناتی پزیشکی و نەخۆشخانەیی وڵات لە تارانە و ٣٠ لە سەد بە هەمووی چەند سەد شار و ٣٠ ئۆستانی دیکەی وڵات. ئەگەر ئیمکاناتی کۆکراوە لە چەند ئۆستانی ناوەندی دیکەشی لێ کەم کەینەوە ئەوجار دەزانێ بەشی ٢٤ - ٢٥ ئۆستانەکەی چەندی دیکەی لێ دەمێنێتەوە. کاتێک کە سەیرێکی ئاستی خوێندەواریی وڵات دەکەین ئیتر ئەوپەڕی بێدادە کە روون دەبێتەوە : پلەی یەکەم تاران، دووهەم سمنان، سێیەم ئیسفەهان، چوارەم فارس،... پلەی بیست و هەشتەم ئۆستانی کوردستان، بیست و نۆیەم ئازەربایجانی رۆژئاوا، سییەم سیستان و بەلوچستان (ویکیپیدیا: ئێران). بەڵێ، دژوارە کە خەڵکی ئەو ناوچانە سیستمێک هەڵبژێرن کە ئەم هەمرو بیدارییەی بەدواوە بێ.

### بەڵام ئەگەر بەدەر لە ئیرادەی مندا رێفڕاندۆمێک بەرێوە چوو، و ئاکامەکەشی بەسوودی جێگیربوویی فێدرالیزم تەواو نەبوو، چارەی کوردستان چیی دەبێ؟

کوردستان ناتوانێ ئیرادەی خۆی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بسەپێنێ، لەهەمان کاتدا ملکەچی ئیرادەی هیچ هێزێکیش نابێ. ئەوە بەو مانایەیە کە بەدوور لەوەی کە ئاکامی رێفراندۆمی سەرەتایی ئێران چیی لێ دێتەوە، لەسەر داواکاری خودبەرێوبەریی سیاسی لە جۆری خودموختاریدا پێداگیری دەکا. هەربۆیەش هەوڵ دەدرێ رێگەچارەیەکی بەبنابەینی بۆ دەستەبەربوونی خودموختاریی کوردستان بدۆزێتەوە. خودموختاری تایبەتی وڵاتانی فێدراڵ نییە و کەم نین ئەم وڵاتانەی کە ناوەندگەراشن بەڵام ناوچەی خودموختاریان هەیە. {هەڵبەت تێگەیشتنێکی هەڵە لە نێو سیاسیانی کورد دا هەیە کە خودموختاری ئاستێکی نزمتری لە فێدراڵیزم هەیە. وانییە. ئاستی دەسەڵاتداریەتی و ئیختیارات لە حکوومەتێکی خودموختاردا دەتوانێ کەڵکی زیاتر لە حکوومەتێکی ئەیالەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی فێدڕاڵ دابێ. بۆ وێنە

پێگەی حکوومەتی خودموختاری «باسک» لە ئیسپانیای ناوەندگەرادا گەلێک لە پێگەی گەلێک لە پێگەی ئەیالەتەکانی ئۆتریشی فێدراڵ بەرزترە.

جیاوازیی خودموختاری و فێدراڵیزم لەوەدانییە کە یەکەمیان کەم و دووهەمیان زۆرە، بەڵکوو تەنیا لەوەدایە کە خودموختاری تەنیا لە ناوچەیەکی وڵاتی ناوەندگەرادا واتا پەیدا دەکا کەچی فێدراڵیزم کۆمەڵە ئەیالەتێکی خودموختار لە وڵاتێکی غەیری ناوەند گەرایە}.

ئەگەر ئەوەش جێبەجێ نەبوو، هەوڵ دەدرێ لە رێی سیاسی و مەدەنییەوە خەڵکی ئێران و هێزە دێموکراتیکەکانی وڵات و بەتایبەت خەڵکی ئەو ئوستانەی لە شوێنە سنوورییەکاندا دەژین، بەم باوەڕە بگەن کە بە سوودی هەموو ئێرانە کە وڵات فێدراڵیزە بێ. کەوایە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حیزبە کوردستانییەکان پێوەندیی بە فاکتۆرەکانی دیکەی دێموکراسییەوە وەک ئازادیی بەیان، ئازادیی ئەحزاب، ئازادیی کۆبوونەوەکان، پەروەردەی زمانی زگماکی و هتدەوە لە سیستمی تازە دامەزراوی ئێراندا دەبێ. ئەگەر ئەم ماف و ئازادییانە بە راستی لە گۆڕێدا هەبن بۆ پەرەپێدان و بانگەشەی سیستمی فێدراڵ کەڵکیان لێ وەردەگیرێ (وەک ئەوەی کە هەر سۆسیالیستێک لە هەموو ئەو ئامرازانەی کاپیتالیزم لەبەر دەستیدا داناوە بۆ بانگەشە و بڵاو کردنەوەی ئەندیشەکانی کە جێگیرکردنی سوسیالیزمە کەڵک وەردەگرێ).

بەڵام ئەگەر رەوتی رووداوەکان، جێگیربوونی هێز و هەڵسوکەوتی هێزە باڵادەستەکان لە وڵاتدا بە جۆرێک بوو کە نە جێگیر بوونی فێدراڵیزمی لێ بکەوێتەوە و نەدەروویەکیش بۆ خودموختاری بەدی بکرێ، مەبەست لە بەرێوەچوونی رێفراندۆم، ئەمجارەیان لە کوردستان، بۆ وەرگرتنی راو بۆچوونی خەڵک لەم بارەیەوە کە ئایا حازرن لەوەها هەلومەرجێکدا لە ئێراندا بمێننەوە یان دەیانەوێ سەربەخۆ بن ئەگەر ئەم ئامرازە مەدەنییە وەرگرێتەوە و رێگە سیاسییە گونجاوەکانی سەرەوەش ببەسرێن، ئیتر ئەمە نیشاندەری ئەو راستەقینە تالەیە کە دەروون و بنەمای رێژیمی دەسەڵاتدار، تەنانەت ئەگەر بە دێموکراتیکانەترین شێوازیشەوە هاتبێنە سەرکار، نادێموکراتیک و بەتایبەت دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و ئەوەش هۆکاری خەباتێکی دژخوازانەیە. ئەمجارەیان دروشمی ئەحزابی کوردستانی نەک رووخانی رێژیم و جێگیربوونی فێدراڵیزم یان خودموختاری، بەڵکوو سەربەخۆیی دەبێ. چون ئیتر فێدراڵیزم و خودموختاری و بەگشتی چارەسەریی کێسەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا واتای خۆی بە بەرێوەچوونی رێفراندۆمدا نەماوەتەوە.

من زۆر بە دووری دەزانم کە ئازەربایجان، بەلووچستان، خوزستان، تورکەمەن سەحرا و تەنانەت ئوستانەکانی باکووری و خۆراسان و هەروەها گەل و ئەیالەتەکانی باشوور و ناوەندیی وڵاتیش مل بۆ وەها دەرئەنجام و وەها رێفراندۆمێک رابکێشن. هەموو ئەو ناوچانە قوربانی ناوەندگەرایی سیاسی - ئابووری - فەرهەنگی لە وڵاتدا بوون.

هەربۆیەش لە دەروونداو لەوانەیە بە کردەوەش لەگەڵ کوردستان بکەن. هەروەها هێزە دێموکراتە راستەقینەکانی وڵاتیش هەرگیز نەبوون کە لە دژی هەڵاواردنی ئەو ناوچانە بێدەنگ بووبن و خۆیان لە تەنیشت ناوچە گەلێکی چەوساوەی وەک کوردستان و بەلوچستاندا نەدۆزێتەوە. ئەگەر پشتیوانیی ئەوانیش زۆرە.

بێ گومان سەبارەت بەهەر دیاردەیەک کە پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو ئێرانەوە هەبێ، پێویستە نەک دانوستانی نوێنەرانی خەڵک، بەڵکوو راستەخۆیانە دەنگی خەڵک لەبەرچاو بگیرێ. بەڵام ئەوانەی کە بۆ جێگیر کردنی فێدرالیزم ئادرەسی رێفراندۆم دەدەن، دەبێ بزانن کە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باس کران لەوانەیە ئاکامی پێچەوانەی لەمەڕ یەکیەتیی ئێراندا هەبێ. پێشنیاری من ئەوەیە کە هێزە دێموکراتیک و بەرپرسیارەکانی وڵات هەر لە ئێستاوە بە بێ پێشداوەری قسەی لەسەر بکەن تا بە گەڵاڵەیەکی هاوبەش دەگەن. ئەم بابەتە کارناسی و لێکۆڵینەوەی دەوێ نەک رێفراندۆم.
بەڵام رێفراندۆم سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان تەنیا لە کوردستان تەنیا لە کوردستاندا بەرێوە دەچێ. تەنیا ئەوانەی کە لە ئاکامی دەنگی خەڵکی کوردستان نیگەرانن، دەڵێن کە دەبێ هەموو خەڵکی ئێران تێیدا بەشدار بن. داخوازیی بەرێوەچوونی رێفراندۆم لە هەموو ئێراندا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان یەکجار گاڵتەجاڕانەیە. بەهەر حاڵ ئەگەر لە وەها هەلومەرجێکدا کەوتین، بە پێوەر بۆچوونە نێونەتەوەییەکان کار دەکرێ.

تا جێیەک کە بۆ حیزبە ناسراوە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە، دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بدەن کە لە چوارچێوەی ئێراندا بە ئامانجەکانیان بگەن. بەڵام ئەگەر بەدەر لە ئیرادەی ئەوان هێزە دواکەوتووەکان ـ مەزهەبی یان ناسیۆنالیستی ـ رکێفی سیاسەتی ئێرانیان بەدەستەوە گرت و رێگەیەکی جێگیربوونی دیموکراسییەکی راستەقینەیان بەست و ئامرازە مەدەنی و سیاسییەکانی ئەحزابی کوردستانیان لێ ئەستاندنەوە، بە ناچار رێگەگەیکی دیکە تاقی دەکرێتەوە کە رەنگدانەوەی خواستی حەقیقەتی هێزە کوردستانییەکان نییە و ڕێی ناچارییە. ئەم رێگە و بژاردەیەش بە سوودی هێشتنەوەی یەکپارچەیی ئێران نابێ. بەرپرسایەتییەکەشی لە ئەستۆی ئەوانەدا دەبێ کە ئیمکانی ژیانی هاوبەش لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا ناهێڵنەوە.
ئەوەی باس کرا، تەنیا لێکدانەوەیەکی شەخسییە لە بەشێک لە ئاڵۆزییەکانی ئێران لە پانتاییەکی دیاریکراو دا. زاڵبوون بەسەر ئەم ئاڵۆزییانەدا پێویستیی بە هەوڵی هاوبەشی هەموانە. وەرن با ئێران بکەین بە ماڵی ئازادی و ئاسایش و حەسانەوەی گشت ئێرانییەکان.

لە ژمارە ۵۹۲ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲٤ی سێپتەمبەری ۲۰۱۲

## کۆنفرانسەکان شوێنێک بۆ بە ئێرانی کردنی گۆتاری کوردستانی

### وتوویژی رۆژنامەی کوردستان

**وتوویژی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ ناسری ئێرانپوور یەکێک لە بانگهێشتکراوانی سەربەخۆی کۆنفرانسی پراگئاماژە: ئەم وتوویژە، دەبوایە لە ژمارەی پێشووی «کوردستان» دا بڵاو بوایەوە، بەلام بە هۆی درەنگ وەرگێڕدران و هەر وەها زۆریی ئەو بابەتانەی کە دەبوا لە کاتی خۆیان دا بلاو بینەوە، بۆ ئەم ژمارەیە هەڵگیرا. لە گەڵ داوای لێبووردنمان لە کاک ناسر ئێرانپووری بەڕێز.**

**دەستەی نووسەرانی «کوردستان»**

**کوردستان**: ئێوە ئامانج و دەستکەوتەکانی کۆنفرانسەکانی رابردوو، بە تایبەتی کۆنفرانسی پراگ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ناسر ئێرانپوور**: بە نیسبەت هەموو کۆنفرانسەکانی رابڕدوو ناتوانم قسە بکەم چونکە لە هەموویاندا بەشداریم نەکردوە و نە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو کۆنفرانسانە بووم. من لە کۆنفرانسی پراگ بەشداریم کردوە کە لە درێژەی دوو کۆنفرانسی پێشووی ستۆکهۆلم و بروکسێل بەرێوە چوو. ئامانجی راگەیەندراو پێکهێنانی چەشنێک نزیکی و دیالۆگ لەمەر دێموکراسی بوو. لەو روانگەوە کە دیالۆگ لە نێوان چالاکانی سیاسیی ئێرانی بۆ پێکهێنانی چەشنێک لە لێکتێگەیشتن بە نیسبەت دێموکراسی پڕبایەخە و ئەو کونفرانسانە بەستێنێکی گۆنجاو بۆ ئەو بابەتە دروست دەکا. من ئەو کۆنفرانسانە بە شێوەیەکی رێژەیی بە ئەرێنی لە قەلەم دەدەم.

**کوردستان**: چۆنیەتیی هاتنەئارا و لێکدانەوەی پرسی نەتەوەکان لە کۆنفرانسی پراگ بە چ شێوەیەک بوو؟

**ناسر ئێرانپوور**: بە بڕوای من وتاربێژانی کوردی بەشدار لە کۆنفرانسی پراگ، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، رۆڵێکی پۆزێتیڤیان گێرا. بەشداربووانی کورد بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی، هەڵبەت نەک هەر لە ئاستی کوردستان، بەڵکوو بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا بە شیوەیەکی پێویست و گونجاو قسەیان کرد. دیارە یەکێک لە وتاربێژانی غەیرە کوردیش باسێکی رەخنەئامێزی بە نیسبەت هێزە کوردستانییەکان باس کرد کە لە لایەن بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بە باش نەزانرا.

**کوردستان**: بە پێی دروشمی کۆنفرانسەکە، یەکیەتی لە پێناو دێموکراسی، چ بابەت و ئاریشەیەک بە شێوەیەکی بەرجەستە لە سەر رێگەی بنیاتنانی دێموکراسی لە ئێران هەیە؟ ئایا ئەو کۆنفرانسە بە نیسبەت بنیاتنانی دێموکراسی لە ئێراندا توانی بە لێکنزیکبوونەوەیەکی تیۆریک بگا؟

**ناسر ئێرانپوور**: «یەکیەتی لە پێناو دێموکراسی» پرۆژەیەکی دروستە، بەڵام هەوڵدان لەو پێوەندییەدا دەبێ وەک ستراتژییەکی درێژخایەن تەماشا بکرێ. دیارە دارشتنی ئەو چەشنە ستراتژییانە پێویستی بە دیالۆگ گەلێکی زور هەیە و کۆنفرانسێکی دوو رۆژە بۆ ئەو بابەتە فرەرەهەندە وڵامدەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆنفرانسەدا کۆمەلێک باسی بەسوود هاتنەئاراوە. پرسی نەتەوەیی، پرسی ژنان، ئابووری و مافی مرۆڤ بەرجەستەترینی ئەو باسانە بوون کە لەو کۆنفرانسەدا باس کران. لێکدانەوەی هەموو ئەو بابەتانە و هەروەها بابەتگەلێکی دیکە، وەک کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵیان لە بنیاتنانی دێموکراسی کە لەوێدا باس نەکران، پێویستیان بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە.

چاوەروانییەکی بەجێ نییە ئەگەر وایدابنێین کە دەستکەوتی ئەو کۆنفرانسانە رێک هەر دەبێ ببێ بە یەکیەتییەکی ئۆرگانیک. تەنانەت بۆ ئەوەی بلێین کە ئایا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانە لێکنزیکبوونەوە هەیە، زور زوویە. بۆ نموونە بە ئیحتیمالی زور لێکتێگەیشتنی جۆراوجور لە سەر»دێموکراسی» هەیە،جگە لەوەش خۆدی دێموکراسییش لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێ. کەوایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەستێنانە ناکرێ چاوەروانیی ئەوە بکەین کە دەرئەنجامی ئەو دانیشتنانە »یەکیەتی» یان تەنانەت بە وتەی ئێوە لێکنزیکبوونەوەی تیۆریک بێ.

**کوردستان**: رۆڵ و بەشداریی چالاکان و حیزبە کوردییەکان لە کۆنفرانسی پراگ دا چون هەڵدەسەنگێنن؟

**ناسر ئێرانپوور**: من هیچ رۆلێکی ئەوتوم لەو کۆنفرانسەدا نەبوو هەتا باسی بکەم، بەڵام هەر وەک لە پێشتردا باسم کرد چالاکانی دیکەی کورد کە لەوێدا بەشداربوون جێگەی شانازیی من بوون و ئەوان بە پێی پێویست و لە جێگەی خۆیدا قسەیان کرد و بەوپەری حورمەتەوە دیالۆگیان دەکرد. بە بڕوای من چالاکانی کورد بە باسەکانیان هەم ئالای رزگاری لە زۆلمی نەتەوەییان بەرز کردەوە هەم ئالای رزگاری لە چنگ هەڵاواردنی رەگەزی و ئایینییان لە ئێراندا هەڵگرتبوو. هەروەها ئەو بەرێزانە رۆخسارێکی شارستانی و دوستانەیان لە کوردەکان نیشان دا. دیارە ئەو بابەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدابرانانەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هەیە،شتێکی سادە و ساکار نیە.

بە تایبەتی دوستایەتی و هەڵسوکەوتی شارستانییانەی نێوان ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر شیاو و جێگەی دەستخۆشی کردن بوو. من دڵنیام کە تەنانەت بەشێک لە بەشداربووانی



سەرچاوە
Serchawe

کۆنفرانسەکە نەیاندەزانی کە ئەو کەسانە سەر بە دوو حیزبی جیاوازن. دیارە بۆ من ئەوە یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو کۆنفرانسە بوو. هیوادارم ئەو فەزا تەندروستە ببێتە بەستێنێک بۆ یەکیەتیی دووبارەی ئەو حیزبە. هەروەها ئاواتەخوازم باڵەکانی کۆمەڵەش تێکەڵ بەو فەزایە بن.

دیارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە باسەکانی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاتوو گۆلاڵە شەرەفکەندی(بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان) و بەڕێز کاوە ئاهەنگەری (هەڵبژاردنی ئازاد)، زۆر سەرنجراکێش بوون و لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازییان لێکرا. خۆدی من هەر وەک زۆرێک لە بەشداربووانی دیکە بە تایبەتی لە باسەکەی خاتوو شەرەفکەندی چێژم وەرگرت. ئەو بەشدارییە چالاکە بۆ منی دەرخست کە کە کورد نەتەنیا دەتوانێ بانگەوازی لابردنی زوڵمی نەتەوەیی لە ئێران بلاو بکاتەوە، بەڵکوو توانای ئەوەی هەیە کە بە بزووتنەوەی ژنانیش ئاراستە ببەخشێ. شانازی نوێخوازیی بزووتنەوەی مەشرووتە بە تایبەتی بۆ خەڵکی ئازەربایجان دەگەڕێتەوە. شانازیی نوێخوازیی بزووتنەوەی دێموکراسی خوازیی خەڵکی ئێرانیش( پرسی نەتەوەیی و ژنان پێکەوە) لەو قۆناخەدا دەتوانێ بە کوردستان ببرێ.

کوردستان بە هەبوونی کەسایەتییەکی نوێخوازانە، بوونی حیزبی جۆراوجۆر و ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی رێکخراوەیی و سەربەخۆ لە پوتانسیەلێکی گەورە بۆ رۆلگێرانێکی چالاک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی داهاتووی ئێران بەهرەمەندە.

کوردستان هەموو کات بە شوێن یەکیەتیی بووە و ئەزموونێکی بەنرخیشی لەو پێوەندییەدا هەیە. ئێستاش زۆرێک لە چالاکانی ئێرانی بە پێی پێویست ئاگاداری ئەو مێژوویە و ئەو هەولانە نین. رێبەرێکی بەرجەستەی کورد لە رێگەی دروستکردنی لێکتێگەیشتن و یەکیەتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن گیانی بەخت کرد، رێبەری حیزبێک کە ئەو حیزبە لە لایەن کۆمەڵێک دەمارگرژەوە بە »جیاییخوازی» تۆمەتبار دەکرێ.

هەرچەندە ئەو هەولانە دروستبوونی ئێتلافێکی سەقامگیر بۆ بنیاتنانی دێمۆکراسی و فێدرالیزمی لە ئێران لێنەکەوتۆتەوە، بەڵام لە روانگەی منەوە بێ ئاکام نەبووە. ئەو رێگەیە دەبێ درێژە بدرێ و یەکێک لەو بەستێنە گونجاوانەش بۆ ئەو هەولانە ئەو کۆنفرانسانەن.

**کوردستان**: راگەیەندراوی کۆتایی کۆنفرانسی پراگ لە لایەن چ کەسانێکەوە نووسرا و بە بڕوای ئێوە ئەو راگەیەندراوە دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی بە سەر چۆنیەتی و تەندروستیی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی ٢ هەبێ؟

**ناسر ئێرانپوور**: هەر وەک لە دوو وتاری پێشوومدا لە ژێر ناوی «پەیامێکی خێرا» و «وڵام بۆ رەخنەگرانی کۆنفرانسی

پراگ» باسم کردوە، ئەو نووسراوەیە کە واپێدەچێ لە لایەن حەسەنی شەریعەتمەداری نووسرابێ، چونکە ئەو بوو کە هەرچەند جارەی بەشدارانی کورد نارەزایەتییان دەردەبری، نوسخە و وشەی جیاجیای بەو دەقە زیاد و کەم دەکرد. ئەو ڕاگەیەندراوە جگە لەوەی لە لایەن یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە نووسرابوو، پێوەندییەکی دیکەی بەو کۆنفرانسەوە نەبوو. ئەو دەقە ڕەنگدانەوە و ئاکامی باسەکانی نێو کۆنفرانس نەبوو. دیارە ئەو ڕاگەیەندراوە لە باری نیوەڕۆکیشەوە زۆر پرسیارهەڵگر بوو. بەشێکی بۆ پیاهەڵکوتن بە ناسیۆناڵیزمی ئێرانی تەرخان کرابوو، بەشێکی دیکەی شتی نافەرمی و گشتی لە خۆ دەگرت و بەشێکیشی هەڵگری پەیامێکی نهێنی بوو کە بەتایبەتی جێگەی ڕەزامەندیی چالاکانی کورد و تەنانەت چالاکانی غەیرە کوردی بەشدار لەو دانیشتنەش نەبوو. بە گشتی دەقی ئەو ڕاگەیەندراوە بە چەشنێک بوو کە جێگەی ڕەزامەندی نەبوو. هێندێک بەشی ئەو ڕاگەیەندراوە ئەوەندە »بێ لایەنانە« بوو کە بە بڕوای من ئەگەر چەند وشەیەکی سەرەکییش بگۆڕین، مەرج نییە نارەزایەتیی جیددی لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر چەمکی «گەلی ئێران» کە هەمیشە باس هەڵگر بووە لەگەڵ «خەڵکی ئێران» گۆردرابا و هەروەها لەوێدا ئاماژەیەک بەوە نەکرابا کە »هێندێک هێز» خوازیاری «شەڕن»، بە تایبەتی ئەگەر ئاماژە بە پێویستی لابردنی کۆماری ئیسلامی کرابا، ئەو ڕاگەیەندراوەم واژۆ دەکرد لەگەڵ ئەوەی دا کە ئەو کاتیش بە تەواوەتی دەقی جێگەی پەسندی من نەدەبوو.

ئەوەی کە کاریگەریی ئەرێنی بەسەر چۆنیەتی و تەندروستیی کۆنفرانسی داهاتوو لە ستۆکهۆڵم دەبێ، ڕەنگە بەو جۆرە بێ. بەو پێیە نووسەری ئەو دەقە باس هەڵگرە، تەنانەت خەساری بە هەوڵەکانی خۆیشی گەیاندوە. کەمبوونەوەی ویستی بەشداری لەو کۆنفرانسانەدا بە تایبەتی لە نێو دوو لایەنی دێموکرات دەبینرا کە دیارە جێگەی سەرسوڕمان نییە، هەرچەند من پێداگرم لە سەر ئەوەی کە هێز و بژاردەی سیاسیی کورد دەبێ لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیاندنی خواست و خەباتی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێ. هێزە کوردستانییەکان هەموو کات خوازیاری دیالۆگ لەگەڵ چالاکانی دیکەی ئێرانی بوون و ئەوە بە هیچ جۆر هەڵە نەبووە.

**کوردستان**: بە پێی «کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی ٢» کە دوایین دانیشتن لە زنجیرە دانیشتنەکانی ڕابردوویە، چ بابەتگەلێک بایەخێکی زیاتریان هەیە؟ ئایا لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو کۆنفرانسانە دەرئەنجامەکنی ئەو باسانە پراکتیزە دەکرێ؟

**ناسر ئێرانپوور**: بۆ من قسە کردن لەوبارەوە زۆر دژوارە. زۆر چاوەڕوانی ئەوەش ناکەم کە وەک دەرئەنجامی ئەو کۆنفرانسانە، ئیتێلافێک لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێک بێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆنفرانسانە، بە تایبەتی بۆ حیزبە کوردستانییەکان، بێ سوود نابێ. ئێمە دەبێ گوتاری کوردستانی بکەین بە گوتاری ئێرانی و ئەو کۆنفرانسانەش شوێن و پلاتفۆرمێکی گونجاوە بۆ بەدیهاتنی ئەو خواستە.

**کوردستان**: مەبەستان لە »کردنی گۆتاری کوردستانی بە گۆتارێکی ئێرانی»چیە و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد دەبێ هەڵگری چ پەیامێک لەو کۆنفرانسانەدا بن؟

**ناسر ئێرانپوور**: پێویستە سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە داواکارییەکانی کورد بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی گشت خەڵکی ئێران دان.هەر بۆیە کوردستان دەبێ ببێ بە ناوەندی بەرهەمهێنانی هزر بۆ تەواوی ئێران. من لەو بڕوایە دام کە کوردستان ئەو پۆتانسیەلەی هەیە کە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی دێموکراسیخوازانە بۆ تەواوی ئێران وەئەستۆ بگرێ. بە پێی چ یاسایەک ئێرانییەک، بە پێی ئەوەی لە تاران لە دایک دەبێ، «نەتەوەیی» و سەرانسەری و «ئێرانی» یە و دەتوانێ بانگەوازی داکۆکی کردن لە کۆی ئێران بدا، بەڵام هەر ئەو کەسە ئەگەر بۆ نموونە لە مەهاباد لە دایک بێ، «قەومی» و «بوومی» و «لە باشترین حاڵەتدا «ناوچەیی»یە؟! خەبات بە دژی ئەو کولتووورە تارادەیەک فاشیستییە یەکێک لە ئەرکەکانی هێزە دێموکراتەکانی ئێرانە. بە بڕوای من حیزبە کوردستانییەکان ئەگەر لە »پان ناسیۆناڵیستەکان» و «نەتەوەیی»یەکانی ئێرانی ئێرانیتر نەبن، بێگۆمان کەمتریش نین. کەواتە نابێ ڕێگە بدەن کەسانێک لە بەرەی ئێرانیبوون هەڵبکۆتنە سەر ئەوان. ئێران «ملک مشاع» خاوەندارانی درۆیینی ئێران کە ئێستا لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، خۆیان بە پاسەوانی ئەو مولکە دەناسێنن، نییە. ئەوە دەبێ پەیامی چالاکانی کورد لەو دانیشتنانە دا بێ.

**کوردستان**: کورد تەنیا وەک نەتەوەیەک بۆ خۆی خەبات ناکا، بەڵکوو جەوهەری ئەوخەباتە بۆ گشت خەڵکی ئێرانە. هەر ئێستا کوردستان لە تەنیشت تاران یەکێک لە دوو ناوەند و مەتەرێزەکانی گرینگی سیاسیی ئێران لە بەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکاری ئیسلامی دایە. کوردستان لە بەرامبەر دەسەڵاتێک خەبات دەکا کە نەتەنیا نوێنەری خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو لە دژایەتییەکی ئاشتی هەڵنەگرلەگەڵ یەکتر دان. ئایا ئەو هەڵ و خەباتە لە بەرژەوەندی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران نییە؟

**ناسر ئێرانپوور**: هەرچەند شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتیی هێزە سیاسییەکانی کورد، کوردستانە، بەڵام ڕوانینی سیاسیی ئەوان ئێرانییە و دەیانهەوێ سیستمێکی دێموکراتیک لە تەواوی ئێران دابمەزرێنن. لە داهاتووشدا ئەگەر ئیتێلافێکی ڕاستەقینەی ئێرانی و سەرانسەری پێکبێ هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە کۆڵەکەکانی سەرەکی ئەو ئیتێلافە دەبن. دیارە ئەو کۆنفرانسانە یەکێک لە ئاسانترین و باشترین بەستێنەکانی هەوڵدان بۆ ئەو بابەتە گرینگەیە.

**کوردستان**: هەر وەک دەزانن ئیتێلافەکان زۆرتر بەرهەمی ڕێککەوتن لە سەر خاڵ هاوبەشەکانن و لەو شوێنەشدا کە خاڵێکی هاوبەش نییە،چەشنێک لە سازانی دوو لایەنە دروست دەبێ. لە ڕوانگەی ئێوە هێزەسیاسییەکانی کوردستان دەبێ لە سەر چ

**خاڵگەلێک دەبێ سازش بکەن و هەروەها لەسەر چ خاڵگەلێکیش پاشەکشە نەکەن؟**

**ناسر ئێرانپوور**: بێ گۆمان سیاسەتیی ئیتێلافی بە بێ سازان و بە بنەماگرتنی خالە هاوبەشەکان و تەریکخستنەوەی خاڵە جیاکەرەوەکان مانایەکی نییە. جەوهەری ئەو بابەتە کێشەیەکی نییە و تەنانەت پێویستیشە. گرفت لەو شوێنەدا دروست دەبێ کە سازان یەک لایەنە بێ و لایەنێک هەوڵ بدا بڕواکانی خۆی بە سەر لایەنەکەی دیکە بسەپێنێ و جۆرێک هێژمونیی هەبێ. ئیتێلافێکی لەو چەشنە درەنگ یان زوو لە نێو دەچێ. بە بڕوای من سێ بنەمای دێموکراسیی پارلمانی، فێدراڵیزم و سێکۆلاریزم دەبێ وەک بنەمایەکی سەرەکی دابنرێن. بە واتایەکی دیکە کورد دەبێ هەوڵ بدا یەکیەتییەک لە چوارچێوەی ئەو سێ بنەمایە دروست بکا. دەزانم کە کۆمەڵێک هێز هەن کە ئێران وەک « یەک نەتەوە« سەیر دەکەن، قبوولی فرەنەتەوەیی ئێران ناکەن، کورد بە »قەوم» لە قەڵەم دەدەن و بڕوایان بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان نییە.

بە بڕوای من هیچ یەک لەو خاڵانە نابێ ببنە کوسپی سەر ڕێگەی دیالۆگ و هاوکاری و تەنانەت پێکهێنانی یەکیەتی لەگەڵ ئەو هێزانە. ئەوە ئەو ڕێککەوتنە ئیتێلافیەیە کە باسم کرد. سەرنج بدەن کە ئەوە سازانێکی فیکری و پرۆگرامیی نییە، بەو واتایە کە لە داهاتووشدا هیچ یەک لە هێزە کوردستانییەکان ئێران بە »یەک نەتەوە - یەک دەوڵەت» و نەتەوەکانی ئێران بە »قەوم» نازانن. هەروەها ئەو هێزانە بە هێچ شێوەیەکیش لە مافی دیاریکردنی چارەنووس پاشەکشێ ناکەن. بەو پێیە مەبەست ئەوەیە کە ئەو خاڵانە نەبنە مەرج و کوسپی سەر ڕێگەی هاوکاری، هەر وەک هێندێک کەس بە هەڵە جەخت لە سەر ئەو خاڵانە دەکەن.

**کوردستان: بە نیسبەت «تمامیت ارضی ایران» کە لە لایەن «پان ئیرانیستەکان» و لەم دواییانەش لە لایەن گرووپە سیاسییە بە رواڵەت میانەرۆکان بە توندی پێی لە سەر دادەگیری، دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکرێ؟**

**ناسر ئێرانپوور**: راستە لە لایەک هێزە کوردستانییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک بنەمایەکی نەگۆر بۆ خۆیان سەیر دەکەن و هۆکاری بوونی خۆیان لە وەدیهاتنی ئەو بنەمایەدا دەبینن. لە لایەکی دیکە هێزە ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی بە وتەی خۆیان پارێزگاری لە تەواوییەتی خاکی ئێران بە «بناغەی کاری سیاسی» و بە واتایەکی دیکە بە مەرجی سیاسەت و هاوکاری کردن دادەنێن. ئایا ئەو دوو بنەمایە دەتوانن یەک بگرن؟ وڵامی من ئەوەیە کە بە جۆرێک یەکدەگرن و تەنیا تێکهەڵکێشێک لەو دوو بنەمایە دەتوانێ قبوول بکرێ. پێویستە هەر هێزێک بێ پێچوپەنا و بە روونی خواستەکانی خۆی باس بکا. پابەندبوونی هەر هێزێکی سیاسیی کورد بە نیسبەت تەواوییەتی ئەرزیی ئێران گرێدراوە بە دەستەبەربوونی خواستە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێران. کە وایە بنەمای تەواوییەتی خاکی ئێران ناکرێ بە شێوەیەکی جیا بۆ هێچ هێزێکی دێموکراتیکی کورد بوونی هەبێ.

لە گرووپی زۆر بچووکتری وەک بنەماڵەش بۆ درێژەدان بە ژیانی هاوبەش ناکرێ بەرپرسیارەتییەکی یەک لایەنە هەبێ. کام ژن و پیاوی ژیر هەیە کە پەیمانێک واژۆ بکا کە پێشوەخت و پێش مەرج مافی جیابوونەوەی لێ زەوت کردبێ؟ هێزە کوردستانییەکان هیچ کات تەواوییەتی خاکی ئێرانیان نەخستۆتە ژێر پرسیار و هۆشیارانە لە چوارچێوەی ئێراندا بە شوێن دەستەبەرکردنی خواستەکانی خۆیان کەوتوون. پێداگری ئەو هێزانە لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ دۆخێکە کە مافی خۆبەڕێوەبەریی سیاسی لە چوارچێوەی ئێران لەو هێزانە زەوت بکرێ. هیچ هێزێک کە بە شوێن درێژەدان و دووبارەکردنەوەی ستەم بە سەر کوردستان و سەرکوتی بزووتنەوەکەی دا نەبێ، نابێ دڵەخورپەی دابەشبوونی ئێرانی هەبێ. کەوایە تەنیا فورموولی «هەوڵ بۆ یەکپارچەیی ئێران هاوکات لەگەڵ سانترالیزە کردنیکی هەمەلایەنەی رووبەری سیاسی و حکوومی» لە ئێران دەتوانێ بۆ لایەنی کوردی گونجاو بێ. هەر بەو رادەیە پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانیش نابێ بە واتای خستنە ژێرپێی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ. پابەندبوون بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە واتای خستنە ژێر پێی تەواوەتی ئەرزی ئێران نییە ئەگەر هاوکات جەخت لە سەر هەر دوو بنەما بکرێ(هەر لەو پێوەندییەدا سەرنجی ئێوە بۆ خوێندنەوەی بابەتێکی تێروتەسەل کە لە ژێر سەردێری «نظریاتی پیرامون ائتلافی ایرانی و برخی موضوعات مربوطه از منظر کردی» بڵاو کراوەیەوە).

**کوردستان**: لە لایەن هێندێک هێز، بە تایبەتی لە نێو بزووتنەوەی کوردستان،رەخنە لە کۆنفرانسی پراگ گیراوە. بە بڕوای ئێوە ئەو رەخنانە لە جێی خۆی دایە؟

**ناسر ئێرانپوور**: ئەو کەسانە بە مەبەستی جیاجیا ئەو رەخنانەیان گرتوە. لەو پێوەندییەدا پێشتر قسەم کردوە و نووسیومە، هەر بۆیە بە درێژی باس ناکەم. بەڵام لەو شوێنەدا لەگەڵ رەخنەگران هاوڕام کە رەخنە لە حیزبە کوردییەکانی بەشدار لەو دانیشتنانە دەگرن کە خۆیان بە ناوەند دەگرن و هەوڵێکی راستەقینە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی کوردستانی نادەن، بەڵام ئامادەن لەگەڵ هێزێکی دەستە دوو و سێی ئۆپۆزیسیۆنی راست و تەنانەت لەگەڵ کەسانێک کە دژایەتی خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن دابنیشن. باسی من ئەوە بووە کە جەوهەری ئەو رەخنەیە دروستە و نەبوونی بەرەیەکی بەرینی کوردستانی بە واتای ئەوەی نییە کە بە شوێن پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی نەبین.

لە ژمارە ٥٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە

**وەرگێران لە فارسییەوە: تەها رەحیمی**

**کۆماری کوردستان لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵی پرشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا و، بوو بە سەرچەشنێک بۆ خەبات و هێمایەک بۆ نەتەوەیەکی حاشالێکراو.**

**لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەرێز ئارەش لۆرستانی کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵ، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەمبوو، پرسیارم لێکرا کە گۆڕینی ناوی "کۆماری کوردستان" بۆ "کۆماری مهاباد" چ پارادۆکسێکی لەگەڵ راستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا هەیە؟ هەروەها پرسیار کرا کە "ئەو کۆمارە چ کاریگەرییەکی دانایە سەر نەوەکانی دواتر؟"**

**کە من بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:**

"رەنگە دارشتنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دروست نەبێ، چونکی ناوێک نەگۆڕاوە و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. دەتوانین مێژوو و راستییە مێژووییەکان بە دڵی خۆمان بگۆڕین، بەڵام بە دڵی خۆمان - هەر ویست و ئیرادەیەکیش لە پشت ئەو گۆڕینە بێ - بۆمان ناگۆڕدرێ، چونکی رووداوێک رووی داوە. هەر چۆنێک بێ ناوی ئەو کۆمارە بە فەرمی "کۆماری کوردستان" بووە و بە "کۆماری کوردستان"یش دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی بە کۆماری مەهابادی ناو دەبەن دوو دەستەن:

دەستەیەک کە تەنیا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ناونیشانی دروستی شوێنی دامەزرانی بە "کۆماری مهاباد"ی ناو دێنن، چونکی دەشزانن کوردستان زۆر لەوە گەورەترە و وڵات و ناوچەیەکی زۆر گەورەتر و بەرینتر لە خۆ دەگرێ؛ کە کۆماری کوردستان هەموویانی نەگرتۆتەوە. لەم روانگەیەوە کێشەمان نییە. خۆشم، نەک وەک ناوی تایبەت، بەڵکوو بە پێی خۆشەویستیم بۆ ئەو کۆمارە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوی مهابادم وەک قەڵایەکی پۆڵایین و خەباتگێڕ لەبەرانبەر سەرەرۆیی دا خۆش دەوێ، زۆر جاران بە "کۆماری مەهاباد" م ناو هێناوە. هەروەک چۆن دەڵێین "حکوومەتی تاران"، "حکوومەتی ئانکارا" و (تەنانەت بە بێ ئەوەی "حکوومەت" یش بوترێ)، "پاریس"، "واشنگتۆن"، "لەندەن" و ..) هتد، ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی تایبەت یا چەمک و دەستەواژەی حقووقی تایبەت بن یا واتایەکی تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕێزی بگەیەنن.

بەڵام دەستەکەی دیکە بە ئانقەست و بۆ چکۆڵە کردنەوەی کۆمار لە بواری پانتایی جوگرافیایی و کەم کردنەوەی ڕەهەندە سیاسییەکەی بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. ئەوانە کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی پرسەکە هەیە، جا ئێستا چ "کۆماری مەهاباد" بێ و یان "کۆماری کوردستان."

بۆ ئاگاداریی ئەم دەستەیە دەبێ بڵێم کۆماری کوردستانی دامەزراو لە مەهاباد، لە بواری جوگرافیاییەوە هەر مەهابادی نەگرتۆتەوە، لە بواری کادری سیاسییەوە تەنانەت کوردستانی ئێرانیشی تێپەڕاندوە و لە بواری ئاسۆی سیاسییەوە ڕێژەی کوردستانی بوونەکەی زۆر زیاتر لە ئێرانیبوونی ئەو حکوومەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئێرانی". ڕاستە، تەشکیلاتی ئیداریی ئەو کۆمارە لە سەقز تێنەپەڕی کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە هی کوردەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە (کوردستان) نەبووە.

منێک لە ئەڵمان کە ٥ هەزار کیلۆمێتر لە کوردستانی ئێرانەوە دوورە، دەتوانم پارتێکی سیاسی پێک بێنم و، حیزبەکەم نەک هەر بە کوردستانی بە ئێرانییش بزانم. بۆچی؟ چونکی بەرنامە و ئاسۆی سیاسیم بۆ ئەو وڵاتەیە. دوایی ئەوە بۆ مەگەر کەممان دیوە کە چوار کەس بە شێوەیەکی شاراوە بۆ وێنە لە تاران لێک کۆبوونەتەوە و ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە و ئەو ڕێکخراوەشیان بۆ هەموو ئێران بووە، کەچی هیچ نوێنەرێکیش لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تێیدا ئەندام نەبوون؟ ئایا ئەم کارە لە خۆی دا کێشەی لەسەرە؟ ئەرێ دەکرێ ڕێکخراوێکی سیاسی کە تەنانەت، ژنێکیش لە کادری ڕێبەرییەکەی دا نییە بە هی ژنانی نەزانین؟ یان ئەوەی حکوومەتێک لە خۆراسان پێک دێ بۆ وێنەی هی منی مەهابادییشە، بەڵام حکوومەتێک لە مەهاباد دادەمەزرێ هی کرماشانییەک نییە؟!

دەزانین کۆماری کوردستان لە خۆڕاو و بە بێ هۆکار دانەمەزرا، بەڵکوو ئاکامی بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو. ئەم چەشنە بزووتنەوانە زۆر بە دەگمەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن بە یەک ئەندازە خاوەن پلە و پێگەی کۆمەڵایەتین. کە ئەمە لە بارەی بزووتنەوەی مەشرووتە و هەر وەها بزووتنەوەی سەوزی ئێستا بە ڕاست دەرچووە. کە ئەمەی دواییەنیان تەنانەت لە چەند شار تێنەپەڕی. ئەرێ لەبەر ئەمە دەتوانین لە ئیعتیباری ئێرانی بوونەکەی کەم کەینەوە، کەچی لە زیاتر لە سەدا لە نەوەدی شارەکانی ئێران تەنانەت وەک پشتیوانییش هیچمان لێ نەدیتن.؟!

هەر وەک چۆن وشیاریی چینایەتی لە لای هەموو کریکاران وەک یەک نییە، یان وشیاریی ڕەگەزی لای هەموو ژنانی وڵاتێک هاوسان نییە، ئەمە لە بارەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی ناوچەیەکیشەوە دروستە. بە هەر حاڵ پێکهاتنی حکوومەتەکان زیاتر بە بێ ڕابردووی عەینی و مێژوویی ڕوو نادەنکە ئەم زەمینانە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

پێوەندیداردا وەک یەک نییە.

کەواتە بە پێی هیچ مەنتقێک ناتوانین کۆماری کوردستان بە حکوومەتی ناکوردی و تەنیا مەهاباد بزانین،هەر لە بەر ئەوەی ناوەندی دامەزرانەکەی بە هۆی بەرزبوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، مەهاباد بووە.

ئەم کۆمارە تەنانەت کاریگەری کردە سەر پارچەکانی دیکەش، چونکی لە راستیدا هەموو بزووتنەوەی کورد لە هەر چوارپارچە لە زۆر بوارەوە خۆی بە میراتگر و قەرزباری ئەم کۆمارە دەزانێ.

ماوەیەکی زۆرە هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە هەمان دروشمی ستراتیژیکی کۆماری کوردستان، واتە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی نیشتمانیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە کۆماری کوردستانە و نیازیشیان هەر هەمەن کۆمارە، جا ناوەکەی "حکوومەتی ئەیالەتی" بێ، "حکوومەتی فیدراڵ"، "حکوومەتی هەرێم"، "حکوومەتی خودموختار" بێ، لە راستیدا جیاوازییەی جەوهەری تێدا نییە.

ئێستاش ماوەیەکە بەرە بەرە درووشمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ بە بەرنامەی سیاسیی پارتە ئێرانییەکان. ئەو کاتەی پیشەوەری و قازی محەمەد باسیان لە فیدراڵیزم و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرد، بەشێک لەو وڵاتە فیدراڵیستییانەی ئەمڕۆکە فدراتیڤ نەبوون. ئەو دوو حکوومەتە زۆر لە سەردەمی خۆیان لە پێشتر بوون کە سیاسییە ناوەندگەراکان تێی نەدەگەیشتن و هێشتاش لێی تێ ناگەن. تەنیا ئەو دوو حکوومەتە بوون کە بە ئارمانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە وەفادار مانەوە و لەم پێوەندییەشدا داوای جێبەجێ بوونی نێوەڕۆکی قانوونە ئەیالەتی و ناوچەییەکانیان دەکرد.

بە هەر حاڵ کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەی فیزیکی لە لایەن فاشیزم و شوڤێنیزمی نێوخۆییەوە رووخا لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵێکی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا، بوو بە سەرچەشنێکی خەبات و هێمایەک بۆ شۆڕشی گەلێکی حاشالێکراو. کۆماری کوردستان بوو بە دامەزراوێکی سیاسی - نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، ئەویش نەک لە سەر بنەمای کەسێک و تاکەکەسێک، وەک ئەوەی لە ئێراندا باو بوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەی گشتی و بۆ یەکەمین جار بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پارتێک بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو. ئەو کۆمارە نیشانی داین نەک هەر دەتوانین، بەڵکوو خۆمان دەبێ خاوەن حکوومەتێکی نەتەوەیی بین، تا میکانیزمێک بۆ پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر ژینۆسایدی فەرهەنگی، سڕینەوەی فیزیکی و حاشا لێکردنی پێک بێنین. کۆماری کوردستان دژکردەوەیەکی ئاشکرا و راشکاوانە بوو بە پرۆژەی "نەتەوەسازی"ی دەوڵەتی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، مافخوراویی سیاسی و داگیرکاری و چەوساندنەوە

ئابوورییەکەی. کۆماری کوردستان دیارترین  نیشانەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بەڵگەیەکی دیکەی کورد بوون، بوو. نەسلەکانی دیکەش ورەیان پێی بەرز بۆوە و هێما و سومبولەکانیان بە هێما و سومبولی خۆیان زانی؛ لە هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا ئاڵا و سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی. کە ئەمەش هەمەن ئارمانج و ویستی سیاسی ئەو کۆمارە، واتە پێکهێنانی سترەکتۆرێکی سیاسی لە وڵاتدا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەییش دەگرێتەوە.

ئەریٚ ئەگەر خەڵکی کوردستان، نەک هەر کوردستانی ئێران، ئەو کۆمارەیان بە بزووتنەوەی شارێکی بچووک و پرۆژەیەک زانیبا، کە هی خۆیان نییە، بەم  قووڵییە و بەم هەستەوە خۆشیان دەویست کە نەک هەر بە هێمای خۆیانی بزانن، بەڵکو هەموو ساڵێ وەک رۆژێکی نەتەوەیی رێزی لیٚ بگرن و یادی لیٚ بکەنەوە؟! رەنگە قازی  محەمەد خۆشی پێی وانەبووبیٚ ئەو ئاڵایەی هەڵیکردوە سنوورەکان تێدەپەڕێنیٚ و حەفتا ساڵ دواتر لە شارەکانی عێراق و تورکیە و سوریاوە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بشەکێتەوە.

رۆژێک لە سمینارێک لە ئاڵمان تووشی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق بووم. هەر کە زانی لە مەهابادەوە هاتووم، وتی"هەر موسلمانێکی بەدین لە سەریەتی لانیکەم جارێک مەکە و مەدینە زیارەت بکا و پەیمانی خۆی دەگەڵ خودا نویٚ بکاتەوە. بەڵام من دەڵێم هەر کوردێکی سیاسی و وشیار لە سەرێتی لە ژیانی دا لانیکەم جارێک بچێتە مەهاباد و پەیمانی خۆی لەو شارەی یەکەم کۆماری کوردی لیٚ دامەزرا نویٚ بکاتەوە. منیش تا ئێستا نەک جارێک بەڵکوو چەند جار چوومەتە ئەو مەیدانەی کۆماری لیٚ راگەیەنراو پەیمانی خۆم لەگەڵ نویٚ کردۆتەوە". بۆیە دەڵێم ئەو کۆمارە نەک هی مەهابادییەکان و شارەکانی دەوروبەر، نەک هی کوردستانی ئیران، بەڵکوو هەموو کوردستانە.

من هێندێکیش بەولاوەتر دەڕۆم و دەڵێم کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان هی هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دیمۆکراتیکی ئیرانە و قازی محەمەد و پیشەوەری نەک هەر رێبوارانی رێی ئازادی ئەو دوو نەتەوەیە بەڵکوو هەموو ئێرانن. یادیان بەرز و پیرۆز و رێگەیان پڕ رێبوار بیٚ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان و کورد  -  رێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## حکوومەتی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات، ڕادیکالیزم، ڕیفۆرمیزم یان لیبڕالیزم؟

**پرسیاری سەرەکی کە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی دێتە پێشەوە، ئەوەیە بە کامە بەرنامە، دروشم و ئامراز ڕووبەڕووی ئەو حکوومەتە دەبنەوە. وڵامدانەوەی پرسیارەکە پێوەندیی جیانەبۆوەی بە:**

١) هەڵسەنگاندنی ئێمە لە ماهییەتی حکوومەت

٢) ڕادەی نفووز و وەرگیرانی لەنێو خەڵک و

٣) هەبوون یان نەبوونی میکانیزمە دێموکراتیکەکان لە کۆمەڵگە و بە دەستەواژەیەکیتر جۆری هەڵسوکەوتی خودی ڕێژیم لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

پێم وایە هاوڕاییەکی گشتی لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنە هەبێ کە ماهییەتی ئەم ڕێژیمە مەزهەبییە تەواوخوازانە و کۆنەپەرستانەیە و هەروەها کۆدەنگیی لەسەر ئەوەش هەبێ کە زۆربەی خەڵکی ئێران دژی ئەون. بەڕواڵەت بۆ هەمووانیش ئاشکرایە کە تاڕادەیەکی زۆر هیچ کەشوهەوایەکی قانوونی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی، بانگەشەی ئازادانەی هەڵوێستەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ناساندنی ئاڵترناتیڤەکانی گونجاو و ئیمکانی چالاکیی چاپەمەنییە ئازادەکان لەئارادا نیە و ڕێژیم هەرچەشنە دژایەتییەکی تاکەکەسی و ڕێکخراو وەک شەڕ لەگەڵ نیزام، خوا و ڕەسوڵی خوا لەقەڵەم دەدا و حوکمی قورس و یەک لەوان ئێعدام بەسەر ئەنجامدەرانیدا دەسەپێنێ، کەواتە دیکتاتۆریی و سەرەڕۆییش هەیە. ئەوەشی پێوە زیاد کەین کە هەوڵدان بۆ چاکسازیی ڕێژیم لە ناوەوە بێئەنجام مایەوە و بەشێکی زۆری بژاردەکانی ئەم بوارە یان زیندانیی کران، یان ئیزنی هاتنەدەر لە ماڵەویان پێنەدرا یان ئاوارەی غەریبایەتی بوون. هەربۆیە بە ڕیفۆرمیزم یان بە قەولی ڕێژیم «ئینقلابی مەخمەلی»یش ناکرێ کارێک بکرێ. ئێستا لەگەڵ ڕێژیمێکی خاوەن چوار تایبەتمەندیی کۆنەپەرستی، دژەخەڵکی، دژەدێموکراتیک و چاکسازیی هەڵنەگر، دەبێ چون هەڵسوکەوت بکرێ؟

دیارە لە پێوەندی لەگەڵ تایبەتمەندیی چوارەم دەبێ بگوترێ گرووپێک لە ناوخودا، هەرچەند زۆر کەم، تا ئێستاش هیوایان بۆ ڕوودانی موعجیزە لەدەست نەداوە و بەخۆشبینییەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەتوانرێ لەڕێگەی حەرەکەت و هەنگاوگەلی بچووکەوە گۆڕانکاریی ئەرێنی لە کۆمەڵگە و گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاو و لەسەرەخۆی نێو ڕێژیم بێتە کایەوە. بەشێکیان بەناچاری تەنانەت ئاستی چاوەڕوانییەکانیان تا ڕادەیەک هێناوەتەخوار کە ئیتر کێشەی ئەمنییەتی بۆ ڕێژیم

دروست نەکا و بۆ خودی ئەوانیش تێچووی زۆری نەوێ. هەر لەسەر ئەم بنەمایە و لە هەمان کاتدا بێ‌ئەوەی بیانهەوێ مەترسیی سەر ڕێژیم کەم دەکەنەوە و گشت دەمودەزگای ئەمنییەتی و سەرکوتی ڕێژیم لە باڵێکی دیاریکراو هێندێکجار تەنانەت تاکەکەسێکی دیاریکراودا کورت دەکەنەوە، ئۆپۆزیسیۆنیش بە «ڕادیکالیزم» تاوانبار دەکەن و بە قسەی خۆیان پێشنیاری «لیبرالیستی» پێ‌دەدەن.

### بەڵام «ڕادیکالیزم» چیە و ئایا ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی «ڕادیکاڵ»ە؟ «لیبرالیزم» چیە و داخوا ئەوەی هاوڕێیان بە نیازپاکییەوە دەیڵێن «لیبرالیزم»ە؟

ئەگەر بمانەوێ خۆ لە باسە دوورودرێژ و ئەکادێمیکەکان ببوێرین دەبێ بڵێین «ڕادیکالیزم» شتێکی جیا لە «بناژۆخوازی» نیە. ئەم زاراوەیە لەم دواییانەدا زیاتر بۆ ئیسلامخوازە توندڕەوەکان بەکار دێت و مەبەستیش لێی ئەوەیە کە ئەوان بەداوی گۆڕانی بنەڕەتیی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە قازانجی جێگیربوونی برگەبەبڕگەی شەریعەتی ئیسلام لە ڕێگەی توندوتیژییەوەن. لە ڕابردوودا ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ چەپ و ڕاستی سیاسیی کۆمەڵگە بەکار دەهات.

«لیبرالیزم»یش خاوەن دوو ڕەهەندی ئابووری و حقووقییە. «لیبرالیزمی ئابووری» بەدوای بەرتەسک کردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتی لە بواری ئابووری و لایەنگریی پەرەسەندنی میکانیزمەکانی بازاڕی ئازاد دایە و «لیبرالیزمی حقووقی»یش لە بەرامبەردەستێوەردانی دەوڵەتیدا، بەرگریی لە ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان دەکا. لیبرالیزم لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقییەکان تاک دەناسێ نەک ئایین. تێیدا ڕەسەنایەتیی بۆ تاکە نەک کۆمەڵ.

بەم شیکردنەوە کورتە با جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن هەڵسەنگێنین و بپرسین: ئایا بەڕاستی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی «کۆماری ئیسلامی» ڕادیکاڵە، بناژۆخوازە، توندڕەوە کە خوازیاری پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسیی دێموکراتیک لە ئێران بێ، سیستەمێک کە تێیدا فاکتەری ئایین لە دەوڵەت بەتەواوەتی جیا ببێتەوە، حیزبەکان ئیزنی چالاکیی سیاسییان هەبێ، نوێنەرانی پەرلەمان بەشێوەیەکی واقیعی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن، چاپەمەنییەکان سانسۆڕیان لەسەر نەبێ، سێ دەسەڵاتەکە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لێک جیا بکرێنەوە، گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام و تیرۆری جیابیران لە گۆڕێ نەبێ؟ ئایا لە بنەڕەتدا داخوازیی لەسەرکار لابردنی سیستەمی ڕادیکاڵی مەزهەبی و جێگیرکردنی دێموکراسی «ڕادیکالیزم» بە واتا نەرێنییەکەی هەیە؟ ئایا بۆ ئەوەی بە «ڕادیکاڵ» دانەنرێین، دەبێ ئاستی چاوەڕانیی و داخوازیی، ئاوات و ئامانجەکانمان تا ئەو ئاستە کە جێگەی پەسندی ڕێژیم بێ، دابەزێنین؟ ئایا دەبێ کەرامەتی مرۆیی خۆمان و خەڵکی خۆمان، ماف و ئازادییەکانمان فڕێ دەینە ئەولاوە بۆ ئەوەی بە بناژۆخواز لەقەڵەم نەدرێین؟

لەبنەڕەتدا کەمتر ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرییەک لە بەرامبەر ڕێژیمە فاشیستییەکان دەتوانرێ بە «ڕادیکاڵ» و شیاوی ئیدانەکردن دابنرێ. ئاخۆ ڕادە و پێوەر و پێودانگی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەکە «ڕادیکاڵ» کێیە، حکوومەتی فاشیستی ئیسلامیی ئێرانە؟ هەڵبەت ڕۆشنبیریی لە هەر کۆمەڵگەیەک، تەنانەت کۆمەڵگە دێموکراتیکەکان، لە سنووربەندیی ڕوون و لێبڕاو لەگەڵ نەزمی مەوجوود و بەرگریی لەوانە واتا پەیدا دەکا کە مافەکانیان پێشێل کراوە. مەگەر غەیری ئەمەیە کە «ڕادیکاڵترین» هەڵوێست لەبەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووخاندنی توندوتیژانە و جێگیرکردنی سیستەمێکی ناسراو و باوە و مەگەر ئەو داخوازییە بە ئیستلاح ڕادیکاڵە، ڕادیکاڵ بە واتا نائەقڵانی و ناهەموارەکەی، بە واتای زێدەڕۆیی و توندڕەویی، بە واتای بناژۆخوازیی مەزهەبی یان سیاسی و نەرێنییەکەیەتی؟ بەهەرحاڵ ئەمن داخوازیی ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە بناژۆخوازە مرۆڤکوژە بە تەواوی بنەماکانیەوە بە عەینی هیۆمانیزم، ڕاسیۆنالیزم و ڕیالیزم دەزانم نەک «ڕادیکالیزم».

سەرنجڕاکێش ئەوەیە خودی ڕێژیم فەتوای کوشتوبڕ و لەناوبردنی جەستەیی و تیرۆری کەسایەتیی دژبەرانی داوە بەڵام ئەمە لە قامووسی باو لە حکومەتی ئیسلامیدا بۆ پارێزراوبوونی لە بەدواداچوونی سزایی، «ئوسووڵگەرایی» پێدەگوترێ نەک «ڕادیکالیزم»، بەڵام خەبات بە دژی ئەم ڕێژیمە تیرۆریستییە «ڕادیکالیزم»!!

بە باوەڕی من کەمتر بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی جیددیی دەتوانرێ »ڕادیکاڵ»ی پێبگوترێ. ڕادیکالیزم تەنیا داخوازیی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگەدا نیە، بەڵکو بۆ دنیابینی، شێوازەکانی کاری شۆڕشگێڕی و تایبەتمەندیی ئەو سیستەمە سیاسییەش دەگەڕێتەوە کە بڕیارە جێگەی ڕێژیمی سیاسیی مەوجوود بگرێتەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆیی نە جیهانبینی و شێوازی خەباتی ڕادیکاڵی هەیە و نە ئیددیعای ئەوەی کردووە بەدوای ئەو ڕێژیمە سیاسیەوەیە کە دەرفەتی هیچ ئازادییەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کەس نادا. تەنانەت چەپە ئۆرتۆدۆکس و کلاسیکییەکانیش ماڵئاواییان لە شێوازی سیستەمی یەک حیزبی کردووە و قسە لە پەرلەمانتاریزم دەکەن، هەربۆیە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوانیشدا ناتوانرێ باسی ڕادیکالیزم بکرێ.

ئێستا با گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانە ئوروپاییەکان لە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتەکانیان لەگەڵ لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو حکوومەتە بەراورد بکەین. لە وەها حاڵەتێکدا بەدڵنیاییەوە تێدەگەین گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆر نەرمتر و سازگارترە لە گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتە ئوروپاییەکان لە بەرامبەر دەوڵەتەکانیاندا. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سیستەمی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا لە گشتێتیی خۆیدا ڕەت دەکاتەوە، لەحاڵێکدا ئۆپۆزیسیۆنی ئورووپایی سیستەمە سیاسییە ئاراییەکان لەسەداسەد قبووڵ دەکا. ئەگەر گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ڕادیکالیزم دابنێین، بەناچار دەبێ گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئورووپایی بە «ئێکسترمیزم» لەقەڵەم

بدرێ!

لەبیرمان نەچێ کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە ئورووپاش بۆ هێنانەخواری حکوومەت لە لوتکەی دەسەڵاتدا خەبات دەکەن، بەڵام بە ئامرازگەلی دێموکراتیک کە خودی نیزامی سیاسی لە ئیختیاری ناون. لە ئەگەری نەبوونی ئەو میکانیزمە ئاشتیخوازانە سروشتی بوو ئەمە لە ڕێگاکانی دیکە وەدی بێ. بەهەرحاڵ ناتوانرێ لە حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە بەپێی پێناسە ڕەساڵەتی سەرەکییان وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسیە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەرنامەکانی خۆیاندا ڕێکیان خستووە، بەشێوەیەکی جیددی چاوەڕانیمان هەبێ دەست لە بەرنامە و پرەنسیپ و پەیامی گشتیی خۆیان هەڵگرن و لە باشترین حاڵەتدا ببنە کلووب و ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ. بەتایبەت لە بارودۆخێکدا کە بەشێوەیەکی ڕەها بواری هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسیی حیزبی لەئارادا نەبێ و ڕێژیمی حاکم بە توندوتیژترین شێوە خەریکی تواندنەوە و لەناوبردنی فیزیکی و وەلانان بێ، ئەم حیزبانە ناتوانن سیاسەتێکی جیا لە ڕووخاندنی بەتەواوەتی ڕێژیم بگرنەپێش، ئەگەر نەیانەوێ دەنگ بە توانەوەی خۆیان بدەن.

لە بنەڕەتدا کار و ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن فۆرمۆڵەکردنی کەموکوڕییەکان، نادادپەروەرییەکان و لادانەکانە، بە بەردەنگ دانانی خاوەن دەسەڵاتەکان بە دەنگی بەرز و خستنەڕووی ڕێگەچارە و ئاڵترناتیڤەکانە. بێجگە لەمەش، ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕاکێشانی بیروڕای گشتی دەبێ حاڵەتی وروژاندن و هێرشبەرانەی هەبێ نەک بەشێوەی بەرگریکارانە هەڵسوکەوت بکا. ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن بەهەرحاڵ بڵاوکردنەوەی حەبی خەوهێنەر نیە، وروژاندنی حەساسییەت و پاڵنەرەکانە. چەندین جار لە زمان نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئوروپام بیستووە کە لە وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە ئۆپۆزیسیۆن، حکوومەت بەم و بەو تۆمەتبار دەکەن و بۆچوونیان چۆنە، گوتوویانە: «ئەمە ڕێتۆریک و زمانحاڵی ئۆپۆزیسیۆنە. ئێمەش ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بووایەین، هەر ئەو کارەمان دەکرد.» کەواتە تەنانەت نوێنەرانی حکوومەت، ئۆپۆزیسیۆن بە «ڕادیکاڵیزم» تۆمەتبار ناکەن، بەڵکو گرنگیی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیی ئەوان و واقیعییەتی قسەلەڕوویی ئەوان بەبیر دێننەوە. بەهەرحاڵ نەتەنیا هیچ کەس چاوەڕانیی لە ئۆپۆزیسیۆن نیە بەرنامەکانی فەرامۆش بکا، بەڵکو ڕاست بەپێچەوانەوە، چاوەڕوانیی ئەوەیە کە جیاوازیی ڕوانگە و بەرنامەیی ئۆپۆزیسیۆن و حکوومەت بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرا بێ و ئەم جیاوازییە بە وتەیەکی زۆر ڕوون لە چوارچێوەی ڕەتکردنەوەی لێبڕاوانەی سیاسەت و کردەوەکانی حکوومەت دێتە سەر زمان. لە غەیری ئەوەدا هۆکارێک بۆ هەڵبژاردنی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی دواتر لەئارادا نابێ. دواهاتی دیکەی وەها بارودۆخێک پەرەسەندنی کەمتەرخەمی و بێموبالاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا دەبێ و ئەمە بۆ سڵامەتیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵگە بە ژەهر لەقەڵەم دەدرێ. کەواتە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن و گوتاری پەسیڤانەی هاوواتایە بە لاوازیی کردەوە و هۆگریی سیاسی لەنێو کۆمەڵگە و خەسارهەڵگربی دێموکراسی.

لە پێوەندیی لەگەڵ «لیبرالیزم»یش لەوانەیە بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە بەس بێ کە بە پێچەوانەی بۆچوونی باو لە ئێراندا لیبراڵ بوون بەواتای قایمکاری و کۆنە پارێزیی نیە. لە ئێراندا گرووپگەلێک بە ساختەیی بە «لیبراڵ» ناسێنراون کە لەلایەک ناسیۆنالیست و لەلایەکی دیکە مەزهەبی و لەگەڵ ڕێژیمی تێئۆکراتیش هەمیشە مودارایان کردووە، لەحاڵێکدا ناسیۆنالیزم و تێئۆکراتیزم لەگەڵ جەوهەر و ناوەڕۆکی لیبرالیزم نامۆن. لەگەڵ ئەمەشدا لیبراڵ بوون بەهیچ شێوەیەک بەو واتایە نیە کە ناتوانرێ لایەنگری گۆڕانکارییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان بی. واتا و مەرجە سەرەکییەکانی لیبراڵ بوون ئازادیخوازییە، بەرگریی لە ئازادیی حیزبەکانە، داکۆکیی لە مافەکانی کەمینەکانە، خەبات بەدژی دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتی و بەرگریی لە سەربەخۆیی و ئازادییە تاکەکەسییەکان و بیاڤی گشتیی لە بەرامبەر ئەودایە. بەرگریی لە مافەکانی ژنانە و بەتایبەت بەربەرەکانی دەگەڵ دەستێوەردانی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و پێکهاتەی حکوومەتییە. بەواتایەکی دیکە ناتوانرێ لە ئێراندا بەرگریی لە لیبرالیزمی حقووقی و تەنانەت ئابووری بکرێ، بەڵام خوازیاری لەناوبردنی سیستەمی سیاسیی تێئۆکرات و ئازادیستێن و دژە ژنی مەوجوود نەبی، سیستەمێک کە خاوەن ئابوورییەکی ڕانتی و دەوڵەتیی و سەربازیی دەستێوەردەرە.

ئەگەر فەرز لەسەر ئەوە دابنێین کە لایەنەکانی وەک «بەرەی نەتەوەیی ئێران» و «تەڤگەری ئازادی» و کەسایەتییە میللی - مەزهەبییەکان لیبراڵ بوون، مەگەر جیا لەوەیە کە ئەوانیش لە هێرشی ڕێژیم پارێزراو نەبوون؟ ئەگەر ئەوان هەروەک موجاهیدین و چەپەکان و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان کۆمەڵکوژ نەکراون، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوان بەهۆی لاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتییان لەڕاستیدا «گشت»ێک لە ئارادا نەبووە کە کۆمەڵکوژ بکرێن ئەگینا بۆ ئەوانیش دەرفەتی چالاکیی لەنێو جەماوەردا نەبووە. تەواوی هەوڵی ئەوان لەچوارچێوەی بەڕێوەبردنی دانیشتنی چەندکەسیدا کورت بۆتەوە کە تازە بەپێی ئاه و ناڵەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندیی جەبهەی میللی پێشگیری لەوەش دەکەن.

هەربۆیە لە ئێرانی ٧٥ میلیۆنی بێجگە لە چاپی چەند بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ و کەم تیراژ کە ڕێژیم لە بەرتەسک نەکردنەوەی بەتەواوەتی ئەوان بەدوای مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیەتی، هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی لەگۆڕێدا نیە، نە بۆ چەپی «گشتی خواز»، نە بۆ لیبرالی «تاکخواز» و نە بۆ ڕیفۆرمخوازی دەروونگەرا. ئایا چارەیەکی جیا لە «لە زەبڵدانی مێژوو هاویشتن»ی ئەم ڕێژیمە بۆ خەڵک و بژاردەکان و هێزە سیاسییەکانی ئێران ماوەتەوە؟

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەتوانرێ بە بینایەکی شیاوی ڕووخاندن (بنای کلنگی) بشووبهێنرێ. تەمەنی بەسوودی بینایەکی ئاسایی بۆ نموونە لە ئورووپا ٨٠ بۆ ١٠٠ ساڵە. بەڵام لە ئێران بینایەک کە تەمەنی لە دوو ـ سێ دەیە تێپەڕ بێ، بە «کلنگی» (کۆنەی شیاوی ڕووخاندن) لەقەڵەم دەدرێ. ئێستاکە حکوومەتی ئیسلامی سێ دەیە و نیوی پێشوو، ئێستا بە

کەلوپەلی ژێربەنایی هێندێکیان ١٤٠٠ ساڵ لەوەپێش و بەشێکیان ٤٠٠ پێش (ئیسلام و تەشەییوع وەک بنەما تیۆرییەکەی) و کەرەستەی ڕووبەنایی و جوانکاریی ئەمڕۆیی (کۆمارییەت، پەرلەمان، هەڵبژاردن...) دامەزرا. بەم پێوەرە دەبێ بە بینای کوێنگی بێتە ئەژمار کە لە بناغەوە وێرانە. بینایەک کە دانیشتووانەکەی (دەسەڵاتداران)ی جارناجار پەنا بە دەسکاری و جوانکاری دەبەن، بەڵام بە چەنگ و ددان پێش لە ڕووخان و نوێکردنەوەی دەگرن. مانەوەی ئەم بینا لە بناغە وێرانە و هەوڵدان بۆ ڕەنگکردنەوە چوارساڵەی (هەڵبژاردن) بۆ پێشگرتن لە دارمانی، تێچوویەکی زۆر زیاتری بۆ خەڵک هەیە هەتا تێکدان و دووباره سازکردنەوەی بە کەرەستەی ژێربەنایی و ڕووبەنایی ئەمڕۆیی.

ئەنجام ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و ڕووخێنەری ڕێژیم سەرەڕای داخوازیی بۆ گۆڕانی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسیی ئارایی، «ڕادیکاڵ» بەواتا نەرێنییەکەی نیە، چاوەڕانیی چاکسازیی لە ڕێژیمدا ئاو لە ئاونگدا کوتانە و پابەندبوون بە لیبرالیزم پێویستیی بە داخوازیی سیستەمێکی سیاسیی سێکۆلار و دێموکراتیکە. بڵاوکردنەوەی کەشی بێهیوایی و هێنانەخواری ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد دژایەتی لەگەڵ پەیامی ڕۆشنبیریی هەیە و پێش بە گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا دەگرێ. دەبێ دژایەتی و بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو بۆچوونە بکرێ کە پێی وایە چارەنووسی کۆتایی و نەگۆڕی ئێمە و وەچەکانی داهاتوو ئەم حکوومەتەیە و بێجگە لە قبووڵکردنی، ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نیە. خەڵکی ئێمەش لێهاتوویی گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسییان هەیە.

لەژمارە ٦٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٥

## تێڕامانێک لە دانیشتنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران

**وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان مووساپوور**

لە مانگەکانی دواییدا بەمیدیایی بوونی دانیشتنی هەیئەتی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هێندێک باسی هێناوەتە ئاراوە: هێندێک بە «واقیع بینی» و ژمارەیەکیش بە «زیانبار»ی دەزانن. لەڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە نەک پێویستی، بەڵکو ئیمکانی سازان لەگەڵ ڕێژیم بەهۆی سروشت و ڕوانگەی تائێستاکەی شتێکی بێئاکامە، هەربۆیە سەرمایەگوزاریی زۆر لەسەری و پێداگریی پڕتێچووی میدیایی بەقازانج نیە.

١- خاڵە گشتیەکان، بنەما ستراتیژییەکان و بنچینەی سیاسیی حیزبە کوردستانییەکان لە بەرنامەکانیاندا ڕێک خراوە و گونجێنراوە. زۆربەی ئەم حیزبانە هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ و وەدیهێنانی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر بنەمای پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوچەیی کوردستان لە چوارچێوەی ئەودا و بەشداریی ڕێکخراو و بەکۆمەڵ لە حاکمییەتی ناوەندیدا دەدەن. تەنانەت کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەرنامەی خۆی» بۆ حاکمییەتی جەماوەریی لە کوردستان» و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک) بە «کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیک»ی خۆی، دژایەتییەکی بنەڕەتییان لەگەڵی نیە. هەرچەند سەربەندی ئەوان ڕاست وەک ئەم سیستەمە نەبێ. وا دێتە بەرچاو کە لەم پرەنسیپ و داخوازییە مێژووییە نایەنەخوار. ئەمە لە ڕوانگەی منیشەوە ڕاستە، چونکە بە زۆر هۆکار، تەنیا وەها میکانیزمێک لە ئێراندا گرەنتیی مافە نەتەوەیی و گشتییەکانی کورد دەکا.

٢- لە کەس شاراوە نیە ماهییەتی دژە دێموکراتیکی حکوومەتی کۆماری ئێسلامیی ئێران لەباری پێکهاتەییەوە بە هاتنەسەرکاری ئاغای ڕوحانی بە چاوپۆشی لە ڕێتۆریکی جیاواز، بە بەراورد لەگەڵ ئاغای ئەحمەدی نژاد بچووکترین گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، نە بۆخۆی وەها ئیددیعایەکی کردووەو نە کردەوە و سیاسەتەکانیشی ئەمە دەردەخەن. بەشێوەیەک کە ئەم ڕێژیمە هەروا کۆسپی سەرەکیی جێگیربوونی دێموکراسی و فیدرالیزم لە ئێرانە. لەبنەڕەتدا ئەم ڕێژیمە ناوەندگەرا و دامەزراو لەسەر سەرەڕۆیی سیاسیی و فاشیزمی مەزهەبی، قەومیی و ڕەگەزایەتی توانایی قبووڵکردنی داخوازییە دێموکراتیکە بنەڕەتییو پێکهاتەییەکانی نیە. بەناچار یان دەبێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەسەرکار لابچێ یان بەشێوەیەکی توندوتیژانە کۆتایی پێبهێنرێ.



سەرچاوە Serchawe

٣- چۆنییەتی وەدیهاتنی ئەم کارە و رەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران و جێگیربوونی دیموکراسیی دامەزراوەیی تێیدا لە پێشدا دیاری ناکرێن و پێوەندیی بە فاکتۆرگەلی جیاواز بەتایبەت بەربڵاویی و قووڵیی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی و مەدەنیی خەڵکی ئێران و توانایی و جۆری بەرگریی رێژیم لە بەرامبەر ئەوەدا هەیە. سروشتییە دەبێ ئەولەوییەت بە گۆڕانکاری دیموکراتیکی هەرچەند لەسەرخۆ بەڵام ئاشتیخوازانە بدرێ. بۆ وەدیهێنانی ئەم بژاردەیەش نابێ لە هیچ هەوڵێک تەنەخی بکرێ. هەر لەسەر ئەم بنەمایە جێی خۆیەتی پشتیوانیی لە هەر بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازی نێوخۆیی لەپێناو گۆڕانکاری ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێ. بزووتنەوە مەدەنییەکان نەک ڕکەبەری حیزبە سیاسییەکان، بەڵکو تەواوکەر و تەنانەت پێویستیی کاری کلاسیکی ئۆپۆزیسیۆنیی ئەوانن. هەر لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دەبێ هاندەری پێکهێنانی دەستە و گرووپ و ئەنجوومەن و حیزب و بەرە لە نێوخۆی ئێران، هاندەری بەشداریی خەڵک لە پرۆسە نیوە یان شێوە دیموکراتیکەکان تەنانەت لە چوارچێوەی ئەم حکوومەتە دژە دیموکراتیکەدا بین و دروست نیە هەوڵەکانی چالاکانی نێوخۆ لەم بیاڤەدا بە رەشبینی و گومان رەت بکرێنەوە یان بە بێنرخ دابنرێن. لەپێوەندیی لەگەڵ بانگەواز بۆ بەشداری یان بەشداری نەکردنی خەڵک لە «هەڵبژاردنەکان»ی رێژیمشدا دەبێ بەشێوەی تایبەت بڕیار بدرێ و واز لە تەحریم کردنی هەمیشەیی بێنین.

بەڵێ، داخوازییەکانی حیزبە کوردستانییەکان لەبناخەڕا پێکهاتەیین، بنەڕەتین، بەڵام هەڵەیە تا وەدیهاتنیان دەست لەسەر دەست دابنرێ و لە خستنەڕووی داخوازیی بچووکتر و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریی بچووکتر چاوپۆشی بکرێ، تەنانەت ئەگەر کاتیش بن. دەبێ دینامیزمی گۆڕانکارییە لەسەرخۆکان لە کۆمەڵگەدا بناسرێن و لەسەر بنەمای ئەوە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بکرێ و تەنانەت کاری رێکخستن ئەنجام بدرێ. لەبنەڕەتدا دەبێ خەڵک لە چاوەڕوانی هەتا ڕۆژی وادەدراو بهێنرێنەدەر، رۆژێک کە گوایە قەرارە لەلایەن ڕزگاریدەران و پێشڕەوانی کۆمەڵگە ڕزگار بکرێن! ئەم چاوەڕوانییە دەبێ جێی خۆی بە پشت بەخۆبەستن و پەیداکردنی پایە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بیاڤی گشتی بدا . لە ئەنجومەنی مافی مرۆیی، دامەزراوەی سینفی و گرووپ و حیزبی سیاسیی یاسایی تا چاپەمەنی ئازاد و سەربەخۆ . لە وەها بەستێنێکدا خەڵک تاقی دەکرێنەوە و دواهات و لێکەوتەی ئەرێنیی گۆڕانکاریی لە ژیانی خۆیاندا دەبینن، کۆمەڵگە لە حاڵەتی « یان پاسیڤبوون یان ڕادیکاڵیزم» دێتەدەر و پێش بە جەمسەری بوونی دەگیرێ و ئەمە سەرکوتی هێزە پێشڕەوکان لە کۆمەڵگەدا لەلایەن رێژیمەوە، دژوارتر دەکا.

تێگەیشتنی من ئەوەیە کە حیزبە کوردستانییەکانیش وەها تێگەیشتنێکیان لە چالاکییە مەدەنیی و سیاسییە ئاشتیخوازانەکانی نێوخۆی وڵات هەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا بەشێوەی تایبەت لەم یان لەو بزاڤ یان حەرەکەت بۆ نموونە ڕیفۆرمخوازانی کورد پشتیوانیی تەبلیغییان نەکردووە، لەبەر ئەوە نەبووە کە سەبارەت بەو رەشبین بن یان گومان لێی هەبێ، بەڵکو تەنیا بەم هۆیەوە بووە کە نەیانویستووە ببنە سەرچاوەی کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەوان و مەیدانی چالاکیی و

بواری کارکردنیان لێ تەنگتر و بەرتەسکتر بکەنەوە.

بەڵێ، حیزبە کوردستانییەکان لە هەمان کاتدا کە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆیانیان وەلا نەناوە، لەهەمان کاتدا کە بەرگریی تەنانەت چەکدارانە لەهێندێک بارودۆخدا بە مافی سروشتیی خۆیان دەزانن، بەردەوام ڕایانگەیاندوە لە زاتی خۆیاندا حەز بە تێکهەڵچوون و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکاڵ و توندوتیژ نین و پێیان باشترە لەنێو خەڵک، لەگەڵ خەڵک و لە ڕێگە ئاشتیخوازانەکانەوە بە ئامانجەکانیان بگەن و لەنێو خەڵکدا کار و چالاکی بکەن. ئەمن دڵنیام زۆربەیان تەنانەت ئەگەر تەنیا ئیمکانی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی زۆر کەم بایەخی وەک شووڕای شارەکانیان هەبایە، پێشوازییان لێ دەکرد و کەڵکیان لێ وەردەگرت. ئەگەر ئەمە وەدی نەهاتووە، ئەمە لە پلەی یەکەمدا نەک بۆ «گشتیخوازی» و «پاکژخوازی»ی فەرزکراوی ئەوان، بەڵکو بۆ ماهییەت و ڕوانگەی ڕاستەقینەی ڕێژیمی «کۆماری» ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە کە نەتەنیا لە حیزبایەتی و چالاکیی ڕێکخراو و ڕێکوپێکی سیاسی لە کۆمەڵگەدا دەترسێ، بەڵکو تەنانەت بە توندی وڵامی هەر جووڵە و حەرەکەتێکی تاکەکەسی مەدەنیی لە بواری مافی مرۆڤیشدا دەداتەوە.

**لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە پێم وایە ئەگەر ڕێژیم بەنیازی گفتوگۆ لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و شکاندنی داخراویی سیاسی هەنووکەیی بێ، ئەم حیزبانە پێشاوپێش ڕەتی ناکەنەوە.**

ئەگەر بۆ نموونە جێبەجێکردنی ماددە هەڵپەسێردراوەکانی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتیی خودی ئەو ڕێژیمەش بەرهەمی ئەو گفتوگۆیانە بێ و وەها ڕێککەوتنێک بێ دینامیزم بێ و چاکسازیی دیکەی بەدواوە نەبێ (کارێک کە ئەگەری ئەنجامدانی کەمە و ڕێژیم لەو دواهاتە دەترسێ)، دیسانەکە باش و ئەرێنییە، دیسان خەڵکە دەیباتەوە، بردنەوە بۆ حیزبەکانە، بۆ دادپەروەری و دێموکراسی و ئاشتییە، بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانە. لە ئەگەری سەرکەوتووبوونی وەها پێکەوەسازانێک کەمترین قازانجی ئەوە دەبێ ئەم حیزبانە دەتوانن لە کۆمەڵگەی خۆیاندا بەستێن سازی بکەن، جەماوەر چالاک بکەن، ئامادەیان بکەن، ببنە گوتاری ڕۆژیان، ئەو پەیامەیان پێبدەن کە ئامادەن بۆ باشترکردنی ژیانی ئەوان هەر ئێستا و نەک لە داهاتوویەکی دووردا بسازێن و ڕێک کەون. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی ئەزموونگەلی تاڵ لە ڕابردوودا لەبواری گفتوگۆ لەگەڵ ڕێژیم لەبەردەستدان، نابێ بۆ هەمیشە ئەوە داخەین. بەڵێ، کوردستان بۆتە قوربانیی ئاشتیخوازیی خۆی و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ خۆی لە پرەنسیپەکانی بۆ ئامادەکردنی بەستێنێکی گونجاو بۆ چارەسەریی ئاشتیخوازانە و هەنگاوبەهەنگاوی کێشەکانی خەڵک دوور خاتەوە.

٤- ئایا ئەمە سیاسەتی «سازشکارانە» و ماڵئاوایی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووخێنەرانە لەگەڵ ڕێژیمە؟ بە باوەڕی من نەخێر. سازان لەسەر بنەماکان و ئیستراتیژی نیە. تەنانەت پاشەکشێ لە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نیە، بەلانی زۆر

سازان لە جۆری هەوڵدان بۆ گەیشتن بەم ئیستراتیژی و بنەمایانەیە. پاشەکشێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی فیزیکی لەگەڵ ڕێژیمە. ئەم سازانانە بەشێوەی سروشتی یەکلایەنە نابن، ڕێژیمیش دەسازێ، پاشەکشێ دەکا. دواهاتی درێژخایەنی ئەمە دەتوانێ هۆکاری ڕسکان و پوختەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بێ. دۆڕاوی کۆمەڵگەی مەدەنیش پێکهاتە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەکانی ڕێژیم دەبن نەک ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات یان گیراو و دەسبەسەرکراو. ئەمە نە خەیاڵ پڵاوییە و نە لەبەر داماوی و دەستەوەستانی، بەڵکو دەرخەری متمانەبەخۆیی ئەوانە، نیشاندەری هەستی بەرپرسایەتیی ئەوان دەرحەق بە خەڵکە و هەروەها نەبوونی ڕادیکاڵیزم و فاناتیزم و گشتیخوازیی ئەوان.

٥- دەگوترێ ڕێژیم ئەوەندە بێتوانا نیە کار بۆ سازان و ڕێککەوتن بکا. بە باوەڕی من ڕێژیمی ئێران زۆر لەوە بێتواناترە کە دێتە بەرچاو. ڕێژیمێک کە دەسبەجێ لە هەر چەشنە چالاکی و جموجۆڵێکی بچووکی خەڵک دەترسێ و دژکردەوەی توندوتیژانە لەخۆی نیشان دەدا، ناتوانێ بەتوانا بێ. ڕێژیمێک کە لە دادگایی کردنی کەسانی گیراو و بەرگریی ئەوان دەترسێ، لەرزۆکتر لەوەیە کە دەنوێنێ. بەتایبەت ڕێژیم زۆر لە مەسەلەی کوردستان دەترسێ چونکە دەزانێ ئەم ناوچەیە پێتانسییەلێکی گەورەی دژایەتی و بەرگریی تەنانەت چەکدارانەشی لەخۆیدا شاردۆتەوە. مەگەر غەیری ئەوەیە کە ڕێژیم پاش سێ دەیە و نیو لە کوشتوبڕی ئەو حیزبانە بەشوێنیاندا هاتووە و پێشنیاری گفتوگۆیان پێدەکا؟ ئەو حیزبانەی کە لە قامووسی ئەودا گوایە بوونی دەرەکییان نیە، دەسەڵاتداریی نماییشی حکوومەتی ئیسلامی نەک لەسەر پێگە و پێشوازیی جەماوەری، بەڵکو لەسەر سەرەڕۆیی، قەدەغەکردن، زیندان، دەسبەسەرکردن، ئەشکەنجە، ئیعدام و تیرۆر ڕاوەستاوە. ئەگەر ئەم ئامرازە سەرەکییانەی ئیستبداد نەمێنن، ڕێژیمی «کۆماری» ئیسلامی نامێنێ. بۆیە ئەگەر ڕێژیم کار بۆ ڕێککەوتن و سازان نەکا (کە نایکا)، ئەوە نەک لە بەهێزیی و بەدەسەڵاتی، بەڵکو لە لاوازیی و ترسیەتی.

وای دابنێین ڕێژیم ـ لەبەر بەتوانایی یان لەبەر ترس و لاوازی ـ کار بۆ ئاشتی بکا. ئاخۆ غەیری ئەوەیە کە دۆڕاوی ڕوانگەی خۆلادان و خۆبواردن لە درێژخایەندا دیسانەکە خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ؟ هێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بیروڕای گشتی، خەڵکی ئێران و ناوچە و جیهان جارێکی دیکە لەوە دەگەن کە حیزبە کوردستانییەکان ئاشتیخوازن، ڕاسیۆنالن، ڕئالیستن، پراگماتیستن و ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بە تۆتالیتاریزم و ڕادیکالیزمی سیاسیی و مەزهەبی لەمپەری هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی ئاشتیخوازانەی دێموکراتیک لە کۆمەڵگەدا بووە. ئەم پەیامە دەدرێ کە ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنیی لە کوردستانی ئێراندا لاوازە، ئەمە لە پلەی یەکەمدا بۆ پێکهاتە و کردەوەکانی خودی ڕێژیم دەگەڕێتەوە نەک بۆ «ڕادیکالیزم»ی فەرزی یان واقعی دژبەرانی. دەرەنجامی سیاسەتی دژەسازان و دژەئاشتیی ڕێژیم دەتوانێ چوونەسەری پۆلاریزاسیۆنی سیاسی هەنووکەیی و بێهیوابوونی ئەو هێزانەی کۆمەڵگە بێ کە تا ئێستا دڵیان بە گۆڕانکاریی ئاشتیخوازانە لە کۆمەڵگەدا و ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمدا خۆش کردبوو. ئەمەش بەو ئاکامە کە بەشێک لەو هێزانە بەناچار درەنگ یا زوو دەچنە پاڵ ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر. بۆیە دۆڕاوی ڕوانگەی سازانی حیزبە کوردییەکان و درێژەدانی



سەرچاوە
Serchawe

سیاسەتی «بکوژە و ببڕە»ی ڕێژیم لە کۆتاییدا تەنیا ڕادیکاڵیزم و دیسپۆتیزمی دسەڵاتدار دەبێ. چونکە توندوتیژیخوازیی ڕێژیم ناتوانێ توندوتیژیی جەماوەر بە دژی خۆی پەروەردە نەکات.

٦- بەڵام ئایا لەوەی گوترا دەتوانرێ ئەو دەرەنجامە وەربگیرێ کە وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم لە هەلومەرجی دیاریکراوی هەنووکەییدا بەشێوەی واقیع، بابەتێتی هەیە؟ بە باوەڕی من نەخێر. ئەوەی باس کرا، تەنیا چەند بۆچوون و تیۆرییەک بوو لە پێوەندیی لەگەڵ هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست لەگەڵ جەوهەری وتوویژ کە لەنێو حیزبەکان و بژاردەکان و چالاکە کوردەکان کۆدەنگییەکی گشتی لەبارەیەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا وتوویژ و سازان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە:

- بابەتێتی نیە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن ئامادەیی ئەوەی نیە، بەڵکو ڕاست بۆ ئەوەی خودی ڕێژیم ئامادەیی ئەو کارەی نیە و لە بنەڕەتدا توانایی و زەرفییەتی ئەوەی نیە. زۆر سەیر و نەگونجاو دێتە بەرچاو ڕێژیمێک کە نزیکترین یاران و هێزەکانی خۆی کە لە زاتی خۆیدا هیچکام لە کۆڵەکە و پایە سەرەکییەکانی «نیزام» نابەنە ژێر پرسیار و لە دامەزرێنەرانی خودی ڕێژیمن، تەنیا بە تاوانی ئەوەی دەیانەوێ کەمێک ڕێژیم خۆڕاگرتر بکەن و لە چوارچێوەیدا کەشێک بۆ کردەوە و دژکردەوەی سنووردار بێننە کایەوە، تووشی وەها ڕۆژگارێک دەکا، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێک کە بچووکترین نزیکایەتییەکەی لەباری فەلسەفی و سیاسی لەگەڵی نیە، بسازێ و وتوویژ بکا!!

- جێی باس نیە، چونکە ڕێژیم متمانەی بەخۆ نیە. لە خەڵک دەترسێ، بەبێ کەڵک وەرگرتن لە دەسوپێوەندەکان و بەسیج و لیباس شەخسی و ئیتلاعات و زیندان و هەموو جۆرەکانی پشکنین و گوشار لە کێبرکێی سیاسی دەترسێ. لەگەڵ ئەوەی تواناییەکی لە ناوچەکەدا هەیە، لەپێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لە پەرەسەندنی ئاڵترناتیڤەکانی مەوجوود لە نێوخۆ و بەتایبەت ترسی لە دینامیزمی هەر کراوەییەکی سیاسیی تەنانەت بچووکیش لە کۆمەڵگەدا هەیە.

- بابەتییەتی نیە، چونکە سەرکردەکانی ڕێژیم هەروا مەودای زۆریان لەگەڵ ئاوەزخوازی هەیە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، سەپاندنی دنیابینیی کۆنەپەرستانەی خۆیان بە هەر نرخێک، لەسەرووی بەرژەوەندیی و ئیرادەی خەڵک دادەنێن.

- بابەتییەتی نیە، چونکە ڕێژیم پێتانسیەل و توانایی گۆڕانی نیە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە هەر هەوڵ و دەنگێکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ چاکسازیی، لەو ٣٥ ساڵەدا بە زیندان و گرتن و دورخستنەوە و بێبەشیی کۆمەڵایەتی وڵام داوەتەوە. ئەگەر ئەم ڕێژیمە بەم ماهییەتە ئامادەی وتوویژ بێ، تەنیا بەو هۆکارە دەبێ کە دەیەوێ بە قسەی خۆی ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، کەم بکاتەوە نەک لەبەر شکاندنی داخرانی سیاسیی نێوان خۆی و ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام داخوا دەبێ وەها چاکەیەکی لەگەڵ بکرێ؟ بە باوەڕی من نەخێر. ڕێژیم بەتایبەت لەم بارووۆدخەدا نابێ هیچکات لەلایەن

خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنەوە هەست بە ئاسایش بکا و بەشێوەی واقیعیش هەست بە ئەمنییەت ناکا. لە غەیری ئەمەدا دامودەزگا پان و بەرینەکانی ئەمنییەتی و پشکنین و سەرکوتکردن بەم تێچووە سەرسوڕهێنەرانە، ژمارەی زۆری بەندییە سیاسیی و چالاکە مەدەنییەکان و هەواڵنێرانی زیندانی شیاوی باس لەسەرکردن نین. شمشێری داموکلیسی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکە سیاسییەکان دەبێ هەروا لەسەر ملی ڕێژیم بمێنێتەوە،

**بۆ ئەوەی تامی زوڵمی زۆری چەندین ساڵەی سەر خەڵکی ئێران هەروا بە ئاسوودەیی بە قورگیدا نەچێتەخوار.**

- بابەتییەتی نیە، چونکە هیچ نیشانەیەک لە گۆڕانی سرشت و خسڵەتە ئەخلاقییە نزمەکانی ڕێژیم . وەک یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی سازان . دیار نیە. جەوهەری ئەخلاقیی ڕێژیم لە ڕێژیمی ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور کە لەگەڵ نیلسۆن ماندێلا سازا بێئەوەی لەناوی بەرێ، پەستتر و نزمترە. شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل نیە کە چەندین ساڵ وتووێژی لەگەڵ فەلەستین کرد، بێ ئەوەی زەربەیەک لە وتووێژکەرانی فەلەستینی بدات. شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ سەددام حوسێن نیە کە چەندین جار دانوستانی لەگەڵ ڕێبەرانی کوردستان کرد. شیاوی بەراورد لەگەڵ حکوومەتی تورکیاش نیە کە هەر ئێستا خەریکە ئەو کارە لەگەڵ کوردەکان دەکا. حکوومەتی «نابی محەمەدی» لە ئێراندا لەباری پەستیی و ڕەزیلییەوە شتێکی تاقانەیە و هاوشێوەی نیە. لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییە، بە ناجوامێرانەترین و پەستترین شێوە کەڵکی لە نییەت و مەبەستی حیزبە کوردستانییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان وەرگرت و لە کاتی وتووێژدا ڕێبەرانی لەنێو بردن. بەڵێ، خسڵەتی دیاری ڕێژیم پێش ئەوەی سەرەڕۆیی مەزهەبیی بێ، فێڵبازی و دڕندەییەکەیەتی، پیسیەکەیەتی. بەتایبەت تیرۆری دوکتور قاسملوو لەکاتی وتووێژدا لە قووڵایی دەروونی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا وەک بەڵگەیەک بۆ پەستیی و پیسی و شەڕانگێزی ئەم ڕێژیمە چەسپاوە. هەر ئەمەش قبووڵکردنی بابەتی وتووێژ لەگەڵ ئەم ڕێژیمەی لای زۆر کەس ئەستەم کردووە.

٧- ئێستا بەپێی ئەوەی گوترا، هەڵوێستی حیزبە کوردییەکان لەپێوەندیی لەگەڵ وتووێژ و بەگشتی هەڵسوکەوتی میدیایی لەگەڵ ڕێژیم دەبێ بە چ شێوەیەک بێ؟

بە بڕوای من وێڕای پێداگریی ئوسووڵی لەسەر جەوهەری وتووێژ و ئیرادەی ئەوان بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان و ئامادەیی بۆ قبووڵکردنی کێبڕکێی سیاسیی تەندروست لە کۆمەڵگەدا دەبێ تەوەر و کۆڵەکەی سەرەکیی گوتاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنیی ئەوان، لەقاودانی توندوتیژیخوازیی ئەم ڕێژیمە و ملنەدانی بە میکانیزمە دێموکراتیکەکان و تەنانەت هێندێک لە ڕێسا بەڕواڵەت دێموکراتیکەکانی خۆیشی و هەروەها هەبوونی ئەزموونی تاڵی ڕابردوو لەم بوارەدا بێ.

لەم پێناوەدا دەبێ ڕوو بە هێزە نێوخۆییەکانیش کە بەڕاستی پێداگریی لەسەر پێویستیی چارەسەکردنی کێشە لەڕێگەی ئاشتیخوازانە و کرانەوەی کەشی سیاسی لەپێناو گۆڕانکاریی بەرەبەرەیی و ئاشتیخوازانەی ڕیژیم دەکەن، بگوترێ:

- **یەکەم**: ئەوە کە لەم پێوەندییەدا تائێستاش تۆپەکە لەنێو زەوینی (لەلای) ڕێژیمە. بۆیە سەرکۆنەی سەرەکیی ئەوان دەبێ بۆ ڕیژیم بێ نەک قوربانیەکانی. ترسان و وەتەنگ هاتن لە مەیدانداری کردنی ڕێژیم، مەیدانداریەک کە لەسەر سەرکوت و توندوتیژیی ڕاوەستاوە نەک بۆ ڕەزامەندیی خەڵک، بەڵکو بە زیانی خەڵکە. بەهەرحاڵ ئەوەی کە هەڵپەڕینی نێوەڕاستی مەیدانی دەوێ، دەبێ پرس بەوانە بکا کە مەیدانەکەیان داگیر کردووە نەک بەوانەی کە لە چوونەژوور و هەڵپەڕین لە نێوەڕاست یان قەراخەکانی مەیدان پێشیان پێدەگیرێ. پێویستیش نیە ئەم کەسایەتییانە لەم ڕێگەیەدا گوتاری «ڕادیکاڵ» و «گشتخوازانە»یان لە بەرامبەر ڕێژیم هەبێ. هەروەها پێویست نیە هاوشێوەی کەسانێکی وەک ڕەئیس دانا و زەرئەفشان و ستوودە و نووریزاد و کەبودوەند لە گرتووخانەدا گیانیان بخەنە مەترسییەوە و ڕێژیم بە چالش بکێشن. هەروەها سەبارەت بە کەسانێک کە بەپێی ڕێساکانی خودی ڕێژیم بە «ڕێبەرانی فیتنە» ناسراون و لە ماڵەکانیاندا دەسبەسەر کراون، هەرچەند زەمانێک لە ڕێبەرانی خودی ئەم هێزانە و لانیکەم جێگەی متمانەی ئەوان بوون، هیچ نەڵێن. ئەگەر بەندییە سیاسییەکانی کوردیش ئیعدام دەکرێن، دیسانەکە هەر بێدەنگ بن! بەڵام لانیکەم خوازیاری جێبەجێکردنی ئەو ماددە دیاریکراوانە بن کە لە یاسای بنەڕەتی خودی ڕێژیم دان بەڵام پێوەندییان بە مافەکانی خەڵکەوە هەیە. بۆ ئەوەی لانیکەم بەستێن و کەشێک بۆ ڕەخسین و مانۆڕدانی نێو مەیدانی خودی ئەوان ئامادە بکرێ. ئێمە بەوەش ڕازین و پشتیوانیشی لێ دەکەین. ئەمە واتە خستنەڕووی داخوازیی جێبەجێکردنی ئەو ماددە یاساییانەی کە پێوەندییان بە مافەکانی خەڵکەوە هەیە، ئیتر ئەمە ناتوانێ زێدەڕۆیی، گشتیخوازی، ڕادیکاڵیزم و چاوەڕوانییەکی بێجێ بێ.

- **دووەم**: ئەوە شتێکی ڕەوا نیە داوا لە حیزبە سیاسیەکان بکەن بەرنامە سەرەکییەکانی خۆیان کە مانیفێستی داخوازییە مێژووییەکانی کوردن، بەلاوە بنێن و بەکردەوە خۆیان وەک حیزبی سیاسیی هەڵوەشاوە ڕابگەیەنن، بۆ ئەوەی بتوانن خوانەخواستە ڕەوایەتی و ئیزنی چالاکیی سیاسی لە ڕێژیم وەرگرن، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەبێ حیزبە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان ناتوانێ بوونی دەرەکی هەبێ. بەتایبەت ئەوەکە هێندێک حیزبیش هەن کە ڕاست ئەم کارەیان کردووە و بەم شێوەیە لە بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیی کۆمەڵگە بێبەش بوون.

- **سێیەم**: ئەوەی ئەوان لەژێر ناوی کردەوەی سیاسی لە چوارچێوەی کۆمەڵگە مەدەنی لەحیزبە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان دەوێ، دەبێ بەپێی ڕێسا بۆ خودی ئەوان کە حیزب و گرووپیان نیە، مومکین بێ. ئەگەر ئەمە بۆ ئەوان کە مەترسییەکی ئەمنییەتی جیددیی بۆ ڕێژیم لەقەڵەم نادرێن نەگونجێ، چۆن چاوەڕوانیی ئەوەیان لە حیزبە سیاسییەکان هەیە کە بەپێی پێناسە و ڕەساڵەت بەهەرحاڵ بە ئاڵترناتیڤی ڕێژم دێنە ئەژمار؟!...

## ڕوو بە حیزبە کوردستانییەکانیش دەبێ بگوترێ:

- دەتوانرێ بەشێوەیەکی چالاک پێشوازیی لە باسەکان و بۆچوون و ئیستدلالەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگە مەدەنی، بیاڤی گشتی و لەمدواییانەشدا وتوویژ بکرێ و بەڵام دەبێ بە قازانجی بەربەرەکانی دژی نائومێدی، پاسیڤبوون و کەمتەرخەمیی سیاسیی لە کۆمەڵگەدا و هەروەها بۆ وروژاندن و بەهێزکردنی ڕوحییەی حەقخوازی و ئازادیخوازیی خەڵک کەڵکی لێ وەرگیرێ.

- جێی خۆیەتی ئەوان بەجێگەی خوێندنەوەی ئایەتی بێهیوایی، وێڕای دەربڕینی ئامادەیی بۆ گفتوگۆ و چارەسەریی ئاشتییانەی گرژییەکان بەشێوەیەکی ڕەوان و ئاشکرا ئەم پەیام و دڵنیاییە بە بیروڕای گشتی بدەن کە لەگەڵ هەبوونی دیسکۆرسی ئاشتیخوازانە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەگۆڕەکانی خۆمان کە ڕزگاریی خەڵکی کوردستان لە بەندوداوی چەوسانەوە و داگیرکاری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامییە، بێئاگا نین و ڕێکخستنی حیزبی لەنێو کۆمەڵگە، هاندان و ڕاکێشانی خەڵک بۆ دەوری بەرنامە و ئامانجەکانیان، ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهان و وڵاتانی شوێندانەر لە خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا لەبیر ناکەن.

- لەسەر حیزبە کوردییەکان پێویستە کە لەم ڕێڕەوەدا بەشێوەی هێرشبەرانە هەڵسوکەوت بکەن نەک بە حاڵەتی بەرگریکارانە و، پەیام و بەرپەرسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنیی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

- ئەم حیزبانە دەبێ تا ئامادەبوونی کەشی کراوەی سیاسی لە کۆمەڵگەدا یان لانیکەم دەرکەوتنی نیشانە جیددییەکان بۆ سازان و ڕێککەوتن لەلایەن ڕێژیم . کە دیارە زۆر ئەستەمە . تەوەری سەرەکیی بانگەشەی خۆیان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئاشتیخوازانە و لە حاڵەتی پێویستدا توندوتیژانەی ڕێژیم لە گشتێتیی خۆیدا دابنێن نەک سازان لەگەڵی. خەسارەکانی پێداگریی ئەبستراکت، یەکلایەنە و قورس لەسەر وتوویژ و سازان لەگەڵ ڕێژیم زیاتر لە قازانجەکەی بۆ خەڵک و حیزبە پێوەندیدارەکان دەبێ.

- هەروەها دەبێ ئەم پرەنسیپەش بە پتەوی و پارێزراوی بمێنێتەوە کە وتوێژی فەرزکراو نەک لەلایەن حیزبێکی دیاریکراو، بەڵکو لەلایەن بەرەیەک، لانیکەم بە نوێنەرایەتی لەلایەن ئەوەوە جێبەجێ بکرێ و سەبارەت بە نێوەرۆک و ماددەکانی ڕێککەوتن کرابێ.

لە ژمارە ٦٤٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## کورد و فێدرالیزم لە ئێران

**لە دیمانەی تەلەیفوونی لەگەڵ ماڵپەڕی ڕەوانیوز:**

**"فێدرالیزم لە ئێران یانی پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی کورد لە کوردستان و بەشداری لە حکومەتی ناوەندی لە تاران"**

**فێدرالیزم دروشمی زۆربەی حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانە. هەروەها ساڵانێکە لە لایەن بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ئێران، بە تایبەت کورد،"کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال" پێک هاتووە کە ئامانجەکەی سیستەمی دەسەڵاتداری فێدرالیزمە لە داهاتوی ئێران. بەم مەبەستە لە گەڵ چالاکی سیاسی، نووسەر و رۆژنامەوان ناسر ئێرانپوور کە بە پسپۆڕی فێدرالیزم ناسراوە، لە لایەن رۆژنامەوان محەمەد محەمەد ("سەرکەو") وتوێژێک پێکهاتووە کە دەقەکەی لە خوارەوە دێ.**

**رەوانیوز:** دەکرێ سەرەتا خۆتان زیاتر بە خوێنەرانی ماڵپەڕەکەمان بناسێنن؟

**ناسر ئێرانپوور:** من تەمەنم دەوری ٤٧ ساڵە، لەدایکبووی شاری سابڵاغم، ماوەی ٢٥ ساڵە لە وڵاتی ئاڵمان دەژیم. وەرگێری زمانم لە وڵاتی ئاڵمان. لە سەرەتا لایەنگری رێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (ئەکەسەرییەت) بوم. پاشان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (رێبەرایەتی شۆرشگێر) تێکۆشانم هەبووە. ئێستا وەک کەسایەتی سەربەخۆ کار دەکەم. کارەکانم بریتین لە وەرگێرانی بابەتی پەیوەندیدار بە کێشەکان و پرسی نەتەوەی کورد لە زمانی ئاڵمانی بۆ فارسی و کوردی. هەندێک جار لە سەر پرسە سیاسییەکانی تایبەت بە ئێران و کوردستان وتارم هەبووە و بیروڕای خۆم دەربڕیوە. هەموو نووسراوەکانم لە سەر ماڵپەڕی شەخسی خۆم nasser-iran.com بڵاو دەبنەوە.

**رەوانیوز:** کاک ناسر، جەنابتان بە کەسایەتێکی فێدرالیزمناس ناسراون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەمووە وەرگێڕان و بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە فێدرالیزم و لەلایەن جەنابتانەوە ئامادە کراون. پرسیار ئەوەیە: "فێدرالیزم" یانی چی؟ دەکرێ کورتەیەک لەسەر مێژووی فێدرالیزم بدوێن؟

**ناسر ئێرانپوور:** بەچاوان. "فێدرالیزم" - ئەگەر بمەوێ زۆر کورت پێناسەی بکەم - شتێک نییە جگە لە دابەش کردنی هێزی وڵاتێک لە نێوان ناوچەکان لە لایەک و حکومەتی ناوەندی لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەک لە پرسە هاوبەشەکان لە ناوەند جێبەجێ بکردرێن و هەر ناوچەیەش کار و باری خۆی بۆ خۆی جێبەجێ بکا؛ بەشدارکردنی ناوچەکان لە دەسەڵاتی ناوەندی

و پەیوەندی دانی ئەو دوو سەتحە، یانی ئاستی ناوەندی و ئاستی ناوچەکان لە گەڵ یەکتر. ئەوە بە کورتی یانی فێدرالیزم. فێدرالیزم خۆی لە خۆی دا مانای دابەشکردن نادات، بەڵکوو یانی "هاوکاری"، "لێک نزیک کردنەوە"، "یەکیەتی". فێدرالیزم دەبێتە هۆی دابەش کردنی هێزی سیاسی، هێزی ئابوری، هێزی فەرهەنگی، هێزی ئاسایش و ئینتیزامی و هێزی ئەمنیەتی و هێزی میدیا، یانی هەموو ئەو هێزانە کە لە ناوەندێک کۆبوونەوە و ئەو ناوەندە "زۆرینەیەکی" نەتەویی تێدا دژی و بۆتە بڕیاردەری گشتی.

فێدرالیزم شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو مێژووی فێدرالیزم لە مێژووی دەوڵەتی ناوەندی کۆنترە: هەروەک دەزانین ئێمە لە سەرتا دا چوار ئیمپراتوریمان هەبوو. دواتر بوون بە دە ئیمپراتوری. ئیستاکە بوون بە پتر لە ٢٠٠ دەوڵەت. ئەم ئیمپراتوریانەش وەک حکومەتی ناوەندی ئەمڕۆ نەبوون، بەڵکوو هەر ناوچەیەک بۆ خۆی دەزگایەکەی بەڕێوەبەری هەبوو و خۆی بە ڕێوە دەبرد و ئیدارە دەکرد. لە ئێرانەش هەر وابووە. بۆ وێنە لە ناوچە کوردییەکان حکومەت هەبوون؛ بۆ وێنە ناوچە و حکومەتی موکوریانمان هەبوو، ناوچە و حکومەتی ئەردەڵانمان هەبوو و هەروەها ناوچەکانی تر. کەواتە حکومەتی فێدرالیزم مێژوو و ئەساڵەتی زۆر زۆر کۆنترە لە حکومەتی ناوەندی. حکومەتی ناوەندی بەتایبەت دوای شۆرشی فەرانسە بوو بە باو. بە شێوەی نۆی دوو ڕەوتی مێژوویی سەرەکی فێدرالیزم دیتراوە:

- بۆ وێنە سویس وا بوو کە هەر ناوچەیەک بۆ خۆی حکومەتی خۆی هەبوو. پاشان هاتن بە شێوازی نوێ هەموویان تێکەڵ کردنەوە، ئەویش بۆ بەرنگار بوونەوە لە بەرامبەر هێرشی دەرەکی. هەڵبەت هەر ناوچەیەک لە نێو خۆی ئیختیاراتی خۆی بەدەستەوە مایەوە، بەڵام هەندێک کاروباری سیاسی و نیزامی بە نیسبەت دەرەوە پێکەوە سازمان دران و دران بە ناوەندێکی هاوبەش. کە واتە ئەوان لە جیایی هاتنە سەر فێدرالیزم. هەر لەسەر ئەم ڕێبازە ڕەوتێکی نێزیکمان لە ئەمریکا هەبوو؛ لەو وڵاتە سەرەتا ناوچەکان داوایان کرد کە کۆنفێدرالیزم دابمەرزێنن، دواتر سیستەمەکەیان کرد بە فیدراڵیزم. ئەمە ڕەوتێک بوو.

- ڕەوتی دووهەم پێچەوانەی ئەم ڕەوتەیە؛ حکومەتی وامان هەبوو کە بەتایبەتی دوای شۆرشی فەرانسە و لە ژێر ناوی "دەوڵەت - نەتەوە" زۆر موتەمەرکز بوون، بۆ وێنە بلژیک، ئیسپانیا، کانەدا. ئەوانە لەبەر ئەوەی ناوچەی نەتەوییان هەبوو، کێشەیان هەبوو، لە دەسەڵاتێکی ناوەندی گەورە بوون بە دەسەڵاتێکی ناموتەمەرکیز، بە قەولی عەرەبی "لامەرکەزی" و فیدراڵ.

- جگە لەمانە هۆی دیکەش هەن بۆ دامەزراندنی فێدرالیزم: بۆ وێنە بە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی فێدراڵ دێموکراتیکترە لە دەسەڵاتێکی ناوەندی. هۆی دیکە ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی لە هەندێ وڵات هەن کە بە پێی هەلومەرجی تایبەتی

وڵاتەکە ناتوانن بە رێوە بچن، بە هۆی ئەوەی کە وڵاتەکە پان و بەرینە. هۆی تر ئەوە بووە کە ویستوویانە پێش بە لەتلەت بوونی وڵات لە رێگای فیدرالیزمەوە بگرن، چوونکە خەڵکی بەشێک لە وڵات داوای مافی دیاری کردنی چارەنووسیان لە رێگای پێکهێنانی حکومەتی خۆیان کردووە. هۆی تر ئەوە بووە کە بە پێی ئەزموونی مێژوویی ترسیان لە حکومەتێکی ناوەندی زۆر بەهێز (متراکم و متمرکز)ی وڵاتەکە هەبووە، هەر بۆیەش فیدرالیزەیان کرد. کەوایە هۆی جوراوجۆر هەبوون و هەن بۆ دامەزراندنی فێدرالیزم.

کە چی نەیارانی فێدرالیزم دەڵێن کە "فێدرالیزم یانی شەقە شەقە کردن". ئەوان دەڵێن کە "بۆ فیدرالیزم پێویستە لە سەرەتا لێک جیا بینەوە، پاشان پێکەوە بنووسێینەوە." ئەمە راست نییە. من پێشتر ئاماژەم پێکرد کە پێچەوانەکەی راستە. بۆ وێنە لە ئەمریکا و سویس لە سەرەتا نەهاتن یەکتر بکوژن و دواتر ببنە فیدراڵ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی خوێنرێژی نەبێ و بە هێز بن، هاتن بوون بە فێدراڵ. ئەگەر ئەوان ویستیان جیایی بوایە، ئیتر فێدرالیزمیان پێک نەدەهێنا. ئەوانە لە بەر ئەوەی کە گەرەکیان بوو لێک نیزیک بنەوە، دەسەڵاتێکی فێدرالیان دامەزراند و نە بە پێچەوانەکەی. سەرنجراکێش ئەوەیە کە هەندێک وڵاتمان هەبووە وەک فەرانسە کە بۆ ئێران ئولگوو بوون، هەروەها بلژیک، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان کە پرسی نەتەوەییش دەگرێتەوە، لە دەسەڵاتێکی ناوەندی ڕا بوون بە دەسەڵاتێکی فێدراڵ (بەلژیک). بە گشتی ئیستا دەتوانین بڵێن ٢٣ هەتا ٢٤ وڵات لە جیهان دا هەن کە بە شێوەی فێدراڵی بە رێوە دەچن. ئەگەر بمەوێ بە کورتی باسی بکەم، دەبێ بڵێم کە دوو فاکتۆری سەرەکی بۆ دامەزراندنی فێدرالیزم هەن کە بریتین لە دابەشکردنی هێزی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ئینتیزامی و میدیا لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەکان یان هەرێمەکان، لە لایەکی ترەوە بەشدار کردنی ناوچەکان لە دەسەڵاتی ناوەندی، بە واتایەک کە دەم و دەزگای ناوەندی نوێنەرایەتی گشت وڵات بە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانییەوە بکات. هەندێک دەوڵەتمان هەن کە تەنانەت ناویان فێدراڵ نییە، بەڵام بە لەبەر چاو گرتنی تەعریفی فێدراڵی ئەوانەش دەچنە نێو قاڵبی فێدرالیییەوە.

**رەوانیوز**: جیاوازی فێدرالیزم لە گەڵ خودموختاری چییە؟ هەروەک دەزانین، کورد لە سەرەتا دروشمی خودموختاری هەڵگرت بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان فێدرالیزم وەک دروشمی سەرەکی خۆیان گەڵاڵە کردووە. هەروەها زۆر کەسیش لەو باوەڕە دان کە جیاوزێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو شێواز و و رێبازەدا نییە. ڕای جەنابتان چییە؟

**ناسر ئێرانپوور**: راستیەکەی ئەوەیە کە لە لایەکەوە جیاوازیان هەیە، لە لایەکی ترەوە جیاوازیان نیە. لەو جێگایەی کە لێک نێزیکن ئەوەیە کە ـ هەروەک وتمان ـ فێدرالیزم یانی دابەش کردنی هێز و دەسەڵات. لە خودموختاریش هەمان پێناسەمان هەیە. خودموختاری هەندێک ئیختیاراتت پێ دەدات کە هەندێک کاروباری ئیدارەکردن و بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵ کردن بۆ خۆت جی بە جێ کەی، وەک ئەوەی کە کورد داوای دەکرد؛ کە خۆی بڕیاردەر بێت لە کاروباری ناوخۆیی ناوچەی

کوردستان. ئەمە هەمان فێدرالیزمیشە. بەڵام خودموختاری تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاری کراو. دەکرێ دەسەڵاتێکی ناوەندیمان هەبێ و لەهەمان کات خودموختاریشمان هەبێ. بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە فێدرالیزم یانی چەندین خودموختاری پێکەوە، یانی هەموو ناوچەکانی ئێران خودموختار بن. قازانجی فێدرالیزم بە نیسبەت خودموختاری لەوە دایە کە دەسەڵاتی ناوەندی ئەوەندە بەهێز ناتوانێ بێت، یانی ئەگەر ئێمە خودموختاریمان هەبایە، لایەک ئێمە دەبوین، لایەک دەوڵەتی ناوەندی، یانی زۆرینە لە بەرانبەر کەمینەیەکی بەچووکدا. بەڵام ئەگەر هەموو ناوچەکانی ئێران خودموختار بن، ئەوە ئیتر فێدرالیزمە کە تەیدا دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی زۆر کەم دەبێتەوە (ئەوەش لە بەرژەوەندی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران دایە). جیاوازیکی تر ئەوەیە کە ئەگەر خودموختاریت هەبێ، کاروباری خۆت بۆ خۆت جێ بە جێ دەکەی. بۆ وێنە کورد ئەگەر لە باشترین حاڵەت دا ١٥% ڕێژەی ئێران پێک بێنێ، بەم شێوە کورد وەک دەوڵەتێکی خودموختار دەورێکی کاریگەری لە ئیدارەکردنی دەوڵەتی ناوەندی نابێ. بەڵام لە دەسەڵاتێکی فێدرال کە ناوچەکانی تر فێدرال دەبن، بەشداری کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی قورساییەکی زۆرتری دەبێ. بۆ وێنە ئەگەر دەسەڵاتێکی ناوەندی کارێک کە بە نیسبەت کورد پێی خۆش بێ بیکا، لە دەسەڵاتێکی فێدرال بە هاسانی بۆی بەڕێوە ناچێ، بەڵام لە حکومەتی خودموختار ئەو دەسەڵاتەی زۆرتر دەبێت. کەوایە دەتوانین بڵەین کە خودموختاری بەشێکی تایبەتە لە فێدرالیزم. لەوجێگایەی کە پرسی ئیدارەکردنی ناوچەکە بە دەست خەڵکی ناوچەکە بێت، لە گەڵ فێدرالیزم یەکە. بە باوەری من خودموختاری، کە کورد کاتی خۆی داوای دەکرد، زۆر بە جێ و ژیرانە بووە. فێدرالیزم کاتێک دەبێ داوای بکرێت کە لایەنەکان تر لە ئێران، بەتایبەت نەتەوەکانی ژێردەستی ئێرانی لە گەڵ بێت. پێشتر ئەو داوایە بەنیسبەت گەلانی تری ئێران لە ئارادا نەبوو. بەڵام ئێستاکە ئەوانیش وەک کورد خودموختاریان دەوێ، تێکەڵاویەک لەو خودموختاریانە دەبێتە فێدرالیزم. هەڵبەت من پێشوتر لە وتارێکی کورتدا شیم کردۆتەوە کە لە روانگەی منەوە جیاوازی خودموختاری لە گەڵ فێدرالیزم لە کوێ دایە کە لە ماڵپەڕەکەی خۆم دایە و دەتوانن سەیری بکەن.

**ڕەوانیوز**: لە بواری ئیدارەکردن و دابەش کردنی دەسەڵات بە سەر هەرێمەکان، ئەرکەکانی هەرێمی فێدرال (واتا خودموختار) بۆ ئیدارەکردن یان پەیوەندی گرتن لە گەڵ هەرێمەکانی ناوخۆ یان وڵاتانی تر چۆن دەبێت؟ ئایا دەکرێ وەک دەوڵەتێک تەعریفی بکەین کە تەنیا جیوازی لە گەڵ دەوڵەت پابەندبوونە بە هەندێک بڕیاری دەوڵەتی ناوخۆ کە ئەویش زیاتر سیاسەتەگشتییەکان و پەیوەندی لە گەڵ دونیای دەرەوەیە؟ بۆ وێنە ئێستا کوردستانی باشور لە سەر هەندێک رێکەوتن‌نامە کە کوردستان لە گەڵ دراوسێکانی دەیبەستێ، لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کێشەی هەیە؟

**ناسر ئێرانپوور**: وتمان دەوڵەتی فێدرال شتێک نییە جگە لەوەی کە ئێمە ئیدارەکردنی ناوچەکە بە دەست خۆمان بێت، لە هەمان کات دا لەحاکمییەتی دەوڵەتی ناوەندیشدا بەشدار بین. بەڵام دەسەڵاتی ئێمە چەندە دەبێت، سەلاحیەتی ئێمە چەندە دەبێت، یان دەسەڵاتی ناوەندی چەندە دەبێت، ئەوە دەبێ لە سەرەتا بۆ خۆمان لەسەری ساخ بینەوە و دیاری بکەین.

ئەمن گوتم کە ٢٣ تا ٢٤ دەوڵەت هەن کە بە فیدڕاتیو ناسراون. ئەمانە لە هەمان کات کە فیدڕاتیون، ٢٤ چەشنە دەوڵەتی جۆراجۆریشن. هەمویان یەک چەشن نین. بۆ وێنە ئاڵمان دەوڵەتێکی فێدرالە، بەڵام سویس و ئوتریش و بلژیکی جیرانی ئاڵمانیش فێدرالن. سەرەڕایێ ئەوە، ئەمانە زۆر جیاوازیان پێکەوە هەیە. سروشتییە کە ئەو پێناسەی کە کردمان بۆ هەمویان دەیخۆینێتەوە، بەڵام لە هەمان کات پێکەوە جیاوازیشیان هەیە. بۆ وێنە لە ئاڵمان بەخشینی مافی شارومەندی (جنسییە، تابعیت) هی دەوڵەتی ناوەندییە، کە چی لە سویس هەر کانتۆنێک کە لە وانەیە بە قەد شارێکی چکۆلانەی ئێمەش نەبێ، دیاری دەکا کە ئایا ناسنامەی (تابعیت) سویسی بدەن بە کەسێک یان نا. شێوازی دێموکراسییەکەیان ئاوایە. لە لایەکی تـرەوە دەسـەڵاتی ناوەنـدی قـەد بـە نیسـبەت دەور و بـەش (سـهم) نەتـەوەکانی ئـەوێ کـە بـریتین لـە ئاڵمانی، فەرانسەوی و ئیتالیایی، ناگۆڕێ، بە چەشنێک کە ئەو تەرکیبە هەموو کات لە دەسەڵاتی ناوەندیدا ڕەچاو دەکرێ. ئاڵمان جیاوازی زۆرتری هەیە. ئەم وڵاتە لە ڕەوتی ٦٠ ساڵەی ئەم دوایانەدا زیاتر بەرەو دەسەڵاتی ناوەندی رۆیشتووە. ئەوان ئاگایانە ئەم کارەیان کردوە، لەبەر هەندێک هۆکار ئەو کارەیان کردوە. بۆ وێنە لەبەر هۆکاری ئابووری، هۆکاری کولتوری.

**کێشـەیەک**: هەنـدێک ئەیالـەت هـەن کـە لـە بـواری ئـابووری زۆر دەوڵەمەنـدن، هەنـدێکیش هـەن کـە زۆر دەستەنگن. ئـەم ئەیالەتانە پێکەوە لە دەوڵەتی ناوەندی سندوقێکی هاوبەشیان هەیە کە بە پێی داهاتی ماڵی و ئابووری خۆیان پارەی تێداوێن. ئەم سندوقە بە پێی پاراگرافێکی یاسای بنەڕەتی ئاڵمان دانراوە کە دەڵێ "دەوڵەتی فیدێراڵ دەبێ تێبکۆشێ، باری ژیان و کۆمەڵایەتیی یەکسان لەئاڵمان پێک بێنێ". دیارە ئەو ئەیالەتانەی کە پارە وەر دەگرن قازانجیان زۆرترە لەو ئەیالەتانەی کە پارە دەدەن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی سازکردنی کێشەی یاسایی.

بە پێی یاسای پێشتر جگە لەوەی کە هەر ئەیالەتەی دەسەڵاتی خۆی هەبوو، لە حکومەتی ناوەندیش زۆر بەهێز بوو و ئەیالەتەکان تەنانەت ٦٠% دەسەڵاتی یاساییان بەدەستەوە بوو. ئەوان هاتن فیدێرالیزمیان دووبارە دارشتەوە، ئەویش بەم مانایە کە دەسەڵاتی ئەیالەتەکانیان لە ناوچەی خۆیان زیاد کرد لە بەرامبەردا لەو ٦٠% دەسەڵاتەی ئەیالەتەکان کە لە دەوڵەتی ناوەندی هەیان بوو، ٢٠% یان کەم کردەوە. ئەم بڕیارە ئاڵوگۆڕێکی پێک هێنا کە بە رای من زۆر باش بوو، چوونکە ترافیک و ئینسیدادی سیاسی و یاسایی کە لە ئاڵمان بە هۆی جۆری فیدێڕالیزمەکە ساز ببوو، تا ڕادەیەکی زۆر لا چوو. لە ئاڵمان دوو حیزبی جەماوەری گەورە هەن کە یەکیان "حیزبی سوسیال. دیمۆکراتی ئاڵمانە" و ئەوی تریان "یەکییەتی دیمۆکرات مەسیحییەکان". پێشتر زۆر کات وابوو کە کاتێک دیمۆکرات مەسیحییەکان لە پارلمانی فیدێراڵ زۆرینە بوون و حکوومەتی دەوڵەتی فیدێڕالیان پێک هێنابوو، سوسیال دێمۆکراتەکان زۆرینەیان لە زۆربەی پارلمانی ئەیالەتەکان هەبوو و حکومەتیان لەم ئەیالەتانە بەدەستەوە بوو. وتمان کە بەشی هەرە زۆری یاسا سەرەکی و بنەڕەتییەکان پێش پەسندبوونیان دەبێ نوێنەرایەتی ئەیالەتەکان پەسەندی بکەن کە چوونکە بیروبۆچوونی حیزبی دەسەڵاتداری رەقیب

تێییاندا ڕەچاو دەگیرا، پەسەندیان نەدەکرد و جۆرە پاتێک لە ئاڵمان دروست ببوو. هەر بۆیەش هەر دووک لا (ئەیالەتەکان و دەوڵەتی فیدێراڵ) هاتن ئەو بارودۆخەیان گۆڕی. بە کوردی و کرمانجی بڵێم کە هەر دوو ئاستی فیدێراڵ (دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتەکانی ئەیالەتەکان) وتیان: بابە نە ئەتۆ زۆر دەست لە کاروباری من وەردە و نە ئەمنیش ئەم کارەی بەنیسبەت تۆ دەکەم.

کە وایە، حکومەتەکانی فێدرال لە مەڕ ئیختیاراتی حکومەتی ناوەندی و حکومەتەکانی ئەیالەتی جیاوازیان لەگەڵ یەک هەیە، بۆ وێنە لە بواری ئابووری و کولتورییەوە. سەیر کەینە ئەماراتی موتتەحیددەی عەرەبی؛ لەم وڵاتە ئەمارەتەکان نەتەنیا لە باری ئابورییەوە زۆر سەربەخۆن، بەڵکو تەنانەت لە باری سیاسی و سەربازیشەوە سەربەخۆن: بۆ وێنە ئەگەر دۆبەی دێت لە ئاڵمان فرۆکە دەکرێ، بە ناوی دۆبەی دەیکرێ. هەروەها ئەبوزەبییش.

ئەو کێشەی کە بە نیسبەت عێراق باستان کرد، کێشەی متمانەیە. لە ڕاستیدا ئێمە لە گەڵ دیمۆکراسیش دا کێشەمان هەیە، لە دیموکراسی کێشەی ئەحزاب و گرایشاتی سیاسی و... هەیە. لە راستی دا دەبێ ئەمانە هەبن. ڕوونتر بڵێم: دەبێ ئەو کێشانە بۆ خۆمان بکرین، بەو هۆیەی کە ئێمە نامانەوێ کەسێکمان هەبێ لەسەرەوە، جا ڕێبەر بێت، شا بێت، بۆ ئێمە دیاری بکات، چی شەرە، چی خێرە. ئێمە دەبێ بڕیاری مافی خۆمان بدەین.

بەشیکی تر لە کێشەی عێراق دەگەڕێتەوە سەر شێوازی تەعریف و پێناسە کردنی فێدرالیزمەکەی عێراق. هۆکار ئەوەیە کە ئەمانە متمانەیان بە یەکترەوە نییە، یانی دەوڵەتی عێراق پێ وا نییە کە کورد دەمێنێتەوە. دەوڵەتی کوردیش پێ وایە دەوڵەتی عێراق هەموو کات ئاوا لاواز نابێ کە کە مل کەجی داواکاری وبڕیارەکانی کورد بێت. کێشە ئەوەیە کە ئەو نیزامە فێدرالیە تازەیە وێنەکەی لە دونیا دانیە، هەروەک کە ئەوانی تریش وێنەیان نییە.

**ڕەوانیوز**: **کاک ناسر بەو تەعریفەی جەنابتان، یانی هەرێمەکان یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، لە پاڵ ئەمەش دەسەڵاتی ناوەندی تا چەند دەتوانێ تەداخولی بڕیارەکانی هەرێمەکان بکات؟ ئایا ئەمە سنورێکی دیاری کراوی هەیە، یان نە لەسەر تەوافقاتی سەرەتایی و یان بە پێی ئەو یاسایانەی کە داڕێژراون، ئەرکەکان دابەش دەکرێن؟**

**ناسر ئێرانپوور**: دەکرێ ئیمە سەرەتا هەموو یاساکان دەستە بەندی کەین. لە کوێ دەسەڵاتی ناوەندی دەتوانێ تەداخول بکات لە کوێ نەتوانێت دیاری بکەین. ئەمە پەیوەندی بە ئەوە هەیە کە ئێمە کام شێوازی فێدرالی هەڵدەبژێرین. شێوازی دەسەڵاتمان هەیە پێیان دەڵێن نازومێتریش، نەوعی تریان هەیە پێ دەڵێن زومێتریش، واتا **متقارن و نامتقارن، متعادل و نامتعادل، متوازن و نامتوازن**، هاوسەنگ و ناهاوسەنگ.

| دو چەشنە فێدێرالیزمی سەرەکی لە ئاست ڕادەی دەسەڵاتی هەرێمەکان ڕادە و نیسبەتی دەسەڵاتی هەرێمەکان لەگەڵ یەکتر | |
|---|---|
| فێدێرالیزمی هاوسەنگ | فێدێرالیزمی ناهاوسەنگ |
| بەرامبەرە، واتا هەموو هەرێمەکان و ئەیالەتەکان ماف و ئەرک و دەسەڵاتی وەک یەکیان هەیە. ئەم شێوە فێدێرالیزمە لە شوێنێک باشە کە هەرێمەکان لە بواری فەرهەنگی و ئێتنیکی وەک یەکن (ئاڵمان). | بەرامبەر نییە، واتا هەموو هەرێمەکان و ئەیالەتەکان ماف و ئەرک و دەسەڵاتی وەک یەکیان نییە. ئەم شێوە فێدێرالیزمە لە شوێنێک باشە کە هەرێمەکان لە بواری فەرهەنگی و ئێتنیکی وەک یەک نین (کانەدا، ئیسپانیا، ...). |

لە چەشنێک کە فێدرالیسم ناوچەکان دەسەڵاتیان بە ڕادەی یەک نییە. بۆ وێنە دەسەڵاتی کۆبێکی کانەدا و باسک و کاتالۆنی ئیسپانیا لە گەڵ ناوچەکانی تر یەک نین. ئەم هەرێمانەی ناویان بردرا دەسەڵاتیان زۆرترە. پارێزگای کۆبێک لە کانەدا نیمچە دەوڵەتێکە، پارێزگاکەی تەنیشت وی دەسەڵاتێکی زۆر ساکاریان هەیە. لە ئیسپانیا لە ناوچە باسکەکان حکومەتی کۆماریمان هەیە، لە حاڵێکدا دەسەڵاتی ئیسپانیا پاشایەتییە. ئەیالەتەکانی تر بە قەد باسکەکان دەسەڵاتیان نییە. کەوایە ڕادەی تەداخولی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەرێمەکان و هەرێمەکان لەگەڵ یەکتر لە هەموو وڵاتێکی فیدێراڵ دا وەک یەک نییە. نیزامی فێدرالی ئاڵمان نیزامێکی موتقارن، متوازن و متعادلە، یانی هەموو ئەیالەتەکان بە گەورەو چکۆلەوە یەک ئەندازە دەسەڵاتیان هەیە. ئەیالەتی وامان هەیە کە بریتیە لە یەک شار وەک بێرلین، برێمن، هامبورگ. ئەمانە هەمویان یەک شارن و یەک ئەیالەتیشن. ئەیالەتی واشمان هەن کە ١٨ میلیۆن نفووسی هەیە. ئەو دەسەڵاتەی بێرلین وەک شاریک هەیەتی هەمان ڕادەیە کە ئەیالەتی نۆردراین وێستفالێن بە ڕێژەی ١٨ میلیۆن دانیشتوو هەیەتی.

ئەگەر لەو باسەدا ئاوڕێک لە ئێران بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ناوچەکان لە بواری فەرهەنگی و ئێتنێکی و نەتەوەیی و تەنانەت ئایینیشەوە یەک نین. ڕەنگە ناوچەگەلێک لە ئێران هەبن کە بۆیان زۆر گرینگ نەبێ کە ئەم یان ئەو یاسایە لە پارڵمانی هەرێمیێ ئەوان دارشترێ و دەنگی پێ بدرێ یان لە پارڵمانی فیدێراڵ، ئەویش بەم هۆیەکە زۆرینەن و حکومەتی ناوەندی بە هی خۆیان بزانن، بەڵام لە کوردستان خەڵک پێی خۆش بێ بریادەر لە زۆر بارەوە بۆ خۆی بێ. لێرەدایە کە فیدێرالیسم ڕێگا چارە دەداتە دەست. یان ڕەنگە کورد بۆ خۆی پێی خۆش بێ لە وڵاتی تر نوێنەرایەتی هەبێ، چونکە خۆی بە نەتەوە دادەنێ، بەڵام ڕەنگە گیلان و مازەندەران ئەویان نەوێ. تەنانەت لەوانەیە کورد لە ئێران گەرەکی بێ لە هەرێمی خۆی حکومەتێکی کۆماری دامەزرێنێ، بەڵام لە باقی ئێران پاشایەتی بێ. یان باسێکی سەرەکی تر: ڕەنگە زۆر ناوچە حەز بکا سنوورەکانی خۆی وەک ئێستا بهێڵێتەوە، بەڵام کورد ئەوەی بە دژی بەرژەوەندی خۆی دانێ و مافی ئەوەی بوێ کە بیگۆڕێ. فیدێرالیزمی ناهاوسەنگ ڕێگایەکی تاقیکراوە بۆ وڵامدانەوە بە ئەم بارودۆخەیە. نەیارانی فیدێرالیزم دەڵێن کە "لەوانەیە بەشەکانی تر تەنانەت فیدێرالیزمیانیش نەوێ"، بەو مانایەی کە ئەم مافانەی کە کورد



سەرچاوە
Serchawe

دوایان دەکا نەیان هەویَ. فیدێڕالیزمی ئاسومێتریش (asymmeric) وڵامێکە بەم پرسیارە (بڕوانە فیدێڕالیزم لە کانەدا و ئیسپانیا).

دەستەبەندێکی ترمان هەن کە پێیان دەڵێن فێدرالیزمی کۆئۆپراتیڤ کە پێکەوە کارکردنە، یان فێدرالیزمی دوئالە، کە جیالێک کارکردنە. بۆ وێنە فێدرالیزمێک کە لە ئامریکایە، دوئالە؛ لێرەدا دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی هەرێمی هاوشانی یەک ئیدارەیان هەیە، کە هەر ئیدارە و کاری خۆی دەکات و هیچکام لە کاری ئەوی دیکە تەداخول ناکات.

بۆ فیدێرالیزمی کۆئۆپێراتیو دەتوانین ئاڵمان وەک وێنە بهێنینەوە کە تەیدا حکومەتی ناوەندی لە هەموو ئەیالەتەکان دەوریان هەیە، لە پاڵ ئەمەش ئەیالەتەکانیش لە دەسەڵاتی ناوەندی دەوریان زۆر بەرچاوە. بۆ وێنە لە مێدیاکانی ئەمریکا زیاتر باس لە چالاکی دەوڵەتی ناوەندی دەکریَ، لە حالێک دا لە ئاڵمان چالاکانی حکومەتەکانی ئەیالەتەکان زۆر ناویان هەیە و باسیآن دەکریَ. رۆڵی دەسەڵاتی ئەیالەتیی لە پەسەند کردنی یاسا هەموو کات دەسەڵاتی ناوەندی ناچار دەکات بە رزایەتی ئەیالەتەکان یاسا و بەرنامەی خۆی دابرێژێ. لە ئەمریکا مەجلیسی سێنا کە نۆینەری هەرێمەکانە، خەڵک هەڵی دەبژێرن، بەڵام لە ئاڵمان دەوڵەتەکانی ئەیالەتی هەڵیدەبژێرن، ئەویش لەبەر ئەوەی کە نوێنەری دەوڵەتی ئەیالەتیەکانیشە. کەوایە دەسەڵاتی ناوەندی بە پێی ئەو سیستێمەی کە هەڵ دەبژێردریَ، دەتوانیَ کەم یا زۆر بیَ.

بە کورتی ئێمەی کورد لە ئێران دەبیَ لێکۆڵینەوە و کاری ورد و پسپۆریمان لەسەر ئەم پرسیارە هەبیَ کە ئایا بە لەبەرچاوگرتنی ماف و بەرژەوەندی نەتەوایەتی و ئاستی ئابووری کوردستان دەمانهەویَ ئاستی بڕیاری سەربەخۆمان لە کوردستان زۆرتر بیَ یا ئاستی شوێنەوار دانان لە حکومەتی ناوەندی. هەر دووکیان بەشێوەی موتلەق ناکردریَ. یانی ناتوانین بڵێین هەم بەشداری بەرچاومان لە حکومەتی ناوەندی دەویَ، هەمیش ئەو حکومەتە کە خۆمان تەیدا بەشدار دەبین نابیَ دەسەڵاتی لە کوردستان هەبیَ. دەبیَ نیسبەتێک مابەینی ئەم دووانە بۆخۆمان بدۆزینەوە.

| دو چەشنە فێدێڕالیزمی سەرەکی لە بواری ئاستی دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی (فێدرال) ئاستی دەسەڵاتی هەرێمی | | |
|---|---|---|
| ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی (فێدرال) | فێدێڕالیزمی کۆئۆپێراتیو | فێدێڕالیزمی دۆئال |
| | بەشی زۆری یاساکان لە پاڕلمانی ناوەندی پەسەند دەکرێن و بەم چەشنە حکومەتی ناوەندی لە ئەیالەتەکان زۆر | بەشێکی کەمی یاساکان لە پاڕلمانی ناوەندی پەسەند دەکرێن و بەم چەشنە حکومەتی ناوەندی لە ئەیالەتەکان زۆر |

| | | |
|---|---|---|
| | بەهێز دەبێ، | لاواز دەبێ و ئەیالەتەکان مافی سەربەخۆیی یاسایی و سیاسییان زۆرتر دەبێ، |
| ئاستی دەسەڵاتی هەرێمی | لە بەرامبەردا ئەیالەتەکان لە ناوەند زۆر بەهێز دەبن، بەشداری لە داڕشتن و پەسەندکردنی یاساکان دەکەن و بە چەشنێک مافی ویتۆیان دەبێ وەک ئاڵمان، هەڵبەت بەم ڕیفۆرمەی ئاخری ئاڵمان لە کۆئۆپێراتیو بۆ لای دۆئال ڕۆیشتووە، بەڵام سەرەڕای وەش هەر کۆئۆپێراتیو ماوەتەوە | لە بەرامبەر ئەیالەتەکانیش لە ناوەند زۆر لاواز دەبن و دەوری کەمیان لە داڕشتن و پەسەند کردنی یاساکانی ناوەندی، واتا فێدرال، دەبێ وەک کانەدا، ئەمریکا... |

**ڕەوانیوز**: ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراو لە دەسەڵاتێکی فێدرال چۆن دەبینن؟ وێنەی ئاڵمان دەهێنمەوە کە حیزبەکان بڕیاردەری سەرەکین لە ئیدارەکردنی ئەم سیستمە فیدڕاتیوە. فرە حیزبی وەک ترسێک لە لایەن ناوەندگەراکانەوە باسی لێ دەکرێ. حیزب تا چەند دەتوانێ لە دەوڵەتێکی فێدرال کاریگەری هەبێ؟

**ناسر ئێرانپوور**: ڕۆڵی حیزب لە وڵاتی فێدرال زۆر زۆر گرینگە. ڕۆڵی حیزب پەیوەستە بە دوو فاکتۆر: یەکەم یاسای حیزب، دووهەم سیستمی هەڵبژاردن. لە نیزامێکی فێدرال دا حیزبێکی هەرێمی دەتوانێ پێک بێت، بەڵام لە سیستەمی ناوەندگەرادا حیزبی هەرێمی ناتوانێت پێک بێت. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پان ئیرانیستەکان دژی فیدێرالیزمن. ئەوان دەڵێن کە حیزبی ناوچەیی لە دەسەڵاتێکی فێدرال دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونی حیزبە ناوەندییەکان. ئەمە ڕاستە، بەڵام هۆی سەرەکی ئەم دۆخە ئەوەیە کە حیزبە "سەرانسەرییەکان" لە چەپەوە بۆ ڕاست ناوەندگەرا بوون. چەپەکان بەهۆی ئایدۆلۆژیای "سەرەکی بوونی بەرژەوەندی کرێکاری" و "جووڵانەوەی سەرانسەری" و ڕاستیش بە هۆی پاراستنی "نەتەوەی ئێران" و "تەواوەتی خاکی وڵات". ئەم شتەی ئەمانە لەبەر چاویان نەگرتووە، مافی گەلانی بەشخوراوی ئێرانە. ئەمەشە کە بەرەبەرە لەم هەرێمانە حیزبی بە قەولی پانئیرانیستەکان "هەرێمی" و بە قەولی من نەتەوەیی پێک هاتووە و پێک دێ. دیمۆکراسی بێ حیزب مانای نییە. فیدێرالیزمیش یانی دیمۆکراسی هەرێمەکان. هەر هەرێمەش بەرژەوەندی و پرس و کێشە و گرفتی خۆی هەیە. هیچ حیزبێک ناتوانێ گشت ئەم بەرژەوەندییانە لە خۆی دا کۆ بکاتەوە. هەربۆیەش پێک هاتنی حیزبی هەرێمی و نەتەوەیی پێویستییەکی وڵاتی ئێرانە. جگە لەمانە پێک هاتنی ئەم حیزبانە پێش بە بەهێز بوونی زۆری

ناوەند و کۆبوونەوەی لە ڕادەبەدەری دەسەڵات لە وێ دەگرێ. بە نیسبەت کوردیشەوە بڵێم کە کەس لە ئێران دا حیزب و ڕێکخراوەی خۆی نەبێ، کورد دەبێ هەیبێ، ئەگەر نەیهەوێ کە بتوێتەوە و مافە نەتەوایەتییەکانی بچێتە ژێر پێ. ئێمە پێویستمان بە حیزب لە هەموو تەیفەکانی سیاسی وەک سوسیال دێمۆکرات، سۆسیالیست، کۆمونیست، لیبرالیست،... هەیە. پێویستمان بە جووڵانەوەی کرێکاری کورد، بزووتنەوەی ژنانی کورد، بزووتنەوەی دانیشجوویی کورد،... هەیە. ئێمە تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستنە کە دەتوانین ڕەوتی بەنەتەوەبوونی خۆمان پێش بخەین و لە ژێر چەوسانەوە و کۆلۆنیالیزم ڕزگارمان بێ. ئەمە جیا لەم پرسیارەیە کە دەمان هەوێ جیابینەوە یان نا. بەم مانایە تەنانەت و بەتایبەتی لە فیدێڕالیزمیش دا پێویستمان بە حیزبی نەتەوەیی خۆمان هەیە. تەنیا بە ڕێکخستنە کە دەتوانین لە نیزامی فیدێڕاڵ دا لە هەرێمی خۆمان و لە حکومەتی ناوەندی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بین. بۆ وێنە دوور نییە کە لە سیستەمی داهاتووی ئێران کە دڵنیام فیدێڕاڵ دەبێ، دوو حیزبی سەرەکی کورد وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵە لە ئیئتیلاف لە گەڵ حیزبێکی دیکەی ئێرانی وەک فیداییەکان حکومەتی ناوەندی (فیدێڕاڵ) ئێران پێک بێنن، هەروەک ئەم کارە دەیان جار لە وڵاتی ئاڵمان بووە و ئێستاش هەیە.

**ڕەوانیـوز:** وڵاتانی زۆر هەن کە لەم شێوە دەسەڵاتدارییە کەڵکیان وەرگرتووە و لە هەمان کات دا خاوەن ئازادی و دێموکراسیشن. لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە زۆریش پێشکەوتوون. بە رای ئێوە ئەو فێدرالیزمەی کە ئێستا دروشمی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، دەبێ چۆن بێت؟ ئایا ئەو سیستەمە بۆ هەموو ئێران دەیخوێنێتەوە یان پێتان وایە دەبێ بە پێی هەلومەرجی ناوچەیی یان زمان و نەتەوە و یاخود ئیداری و لە سەر بنەمای دابەشکردنی پارێزگاکان (واتا ئوستانەکان) بێت؟

**ناسر ئێرانپوور:** پێشتر وتمان کە چەند چەشنەی سەرەکی فیدێڕالیزم هەن. دەزانین کە وڵاتانی فیدێڕاتیو جگە لە چەند خاڵی هاوبەش لە وردەکارییەکاندا جیاوازیان هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر مێژووی جیاواز، تەرکیب و تێکەڵاوی ئێتنیکی جیاواز، پێکهاتەی ئابووری جیاواز و گەلێک فاکتۆری تر. پرسیارێکی سەرەکی کە لە مەڕ باسی فیدێڕالیسم دا لە ساڵانی پێش مشتومڕی لەسەر کراوە و بۆچوونی جیاواز لە سەری دەربڕدراوە، ئەوە بووە کە فیدێڕالیسمەکە "قەومی ـ نەتەوەیی' دەبێ یان ئیداری و لە سەر ئەساسی سنوورەکانی ئوستان و پارێزگاکانی ئێستای ئێران. گەلێک هێز و کەسایەتی "سەرانسەری" دەڵێن دەبێ ئیداری بێ و حیزبە کوردیەکان و ئەم هێزانەی کە لە "کۆنگرەی ئێرانی فیدێڕاڵ" ئەندامن، دەڵێن 'نەتەوەیی بێ. وڵامی من ئەوەیە هیچیان و هەردووکیان. بەو مانایە کە تێکەڵاوێکمان دەبێ لەم دووانە کە بەتەواوی هیچیان نابێ. ڕای من وایە کە لەسەرەتا باشترە ئاڵ و گۆڕی زۆر لە سنوورەکاندا پێک نەهێنین، ئەم کارەی تەنیا لەم جێگایانە بکەین کە کێشەسازن وەک "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا". ئەم گۆڕانانەش تەنیا دەبێ لە سەر ئەساسی ڕای خەڵک بێ. ئەگەر خەڵکی قەزوین و ئەردەبیل و ئاستارا و... گەرەکیان بێ هەر کام لە ئوستانی خۆیان بمێننەوە، با بمێننەوە. ئەگەر

خەڵکی کورد بیهەوێ لانی کەم لە سەرەتا لە سێ ئوستانی کوردستان، کرماشان و ئیلامدا بژین، با وا بێ. ئەگەریش حەز بکا ببێتە یەک ئەیالەت با ببێ. گرینگ ئەوەیە کە هیچ شتێک بەسەر ئەم خەڵکەدا دا نەسەپێنین. لەبیرمان نەچێ کە فیدێرالیزم دەتوانرێ بە پێی ویست و داوخوازی خەڵک بگۆڕدرێ. ڕەنگە ئەزموونی بەلژیک بۆ زۆر کێشەی ئێمە چارەساز بێ کە دابەشکردنێک بە پێی زمان هەیە و ئەوی تریان بە پێی ئیداری. بەگشتی بۆ کورد من پێم باشە کە لە هەنگاوی هەوەڵدا ناوچەکانی کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" ببن بە ئوستانی "موکریان". مەبەستیشم لە ناوچەکان تەنیا شارەکانی مەهاباد و سەردەشت و شنۆ و بۆکان و خانێ نییە کە لەم ساڵانەی ئاخر زۆر باسی کراوە، بەڵکوو گشت ناوچە کوردییەکانە، لە ماکۆیەوە تا میاندواو و نەغەدە. هەر شوێنێک کە کورد تەیدا زۆرینەیە لای من کوردستانە. لەهەنگاوی دووهەمدا چوار پارێزگای موکریان، کوردستان (کە باشتر ناوی بگۆڕدرێ و ببێتە ئەردەڵان) و کرماشان و ئیلام لە بواری ئیداریدا وەک ئوستان بمێننەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێکەوە لە بواری فەرهەنگی و سیاسی ئەیالەتی کوردستان پێک بێنن. کە وایە لە ڕوانگەی منەوە ئاستۆ و مەبەست و ئیستراتیژیمان دەبێ لە درێژخایەن پێکهێنانی ئەیالەتی کوردستان بێت. لێرەدایە کە لە ویستی هێزە سیاسییەکانی کورد نیزیک دەبێنەوە. بەڵام ڕەنگە واش بێ و حەتمەنیش وایە کە بەشێک لە ئێران ئەم کێشەیەی کە ئێمە هەمانە بە نیسبەت سنووری ئوستانەکانەوە نەیان بێ. بۆیە دەڵێم کە دروشمی ئێمە نە پێکهێنانی فیدێرالیزمی نەتەوەیی، بەڵکوو فیدێرالیزم بێ: ئەویش بێ پێشکۆ و پاشکۆ.

### ئەم فیدێرالیزمەی من مەبەستمە دەبێ لە سەر چوار بنەمای

١) مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانی ئێران و مافی بڕیاردانیان لە ناوچەی خۆیان،
٢) بەشداری کردنیان لە حکومەتی ناوەندی نە تەنیا وەک شارومەند، بەڵکوو هەروەتر وەک گەل و ناوچە لە سەر ئەساسی دێمۆکراسی ڕێکەوتن (توافقی)،
٣) مافی شارومەندی بەرامبەر لە گشت ئێران،
٤) مکانیزم و یاسای پاراستنی مافی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان بێ.

**ڕەوانیوز**: ئازادی و دێمۆکراسی خواستی زۆربەی لایەنە جیاوازەکانە (بە تایبەت لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات). لە پاڵ ئەمەش دا ئیمە شێوازگەلێکی زۆرمان لە دێمۆکراسی هەن. تەنانەت ڕژیمی ئاخوندیش خۆی بە دەسەڵاتێکی دێموکرات دەزانێ و هەڵبژاردن کە پێوانەی سەرەکی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیکە، وەک بەڵگە دەهێنێتەوە. تایبەتمەندی فیدێراڵیزم چییە کە کورد لە ناو سیستەمەکانی سیاسی دێمۆکراتیک بۆ خۆی هەڵبژاردووە؟

**ناسر ئێرانپوور**: سروشتییە ئەم دیمۆکراسییەی کە کورد ئێستا داوای دەکا، جیاوازی زۆرە لە گەڵ دیمۆکراسی لایەنەکانی



سەرچاوە
Serchawe

بەرامبەر کە پاوانخوازی و ناسیۆنالیسم و شۆوینیسمی خۆیان لە ژێر "دێمۆکراسی" دا دەشارنەوە. دیمۆکراسی ئەوان لە باشترین حاڵەتدا دیمۆکراسی زۆرینەیە و ناتوانێ باشتر لەوەی بێ کە ئەوڕۆکە لە تورکیە هەمانە. دیمۆکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوە و فرەقەومی و تەنانەت فرە ئاییینی جیاوازە لە گەڵ دێمۆکراسی لە وڵاتێک کە هەموو یەک نەتەوەن. نموونەیەک: وڵاتێک کە ٦٠ لەسەدی دانیشتووانی موسوڵمان بن و ٤٠ی مەسیحی، چ ڕۆژێک وەک ڕۆژی پشوودانی حەتوو دیاری دەکا: هەینی یا یەکشەممە؟ ئایا ئەگەر بە زۆرینەی دەنگ جومعە هەڵبژێرن، ٤٠ لەسەدەکەی تر زوڵم و ناحەقی لێناکرێ؟ زۆر سەیر دەبێ کە یەکشەممە موسوڵمان بنێرینە مزگەوت و جومعە مەسیحی بۆ کلیسا! هەر ئێستا ئەم گرفتەمان لە ئێران هەیە: چونکە زۆرینەی ئێران شیعەن، گشت ڕۆژەکانی تەعتیلی بە پێی ئاینی شیعە داندراون. زۆر ڕۆژی جێژنی سوننیان هەن کە سونی دەبێ بچێتەوە سەرکار و ڕۆژی جێژن و عەزای شیعان دەبێ لە ماڵێ بێ. بە پێی پرینسیپی زۆرینە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی دانیشتووانی ئێران زمانیان فارسییە، هەر بۆیە زمانی "فەرمی" ئێران دەبێ ببێتە فارسی! فیدێرالیزم ئەم کێشانە چارەسەر دەکا. بەم واتایە کە هەر ناوچەیەک بۆ خۆی دیاری دەکا، چ ڕۆژێک بۆ چ مەبەستێک و بۆنەیەک دەکاتە ڕۆژی پشوودان و تەعتیلی. تەنانەت سیستەمێکی وەک فەرانسە لە ئێران - زۆریش دێمۆکرات بێ - کێشەی زۆر دروست دەکا. سیستەمی کۆماریی کە لە سەر بنەمای دێمۆکراسی زۆرینەیە، لە وڵاتێکی وەک ئێران جگە لە دیکتاتۆری چی لێ هەڵناکەوێ. ئەم سیستەمەی کە ئێمە دەبێ خوازیاری بین، دەبێ پاڕلەمانتاری بێ، سەرۆک کۆمار تەنیا دەبێ دەوری هێمایی و سەمبۆلیکی هەبێ. دێمۆکراسی زۆرینە تەمەرکوزی هێزی سیاسی و ئابوری دێنێ، کە لە وڵاتێکی وەک ئێران کارەساتی بەدواوە هەبووە.

بە باوەڕی من کورد دەبێ کاری زۆرتر لە سەر چەمکی دێمۆکراسی بکا و ڕوونی بکاتەوە کە مەبەستی لە دێمۆکراسی چییە. ئایا ئەگەر سبەی لە ئێران ڕێفراندۆمێک بکردرێ کە زۆرینەی خەڵکی ئێران تەیدا بریار بدەن کە بە جێگای فیدێرالیزم حکومەتێکی زۆر بەهێزی ناوەندیان دەوێ، کورد دەبێ لەم ئامانجەی کە ٦٥ ساڵە خەباتی بۆ دەکا، پاشەکشە بکا؟! نەخێر. ئەگەر شتێکی وا بێتە پێشێ، کورد زۆر بە ڕوونی دەبێ دروشمی جیابوونەوە و هەڵگرتنی ئاڵای پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی خۆی بدا. چونکە ئەو شێوە دیموکراسییە خۆیلەخۆیدا لە ژێر پێنانی مافی کوردی بەدواوە دەبێ. هەر بۆیەش دەبێ زۆر بەڕوونی بوترێ کە دێمۆکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوە - فرەقەومی - فرەزمانی زۆر جیاوازە لە گەڵ دێمۆکراسی لە وڵاتێکی بۆ وێنە تەک قەومی. ئێمە دەبێ بۆ ئەم شێوە دێمۆکراسییە خەبات بکەین کە لە سویس و بەلژیک دامەزراوە. بنەما سەرەکییەکانی دیمۆکراسییەک کە ئێمە گەرەکمانە دایمەزرێنین بریتین لە مافی بریاردان لە سەر چارەنووسی سیاسی خۆمان و بەشداری لە حکومەت وەک کۆلێکتیو.

باسی هەڵبژاردن وەک پێوەری دێمۆکراسی و رژێمی ئێرانتان کردووە. دیارە کە هەڵبژاردن لە ئێران دا هیچ کات و ساتێک هەڵبژاردنی ڕاستەقینە نەبووە. حکومەتی ئێران باوەڕی بە هەڵبژاردن نەبووە و نییە و ناتوانێ ببێ. ئەم حکومەتە

مەشرووعییەتی خۆی نە لە خەڵک، بەڵکوو لە خودا و مەلاکان وەردەگرێ. دووهەم شەرت و مەرجی دیمۆکراسی یەک جار زۆرن کە هەڵبژاردنی ئازاد تەنیا یەکێک لەوانە. گرینگترینی ئەم مەرجانە ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوونی سیاسی و فەلسەفی، ... یە کە نییە، ئازادی مێدیاکانە کە نییە، ئازادی ڕێکخراوە سیاسییەکانە کە نییە، بەرامبەری مافی شارومەندییە کە نییە، یەکسانی ژن و پیاوە کە نییە، یەکسانی پێکهاتە نەتەوەییەکان، زمانەکان، ئایینەکانە کە نییە، بوونی زۆرینە بە کەمینە و کەمینە بە زۆرینەیە کە نییە، جیایی دین و ئایین و باوەڕی فەلسەفی لە دەوڵەتە کە نییە. کە وایە نەتەنیا هەڵبژاردن لە حکومەتی ئیسلام لە ئێران مانای نییە، بەڵکوو هەروەک دیتمان باوەڕی بەم شتەی کە بۆ خۆی ناوی ناوە هەڵبژاردنیش نییە.

لە کۆتاییدا جەخت بکەمە سەر ئەوە کە دیمۆکراسی شتێک نییە جگە لە مکانیزمێک کە بوونی کەمینە بە زۆرینە و زۆرینە بە کەمینە مومکین بکا. لە وڵاتێک کە چەند نەتەوەییە و نەتەوەیەک زۆرترە لە وانی تر، لە دیمۆکراسی زۆرینەدا هەمیشە زۆرینە دەمێنێتەوە و ئەوەش کە کەمینەیە هەمیشە کەمینە. هەر بۆیەش دەبێ چەشنێک لە دێمۆکراسی دابمەزرێ کە پێش ئەم کەمایەسییە بگرێ. تەنیا دیمۆکراسی تەوافوقی و فیدێراتیو دەتوانێ ئەم کارەی بکا.

**ڕەوانیــوز**: زۆربــەی بەرهەڵســتکارانی ئــەم شــێوازە لــە ئێــران بەتایبــەت پانئێرانیســتەکان و کۆمونیســتەکان و هــەروەها سەڵتەنەتتەڵەبەکان لـەو بڕاوەیە دان کە فیـدێراڵیزم دەبێتـە هـۆی پارچـە پارچـە بـوونی ئێـران. وەک وێنـەش کۆزۆڤـۆ و هەرێمی کوردستان دەهێننەوە. رای ئێوە چییە؟

**ناسر ئێرانپوور**: ئەوانە ڕاست ناکەن. لە بەر ئەوەی مێژوو سەلماندوویە کە هیچ کـات فێـدرالیزم نەبوتـە هـۆی پارچەپارچە بـوونی وڵاتێـک. پێچەوانەکـەی کـە پێشـووتریش باسـم کـرد، هەبـووە. جگـە لـە مـە هـەرێمی کوردسـتان جیانەبوەتـەوە. ئـەو هۆکارەش کە بۆتـە هـۆی پارچەپارچـە بـوونی یوگۆسـلاوی - کـە لـە کرواسـی دەسـتی پـێ کـرد و لـەم دوایانـەشدا کۆسـۆوۆشی گرتەوە - بە پێ سیاسەتی شۆوینیستی حکومەتی ناوەندی ڕووی دا، یانی دەوڵـەتی "سۆسیالیستی" کە لە یوگوسلاوی لـە سـەر کار بوو، دەسەڵاتی خودموختاری چەند ناوچەی یۆگۆسلاوی لا بـرد و وتـی "بـۆ خۆمـان هـەموو کارەکانیـان دەکـەین. لابردنـی دەسەڵاتی فێدرال بوو بە یەکێک لە هۆیەکانی جیابوونەوە، نەک فیدێڕالیزم.

بەڵام ئەگەر نەتەوەیک بیهەوێ جودا بێتەوە، بۆ وێنە کـورد لـە ئێـران، ئیتـر نـە فیـدێراڵیزم پێشی دەگـرێ، نـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی. کەوایـە فێـدرالیزم هۆکـار و بیـانوو نییـە، بـەڵکوو ویسـت و خواسـتە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە چوارچێـوەی وڵاتێکدا. نە فێدرالیزم، بەڵکوو ئەم هەلومەرجەی کە دەسەڵاتی ناوەندی دای دەسەپێنێ، دەبنە هۆی جوودابوونەوە.

پێم خۆشە بە ڕوونی بۆ هەموو لایەنەکانی باس بکەین کە مافی دیاری کردن بۆ خۆمان وەک نەتەوەیەک قائیلین. ئەوەنـدەی ئەم مافە بـۆ ئێمە گرینگە، مانـەوە لـە ئێـران بۆمـان گرینـگ نییـە. ئێمە دەڵێـین چەوسـانەوە و کۆلۆنیـالیزم دەبـێ لـە وڵاتەکەمان نەمێنێ و ئەوەش تەنیا بە فیدێڕالیزمە کە وەدەست دێ. ئەگەر فێدرالیزم نە بێ، منی کورد جودا دەبمەوە، ئەگەر مافەکانی من لە ئێرانی داهاتوو دا دەستەبەر نەکرێ، ئەگەر خاوەن مافی نەتەوەیی و مافی شاروەمەندی سیاسی و ئابووریٔ خۆم نەبم، هەر لە ئێستاوە ئیمزا دەکەم کە جوودا دەبمەوە. بەڵێ، ئەگەر بەو مافانەی کە باسم کرد، نەگەم، بەڵگەو دێکۆمێنت دەدەم کە جوودا دەبمەوە. دەبێ ئەوە پەیامی ڕوونی کورد بێت بۆ لایەنی بەرامبەر. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ بیانوویەک بۆ لایەنی بەرامبەر نەمێنێ. دەبێ کورد بەم کولتوور و سەراحەتە و شەفافییەتە و سەربەرزییە پەروەردە بکردرێ. دەبێ جیابوونەوە بە گوناح نەزانین و بڵێین کە پێکهاتەی سیاسی ئێران لە بنەڕەتدا نەگۆڕدرێ و من لە دارشتنیدا بەشدار نەبم، بەرە و سەربەخۆیی دەڕۆم.

کورد دەڵێ دەمەوێ ئاگایانە لە چوارچێوەی سنووری ئێران سیستمێکی فێدرالی دیمۆکرات پێک بێنم. ئەو کات کورد هۆکاری جوودابوونەوەی نامێنێ. ئەگەر کورد لە چوارچێوەی سنووری ئێران بە ئازادی ودیمۆکراسی و مافە ڕەواکانی خۆی بگات، ئەگەر ئەحمەدی نژادناوێک بۆ ٨ساڵ بە سەری دانەسەپێنن، خاوەن بڕیار و پارڵمان و ئیدارەی خۆی بێت، بۆ دەبێ جیا بێتەوە؟ سویس کە ناوی لێ دەبەن بەناوی نەتەوەیەک بوونی نییە، بەڵکوو حکومەتێکی پێک هاتووە لە ئیتالیایی و فەرانسەویی و ئاڵمانیە. ئێرانیش هەروەتر؛ ئێمە نەتەوەیەکمان بە ناوی ئێران نییە. بە بڕوای من ئەگەر دەسەڵاتێکی ناوەندی یەکدەست بە ناوی "حکومەتی نەتەوەیی ئێران" ببێت، ئێرانی داهاتوو پارچەپارچە دەبێت. ئەمە راستێکی حاشا هەڵنگرە.

**ڕەوانیـوز**: لـە سـەروبەندی هـەڵبژاردن دروشـمی پشـتگیری لـە مـافی نەتـەوەکان، هەڵبـەت لـە ژێـر نـاوی "کەمایەتییـە قەومییەکان"، لە لایەن موسەوی و کەڕوبی درا و هەروەها ڕەزایی باسی لە فێدرالیزمی ئابووری دەکرد، بە شێوەیەک کە ئێران بکرێ بە هەشت هەرێمی ئابووری. لەگەڵ ئەمانە عەبدوڵا نوری، وەزیری ناوخۆی سەردەمی خاتەمی، باسی لە فێدرالیزم وەک سیستەمێک بۆ ئیدارەکردنی ئێرانی دەکرد. ئایا هەموو هەمانە سەلمێنەری حەقانییەتی سیستەمی فێدرالیزمن یان نە، تەنیا پەروپاگەندەی پێش هەڵبژاردن بوون؟

**ناسر ئێرانپوور**: بە بڕوای من هەردوکیانن. ئەوان نایەن بە سیستەمگەلێکی دیکتاتۆری پەروپاگەندە بۆ خۆیان بکەن. ئیتر ناڵێن کە دەمان هەوێ حکومەتی ئیسلامی عەڕەبستان و تەڵبان و سۆمالی و "عەدڵی عەلی" دامەزرێنین. ئەوان بە پێ ویستی خەڵک بە ئازادی و دیموکراسی پەرو پاگەندە دەکەن. بەڵام لەوانەیە بە راستی ئەو کەسانە گەیشتبن بەو راستییەش. بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە دیالێتیک هەبێ، بڕوایان بە گۆڕان هەبێ، دەبێ بڕوایآن بە وە هەبێ



سەرچاوە
Serchawe

کە ئەم کەسانەش لەوانەیە گۆڕانیان بەسەر داهاتبێ. ئەوانە تا دوێنێ ئەو سیستمەیان پێ ئامانج وهیوای خۆیان بوو، بەڵام ئەمڕۆکە پێچەوانەکەی بیر دەکەنەوە یان لانی کەم بە پێچەوانەکەی قسان دەکەن. ئەمە خۆیلەخۆیدا باشە و بەقازانجی خەڵکە. جا بە ناوی هەر کەسێکەوە بێت. بەڵام ئەوەی کە چەندە راستە یان پەروپاگەندەیە، راستیەکەی ئێمە ناتوانین دیاری بکەین. زۆریش گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە کە ئەو شتەی کە هەتا دوێنێ خەڵکیان لە سەر دەکوشت، ئەمڕۆ بۆ خۆیان باسی دەکەن. لە بیرمان نەچێ کە خومەینی بە نیسبەت دێموکراسی چی دەگوت. بەڵام ئەمڕۆکە هەمویان باسی دێموکراسی دەکەن. لەم دوایانەش دروشم و ئامانجی فێدرالیزم ئەوەندە نفووزی کردووە و پەرەی ستاندووە کە تەنانەت دەسەڵاتدارانیش ناتوانن خۆیانی لێ بدزنەوە. ئەوان دەزانن کە خواستی نەتەوەکان زۆر پەیوەندی بەو دروشمەوە هەیە.

رەوانیوز: باسی "زۆرینە"و گرفتەکانی‌تان کرد. لە عێراق ئێمە نیوە فێدرالیزمێک دەبینین کە ئەویش تەنیا لە لایەن کوردەوە بەهای پێ دەدرێ، هەرچەندە لە یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتە دیاری کراوە، بەڵام زۆرینە کە عەرەبە، بە شیعە و سونییەوە، هەموو کات لەمپەر بوون لەبەر دەم حکومەتی هەرێم. ئایا لە داهاتوی ئێرانێکی ئازاد و فێدرالیش کورد تووشی هەمان نەخۆشی زۆرینە دەبێ یان فرەنەتەوە بوونی ئێران ڕێگرە لە کەڵک وەرگرتن لەم دیاردەیە؟

ناسر ئێرانپوور: ئێران زۆری جیاوازی بە نیسبەت عێراقەوە هەیە. بەلای باش و خراپەوە جیاوازی هەیە. لە ئێران زۆرینە بە دەست هیچ نەتەوەک نییە، بەڵام لە عێراق بە دەست عەرەبەوەیە. ئێران وڵاتێکی خاوەن مێژووە، وەک عێراق نییە کە لە لایەن وڵاتانی ئیستیعماریەوە پێک هاتبێت، کە بە زەرەی کوردیش تەوا بوو. لە ئێران کورد بە نیسبەت عێراق لە لایەن نەتەوەکانی تر خۆشەویسترە. شتێکی تر هەیە ئەوەیە کە لە ئێران زۆر کەس تەنیا بە ناو فارسن. دەیان جار بووە کە کەسانێک بە فارسی قسەیان کردوە، بەڵام دواتر ڕوون بۆتەوە کە هی نەتەوەیەکی ترن. من لەم دوایانەدا زانیم موسەوی ئازەریە، کەڕوبی لوڕە و رەزایی بەختیاریە. کەواتە دوو رۆژی تر کە پرسی نەتەوەکان لە ئێران گەورەتر دەبێتەوە، تەرکیبی ئێران باشتر دیاری دەکرێ. ئەو ئیعتبارەی کورد لە ئێران بە دەستی هێناوە لە داهاتوو هەوێن و پاڵپشتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت کێشەکانی خۆی پێ چارەسەر بکات. بۆ وێنە راگەیاندنی حیزبە سەرانسەرییەکان لە گەڵ حیزبە کوردیەکان دەبینین. تا ئێستا نەمان دیوە کە حیزبێکی سەرانسەری لەگەڵ حیزبی نەتەوەکانی تر هاوکاری بکات و تەنانەت راگەیاندنێک بدات، یاخود پەیمانی هاوکاری ببەستێت. بە خۆشحاڵیەوە هەموو کات ئەو حیزبە ئێرانییانە بوون کە داخوازی هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردیەکان بوون. ئەگەر ڕێکخراوی فیدائیانی گەل، لە گەڵ کۆمەڵەو حیزبی دێموکرات بڕیارنامەیەک ئیمزا دەکات، ئەوە بۆ هەتا هەتایە لە مێژوو دەمێنێتەوە و ئیعتبارە بۆ کورد و نیازی کورد زۆرتر دەباتە نێو ئەوان، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان کورد و داخوازییەکانی باشتر بناسن. سەرەرای ئەوە من پێم وایە نییە کە ئێمە لە ئێران کێشەمان کەمتر دەبێ. هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئیران کێشە دەخوڵقێنێ. ڕەنگە کێشەی سەرەکی ئێمە نە فارس و حکومەتی

ئێـران، بـەڵکوو گرفتـی "ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا" بـێ. بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم کێشـەمان بـۆ سـاز نـەبێ، پێویسـتە لـە لەگـەڵ ڕووناکبیرانی ئـازەری ڕێگاچارەیـەک بدۆزرێتـەوە. ئێمـەی کـورد نـابێ لـەبیر بکـەین کـە رژیمێکـی وەک تورکیـە بـە قـازانج و بەرژەوەندی نییە کە کورد لەوبەری سنوورەکانی "خۆی"، واتا ئێران، بە مافەکانی خۆی بگا.

بە گشتی ڕێگای دیمۆکراسی لە ئێران هەموار نییە. بۆیە کورد دەبـێ خۆی بـۆ ئـەو کێشـانە ئامـادە بکـات. پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی، بـەرە لـە گـەڵ هێـزە پێشکەوتووخوازەکانی ئێـران و هـەروەتر بـەرە و ڕێکـەوتنێک لـە گـەڵ پێشکەوتووخوازانی ئازەربایجان بە قازانجی چارەسەر بوونی کێشەکەیە لە گشت ئێران.

من بەداخەوە مەترسی ئەوەی دەبینم کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بێ خوێنڕێژی نەبێ. ئەوەش لە پێش هەموو شتێکدا پەیوەندی بە تەمەنی درێژی رژیمی شەڕ و تێرۆر و دیکتاتۆری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە، نەک بە دێمۆکراسی و فیدێڕالیزم.

**ڕەوانیـوز**: سـاڵانێکە ڕێکخراوەیـەک بـە نـاوی "کـۆنگرەی ئێرانـی فێـدرال" هەیـە کـە زۆربـەی حیزبـە نەتەوەییـەکان تێیـدا بەشدارن، بەڵام جگە لە کورد، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ مێـژووی خـەباتی بێوچـانی بـۆ گەیشتن بـە ئـازادی و دێموکراسـی، حیزبی نەتەوەکانی تر یان تازەن یان نەناسراون و لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆ دەوری کاریگەریان نییە. تاچەند ئەم کونگرەیە دەتوانێ پێش زەمینەی سیستەمی فێدرالیزم لە ناو نەتەوەکانی تر و ئێران ئامادە بکات بۆ ئەوەی کە لە ئەگەری ئـاڵوگۆڕی سیاسی و ریفراندۆم دا، فێدرالیزم وەک سیستەمی دەوڵەتداری دیاری بکرێ؟

**ناسر ئێرانپوور**: دەکرێ پرسیارەکە جۆریکی تر بکەین: ئایا کورد لە ئێران دەیهەوێ بەرەیەک پێک بێنێ یـان نـا؟ بـەرە لـە گەڵ کێ؟ لە حاڵێکدا حیزبە کوردییەکان ئەوەنـدە بـەرین و جەماوەرین، حیزبـە سیاسـەکانی ئێرانـی وا نـین. ئـەوە ڕاسـتە، بەڵام من پێم وایە کە هەر حیزبێک تەنانەت ئەگەر کەسایەتێکیش بێ، بە مەرجێک لـە گـەڵ ویست و داخوازەکـانی کـۆنگرە بێت، دەبێ بتوانێت بەشداری ئەو کونگرەیە بێت و تێەدا ببـێ بـە ئەنـدام. کـورد هـەموو کـات پارمەتیـدەر بـووە و دەبـێ پارمەتیـدەر بمێنێت. من پێم وایـە درەنـگ یـان زوو ئـەوانیش دەبنـە خـاوەن بنکـەی جەماوەری خۆیـان. ئەگـەریش نـەبوون، کۆنگرە زەرەری نـەکردووە. جابۆیـە زۆر جێگـەی خۆشحاڵیە کـە حیزبـە کوردییـەکان خۆیـان بـەزڵ نـازانن، و لـە چوارچێوەی بەرژەوەندی کورد هەڵوێست دەگرن و هاوکاریان دەکەن و یارمەتیان دەدەن. دوکتور قاسملووی تێکۆشەر ساڵانێکی زۆر بـەدوای ئاوا بەرەیەک دا بوو. بەتایبەتی زۆر هەوڵی دا یارمەتی بـدا "فرقـەی دێمۆکراتی ئازەربـایجـان" زینـدوو بکاتـەوە و لەگـەڵ هێزەکانی ئێرانی بەرەیەک پێک بێنێ. ئێستا کە ئەو کۆنگرەیە پێک هاتوە بە رای من شتێکی زۆر باشە. دیـارە لاوازە، لـە زۆر لایەنەوەش لاوازە، بەڵام هەموو شتێک لە سەرەتا دا لاوازە.

پرسی بەرەش کە لە کوردستان هەیە لە راستی دا کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە. بەداخەوە پرش و بڵاوێکی زۆر لە ناو هێزی کوردیدا هەیە. بە کوردی خۆمان، هەم سەریان لەخۆیان شێواندووە و هەم لە خەڵک. ئەگەر دەڵێن حیزبی دیمۆکرات، دەبێ بپرسین: "کامیان؟" یان دەڵێن "کۆمەڵە"، دەبێ پرسیار بکەین: "کام کۆمەڵە؟". بە بڕوای من دەبێ هەموو لایەنەکان لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی پشتیوانی بکەن. ئێمە چۆن دەتوانین داوای بەرە و یەکگرتن لە خەڵک بکەین، بەڵام بۆخۆمان وەزع و حاڵمان وابێ؟! بەرەی کوردستانی دەور و ئیعتیباری کورد لە دەرەوە و ژوورەوە، لە کۆنگرە، لە ناو هێزەکانی ئێرانی، لە ناو خەڵکی ئێران زۆر دەکا و هیوا و هومیدێکی زۆر دەبەخشێ بە گەلەکەمان و دڵگەرمتریان دەکا تێبکۆشن بۆ ئاسۆیەکی ڕوون.

کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانیش هەنگاوێکی دروستە. خۆشحالم کە حیزبە سیاسییە رەسەنەکانی کورد کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات بە هەموو لایەنەکانیەوە پشتیوانی لێ دەکەن و پایەی ئەسڵی ئەو کۆنگرەیەن. ئەوە نفوز و کەسایەتی بە کورد دەدات. لە داهاتووی ئێرانیش ئێمە دەبێ چەند بەرەمان هەبێ. چ لە پارلەمانی فێدرال، چ لە پاڕلمانی کوردستان، چ لە نوێنەرایەتی گەلانی ئێران لە ناوەند (مەجلیسی سێنا) چ لەگەڵ ئازەرییەکان. کورد دەبێ بەتایبەتی لە پارلەمانی فیدێڕاڵ بەرەیەک پێک بینێ لە بەر ئەوەی بەو رێژەی هەیەتی ناتوانێت بەتەنیا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. جگە لە مە من پێم وایە وەها کونگرەیەک دەتوانێ پایەیەک بێت بۆ شورای فێدرالی داهاتوو (واتە مەجلیسی سێنا).

| سێ ناوەندی بڕیاردەری یاسا و سیاسەت لە ئێرانی فێدرالدا و پێویستی پێکهێنانی بەرە بۆ کاری هاوبەش لەو ناوەندانە | | | |
|---|---|---|---|
| پارڵمانی | نوێنەرایەتی | گرینگترین ئەرکەکانی | چەشنی ئیتیلاف و بەرە |
| فێدرال | نوێنەرانی خەڵکی ئێران وەک شارومەند | داڕشتن و پەسەندکردنی گرینگترین یاساکانی هاوبەشی وڵات (یاسای فێدرال) و پێکهێنانی حکومەتی فێدرال لە لایەن گەورەترین ئیئتیلاف و فراکسیۆنی خۆیدا. | پێکهێنانی بەرە یاخود ئیتیلافێک لە گەڵ هێزەکانی هاوبیر لە پارڵمانی فێدرال |
| سێنا | نوێنەرایەتی ئەیالەتەکان لە ناوەند | کاری چاوەدێری بە سەر حکومەتی فێدرال و پەسەندکردنی بەشێکی زۆری یاساکانی پەسەندکراوی پاڕلمانی فێدرال دەبێ و مافی وێتۆی دەبێ. | پێکهێنانی بەرە یاخود ئیتیلافێک لە گەڵ هێزە هەرێمی و نەتەوەییەکانی پێشکەوتووخوازی گەلانی ئێران بۆ کۆنترۆڵ کردنی حکومەتی ناوەندی و چاوەدێری بە سەر یاساکانی پەسەندکراوی پارڵمانی فێدرال، جگە لە مە پێکهێنانی کۆمۆسیۆنێکی هاوکاری تایبەت بە پەیوەندی |



سەرچاوە
Serchawe

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | کورد و ئازەری (بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە ئازەربایجان و ئازەرییەکان لە کوردستانی داهاتوو) |
| ئەیالەتی | نوێنەرانی خەڵکی هەر ئەیالەتێک | داڕشتن و پەسەندکردنی یاساکانی هەرێمی ئەیالەتی و پێکهێنانی حکومەتی ئەیالەتی لە ناو گەورەترین ئیئتیلاف و فراکسیۆنی خۆیدا. | پێکهێنانەی ئیئتیلافێک لە هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کورد بۆ هاوکاری لە پارڵمانی کوردستان و پێکهێنانی فراکسیۆنێک لە پارلمانی ناوەندی، پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان |

**ڕەوانیوز**: ڕۆڵی جەماوەر بە گشتی و حیزبە سیاسییەکان بەتایبەت لە سەر پەرەپێدانی دروشم و مەقبوولییەتی سیستەمی فێدرالیزم لە کوردستان و ناوچەکانی تر دە بێ چ بێت، ئەویش بەو سیستەمە دیکتاتۆرییەی کە ئێستا بەسەر ئێراندا حاکمە، ئەو میدیایانەی کە بەدەست حیزبە کوردییەکانەوەیە؟

**ناسر ئێرانپوور**: فیدراڵیزم وەک مەکتەبەکانی تر نییە. لە ئێران زۆر نفوزی هەبووە، زۆری باس کراوە. ئەمن بۆ خۆم دەیان وتارم لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی ناوخۆی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان بڵاوکردۆتەوە. هەروەها دیتوومە کە ڕۆژنامە گشتییەکانی ئێران کە لەسەر پرسی فێدرالیزم وتاریان بڵاو کردۆتەوە. لە دەسەڵاتێکی دێکتاتۆری وەک وەلایەتی فەقیە دا شانسمان زۆرترە بتوانیم لایەنی بەرانبەر باشتر بە قەناعەت بگەیەنین کە دەسەڵاتێکی ناوەندی هەموو کات بە زەرەری جەماوەر بووە. بۆ چی دەبێ کەسێک وەک خامنەیی "ڕێبەر" ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبێت، وەک مێدیا و داد و پارڵمان و... ئەم پرسە تەنیا پەیوەندی بە فیدێڕالیزمەوە نییە، بەڵکوو بە دیمۆکراسی و مافەکانی ترەوەش هەیە. لە نیزامێکی فێدراڵ دا ئێمە باشتر بە مافەکانی خۆمان دەگەین تا سیستمێکی تر، چوونکە هێزی سەرکووت ئەوەندە گەرە نابێ، ناوەندی بەهێزمان ئەوەندە نابێت و گەلێک هۆکاری تر. یەکێک لە بنەماکانی فێدرالیزم ئەسڵی "سوبسیدیاریتێت"، یانی دانەوەی ماف لەسەرەوە بۆ خوارێ‌یە؛ یانی دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوان شارەکان، ئەیالەت و دەسەڵاتی ناوەندی. حیزبە کوردیەکان بەو مێدیایەی کە لە دەستیان دایە، زۆر باشە ئەو پرسە شی بکەنەوە. بەڵام بە داخەوە لەو زەمینەیە کەم کار کراوە. بە رای من دەکرێ وێنەگەلی فێدرالیزم کە ئێستا لە دنیا بەڕێوە دەچن، شی بکەینەوە. بە وتوێژ، بە وێنە، بۆ خەڵکی ئێرانی شی بکەینەوە کە بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە هەیە لە هی ئێمە باشترە.  ئەمەش دەبێتە هۆی نفوزی زیاتری ئیدەی فێدرالیزم لە ناو جەماوەر دا. فیدێڕالیزمی خاڵی زۆر بەهێزی هەن کە یەکێک لەوان ئەوەیە کە تەنیا ناوەندێکی بڕیادەرمان نابێ، لانی کەم سێ چەشنە پاڕلمانمان دەبێ؛ لە فیدێڕالیزم مێدیاکان هی حکومەتی ناوەندی نابن، بەڵکوو هەر ئەیالەتەی مێدیای سەربەخۆی دەبێ... بە گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەم شتەی کە ئێمە دەمان هەوێ دایمەزرێنین لە

وڵاتاتێکی وەک ئەمریکا، کانادا، ئۆستralیا، ئێسپانیا، سویس، ئاڵمان، بێلژیک، هێند، ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ... لە مێژ ساڵێکە پیادە کراوە. جگە لەم ڕاستییە ئێران ڕێگایەکی تری نییە جگە لە فیدێڕالیزم، بە هۆی پێکهاتەی جۆراجۆری نەتەوەیی و ئێتنیکی.

**ڕەوانیوز**: کاک ناسر گیان، زۆر سپاس بۆ ئەم کاتەی کە بۆ ئەم دیمانەیە تەرخانتان کرد. دڵنیام کە ئەم قسانە و هەروەتر ئەم کارە لێکۆڵینەوەیانە و وەرگێڕانانەی جەنابتانیش زۆر یارمەتی بە ڕوونبوونەوەی باسەکە دەکا. ئەمن ئەم دیمانە و وتووێژە تۆمارکراوە دێنمە سەر کاغەز، دیسان بۆتان دەنێرم، بۆ وەی کە ئەگەر تێبینییەک و ڕوونکردنەوەیەکتان هەبوو، پێی زیاد بکەن.

**ناسر ئێرانپوور**: بە چاوان و سپاس بۆ ئێوە و بۆ زەحمەتەکانتان.

**٢٠ی جانیۆیری ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## فیَدڕالیسم، کیَشەی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" و چەند تەوەری تر

### ناسری ئیَرانپوور وڵامی پرسیارەکانی خوێنەرانی ماڵپەڕی بۆڕۆژهەڵات دەداتەوە




### سەردێڕی پرسیارەکان:

- هۆیەکانی دامەزراندنی فیَدڕالیسم
- سەربەخۆیی یان فیَدڕالیسم؟
- دژوارییەکانی فیَدڕالیسم و تیَکەڵاوی کورد و ئازەری
- ڕیَگای مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی
- گرفتی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا"
- ڕیَگای چارەسەری کیَشەی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا"
- چەند تیَبینی بنچینەیی
- ڕیَگاحەل، پیَکهیَنانی "ئوستانی موکریان"؟
- قازانجی بۆ لایەنی کوردی
- قازانجی بۆ لایەنی ئازەری
- بۆچوونی نەیارانی ئەم پرۆژەیە
- ڕای من لە سەر ئەم پرۆژەیە
- پیَشنیاری من بۆ چارەسەرکردنی کیَشەی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا"
- دروشمی فیَدڕالیسم لە ژیَر کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی عیَراق؟
- کۆنفیَدڕالیسم و پ.ک.ک.
- قەیرانی حیزبەکوردییەکان
- پیَهەڵکوتن و ڕەخنە لە ئەحزابی کوردی
- من و تیَکۆشانی سیاسی و چالاکی حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

– حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەڵگرتنەوەی "چەکی شانازی"
– جیاوازی مێدیای ئێران و ئاڵمان
– ڕاگەیاندنی کوردی

## پێناسە

### ١- خوێندن

- ١٣٤١ی هەتاوی لە شاری سابلاغ (مەهاباد) لە دایک بووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە ساڵی ١٣٦٠ هەر لەم شارە تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٣٦٢ هاتووە بۆ ئاڵمان.
- ١٣٦٦ تا ١٣٦٩ دەورەیەکی کارناسی لە ڕشتەی دەفتەرداری و حیسابداری‌دا دیتووە.
- ١٣٦٩ تا ١٣٧٠ چۆتە کالێجی شاری فرانکفۆرتی ئاڵمانو وانەی "گێرمانیستیک"ی خوێندووە.
- ١٣٧٠ تا ١٣٧٥ لە زانکۆی دۆرتموندی ئاڵمان ژۆرنالیستیک و دیداکتیکی زمانی ئاڵمانی خوێندووە و بە پلەی "کارشناسی ارشد"، واتا "فوق لیسانس" تەواوی کردووە.
- ١٣٧٧ تا ١٣٧٨ مامۆستای زمانی ئاڵمانی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی یەکییەتی ئەوروپادا بووە.
- لە ١٣٧٩وە تا ئێستا وەرگێڕی رەسمی زمانی ئاڵمانی دەزگای قەزایی ئاڵمانە.
- ماوەیەکیش کاری لە چوارچێوەی تێزی دوکتوراکەی لە سەر "ڕەنگدانەوەی پرسی نەتەوایەتی کورد لە مێدیاکانی ئاڵمان" کردووە، بەڵام دوایە بە هۆی کاری تر وازی لێهێناوە.

### ٢- چالاکی ژۆرنالیستی

ناوبراو هەوڵی داوە بە شێوەی نووسین و بە تایبەتی وەرگێڕانی دەوری ٨٠ بابەتو وتاری گرینگ و پەیوەندیدار بە دۆزی نەتەوایەتی و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارەکانی "مەهاباد"، "پەیامی کوردستان"، "هاوار"، "کار"، "ڕێبازی نوێ"، "آرش"، "نیمروز"، "Kurdistan heute" ("کوردستانی ئەمرۆ")، "سیاسەت"، "هەورامان"، "آزادگی" و چەند بڵاوکراوەی کوردی و فارسی و ئاڵمانی تر و هەروەها لە سەر سایتەکانی ئینتێرنێت خزمەت بە پرسی ڕەوای کورد بکا. ناسری ئێرانپوور بۆ ساڵێک دەچێ کە ماڵپەڕێکی شەخسی هەیە بە ناوی www.iran - federal.com کە تێیدا وتارەکانی خۆی کۆکردۆتەوە.

**ئەو تەوەرانەی کە بە شێوەی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە تا ئێستا کاری لە سەر کردووە بە تایبەتی بریتی بوون لە:**
**فێدڕالیسم (ئاڵمان، سویس، کانادا)،**

**مافی دیاری کردنی چارەنووس، چەشنەکانی دێموکراسی و**
**چەند پەیماننامەی گرینگی ئەوروپا لە پەیوەندی لە گەڵ مافی زمانەکان و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان.**

## ٣- تێکۆشانی ڕێکخراوەیی

ناسری ئێرانپوور لە تەمەنی نێومنداڵی و لاوەتی‌دا لایەنگری ڕێکخراوی چریکە فیدائیێکانی خەڵکی ئێران و پاشان ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران (ئەکسەرییەت) بووە. ماوەیەک لە ئاڵمان لە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران . ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ چالاکی سیاسی هەبووە. ناوبراو ئێستا چالاکێکی مەدەنی سەربەستە و سەر بە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی نییە، تەنیا لە ساڵی ١٣٧٠وە ئەندامی "ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردە" لە ئاڵمان.

## ٤- بیروباوەڕی سیاسی

ناسری ئێرانپوور ئەمڕۆ خۆی بە مرۆڤێکی سۆسیال . دێمۆکرات و لایەنگری فێدڕالیسم و دێمۆکراسی و دیاری کردنی مافی چارەنووسی کورد لە ئێران بە شێوەی ڕێفراندۆم دەزانێ‌و لە پەیوەندی لە گەڵ مانەوە یا نەمانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەڵی کە: "بڕیاردان لە سەر ئەم پرسە ئێستا زوویە و دەگەڕێتەوە سەر وەی کە لە نیزامی داهاتووی ئێراندا چ مافێک بۆ کورد دەستەبەر دەکردرێ." ناوبراو پێی وایە ئەگەر مافی نەتەوایەتی چ بە شێوەی مافی شارومەندی و چ بە شێوەی مافی کۆلێکتیو وەک نەتەوەیەک دابین بکردرێ، هیچ پێویستی بە جیابوونەوە لە ئێران ناکا، بەڵام هەڵەشە کە بە هەر قیمەتێک سوێند بە تەواوەتی خاکی ئێران بخوێین. ناوبراو بە تایبەتی جووڵانەوەی کوردی پێ بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوایەتییە، نەک ناسیۆنالیستی.

## هۆیەکانی دامەزراندنی فیدڕالیسم

سۆران پاڵانی

وێڕای ماندوونەبوون، من چەند پرسیارم هەیە:

١- هۆکارەکانی پەنا بردنە بەر سیستمی فیدراڵی لە ئێران داچی یە؟
٢- تا چەند ئەم سیستمە دەرفەتی سەرکەوتنی لە ئێران دا هەیە؟
٣- کێشەی سەرەکی نەتەوەکانی ئێران لە گەڵ حکومەتی ناوەندی چی یە؟
٤- تۆ سیستمی یاسایی بەرێوەبردنی دەوڵەت لە ئێرانی ئیسلامی دا چۆن پێناسە دەکەی؟

لە گەڵ رێزدا سۆران پاڵانی

کاک سۆرانی هێژا، سڵاو و سپاس بۆ ئێوە.

١– شەش هۆکار بۆ دامەزراندنی سیستەمی فیدڕالیسم دەست نیشان دەکرێن کە بە تەرکیبی جۆراجۆر لە هەموو پێکهاتەیەکی فیدڕاڵدا دەدیترێن. ئەم هۆیانە:

**یەک. ئەخلاقین:** ئەم نیزامە لە باری ئەخلاقییەوە رێبازێکە بۆ مسۆگەرکردنی ئەسڵی "سوبسیدیاریتی". ئەم ئەسڵە دەڵێ کە کاتی دابەشکردنی مافەکان و ئەرکەکان دەبێ لە خوارترین ئاست (یاخود سەتحی) ئەم وڵاتە (واتە ئاستی مەحەللی یا شارەکان) پرسیار بکردرێ کە گەلۆ ئەم یا ئەو ئەرکەی حکومەتی پێ جێبەجێ دەکردرێ کە بدرێ بە وی. پاشان هەر ئەرکێکی دەوڵەتی کە ماوە بۆ سەتحێکی سەرەوەتر، واتا ئەیالەتی، بنێردرێ و ئەم پرسیارەی هەر بەم چەشنە لە وێش بکەن. پاشان هەرچی ماوە بەرێی بکەنە سەتحی سەرتر، واتا فێدڕاڵ. ئەم ئەسڵە بە مانای دابەشکردنی ئەرک و مافەکانە لە خوارەوە بۆ سەرێ و نە بە پێچەوانەکەی. لە باری ئەخلاقییەوە باشترە لەم شوێنەی کە پرسێک دێتە گۆڕێ، بڕیاری لەسەر بدرێ و جێبەجێ بکردرێ، نەک لە ناوەند و شوێن و لە لایەن کەسان و ئۆرگانگەلێک کە پەیوەندێکی ئەوتۆیان بەم تەوەرەوە نییە.

**دوو. دێمۆکراتیکن**: ئەم سیستەمە بە هۆی وەی کە لەویدا وێرای دابەشکردنی بەرینایی هێزی حکومەتی بە دەوڵەت و پارڵمان و داد، دابەشکردنێکی قوڵایی ئەم هێزەش دەکردرێ بەینی حکومەتی فێدڕاڵ، حکومەتەکانی ئەیالەتی و ناوچە و

شارەکان و هەروەتر بە هۆی وەی کە خەڵک لە جیات یەک پارڵمان (ناوەندی)، سێ پارڵمانان هەڵدەبژێرن (پارڵمانی شار یا ناوچە، پارڵمانی ئەیالەتی و پارڵمانی فێدراڵ) و بە هۆی وەی کە بڕیارەکان لە نیزیک لە خەڵکەوە دەدرێن و لە لایەن کەسانێک کە خەڵک دەیان ناسن دێمۆکراتیکترە، تەنانەت بەنیسبەت وڵاتانی ناوەندگەرای دێمۆکراتیک.

**سێ. جۆغرافیایین:** هیندێ جار وڵاتەکان ئەوەندە گەورەن کە حکومەت کردن لە ناوەندێکی دوورەوە لەباری تێکنیکییەوە زەحمەتە و لە باری دێمۆکراتیکەوە پرگرفتە. هەر بۆیە دابەشکردنی وڵات بە چەند سەتح و حکومەت، کاری دەوڵەتی هەم هاسانتر دەکاتەوە و هەم دێمۆکراتیکترە (بۆ وێنە بەهۆی وەی کە خەڵک ڕاستەوخۆ لە ناوچەی خۆی دەوڵەت و پارڵمانی خۆی هەڵدەبژێرێ، وێرای وەی کە بۆ حکومەتی ناوەندیش نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ).

**چوار. مێژوویین:** مێژووی چەند وڵاتێک بە مە دەسەلمێنی کە ئەم وڵاتانە یا لە کۆنفێدڕالیسمەوە بە فێدڕالیسم گەیشتوون (وەک ئەمریکا) یا چەند ناوچە پێکەوە یەکیان گرتووە و فێدڕالیسمیان پێک هێناوە (وەک سویس) یان لە سیستەمێکی زۆرناوەندییەوە ڕوویان لە پێکهاتەی فێدڕالیسم کردووە (وەک بێلژیک).

**پێنج. ئابورین:** داڕشتنی سیاسەتی ئابوری لە ناوچەکان باشترە تا لە ناوەندێکی دوور کە بە پێی ئەزموون نە شارەزاییان لە سەر ئەم ناوچانە هەیە و نە دەتوانن وەک خەڵکی خودی ئەم ناوچانە باش و خراپ و زەرەر و قازانجی ناوچەکان بناسن. داڕشتنی سیاسەتی ئابوری لە ناوەندەوە بەتایبەتی لە وڵاتێک چەتوونە کە پێکهاتەی جوغرافیایی و ئاووهەوایی جۆراجۆری هەبێ. بۆ وێنە گەلۆ کەسێک کە مەشهەد گەورە بووبێ، لە ئیسفەهان دەرسی زانکۆی خوێندبێ و لە تاران لە وەزارەتی ئابوری کار بکا، دەتوانێ وەک کەسێک کە لە کوردستان گەورە بووبێ و دەرسی خوێندبێ، دەرد و گرفتەکانی ناوچەی کوردستان بناسێ و ڕێگا و پرۆژەی چارەسەریان بۆ ببینێتەوە؟ هەروەتر جۆراجۆری پێکهاتە و بنچینەی ئابوری و شێوەی ژیانی ناوچەکان، ئاست وڕادەی جۆراجۆری پێشکەوتن و پێشنەکەوتنی وان سیاسەتی جۆربەجۆری ئابوری دەخوازێ. بۆ وێنە ئابوری تەورێز، سنە و ڕەشت و زاهدان و پێداویستییەکانیان زۆر جیاوازن. بەم پێیەش یەک سیاسەتی ئابوری واحیدیش لە هەمووی ئەم ناوچانە ناتوانێ ئەنجام و ئاکامی بەکەڵکی بۆ خەڵکی هەبێ.

**شەش. قەومی ـ نەتەوەیین:** ئەگەر هیچ یەک لەم هۆیانەی سەرەوە موزووعییەتی نەبێ، تەنیا جۆراجۆری پێکهاتەی قەومی و نەتەوەیی وڵاتێک ڕێگایەکی دیکەتان پێ ناهێڵێ جگە لە دامەزراندنی نیزامێکی فێدراڵ. حکومەتی ناوەندی لە سیستەمی ناوەندیدا هەموو ئیمکان و دەرەتان و هێزی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و پەروەردەیی، مێدیایی و نیزامی لە ناوچەیەکی تەنیا یەک قەوم و نەتەوە کۆدەکاتەوە و نەتەوە و قەومەکانی تر دەخاتە پەڕاوێزەوە، تەنانەت ئەگەر زۆریش "دێمۆکراتیک" بێ. ئازادی و دێمۆکراسی ڕاستەقینە لە نیزامی ناوەندیدا پێشێلدەکردرێن، چونکە زۆرینە هەمیشە زۆرینە



سەرچاوە
Serchawe

دەمێنێ و کەمینە هەمیشە کەمینە. ئەوەش لەخۆیدا درەنگ یا زوو کێشە دروست دەکا و دەبێتە هۆی لێکترازانی ئەو وڵاتە. فێدڕالیسم ڕێگایەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەکانی وڵات، بۆ بەشداریکردنیان لە حکومەتی ناوەندی و سپاردنی حکومەتی ناوچەیی بە دەست خۆیان. تەنیا لەم ڕێگاشەوە دەتواندرێ ئەم نەتەوانە ڕازی بکردرێن کە جیا نەبنەوە. هەر ناوەندێکی بە هێز لە وڵاتی فرەنەتەوەییدا دەبێتە هۆی وەی کە نەتەوەکانی لە پەراوێزخراو بێنێتە سەر ئەم باوەڕە کە ڕێگایەکیان جگە لە پێکهێنانی حکومەتی خۆیان نییە، چونکە حکومەتی ناوەندی بە ئی خۆیان ناناسن.

(بۆ درێژنەبوونەوەی باسەکە لێرەدا تکایە بڕوانە وتاری "نظریاتی پیرامون فدرالیسم" (بابەتی ژمارە ٣)، "آزادی و دمکراسی در کشورهای چند قومی" (بابەتی ژمارە ٣٨) لە ماڵپەڕی iran-federal.com دا. سرنجتان هەروەتر بۆ دوو دیمانە کە "سایت انتگراسیون ایرانیان در آلمان" لە گەڵ منی کردووە و لە ژێر سەردێڕی "پرسش و پاسخ مربوط بە فدرالیسم در آلمان" (بابەتی ژمارە ١٦) و "نگاهی بە فدرالیسم در آلمان پس از رفرم" (بابەتی ژمارە ٦٠) لە هەمان ماڵپەڕ ڕادەکێشم.)

٢- ئەم سیستەمە هەر ئەوەندەی دەرفەتی سەرکەوتنی لە ئێراندا هەیە کە دێمۆکراسی هەیەتی. شانسی سەرکەوتنی ئەم سیستەمە، بە هەر حاڵ، لە سیستەمێکی ناوەندگەرا و لە پێکهێنانی حکومەتگەلێکی سەربەخۆ لە لایەن نەتەوەکانی جۆراجۆری ئێران زۆر زۆرترە. ئەزقەزا تایبەتمەندی ئێران ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە ڕێگایەکی دیکەمان نییە، جگە لە دامەزراندنی ئەم سیستەمە لە ئێران. ئەم وڵاتە تەنانەت تا حکومەتی رزاشا ناناوەندی بووە و لە بەڵگە مێژووییەکان "مەمالێکی مەحروسەی ئێران" ناوبردراوە. "یاسای ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی" لە سەرەتای شۆڕشی مەشروتە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە گەڵاڵە کرا. دەبێ ئەوەش لە بەر چاو بگرین کە بە هۆی وەی کە نوێنەرانی فکری نەتەوەژێردەستەکانی ئێرانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا هاتوونە سەر ئەم باوەڕەی کە حکومەتێکی ناناوەندی و فێدڕالیان دەوێ، شانسی ئەم سیستەمە بە نیسبەت ڕابردوو زۆر زۆرتریش بووە. زەمانێک بوو کە تەنیا کورد ئەم داخوازییەی هەبوو، کە چی فێدڕالیسم ئەورۆ بۆتە گۆتاری زاڵ تەنانەت بە سەر ئەم هێزانەیدا کە خۆیان بە "ئێرانی" پێناسە دەکەن.

(بڕوانە وتاری "سخنی در باب تفاوت خودمختاری با فدرالیسم" لە هەمان سایت.)

٣- کێشەی سەرەکی نەتەوەکانی ئێران لە گەڵ حکومەت شووینیسم و ئاسیمیلاسیۆن و زوڵم و زۆری سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و بە کورتی هەمەلایەنەیە. ئەم نەتەوانە خاوەن مافی بڕیاردان لە سەر خۆیان نین. بۆ وێنە کورد نە لە حکومەتی ناوەندی بەشدارە و نە لە وڵات و خاک و زێدەی خۆی دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا. ئاکامی ئەم سیاسەتە شووینیستییە وەدواکەوتوویی کوردستانە لە هەموو بوارەکاندا، سەرکوتە لە بواری سیاسی و فەرهەنگییەوە. کێشەی کورد و



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوە ژێردەستەکانی تر کۆبوونەوەی هەموو هێزی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و هیتر لە دەست یەک یا دوو نەتەوەی باڵادەستە و کەڵەکەبوونی گرفتێکی زۆر لە ناوچەکانی نەتەوەژێردەستەکانی ئێران. ئەم شووینیسمە قەومییە، ئائینییە، سیاسییە، جینسییە، فەرهەنگییە و تەنیا ناگەڕێتەوە سەر حکومەت و دەوڵەتی "کۆماری" ئیسلامی ئێران، بەڵکوو نیزامی سیاسی ئێران لانی کەم لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا لە سەر بنەمای ئەم ستەمانە دامەزراوە.

## (بۆ وێنە بڕوانە وتاری "مفاهیم اجتماعی در تعارض با واقعیات اجتماعی" لە سایتی ناوبراو.)

٤- ئەوەی کە سیستەمی یاسایی حکومەتی ئێران چۆن پێناسە دەکەم، لە زۆر شوێنی ئەم نووسراوەدا باسی کراوە، بەڵام بۆ بێوڵامنەمانەوەی پرسیارەکەت لێرەدا دووپاتی دەکەمە کە نیزامی سیاسی و یاسایی ئێران، نیزامێکی دیکتاتۆرییە، ئیستیبدادییە، تۆتالیتێرە، سێنترالیستییە، کلێریکالیستییە، میلیتاریستییە، وەپاشکەتوویە، پاتریالشالیستییە و شووینیستی قەومی و ئائینی و جینسییە. هەر یەک لەمانە لە وانەیە تایبەتمەندیێکی تەنیا وڵاتێک بن، بەڵام هەموویان لە حکومەتی ئیسلامی ئێران دەدیترێن یان باشترە بڵێن بنەماکانی ئەم حکومەتەن.

## سەربەخۆیی یان فیدڕالیسم؟

### پەرێز

### وێرای هیوای سەرکەوتن بۆ کاک ناسر

**لە بەر ئەوەی ناسراوییەکی ئەوتۆم لەسەر جەنابت نیە پرسیارەکانم لە چوارچێوەی ئەو بەشەی کە وەک بیروباوەڕی سیاسی بەڕێزتان پێناسەکراوە دەردەبڕم:**

١- ئەوەی کە بەڕێزتان ناوی "مافی شارومەندی" یان "مافی کۆلەکتیڤ"تان لێناوە، کەی لە وڵاتێکی وەک ئێران دێتەدی؟ ئایا نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی بندەستکراوی ناو سنوری ناولێنراوی ئێران دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بن کە نەتەوەی سەردەست و چەپ و ڕاستی ئەو نەتەوە کە لە ئەوپەڕی بێدەسەڵاتیانەوە تا دەسەڵاتدارەکانی، لە چاکیانەوە بۆ خراپیان، ئامادە نین دیان بە ماف و ئازادییەکانی نەتەوە بندەستکراوەکانی ناو ئەو چوارچێوە سەپاوەدا بنێن، تا تێدەگەن و سەرەنجام بەخێری خۆیان مافی "شارومەندی" یان "مافی کۆلێکتیڤ"دەدەن بە بندەستەکانیان؟

٢- ئایا کورد وەک نەتەوە کە لەمێژە لە پێناوی مافەکانی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا خەبات دەکات، چ حەوجێی بەوەیە

چاوەڕوان بێت و بۆ نابێ لەجیاتی چاوەڕوانی بۆخۆی خاوەنی پرۆژە بێت و پێشڕەوی لێکهەڵوەشانی ئەوسنورە زۆرەملیە بێت؟

٣- ئایا لە بنەڕەتدا چ پێداویستیەک هەیە کە کورد بەنرخی گران یان هەرزان سوێند بۆ پاراستنی "تەواوییەتی ئەرزی" بخوات؟ یان ئێران چ خێرێکی بۆ نەتەوەی ئێمە هە بووە تا نرخی ئەوەی هەبێت بە نرخێکی زۆر یان کەم سوێندی پێبخورێ؟

٤- "مافی دیاری کردنی چارەنووسی" کورد لە ئێران بە شێوەی ڕێفراندۆم" کە بەڕێزتان بڕواتان پێی هەیە، لێکدانەوەی فرەی دەکرێ لەسەر بکرێ. مەبەستی ئێوە لەو شێوازە چیە؟ ئایا مەبەستت ئەوەیە کورد بە ڕێفراندۆم پێوەندی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەدات و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا؟ یان وەک هەندێک خەڵکی دیکە مەبەستت ئەوەیە کە ڕێفراندۆمێک کە هەموو نەتەوە بندەستکراوەکان بەشداری تێدا بکەن؟!

**بەهیوای سەرکەوتنتان لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەتاندا**

## کاک پەرێزی هێژا،

سڵاو بۆ ئێوەی بەڕێز و سپاس بۆ پرسیارە گرینگەکانتان. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەسەر بەشێکی ئەم پرسانە لێدوانم هەبووە. لێرەدا هەوڵ دەدەم تەنیا بە چەند دێڕ بیروڕای خۆمتان لە مەڕ ئەم تەوەرە بۆ دەرببڕم:

(بۆ وێنە سرنجتان بۆ وتاری "نە در بارەی هم، کە با هم سخن گوییم" ڕادەکێشم کە لەوێدا بڕێک بە تێروتەسەلی باسی بۆ وێنە "تەواوەتی عەرزیی ئێران"م کردووە.)

**بە بڕوای من دەبێ سیستەمی دێمۆکراتیک و فیدراڵی داهاتووی ئێران لە پەیوەندی لە گەڵ نەتەوەکانی ئێران لە سەر سێ بناغە دابمەزرێ:**

**یەک:** مافی دیاری کردنی دەرەکی و ناوەکی چارەنووس (بڕیاردان لە سەر مانەوە یاخود نەمانەوە لە چوارچێوەی ئێران و هەروەتر بڕیاردان لە سەر دیاری کردنی نیزامی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناو خودی کوردستان، ئەگەر بڕیاردرا لە ئێراندا بمێنینەوە)،

**دوو:** ماف و مکانیسمی بەرگری کردن لە کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان (هەروەک دەزانین دیاری کردنی سنوورێک کە لەمبەر



سەرچاوە Serchawe

و لەوبەری بە تەواوەتی دوو نەتەوی جیاوازی تێدا بژی مەحاڵە، بەم واتایە کە هەمیشە کەمینەیەک لەمبەر یا لەوبەر و یا لە هەردووک لای سنوور دەمێننەوە، بۆ وێنە کورد لە ئازەربایجان، یا ئازەری لە کوردستان. بۆ وەی کە مافی ئەم کەمایەتییانەش نەخورێ، پێویستمان بە یاسای بەرگری کردن لە مافەکانی کەمینە نەتەوایەتییەکان هەیە) و

سێ: مافی شارومەندی تەواو (ئەو مافەش لە پەیوەندەی لە گەڵ ئەم باسە بەم مانایەیە کە ئەگەر بێتوو کەسێک نە لەناو ئەیالەتەکەی خۆی، نە وەک کەمینە لە ئەیالەتێکی جیران، بەڵکوو وەک تاک لەو سەری وڵات ژیا، دەبێ مافی شارومەندی وەک خوێندن بە زمانی دایکی خۆی و مکاتیبە لە گەڵ دەوڵەتی فێدراڵ بەو زمانەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە هەبێ، بۆ وێنە ئەگەر کوردێک لە شیراز بژی، یا فارسێک لە سنە).

مەبەستیش لە مافی شارومەندی مافی تاکە کەسییە و لە مافی کۆلێکتیڤ مافی جەمعی و جەماوەری وەک مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ لە ڕێفراندومێکدا. کە وایە تەنیا کوردە کە بڕیار لە سەر چارەنووسی کورد دەدا، نەک لایەنێک، دەوڵەتێک یا نەتەوەیەکی تر. ڕێفراندوم و ڕاپرسی و هەڵبژاردنیش لە سەر چارەنووسی کورد چ بۆ دیاری کردنی مانەوە یا نەمانەوە لە ئێران و چ بۆ دیاری کردنی نیزامی سیاسی لە ناو خۆی کوردستان، تەنیا لە کوردستان دەکردرێ و نەک لە شوێنێکی تر.

کەسیش قەرار نییە بە خێرا خۆی ماف بە من بدا یا نەدا. بۆ وێنە فارسیش یەکێک لە لایەنەکانە وەک کورد، نە زۆرتر و نە کەمتر. بەڵام ئەوەش دەبێ بزانین کە فێدڕالیسم دوو لایەنی هەیە: یەکیان لایەنی فێدراڵە، لایەنێکیشیان ئەیالەتی. ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەیالەتی کوردستانەوە هەیە، تەنیا لە کوردستان بڕیاری لە سەر دەدرێ (بۆ وێنە بۆ ڕوونکردنەوەی پرسگەلێک وەک گەلۆ لە کوردستان نیزامی پارڵمانیمان دەبێ، نیزامی کۆماریمان دەبێ، نیزامی هەڵبژاردنی زۆرینە یان نیسبیمان دەبێ و دەیان و سەدان پرسی بچووک و گەورەی تر)، بەڵام ئەوەی کە لە ئاست فێدڕاڵەوە بڕیاری لە سەر دەدرێ، تەنیا بە مەسالیحە و سازش و سازان دەکرێ و ئێمەش تەنیا لایەنێکی ئەم قەزییەین. لێرەدایە کە دەڵێم، ئەگەر بڕیارێک دژی بەرژەوەندی کورد درا، دەبێ بێ ئەملاوئەولا بۆیان ڕوون کەینەوە کە پەسەندی ناکەین. یا ئەگەر وتیان کە "ئێمە قەبووڵ ناکەین کە ئێوە لە ئەیالەتی کوردستان وابکەن و وانەکەن"، "ئێوە تەنیا مافی شارومەندیتان هەیە و بەس"، "دەش توانن بە زمان دایکی خۆتان بخوێنن ئەویش لە پەنای زمانی فارسی"، ئەو کات دەڵەین: "سپاس بۆ ئێوە، بەڵام ئێمە تەنیا بۆ ئەم مافانەمان خەبات نەکردووە و خوێنمان نەداوە. ئێمە لە سەر مافی دیاری کردنی چارەنووس، لە سەر دامەزراندنی فێدڕالیسم، سازش و پاشەکشە ناکەین و ئەگەر ئێوە ناتوانن ئەوەی قەبووڵ بکەن، ئێمە لە سەر جیابوونەوە و دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ بڕیار دەدەین". کە وایە ئێمە نابێ بە هەر قیمەتێک لە ئێراندا بمێنینەوە. ئێمە تەنیا لە بەرامبەر ئەم وڵاتەی ئەرک قەبووڵ دەکەین کە مافی سەداسەد بەرامبەرمان هەبێ، تەنانەت دەبێ لە سەر نەتەوەکانی وەک فارس و تورک "تەبعیزی ئەرێنی و موسبەت" بکردرێ، تا ناوچەکانی تری ئێران وەک خوزستان،

بەلوچستان، تورکەمەنستان و کوردستان بە نیسبەت ڕادەی پێشکەوتنی ئابوری بێنە ئاست ڕادەی وان. کە وایە ئێمە نابێ وا بجووڵێینەوە کە ئەوان وابیر کەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن کە ئەوان خاوەن ماڵن و ئێمەش میوان، ئەوان ئەسڵن و ئێمە فەرع.

**(سرنجتان بۆ وتارێ "در افشای شووینیسم" و هەر وەتر بۆ نووسراوەی "نه در بارەی هم که با هم سخن گوییم" لە سایتەکەم ڕادەکێشم.)**

من هەمیشە وتوومە و دەیڵەمەوە کە ئەو شتەی کە ئێمە گەرەکمانە، مافە زەوتکراوەکانمانە. ئەگەر ئەو مافانە بگەڕێنەوە بۆ گەل، پێویستیمان بە جیابوونەوە نابێ. بەڵام واش نییە کە جیابوونەوەمان پێ تاوان و گوناح بێ. لە ڕوانگەی منەوە هێچ تاک و هێزێکی کوردی بۆی نییە، بە بێ شەرت و مەرج بە قەولی ئێوە "سوێند بە تەواوەتی عەرزی ئێران" بخوا، بە تایبەتی نابێ ژێر هیچ بەیاننامەیەک ئیمزا بکا کە ڕەستە و بەندێکی وای تێدا بێ. ئێمە چەکی سپی بە کەس نادەین. بەسە ئیتر.

ئەوەی کە دەفەرموون، کورد دەبێ پرۆژەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ (بە باوەڕی من چ بۆ حاڵەتی جیابوونەوە، چ بۆ مانەوە لە ئێران و دیاری کردنی نیزامی سیاسی ناو کوردستان) سەداسەد لەگەڵتانم. بەداخەوە زۆر شتمان ڕوون نییە، بەتایبەتی ستراتیژی نەتەوەیی‌مان نییە. مخابن تەنانەت بەشێک لە وانەی کە ڕساڵەتی "ناسیۆنالیسم" بۆ خۆیان قائیلیشن، جگە لە هێرش بردنە سەر ئەم یا ئەو نەتەویە، ئەم یا ئەو ڕێکخراوەی کوردی، شتێکیان پێ نییە. نە نەتەوە وا ساز دەبێ و نە دەوڵەتی نەتەوەیی. پرۆژەیەکی وا پشوویەکی درێژ و نەپسانی دەوێ و زانستی دەوێ و لە پێش هەموو شتێکدا مەتانەت و لەخۆبردوویی دەوێ. ئەوەڵین شتێک کە پێویستمان پێیەتی بەرەیەکی کوردییە کە ویستە نەتەوایەتییەکانی خۆمانی گەڵاڵە کردبێ. کە چی بەداخەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان پێ "نەتەوەخواز" و "نەتەوەگەرا"یە تا ئێستا حازر بەم کارە نەبوون، بگرە لەمپەریش بوون.

ئەمن بۆخۆم بە هۆی زۆر و جۆراجۆر لە گەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردی نیم و پێم وایە کە لە ڕێگای نیزامێکی فێدراڵەوە زووتر بە ئامانجەکانمان دەگەین. دەوڵەتی سەربەخۆ هێز و ئامراز و کەرەسەی خۆی دەوێ کە بەداخەوە نیمانە. بۆمەی کورد لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە کە بیرێکی پتەوی نەتەوەیی لە ناو کورد بە پانایی خاکی کوردستان (ڕۆژهەلات) ساز کەین کە بەداخەوە تا ئێستا نیمانە. ئێمە ئێستا هەنگاوی هەوەڵمان هەڵنەهێناوە، کە چی دەمانهەوێ هەنگاوی ئاخر هەڵێنینەوە. نکۆڵی لەوەی ناکەم کە ئێمە سەرەڕای وەش دەتوانین داوای سەربەخۆیی بکەین. ئەمە وەک ماف ڕەواشە. بەڵام ئامانجێکە کە شەڕێکی زۆر درێژخایەنی دەوێ؛ قوربانیێکی یەکجار زۆری دەوێ؛ دوژمنایەتێکی



سەرچاوە
Serchawe

قووڵی لە گەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر دەویّ؛ هێزێکی نەتەوەیی و نیزامی گەورەی ناخۆیی دەویّ و هەروەتر پشتیوانی ناونەتەوەیی. بەداخەوە گرفتی مە هەر حکومەتی ناوەندی نییە، بەڵکوو هەروەها دیارنەبوونی سنوورەکان و بە تایبەتی کێشە لە گەڵ نەتەوەکانی جیرانە. ئەگەر ئەمن دەڵێم کە دانی دروشمی سەربەخۆیی دروست و ئوسولی نییە، مەبەست ئەوە نییە کە ئەو مافەم قەبووڵ نییە، بەڵکوو تەنیا ئەوەیە کە ئەم دروشمە یەک) لە هەلومەرجی ئێستادا عەمەلی نییە و دوو) بە قازانج و بەژەوەندی کورد نازانم. مەبەست و ئەسڵ و ئەساسی ئەم بیرە کورد و کوردستانە، نەک ئێران و فارس. مەبەستم ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر ناچار کرێین ئەم ڕێگایە بڕۆین، دەبێ ئەم کارەی بە شێنی و هێمنی و بەرنامە و پرۆژەو بە تایبەتی هەنگاو بە هەنگاو بکەین. دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە وڵاتێکی فێئۆدالی موومکین نیە و مەحکووم بە شکستە، ئەویش لە کاتێکدا کە هێزەکانی وەدواکەوتوو و فێئۆدالی لەو پەڕی هێزی خۆیانەوە دابن و هێزەکانی پێشکەوتوو و سۆسیالیستی لەو پەڕی لاوازییەوە. ئەم شتە بۆ دەوڵەتی نەتەوەییش ئیعتیباری هەیە.

دەوڵەتی نەتەوەیی، تەنانەت ئەگەر پێکهێنانی موومکینیش بێ، تەنیا کاتێک دەتوانێ بەختەوەری و پێشکەوتوویی و ئازادی و بەرابەری و ئاسایش بۆ خەڵک بێنێ کە لە سەر بنەمایەکی ئابوری، فەرهەنگی و سیاسی پێشکەوتووانە پێکهات بێ، خاوەنی سەرچاوەی ماڵی بەرچاو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بێ کە ئەمن پێم وایە لە کوردستانی ئێران لەوەش بێبەشین.

**لانی کەم هیچ تاک و هێزێک تا ئێستا ڕوونی نەکردۆتەوە کە:**

**یەک:** چۆن ئەو گرفتانەی کە لەبەرامبەر پێکهێانی دەوڵەتی سەربەخۆیی دان چارەسەر دەکا و
**دوو:** چ نیزام و پێکهاتەیەکی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی لە کوردستان دادەمەزرێنێ، بە چ شێوەیەک مافی شارومەندی خەڵک و مافی گروپی کەمینەکان دابین دەکا و
**سێ:** سەرچاوەی مادی و ماڵی ئەم دەوڵەتە چ دەبێ.

**بۆ ڕاکێشانی سرنجی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ پرۆژەی سەربەخۆیی تەنیا بەس نیە کە بڵەین ئێمە جیادەبینەوە، بەڵکوو دەبێ هەروەتر بوترێ کە:**

**یەک: بۆ جیادەبینەوە و**
**دوو: چۆن جیادەبینەوە و**
**سێ: پاش جیایی چ دەبێ.**



سەرچاوە Serchawe

بە کورتی، من پێم وایە کە نە بۆ چارەسەر کردنی ستەمی چینایەتی ئیلزامەن دەبێ نیزامێکی بێ چین و توێژ (سۆسیالیستی و کومونیستی) پێکبێنین و نە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی پێویستە حەتمەن دەوڵەتی نەتەوەیی پێک بێنین. بەڵکوو بۆ چارەسەرکردنی هەر دوو کێشە باشترە نیزامێکی فێدراڵ و سۆسیال ـ دێمۆکراتیک بەنا بنەین. پێویستیش ناکا، ئەم چەشنە نیزامەی ئیختیراع بکەین. چەندین نموونەی سەرکەوتوو لە جیهاندا هەن کە دەتوانین کەڵکیان لێوەرگرین (سویس، بێلژیک، کانادا، ئیسپانیا، ئاڵمان، وڵاتانی ئێسکاندیناوی، ...).

## دژوارییەکانی فێدڕالیسم و پرسی تێکەڵاوی کورد و ئازەری

### ئەمیر کەرەمی

**سڵاو بەڕێزم.**

**١- پێت وانیە شیعاری فیدرالیزمی جوغرافیایی کە حیزبە کوردییەکان داوای دەکەن بۆ ئێران لە داهاتوو کێشەی زۆر گەورە بۆ ئێرانو کوردستان دروست بکات، چونکە ئێمە هەم لە کوردستانو هەم لە ئێران شاری فرە نەتەوەمان زورە؟**
**٢- داهاتووی شارەکانی کرماشانو ورمێ و... لە ژێر شیعاری فیدرالیزمی جوغرافیایی چون دەبینی؟**

**سڵاو بۆ کاک ئەمیری بەڕێز.**

ڕەنگە سەختترین پرسیار گەلێک کە لێم کرابێ، هەر ئەم پرسیارانە بن. ئێوە بە ئەگەر و ئیحتیمالاتێک ئاماژەتان کردووە کە شیاوی باس و لێکۆڵینەوەن و ناکرێ بە ساکاری بگیردرێن. ئیزن بدەن بۆ درێژتر نەبوونی باسەکە بۆچوونی خۆمتان لە چەند ڕەستەی ژێرەوە بە عەرز بگەیەنم:

### فێدڕالیسم، خوڵقێنەری کێشە؟

هەڵبەت ئەو دیاردەیەی لەوانەیە کێشە دروست بکا، نەک فێدڕالیسم، بەڵکوو وەپاشکەوتوویی کۆمەڵگای ئێرانە کە خاوەنی فەرهەنگی دێمۆکراتیک نەبووە. تەنانەت ئەگەر دێمۆکراسیش دابمەزرێ، لە سەرەتا کێشەی زۆرمان لە ئێران دەبێ. چونکە دێمۆکراسیش وەک فێدڕالیسم پەیوەندی بەدابەشکردنی ماف و هێز هەیە. ئەوانەی کە تا ئێستا خاوەنی هەموو ماف و ئیمتیاز و هێزێک لەم وڵاتە بوون، زەحمەتە بە ئاسانی بڵێن کە "فەرموون، ئەوەش بەشە زەوتکراوەکانی ئێوەیە کە تا ئێستا لە لای مە بووە". باسی فێدڕالیسم ناکەم. کام وڵاتی دێمۆکراتیکی دنیا هەیە کە بێ گرفت و تەنانەت خوێنڕێژی و قوربانی بە دێمۆکراسی گەیشت بێ؟ کام وڵات هەیە کە سۆسیالیسمی تێدا دامەزرابێ و شەڕێکی ناوخۆیی زۆری لێنەکرابێ؟



سەرچاوە Serchawe

با لە دێمۆکراسی و سۆسیالیسمیش گەڕێین. کام وڵاتی سێنترالیستی هەیە کە خوێنێکی زۆری "بۆ پاراستنی سنوورەکانی" و بۆ هێشتنەوەی ئیمتیازەکانی سیاسی و ئابوری و ... لە دەست نەتەوە، قەوم، حیزب و تاقمێکی دەسەڵاتدار نەڕشت بێ؟ مەگەر هەر ئەو حکومەتە "مێهرووەرزە"ی ئێران لە پێناو دامەزراندن و بەرگری کردن لە نیزامی ئیسلامیستی خۆی گیانی کەم ئینسانی هەستاند؟ مەگەر تورکییەی کەمالیست و شووینیست کەمی لە ئەرمەنی و کورد کوشت؟ مەگەر عێراق و سورییە کەمیان لە پێناو پاراستنی "تەواوەتی خاکی' خۆیان جینایەت کردووە؟ لەمانەش گەڕێین. مەگەر کورد بۆ خودموختاری کەمی تا ئێستا قوربانی داوە؟

ئەوە دیکتاتۆرییە کە دەبێتە هۆی وەی کە ئاڵوگۆڕی سیاسی بێ خوێنرێژی پێک نەیە، تەنانەت ئەگەر کەس باسی فێدراڵیسمیش نەکا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە فەرهەنگی تەعامولی سیاسی لە ئێران نییە، تەحەززوب ڕیشەی نییە، مێدیای سەربەخۆمان نییە، زۆرەملی و توند و تیژی و ڕادیکالیسم هەر موقەددەس ماوە. بە کورتی و کوردی: فەرهەنگی حەزف و بگرە و بکوژە لە ئێمەدا زۆر بەهێزە.

بە بڕوای من ئەزموونی ئەم سێ دەیەیە سەلماندوویەتی کە سروشتی "کۆماری" ئیسلامی ئێران ئیزنی چاکسازی و ریفۆرم و ئیستحالە و گۆڕانی "بێ خوێنرێژی" (وەک شیلی و ئافریقای باشوور) نادا. هەربۆیەش تێکشکانی حکومەتی ناوەندی تێکەڵ بە توندوتیژی (خشونەت) دەبێ. ئەم توندوتیژییەش دوای گۆڕانی حکومەتیش ماوەیەک هەر دەمێنێ. کە وایە، توندوتیژی لە کۆمەڵگاکەمان دایە و پەیوەندی بە فێدراڵیسمەوە نییە. ئەزقەزا فێدراڵیسم بۆ کانالیزە کردن و یاسایی کردن و دێمۆکراتیزە کردنی کێشەکان داندراوە.

ئەگەر لەسەر ئەم مەنتیقە بڕۆین کە فێدراڵیسم لەوانەیە کێشمان بۆ دروست کا، دەبێ واز لە زۆر ئامانج و ئارەزوومان بێنین، لە دێمۆکراسی، لە دابینکردنی مافەکانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسی و جینسی، لە سۆسیالیسم، لە گۆڕان بە گشتی.

## ڕێگای دابینکردنی مافی نەتەوەیی

گەلۆ ڕێگا چارە ئەوەیە کە واز لە ویست و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی ئێران بێنین؟ بێشک وڵامی ئەم پرسیارە ئەرێنی نییە. کە وایە ئەم گۆڕانکارییە دەبێ چۆن بێ؟ کۆمەڵێک گرفت و کێشەمان لە ئێران هەن کە دەبێ چارەسەر بکردرێن. یەکێک لەم کێشانە دەگەڕێتەوە سەر کۆبوونەوەو کەڵەکەبوونی هێزی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی لە ناوەند و بێبەش بوونی زۆربەی گەلانی ئێران لە بڕیاری سیاسی وڵات و خۆیان. بە هەر حاڵ، ئەمن جگە لە حکومەتی

ئێران کەس و ڕێکخراوێک ناناسم کە کێشەیەک نەبینێ، هەرچەند ناونان و پێناسەکردنی ئەم کێشەیە یەکسان نییە:

١- بەشێک دەڵێن کە سەرچاوەی کێشەکە ستەمی نەتەوایەتییە و بە دامەزراندنی دێمۆکراسی و دابینکردنی مافی شارومەندی چارەسەر دەکرێ. هەڵبەت بە وتەی وان کورد مافی دیاری کردنی چارەنووسی هەیە و دەتوانێ لە هەڵبژاردنێکدا بڕیار لە سەر مانەوە، یان نەمانەوە لە ئێران بدا. بەڵام ئەگەر ماوە، دەبێ بەم شێوەی کە وترا کێشەکەی چارەسەر بکردرێ.

(بۆ وێنە بڕوانە بۆچوونەکانی حیزبی کومونیستی ئێران و کۆمەڵە، سازمانی کوردستانی ئەم حیزبە.)

٢- بەشێکی تر دەڵێن کە "ئەقوامی" ئێران موشکیلەیەکیان لە گەڵ یەکتر نییە و هەموو "نەتەوەی ئێران" پێک دێنن و هەموو ئێرانێک دەبێ مافی بەرامبەری شارومەندی هەبێ، لە ڕابردوو هەڵەی بێمەبەست کراون. لە داهاتوودا ڕادەیەک لە تەمەرکۆززودایی و پێکهێنانی "حکومەتی مەحەللی" و دانی مافی ئیداری و ئیجرایی بە وان پێویستە،

بەڵام فێدڕالیسم لە ڕوانگەی وان بیانوو و پێشەکییەکە بۆ جیایی لە ئێران، هەربۆیە نەیاری ئەم سیستەمەن.

(بڕوانە بۆ وێنە بەرنامەی حیزبی مەشروتەی ئێران.)

٣- لایەنێک دەڵێ کە ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران مەوزووعییەتی نەبووە. کێشەی کوردستان تایبەتییە و کورد لە ڕاپرسییەکدا دەتوانێ بڕیاری جیابوونەوە بدا، بەڵام خودموختاری و فێدڕالیسم وەپاشکەوتووانەن، تەنیا مافی بەرامبەری شارومەندی بەسە.

(بڕوانە بۆ وێنە هەڵوێستی حیزبی کومونیستی کرێکاری ئێران.)

٤- لایەنێک دەڵێ کە فێدڕالیسم کێشەی کورد و نەتەوەکانی ئێران چارەسەر ناکا. ڕێگاچارەی دروست کۆنفێدڕالیسمە.

(بڕوانە هەڵوێستی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ـ پژاک.)

٥- کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەکانی غەیری فارسی ئێران هەن کە بە هۆی جۆراجۆر لەسەر ئەم بڕوایەن کە کێشەکە (ستەمی نەتەوایەتی) بە فێدڕالیسم حەل نابێ و باشتر ئەوەیە کە داوای سەربەخۆیی بکردرێ. هەر بۆیەش

سەربەخۆیی‌خوازن.

(بۆ وێنە بڕوانە بەرنامەی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، حزبی رزگاری کوردستان،...)

٦- کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی دیکە هەن کە فێدڕالیسم بە باشترین سیستەمی سیاسی بۆ لەبەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی و پێکەوەژیانی گەلانی ئێران دەزانن، هەر چەند ئەم حیزبانەش دوو دەستەن:

- دەستەیەکیان کە هێزە چەپەکانی میانەرۆی ئێرانن، لە ناوەرۆکدا زۆرتر فێدڕالیسمی سیاسی - یاسایی - ئیداریان پێ باشترە (بڕوانەی بەرنامەی سازمانی سۆسیالیستەکانی شۆرشگێر، فیدائیانی خەڵک (ئەکسەرییەت)، فیدائیانی کومونیست، راهی کارگەر،...)، هەر چەند زۆر دژی فێدڕالیسمی جوغرافی ـ نەتەوەییش نین.

- دەستەی دووهەمیان کە زۆرتر سەر بە نەتەوە بندەستەکانن، بۆ وێنە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (+ - ئێران) و حیزبی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (هەر دوو باڵی)، فێدڕالیسمی جوغرافی و نەتەوەیی داوا دەکەن.

من پێم وایە کە دێمۆکراسی، بەم شێوەی کە هیندێک لایەن گەڵاڵەیان کردووە و زۆرتر مەبەستیان دێمۆکراسی زۆرینەیە، هەروەتر مافی شارومەندی کە مافی تاکە کەسییە و نە گروپی، کێشەکەمان کە سیاسی و پەیوەندی بە نیزامی حکومەتی داوەو سەرچاوەکەی ستەمی نەتەوایەتی، یانی ستەم لە نەتەوەیەکە، چارەسەر ناکا (هەروەک مافی شارومەندی ستەمی جینسی و کۆمەڵایەتی حەل ناکا). هەر وەتر بڕوام بە دروستی هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی بە زۆر هۆوە، بە تایبەتی بە هۆی نائوسولی و غەیرەپراکتیکی بوونی نییە، هەر چەند وەک مافێکی ڕەوا قەت نابێ رەتی کەینەوە و یا نکۆڵی لێبکەین. بە باوەڕی من دەبێ بە ڕوونی و شەفافییەتەوە بوترێ کە بە خواست و ئیرادەی خۆمان لە چوارچێوی ئێران دەمێنینەوە، بەڵام ئەگەر دیسان لە پەراوێزدا بمێنینەوە و بڕیاردەری ژیانمان کەسانێکی تر بن، باکمان لە جیابوونەوە نییە. ئەگەر مافمان زەوت کرێ، سنوور و تەواوەتی عەرزی ئێران نە تەنیا بۆ ئێمە هیچ تەقەددوسێک، بەڵکوو تەنانەت هیچ بایەخیشی نابێ. بە کورتی دەبێ ئەوە وتاری ئێمە بێ. کۆنفێدڕالیسمیشم پێ سیستەمێکی نارێئالیستییە، بەم هۆیەی کە تەنانەت یەک جارانیش ئەزموونی سەرکەوتووی نەبووە، هەروەتر بۆ وەی کە پارسەنگی هێز ئەم ئێزنەی نادا. دێسێنترالیزمیشم بۆ ئەو کێشەیە پێ لاوازە، چونکە مافی بڕیاردان هەر لە ناوەندا دەمێنێتەوە، تەقسیماتی جوغرافیایی (دابەشکردنی ئوستانەکان) دەست لێنادرێ، پێش ئاسیمیلاسیۆن ناگرێ، تەنانەت مافی کەمینەمان نابێ، چونکە کەمینە و زۆرینە بەرەسمییەت ناناسرێ. شیاوی باسە کە "حکومەتی مەحەللی" تایبەتمەندی سیستەمی دێسێنترالە، نە فێدڕاڵ. لە حکومەتی فێدڕاڵ سێ ئاست (سەتحی) بڕیاردانمان هەیە: ئاستی فێدڕاڵ، ئاستی ئەیالەتی یا ناوچەیی (regional)،

ئاستی مەحەللی یا شاری (lokal)، لە کاتێکدا لە سیستەمی دیسێنترالّ تەنیا دوو سەتحمان هەیە کە یەکیان سەتحی ناوەندە، ئەوی تریان مەحەللی یا شاری.

(لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم ئەم پرسەی زۆرتر بخەمە بەرباس. بەڵام لێرەدا سرنجتان بۆ وتاری "تمرکززدایی در اروپا"، بابەتی ژمارە ٣٦ لە بەشی ئارشیوی سایتی iran-federal.com ڕادەکێشم.)

دەی، ئەوەی دەمێنێتەوە فێدڕالیسمە کە پێم ڕێگا و سیستەمێکی کارسازە بۆ ئەم مەبەستەی کە هەمانە: بەشداری کردن لە حکومەتی ناوەندی و پێهێنانی حکومەتی ئەیالەتی.

بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی ئەم گرفتەی کە باستان کردووە (دیاری نەبوونی سنووری نەتەوەکان و تێکەڵاوی وان لە هەندێ شار) پێموایە کە دەبێ زۆر بە وردی و ژیری بچینە پێشێ. دەزانین لە کاتی وادا هێزە فاشیستی و شووینیستی و فاناتیک و وەپاشکەوتووکان بێکار دانانیشن. هەروەتر ئەزموونی کوردستانی باشوور سەلماندی کە حکومەتی تورکییە لە دەستتێوەردان لە کاروباری بەشەکانی تری کوردستان ڕاناوەستێ. تەواوی هەوڵمان دەبێ ئەوە بێ کە ئەم پرسە بە بێ کێشەی زۆر حەل بێ.

بۆ ئەم مەبەستە پێم باشترە کە هەر لەسەرەتاوە هەنگاوی زۆر گەورە نەهاوێین. هەنگاوگەلێکی "چکۆلە" زۆرتر و زووترمان لە مەبەست نیزیک دەکەنەوە. لەم پەیوەندییەدا بە باشتر دەزانم کە سەرەتا لە فێدڕالیسمێک کە لەسەر بنەمای یەک نەتەوە و یەک زمان دانەمەزرابێ دەست پێبکەین و بەرەبەرە بەرەو فێدڕالیسمێکی نەتەوەیی بچینە پێشێ. ڕەنگە هەر لە قۆناغی فێدڕالیسمی غەیری قەومی - نەتەوەیی بەم ئەنجام و ئاکامە بگەین کە ئەمە - تەنانەت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نەتەوەییشمان - زۆرتمان بە قازانجە. بە هەر حاڵ، لە ئێران دەتواندرێ نیزامێکی فێدڕالیستی، بۆ وێنە بەم چەشنەی کە ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستییەکانی ئێران داوای دەکەن، دابمەزرێ، بەڵام بەم مەرجەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا بگونجێندرێ کە دوو ئەیالەت بۆیان هەیە، ببنە یەک، یاخود یەک یان چەند شار لە ئەیالەتێک جیا ببنەوە و پەیوەست بن بە ئەیالەتێکی تر. پێوەر دەبێ ڕاپرسی بێ و بەس. شایانی ئاماژەیە کە ئەم چەشنە فێدڕالیسمە فێدڕالیسمی ئیداری - ئیجرایی نییە، بەڵکوو سیاسی و نەتەوەیییە، تەنیا بەم جیاوازییە کە سنوورەکان سەداسەد بە پێی نەتەوە و زمان نییە و هەر نەتەوەیەک لە سەرەتا لە جیات یەک، چەند ئەیالەتی دەبێ. ئەوانەش پاش چەند ساڵان بڕیاردەدەن کە گەلۆ ببن بە یەک ئەیالەت یا هەر وەک خۆیان بمێننەوە. لە ڕاستیدا ئەوە تێکەڵاوێکە لەم دوو چەشنە فێدڕالیسمەی کە لەسەرەوە باسی کرا. بەم مانایەی کە لەو شوێنەی کە خەڵک پێیان خۆشە سنورەکانی ئێداری ئەمڕۆ بهێڵنەوە و تەنیا لە چوارچێوەی هەر یەک لەم سنورانەدا ستروکتور و پێکهانەو و ئۆرگانەکانی فێدڕاڵ ساز بکردرێ، یا ئەم کارە بکردرێ. لەم

شوێنانەش کە خەڵک گەرەکیانە کە پێکەوە بژین، باشترە چەند ئوستان بکرێنە یک ئەیالەت، بۆ وێنە ئەیالەتی کوردستان.

شیاوی باسە کە تێکەڵاوی دوو یا چەند نەتەوە لە یەک شار یا یەک ناوچە تایبەتمەندی تەنیا ئێران نییە. کام وڵاتی فێدراڵ لە دنیادا دەتوانین نێو بەرین کە ئەم دیاردەیەی نەبێ؟ بڕوانینە سویس، هێند، بێلژیک، کانادا، ئیسپانیا؛ هیچکام لەم وڵاتە فێدراڵانە بێ شار و ناوچەی لە باری زمانی، قەومی و نەتەوەییەوە تێکەڵاو نین. تەنانەت لە وڵاتی چکۆلەی سویس چەند کانتۆن (ئەیالەت) چەند زمانەن. ئەم دیاردەیە لە بێلژێیک ئاڵۆزتریشە. لەم وڵاتە دوو پێکهاتەی زمانی و قەومی و نەتەوەیی سەرەکی فەرانسەویزمان و هۆلەندیزمانی تێدایە، بەڵام پایتەختەکەی ئاڵمانی زمانە. بە باوەڕی من لەم چەشنە فێدراڵیسمەی بلێژیکیش دەتوانین زۆر کەڵک وەرگرین. فێدراڵیسم سیستەمێکی وشک و دوگم نییە، توانایی ئەوەی هەیە کە لە زۆر وڵاتی جۆراجۆری دنیایە پێک بێ. ڕەنگە بە ٢٤ دەوڵەتی فێدراڵ ٢٤ چەشنە سیستەمی فێدراڵمان هەبێ.

**نازانم ئەگەر ئێمە بە ستروکتورێکی فێدراڵ نەتوانین ئەم پرسە چارەسەر بکەین، بە کام سیستەم دەتوانین.**

**گرفتی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا"**

"ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" - باسی فێدراڵیسم و خودموختاری و کۆنفێدراڵیسم و سەربەخۆیی بکردرێ یا نەکردرێ - کێشە و گرفتێکە کە حکومەتی شووینیستی ڕەزا شا بۆ کورد و ئازەری ساز کرد. ئەمن پێم وایە کە ئەگەر حکومەتی ناوەندی برووخێ ـ کە درەنگ یا زوو هەر دەرووخێ ـ، یا لاواز بێ ـ کە درەنگ یا زوو هەر لاواز دەبێ ـ، کێشەی ئەم ئوستانە زۆر زەق دەبێتەوە و دەبێتە یەکێک لە کێشە و گرێپوچکەکانی کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کورد و ئازەری بە تایبەتی. گرفتەکەش ئەوە نییە کە دوو نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژین، بەڵکوو ئەو ستروکتورە تەبعیزئامیز و زاڵمانەیە کە لەم ئوستانە دامەزراوە. شووینیسمێک کە لەم ئوستانە بەنیسبەت کورد هەیە دووبەرابەرە. بێ هۆ نییە کە خەڵک بۆ وێنە لە شارەکانی سابلاغ و سەردەشت و شنۆ و بۆکان و خانێ و نەغەدە و هەروەها ناوچەکوردییەکانی باکووری ئەم ئوستانە دەڵێن: "ئێمە دوو حکومەتمان بەسەرەوەیە: حکومەتی تاران و حکومەتی ورمێ. تازە لە زۆر بارانەوە دەبێ بوترێ، سەد خۆزگە بە زاڵمەکانی تاران." چاوێک بە ڕادەی پێشکەوتوویی ناوچە ئازەرییەکان و کوردەکاندا بخشێنین، قەزییەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؛ چاوێک بە تەعەڵلووقی قەومی ـ نەتەوەیی بەرپرسانی ئوستاندا بخشێنین و بزانین چەندە لە وان کوردن و چەندە ئازەرین، قەزییەکەمان بۆ ڕوونتریش دەبێتەوە. تەنانەت ناوی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" خۆی لە خۆیدا تەبعیزئامیزە و دەیهەوێ پێمان بسەلمێنێ کە "خاوەن ماڵ" کێیە و "میوان" کێیە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە باوەڕی من، ئەگەر کورد لەم ئوستانە زۆرینە نەبێ، کەمینە هەرنییە، یان لانی کەم ئەوەندە کەم نییە کە تەنانەت لە سەدان و هەزاران بەرپرسی

بچکووک و گەورەی ئەم ئوستانە چواری کورد نەبن. ئەمە تەنیا بۆ کورد کێشە نییە، بەڵکوو بۆ ئازەریش کێشەیە: لە ئوستانێک کە ڕادە و ژمارەی دانیشتووانی غەیریئازەری ئەوەندە بەرچاو بێ و ئەوەندەش ناڕازی، کاتێک کە هێزی سەرکووتگەری حکومەتی ناوەندی لە ناوچە نەمێنێ (وە ئەمن بە چەندین هۆ پێم وایە کە بەرووخانی حکومەتی ناوەندی ئێستا، فاتیحای هێزی بەهێزی ناوەندی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بۆ هەمیشە دەخوێندرێ)، کێشەکە بە شێوەیەکی نەخوازراو و بە توندیوتیژی سەرهەڵدەداتەوە، بە جۆرێک کە ڕەنگە هیچ لا قازانجی تێدانەکەن.

## ڕێگا حەلی کێشەی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا"

### چەند تێبینی بنچینەیی

"ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" وڵات و خاکی هاوبەشی کورد و ئازەرییە. نە کورد میوان و میواندارە، نە ئازەری. لە میژووی ڕاستەقینە و دەستکردی ناوچەکە گەڕێین. لەوە گەڕێین کە کێ، کەی لەو ناوچەدا ژیاوە. ئەوەی کە بۆ مە دەبێ پێوەر و بنەمای هەڵسوکەوت بێ، ئەم ڕاستییانە و فاکتە دێمۆگرافییانەن کە ئەورۆ هەن. بەم پێیە ئەم کێشەیە دوو لایەنی هەیە. کورد و ئازەری دانیشتووی ئەم ئوستانە.

ڕووناکبیرانی پێشکەوتووی ئازەری دەزانن کە ناوچە کوردییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕێک بەهێزترین ناوەندی سیاسی و حیزبی و نەتەوایەتی جووڵانەوەی کوردن. ئەوان دەزانن کە لەهەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێکی داهاتووی ئەم ئوستانە کورد دەبێ لایەنێکی بەرامبەری دانووساندن و بەشداری ئەم ئاڵوگۆڕانە بێ.

لایەنی کوردیش، تەنانەت ئەوانەی کە خۆیان پێ "ناسیۆنالیستە"، نە لە ڕابردوودا دژی نەتەوە و تاکی ئازەربایجانی بوون، نە لە داهاتوودا دەبن، ئەوەش بە پێی سروشت و هەڵسوکەوتی دێمۆکراتیکی وانەوەیە. لایەنی کوردی ئەم جینایەتانەی کە کەسانێکی وەک حەسەنی لە حەق خەڵکی بێدیفاعی کوردی کردیان، نە بە حیسابی ئازەری داناوە و نە لە ئاست ئەم جینایەتە دژکردەوەیان لە خۆ نیشان داوە. لەم پرسەشدا سیاسەتی کوردی خۆی بە دۆستی ئازەربایجانی دادەنێ و هیچ کردەوەیەک لە خۆ نیشان نادا کە مافی تاک و نەتەوەی ئازەربایجان لە ژێر پێ بنرێ. بەڵام لە هەمان کاتدا ماف و ئەرکی سەرشانیانە کە تێبکۆشن، مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەیان لەم ناوچەشدا بە دیالۆگ لە گەڵ پێشکوتووخوازەکانی ئازەربایجان بەدی بێنن و ئەم دۆخە نالەبارەی ئەورۆ کە بە تایبەتی بۆ کورد لەم ئوستانە هەیە لە درێژخایەن دا بیگۆڕن.

ئێمە، هەردووک لای ئازەری و کورد، ئەرکی سەرشانمانە کە ڕووحی برایەتی و دۆستایەتی مابەینی نەتەوەکانمان پتەوتر کەین، چونکە ئێمە چ لە فورماسیۆنێکی سیاسی هاوبەشدا بژین، پێویستیمان بەم ڕووحی هاوکارییە هەیە و چ ئەگەر لە

دوو ئوستان، ئەیالەت یا وڵاتی جیاواز بژین، بۆ وەی کە لەم حاڵەتەشدا هەم کەمینەیەکی ئازەری لە کوردستاندا دەمێننەوە و هەم کەمینەیەکی کورد لە ئازەربایجاندا. ئەوەی کە دەبێ بناغەی هەڵسوکەوتی سیاسیمان بێ، ویستی دانیشتووانی ناوچەکە و کێبەرکێ و رقابەتی ئێمە لە سەر ئەمەیە کە کامیان مافی تاکەکەسی و گرووپی کەسان و نەتەوەکانی تر زۆرتر و باشتر دابین دەکەین، ئەگەر بیان هەوێ بە داخوازی خۆیان لەگەڵمان بمێننەوە.

ئەم گرفتانەی کە لەم ئوستانە هەن، بێبەش و بێماف مانەوەی کورد و حاڵەتی پاتێک کە بەینی کورد و ئازەری هەیە، لە بەرژەوەندی ئازەربایجانیش دانییە. بە وتەیەکی ڕوونتر: بەردەوامی و کەڵەکەبوونی نارزامەندی و بێزاری کورد لەم ئوستانە درێژخایەن زەرەر بەوانیش دەگەیێنێ. هەر بۆیە بەتایبەتی ئەوانن کە دەبێ تێبکۆشن لە ڕێگای لابردنی ئەم ستروکتورە تەبعیزئامیزە دڵ و ڕزامەندی کورد بەدەست بێنن و خۆ لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتێک بپارێزن کە لە بەرژەوەندی هاوبەشی هەر دوو لادا نەبێ.

### ڕێگا حەل، پێکهێنانی "ئوستانی موکریان"؟

لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەستەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیران و هەڵسوڕاوانی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی کورد لەم ئوستانە بە جیددی خوازیاری پێکهێنانی "ئوستانی موکریان" (پێکهاتوو لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، شنۆ و پیرانشار) بوون. زەرەر و قازانجی پێکهاتنی ئەم ئوستانە چییە؟ دەبێ تاک و ڕووناکبیر و هێزی سیاسی کورد چۆن بڕوانێتە ئەم پرسە؟

### قازانجی بۆ لایەنی کورد:

- بەشێک لە کێشە ئیدارییەکانی خەڵکی ئەم ناوچانە کە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە "حکومەتی نامەرئی ورمێ" چارەسەر دەکرێن.

- بڕیاردەری ئیداری ئەم ناوچانە و بەشێکی زۆرتر لە ئێستای بەرپرسانی کورد دەبن.

- لایەنی دانووسان و قسەوباس یەک سەر وەزارەتی ناوخۆ دەبێ و نەک ئوستانداری ئێستا. بەم شێوەیە پرسەکانی ئەو ناوچەیە لە فیلتێری سیاسی، ئاسایشی (ئەمنییەتی) و ئینتیزامی و ئابوری ئۆستان تێپەڕ نابێ و کیشەکان زووتر دەگەنە گوێی بەرپرسان و ڕێگای چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە. ئەگەریش نەدۆزرێنەوە، دەزانن بەرپرسانی ڕاستەوخۆی کەڵەکەبوونی گرفتەکان کێن.

* لە داهاتوو ڕێگا بۆ وەی کە بێ قڕەیەکی زۆر ئوستانی موکریان تێکەڵ بە ئوستانەکانی تری کوردی بکردرێ، خۆشتر دەکا.

* ...

### قازانجی بۆ لایەنی ئازەری:

- کێشەیەکی جیددی کە ئەم ئوستانە بە ناوی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد هەیەتی و بێشک لە داهاتوودا گەورەتریش دەبێتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لەکۆڵیدەبێتەوە.
- نەغەدە و ورمێ و ناوچە کوردییەکانی باکووری ئەم ئوستانە بە ڕەسمی دەبنە ناوچەی ئازەربایجان.
- لە داهاتوو ڕێگا بۆ وەی کە بێ قڕەیەکی زۆر ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا تێکەڵ بە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بکردرێ، خۆشتر دەکا.

* ...

### بۆچوونی نەیارانی کوردی ئەم پرۆژەیە:

- کورد بەشێک لە نیشتمانەکەی لەدەست دەدا.
- گرینگی چەند سەد هەزار کوردی ئەو ناوچانە بۆ شوێنەوار خستنە سەر ڕەوتی سیاسەت لە ناوچەکە و بە قازانجی کورد کەم دەبێتەوە. ڕەنگە لە زۆر مافی کەمینە و تاکەکەسیش بێبەش کرێن، بە تایبەتی ئەگەر ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یەک بگرن.
- کورد وەک نەتەوە ناوچەیەکی ئیستراتیژیکی سنووری ئێران و تورکییە وەک سنوورێک کە کوردی دابەش کردووە، لە دەست دەدا.
- ئاسیمیلەکردنی کوردی ئەم ناوچانە ئاسانتر دەکا.
- قورسایی کورد لە ئێران کەم دەکاتەوە.

* ...

### ڕای من لە سەر پێکهێنانی "ئوستانی موکریان":

بە لێکدانەوەی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەم داوایە ناتوانم لە گەڵی بم، ئەویش نە لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستییەوە، بەڵکوو بەم هۆیە کە پێم وایە ئەم ڕێگایە، ڕەنگە قازانجی کاتی هەبێ، بەڵام لە درێژخایەندا نە تەنیا کێشەکەمان



سەرچاوە Serchawe

**چارەسەر ناکا، بەڵکوو بەزەرەریشمان تەواو دەبێ:**

١- نابێ پێمان وابێ کە ئەم نیزامە ناوەندییە، شووینیستییە هەتا ئەبەد دەمێنێ و لە پاشەڕۆژدا کارتەکان سەر لە نوێ لێکنادرێنەوە. ڕاستە، ئێمە و هێزە دێمۆکراتیکەکان ئەمرۆ بە بوونی حکومەتی ناوەندی کە تەنانەت لە کێشە ناوچەییەکانیشدا هەمیشە دژی مە ڕاوەستاوە، لاوازین. بەڵام ئەم فاکتەرە و هێزە سەرکووتگەرەی دەوڵەتی لە داهاتوودا نامێنێ. ڕاستە، لەوانەیە دەوڵەتەکانی دژی کوردی ناوچە ئەم بۆشاییەی حکومەتی ناوەندی ئێران بۆ ماوەیەک بە زەرەری مە پڕ کەنەوە، بەڵام لە درێژخایەندا هێزی ئێمە ـ بەتایبەتی بە لاواز بوونی هێزی حکومەتی ناوەندی ـ ئەوەندە بەرچاو دەبێ کە گۆڕان لەو ناوچەو ئوستانەدا یەکلایەنە و بە زەرەری کورد نەیەتە ئاراوە.

٢- ڕەنگە بە پێکهاتنی ئەم ئوستانە بەشێک لە گرفتەکانی ئێمە چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەم بەشە ئەوەندە چکۆڵە و ڕواڵەتی دەبێ کە نرخی وەی نابێ کە ئێمە بەشێکی بەرچاو و گرینگ لە نەتەوەکەمان لە خۆمان دابب‌ڕین، بەتایبەتی کە "کۆماری" ئیسلامی ناوەندگەرا هەر لەسەر جێی خۆی دەمێنێ و کێشەکەمان (شووینیسم) بە شێوەی بنەڕەتی چارەسەر ناکردرێ.

٣- لێرەدا دیسان جەخت بکەمەوە کە من قەت مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی خۆم لە سەرەوەی مافی تاکی و نەتەوەیی ئازەری و نەتەوەیی تر دانانێم. بەختەوەری و پێشکەوتن و ئازادی خۆم بە نرخی ڕەنج و مەینەتی و کۆیلەتی خەڵکانی تر ناوێ. ئەم شتەش کە بۆ من گرینگە پان و بەرینی خاک نییە، بەڵکوو ئازادی و بەختەوەری و سەربەستی خەڵکە. ئا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە سەر من وەک تاک، تەنانەت وڵاتێکی دێمۆکراتیکی فرەنەتەوەیی بە وڵاتێکی تەک نەتەوەیی وەپاشکەوتوو و دیکتاتۆر ناگۆڕمەوە، هەر چەند کە نەتەوەی حاکمی ئەم وڵاتە کورد بێ. بەڵام ئەگەر مافی هەڵبژاردنم بەینی دوو وڵاتی نادێمۆکراتیکی کورد و غەیریکورد، یاخود بەینی دوو وڵاتی دێمۆکراتیکی کوردی و غەیریکورد هەبێ، سروشتییە کە پێم خۆشە لە وڵاتی خۆم، کوردستان، بژیم. ئەم مافە بۆ کوردی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش قائیلم. ڕەنگە ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوێ، ئەوان لەم مافە بێبەش بکەین و ئەوان بۆ هەمیشە دەرفەت و دەرەتانی وەی لەدەست بدەن کە لە ئەیالەتێک یان وڵاتێکی دێمۆکراتیک بە ناوی کوردستان بژین. گەلۆ مافی وەمان هەیە ئەو غەدرە لە وان بکەین؟

## پێشنیاری من بۆ چارەسەرکردنی کێشەی "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا"

**پێم وایە ئەگەر هێزە وەپاشکەوتووکان لێمان گەڕێن، بتوانین کێشەکە حەل کەین. بۆ ئەم کارە بە بڕوای من سێ ڕێگامان زیاتر لە پێش نییە:**

١- یا ستروکتورێکی دێمۆکراتیکی فێدراڵ لە خودی ئەم ئوستانە پێک دێنین کە نەتەوەی کورد و ئازەری تێیدا بە ئازادی و بەرابەری مافەکانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە بژین. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە پێش هەموو شتێک ناوی "ئازەربایجانی رۆژئاوا" بگۆڕدرێ و بۆ وێنە بکرێتە 'ئازەربایجان و کوردستان" (وەک "سیستان و بەلوچستان"ی ئێستا یا وەک زۆر ئەیالەتی دوو نێوی ئاڵمان)، لەم ئوستانە دوو پاڕلەمان و دوو حکومەتی ناوچەیی و هەروەتر یەک حکومەت و یەک پارلمانی هاوبەش پێک بێ.

٢- یان ستروکتورێکی دێمۆکراتیک لە ئوستان دابمەزرێنین و پاشان بە جیا لە ناوچەکانی ئازەری و کورد (بە تەواوی گوند و شارەکانییەوە) ڕاپرسی بکردرێ کە:" گەلۆ پێیان خۆشە ببنە دوو ئوستان یا ئەیالەتی ئازەری و کورد؟" و "خۆیان وەک تاک کامیان بۆ ژیان هەڵدەبژێرن؟"

٣- یان ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕاپرسییە بکردرێ.

چونکە ئەمن بەتایبەتی لەبەر دژواری باری ناوچەکە باوەڕم بە هەنگاوی "چکۆڵە چکۆڵە"یە، تەنانەت ئەگەر پێشمان وابێ کە بۆ هەر دووک لا باشترە کە ئەم ئوستانە ببێتە دوو ئوسستان یا ئەیالەت، پێم باشترە لە ڕێگای یەکەمینەوە بچین بۆ دووهەمین. ڕێگای سێهەمم زۆر پێ کێشەسازە.

**بە تایبەتی زۆر گرینە کە ئێمەی کورد:**

**هێزەکانی چەپ و پێشکەوتووخوازی ئێرانی (سەرانسەری) و (بە نیسبەت ورمێ و ...) ئازەری بەشدار لەم پرۆسەیە بکەین.**

**هێزی چاوەدێری ناونەتەوەیی بەشدار بکەین.**

نەک بە مێژوو و ئەفسانە و...، بەڵکوو تەنیا بە ڕای دێمۆکراتیکی خەڵک لە ڕێی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و ڕێفراندۆم پشت ببەستین. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش پەلە نەکردرێ و تەنانەت باشترە چەند ساڵ وەدوا بخردرێ.

بەربەرەکانی و خەباتی فیکری لە گەڵ ئەم کەس و لایەنانەی ناوخۆ بکردرێ کە تۆوی دوژمنایەتی نەتەوەیی و قەومی بڵاو دەکەنەوە (بەختەوەرانە دەبێ بوترێ کە حیزبە سیاسییەکانی مێژووداری کوردی ڕابردوویەکی پڕشەنگداریان لەم بارەوە هەیە و بە پێی سروشت و بەرنامە و بیروباوەڕی دێمۆکراتیکیان قەت دژی نەتەوەی دیکە نەبوون، هەرچەند کە بۆ

مەبەستێکی نەتەوەییان خەبات کردووە. ئەوەی کە ئەندامی غەیری کوردیشیان هەبووە، یا ڕێکخراوی غەیری کوردی لە گەڵیان هاوخەبات بووە، ئەم شتەی دەسەلمێنێ و ئیسبات دەکا.)

پێداگری لەسەر برایەتی و دۆستایەتی دوو نەتەوەیی کورد و ئازەری و بە هێزکردنی ئەم ڕیکخراوە ئازەریانە بکردرێ کە ئەم شێواز و ڕێبازەیان هەیە. (بەم مەبەستە دەبێ هەر لە ئێستاوە کەڵک لە تەلەویزیۆنە کوردییەکان بگیردرێ.)

بەرەیەکی کوردستانی پێکبهێندرێ و بەرنامەیەک بۆ داهاتووی کوردستان کە مافی شارومەندی و کەمینە نەتەوایەتییەکانی ناو کوردستانی بە ڕوونی تێیدا بێ، گەڵاڵە بکردرێ، بە چەشنێک کە هیچ غەیرە کوردێک، بە تایبەتی هیچ ئازەرییەک ترس و دڵەڕاوکێی لەوە نەبێ کە لە ئەیالەتی کوردستانی فێدرِاڵدا بژی. حکومەتی کوردستان، حکومەتی تەنیا کورد نابێ، بەڵکوو ئی هەموو ئەو کەسانە و پێکهاتەو کەمینە نەتەوایەتیانەی کە لە چوارچێوەی کوردستاندا دەژین، دەبێ. بەرنامەی بەرە (وە پاشان ئی حکومەتی کوردستان) دەبێ ئەوندە پێشکەتوو بێ کە مەیل و ڕیغبەتی تەنانەت غەیرە کوردەکان بۆ ژیان لە کوردستانی فێدرِاڵ زۆر بکا.

کوردستان دێسێنترالیزە بکردرێ، بەم شێوە کە سنوورەکانی ئیداری نێوان چوار ئوستانی ئێستای ناوچە کوردییەکان بە ویستی دانیشتووانی و بەم ناوەی کە پێیان خۆشە کەم یا زۆر بمێننەوە، تەنیا لە مەجموعەی ئەوانە ئەیالەتی کوردستان بە حکومەت و پارڵمان و دەزگای قەزاییەوە پێک بێ. (کرماشان هەر ناوەند بمێنێ، سنە هەر ناوەند بمێنێ، ...). باشترە کە ناوەندێکی ئیداری لە ناوچەی موکریان پێک بێ و ناوی ئوستانی کوردستان بکرێتە "ئەردەڵان" و کوردستان ناوی رەسمی و فەرمی گشت ئەیالەتەکە بێ.

## دروشمی فێدرِالیسم لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی عێراق؟

## ئــاسۆ

**سڵاو کاک ناسر.**

**١- تۆ چۆن دەڕڕوانیتە ئەو فیدرالیزمە شیعارییەی کە حیزبە کوردییەکان داوای دەکەن؟ بۆ ئەوان نەیانتوانیوە تا ئێستا ئەو فیدرالیزمە تیئۆریزە بکەن؟**

**٢- هەڵگرتنی شیعاری فیدرالیزم لە لایەن حیزبە کوردییەکانەوە پێت وایە چەندە لە ژێر ئاڵوگۆڕەکانی عێراق بووە؟**



سەرچاوە Serchawe

**سڵاو بۆ ئێوەش کاک ئاسۆ.**

١- ڕاستە، بەرنامەی حیزبە کوردییەکان بۆ فێدڕالیسم لەمنیش زۆر ڕوون نییە. ڕەنگە ئەوە بگەڕێتەوە سەر وەی کە ئەم حیزبانە ماوەیەکی زۆر نییە فێدڕالیسمیان وەک نیزامی سیاسی خوازراو گەڵاڵە کردووە. هەڵبەت چەند کەسێک لە ڕۆژنامەکانی ئەم حیزبانە بابەتی بەکەڵکیان لەسەر ئەم تەوەرە هەبووە کە هەوڵە بەنرخەکەیان جێی پێزانینە. بەڵام سەرەڕای ئەم تێکۆشانەش زۆر لایەنی پراکتیکی ئەم پرسەش ناشەفاف ماوەتەوە. بۆ وێنە سیستەمی هەڵبژاردن لە کوردستان و لە ئێرانی فێدڕاڵ باسی لەسەر نەکردراوە کە زۆر گرینگە. یا نیزامی ئیداری لە خودی کوردستانیش روون نییە؛ گەلۆ ئێمە سێنترالیسم یا دێسێنترالیسم لە کوردستان دەستەبەر دەکەین؟ هەروەتر دەبێ لێمان ڕوون بێ کە چۆن بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێران مسۆگەر دەکەین. لەم پەیوەندییەدا ئەمن پێم وایە کە پێویستیمان بە باسێکی پتەو و بەرین لە سەر پێناسەی نەتەوایەتیمان هەیە، پێویستیمان بە جەماوەری کردنی بیری دێمۆکراتیکی کوردایەتی هەیە. تەنیا ئەم بیرەیە کە دەتوانێ زامنی مافەکانی مە لە ئێران بێ. هەمووی ئەوانە دەبێ خۆی لە بەرنامەی مە بۆ فێدڕالیسمدا ببینێتەوە.

هەڵبەت لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لە سەر ئەم پرسە و زۆر پرسی گرینگی سیاسی کۆمەڵگاکەمان تەنیا ئەرکی ڕێکخراوە سیاسییەکان نییە. جێی خۆیەتی کە هەرکەسێک کە ئۆگری ئەم تەوەرەیە هەوڵی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بدا، بە تایبەتی لە زانکۆکان.

٢- ئەوەی کە کورد لە بەشەکانی جۆراجۆری کوردستان کاریگەریان لە سەر یەک هەیە، شتێکی ڕاستە و زۆریش سروشتییە. من بەش بە حاڵی خۆم، هەوەڵین جار لە بەرنامەی حیزبێکی سیاسی کوردستانی باکوور چاوم بەم دروشم و ڕێبازە کەوت، ئەویش بیست ساڵ لەمەوبەر. بەڵام لە ئەسڵدا ـ بە پێی زانیاری من ـ ئەوە کوردی ئێران بووە کە یەکەم جار ئەم باسەی هێناوەتە گۆڕێ. قازی موحەممەد شێست و دوو ساڵ لەمەوبەر لە دیمانەیەک کە لە تاران لە گەڵیان کردووە، باسی لە پێویستی دارشتنی پیکهاتەی سیاسی و حکومەتی ئێران بە شێوەی فێدڕالیستی کردووە. خودمختاریش خۆی شکلێک لە فێدڕالیسمە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران شەش دەیەیە خەباتی بۆ دەکا. کە وایە کاتێک کورد لە ئێران ئەم باسەی هێنابوو گۆڕێ، حیزبەکانی کوردستانی باشوور هەر لە حەیاتی سیاسیش دانەبوون. بە گشتی کاتێک کە کورد باسی فێدڕالیسمی دەکرد، بەشێکی بەرچاوی ئەو وڵاتانەی کە ئەورۆ بە فێدڕالیستی ناسراون، هەر فێدڕال نەبوون (ئاڵمان، تۆتریش، ئیسپانیا، بێلژیک،...). سەرەڕای هەموو ئەم باسانە نکۆڵی لەمە ناکرێ کە پارچەکانی نەتەوەی لەتکراوی کورد زۆریان ئاگا لەیەکترە، خۆ لە شیرنی و تاڵی یەکتر بە شەریک دەزانن و بە گشتی خاوەن ڕەوانێکی گروپین، هەر چەند کە

لە زۆر بارانەوە جیاوازیشیان پێکەوە هەیە و دابەش کردنی کوردستان و ژیان لە گەڵ سێ نەتەوەی فارس و عەرەب و تورک بێ شوێنەوار لە سەر فەرهەنگ و هەستان و دانیشتن و هەڵسوکەوتمان نەبووە. بەڵام بەدەردی یەکترەوە هەن و خاوەن ئەم کەرەسەیەن کە لەوان یک نەتەوە ساز دەکا. بێ هۆ نییە کە ئۆجەلان لە ئەفریقایە دەرفێنن، لە مەهاباد و سنە و ورمێ کورد دەرێژنە شەقامەکان. کاتێک یاسای بنەڕەتی (دەستوری) عێراق لە پارڵمانی ئەم وڵاتە واژۆ دەکرا، هەوەڵین هەواڵی تەولەویزیۆنی باشوور پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێورەسمە ئەوە بوو کە هەر ئێستا لە شاری مەهاباد خەڵکێکی زۆر بە ئاڵای کوردستانەوە هاتوونە سەر شەقامەکان و بە لایەنگری لە فێدڕالیسم دروشم دەدەن و بەرەو مەزاری قازی موحەممەد و یارانی وەڕێکەوتوون. کاتێک چەند ساڵ لەمەوبەر مانگرتنێکی جەماوەری لە کوردستانی رۆژهەڵات لە دژی کوشتنی شوانەی قادری لە مەهاباد بەڕێوە چوو، لە باشووری کوردستان هەوڵ درا ڕێپێوانێکی گەورە لە لایەن خەڵکە بۆ لایەنگری لە کوردی ڕۆژهەڵات بکردرێ کە حکومەتی هەرێم بەداخەوە پێشی گرت. لە کوردستانی ڕۆژئاوا (سوریە) خەڵک بە وێنەی مەسعود بارزانییەوە هاتنە سەرشەقامەکان و لە لایەن حکومەتی ئەو وڵاتە خوێنیان ڕشترا. چەندین ساڵ بەشی هەرە زۆری لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرابوو بە کوردستانی باشوور. کوردی ڕۆژهەڵات چەندین جاران هەر لەماوەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوودا کە حکومەتی فاشیستی تورکییە هێرشی هێنا سەر باشووری کوردستان و هێزەکانی باکوور ئیعتیراز و بێزاری و دڵتەنگی خۆیان هێنا سەر کاغەز و مشت و مریان لەسەر کرد. دیارە ڕەوتی پێچەوانەی وەش هەبووە لە لایەن حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی باشوور، بە تایبەتی لە ڕووداوەکانی ٤٧ - ٤٦ی کوردستانی ئێران، دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران و لەم دە . پانزدەساڵەی ڕابردوودا. هەمووی ئەو نموونە ئەرێنە و نەرێنییانە دەریدەخەن کە پرسی کورد لەم وڵاتانە چەند پێکەوە پەیوەندی هەیە و پێشکەوتن و پاشکەوتنی لایەک چەندەی شوێنەوار لە سەر لایەکانی تر هەیە. ئەم ڕاستییە بە نیسبەت ناسیاوتربوون و جەماوەری بوونی پرسی فێدڕالیسم لە چەند ساڵی ڕابردووش دەدیترێ.

## کۆنفیدڕالیسم و پ.ک.ک.

### سەعید

### سڵاو. ماندوو نەبن.

کاک ناسری بەڕێز، گەلۆ بە بڕوای بەڕێزت دروشمی فێدڕاڵیسم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و بەگشتی بۆ کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی عەینی و زەینی گونجاوترە یان کۆنفیدڕاڵیسم کە پ.ک.ک. داوای دەکا؟ کامیان زیاتر دەتوانن نەقشی سەرکەوتنی نەتەوەی کوردیان لەداهاتوودا هەبێ؟

بە بڕوای جەنابت، بۆ پ.ک.ک. هەمیشە درووشمێک هەڵدەگرێ کە گەورەترە لە دروشمی پارچەکانی دیکە بەڵام لە عەینی حاڵێشدا زوو زوو پاشەکشە لە درووشمەکانی خۆی دەکا؟

زۆر سپاس و ماندوو نەبن

بەڕێز کاک سەعید،

سڵاو بۆ ئێوەش. ئێوەش ماندوو نەبن.

ئەوەی کە چۆن دەڕوانمە کۆنفێدڕالیسم لە سەرەوە باسم کرد. دیسان تەئکید دەکەمەوە کە ئەم دروشمە ئیدەیەکی جوانە، بەڵام بەداخەوە بە زۆر هۆ زۆر ئۆتۆپیستی و خیاڵییە و لانی کەم لە سەد ساڵی داهاتوودا شانسی سەرکەوتنی لە ناوچەی ئێمەدا نییە. پێشەرتی حکومەتی کۆنفێدڕاڵی دەوڵەتانی سەربەخۆیە، بە واتایەکی تر کۆنفێدڕالیسم بەینی وڵاتانی سەربەخۆ پێک دێ کە هەڵبەت لەوەشدا تا ئێستا سەرنەکەوتووە. بێ هۆ نییە کە لە نیزیکەی ٢٠٠ وڵاتی سەربەخۆی جیهان تەنانەت وڵاتێکیش کۆنفێدڕاڵی نییە. ئەمن ئێستا دروشمی سەربەخۆییم پێ ڕێئالیستیترە!

ئەوەی کە بۆ پ.ک.ک. زوو زوو دروشمەکانی دەگۆڕێ، تەنیا دەتوانێ نادروستی دروشمەکانی بێ بۆ ئەم کات و ئەم قۆناغە و ئەم کۆمەڵگایە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوەیە شووناسی دروست و زانیاری پێویستی تەنانەت لە سەر ئەم کۆمەڵگایەی کە خەباتی بۆ دەکا و قوربانی بۆ دەدا نییە. ڕۆژانێک کە سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەویست، هەموو ئەم حیزبانەی کە خودموختاری و فێدڕالیسمیان دەویست (وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران و حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکییە و پارتی و یەکییەتی) پێ خائین بوو. پاشان قەدەرێکی دروشمی "ئاشتی"یەکەی گوێی فەلەکی کەڕ کردبوو، بەڵام ئەوانەی کە دەبا گوێیان لێبا، یانی حکومەتی تورکییە، گوێیان لێنەبوو. ئەوڕۆ "کۆمەڵگای دێمۆکراتیک"ی دەوێ، هەر بۆیەش ئەوەی کە باسی ناکە مافی نەتەوەییە...

سەرەڕای هەمووی ئەوانە پێم وایە کە ئەم ڕێکخراوەیە لە بەرامبەر حکومەتی فاشیستی تورکییە شایانی پشتیوانی و لایەنگرییە. خەباتەکەی جێی ڕێز و پێزانینە. لە بیرنەکەین کە ئەم حیزبە بۆ کێ و دژی کێ خەبات دەکا. نەبوون و لەبینچوونی ئەم ڕێکخراوەیەی بە زیانی کورد و بە قازانجی حکومەتی تەرکییە دەزانم. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ڕەخنە لە هەڵوێستەکانی دەگرم، نە لە حزوری سیاسی و لە خەباتی.

(لەم پەیوندییەدا بۆ وێنە سرنجتان بۆ وتاری "هەڕەشەی دەوڵەتی تورکییە و پێویستی بەربەرەکانی نەتەوایەتی کورد" ڕادەکێشم.)

قەیرانی حیزبەکوردییەکان

لوقمان ئەیامی

سڵاو کاک ناسری بەڕێز!

سپاس کە کاتت تەرخان دەکەی بۆ وەڵامی پرسیاری ئێمەمانان.

لە بابەت حیزبایەتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەم دووایانەدا تووشی گرفتی سەرەکی هاتوون پرسیارێکم هەیە.

من پێم وایە سەرەڕای ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بارێکی نەخوازراو و نالەباردا بەسەردەبەن، بەڵام بۆخۆشیان لەم ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا هیچ هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە، هەتا خۆیان لەگەڵ وەزعی تازەی ناوچەکە و گۆڕانکارییەکان هاوئاهەنگ بکەن بە جۆرێک کە هەست بەوە دەکرێ کە ئەم حیزبانە خەریکن لە ڕەوتی ڕووداوەکان دوور دەکەونەوە و لەوەش خراپتر لە ڕەوتی ژیان و ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ دەمێنن.

بەڕای ئێوە ئەم قەیرانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێ چ بکرێت هەتا ئەم ڕێکخراوانە لەم حاڵەتە دەرباز بن و لە جیات خۆ خەریک کردن بە گیروگرفتی نێوخۆیی لە بیری وەڵامدانەوە بە گرفتی ژیانی خەڵکدا بن؟

جارێکی دیکەش سپاس بۆ جەنابت و بەڕێوەبەرانی سایتی بۆڕۆژهەڵات

سڵاو و سپاس کاک لوقمان،

ئەوەی کە لە مەڕ ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەیفەرموون ڕاستە. ئەم دۆخە ـ لە ڕوانگەی منەوە ـ هۆی جۆراجۆری هەیە کە بەشێکیشیان ناوەکین و بەشێکیان دەرەکین. ئەم هۆکارانە بریتین لە:

* ڕادەی نزمی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەمان بە گشتی؛

* زاڵ بوونی فەرهەنگ وستروکتوری ڕێکخراوەیی کلاسیک کە تەنیا بۆ خەباتی نەهێنی، چەکداری داڕێژراوە؛

* تا ڕادەیەک دروشم و ئامانج و هەڵسوکەوتی ماکسیمالیستی و شەڕی مان و نەمان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە؛

* وەدواکەوتوویی و بێبەزەیی و سەرکووتگەری لە ڕادەبەدەری لایەنی بەرامبەر؛

* شێوەی خەباتی داسەپێندراوی چەکداری و قەیرانی ئەم ڕێبازە لە هەل و مەرجی ئێستادا؛

* لاوازبوونی خەباتی مەدەنی و هێزی سێهەم (NGO کان و مێدیای سەربەخۆ) لە کوردستان؛

* قەیرانی شووناس (هۆوییەت) و پێناسەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی لە ناو ڕێکخراو و تاکی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات (کۆمونیسم، سۆسیالیسم، سۆسیالیسمی دێمۆکراتیک، سۆسیال دێمۆکراسی، ناسیۆنالیسم و بە گشتی ئاسۆی سیاسی بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان)؛

* تاراوگەنشینی سەرکردایەتی سیاسی کورد (لە کوردستانی عێراق و ئەوروپا)؛

* گۆڕانی باوەڕ لە ئاست بیر و پێناسە و ئاسۆ و چوارچێوەی جوغرافیایی گۆڕەپانی سیاسی حیزبەکان (ئێرانی؟ کوردستانی؟ . چینایەتی؟ نەتەوەیی؟)؛

* لاوازبوونی ئەم ڕێکخراوانە لە بواری چەندایەتی (ڕادەی زۆرکەمی ئەندامان)، چلۆنایەتی (نزم بوونی ڕادەی زانیاری بەتایبەتی ڕامیاری کادرەکان)، کەم بوونەوەی چالاکی سیاسی‌یان (بە هۆی پرش و بڵاوبوونەوەی ئەندامان و کادرەکانیان لە سەرانسەری دنیا و ئینفیعالی بەشێکی بەرچاو لە وانە) و

* گەلێک هۆکاری دیکە وەک وەرگرتنی پارە و یارمەتی ماڵی و نەبوونی نیزام و شەفافییەتی ماڵی و کۆبوونەوەی یارمەتییەکان لە دەست کەسێک یا تاقمێک و کەڵک وەرگرتن لە وان وەک ئامرازێکی گوشار بۆ مەبەستی سیاسی و تەشکیلاتی و ڕاگرتنی هێزی "خۆ" لە بەرامبەر باڵی نەیار. کەم نین ئەوانەی کە لەم ڕێکخراوانەدا دەڵێن کە گەندەڵی ئیداری و ماڵی باشووری کوردستان باڵی کێشاوەتە سەر حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتیش و پارە هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانانەیە.

بە باوەڕی من بەشێکیش لەم قەیرانە دەگەڕێتەوە سەر چاوەڕوانییەکانی نارێئالیستی ئێمە لەم حیزبانە. کۆمەڵگا و مرۆڤی سیاسی ئێمە وا ڕاهاتووە کە چارەسەربوون و نەبوونی گشت گرفتە سیاسی‌یەکان لە چاو حیزبە سیاسی‌یەکاندا ببینێ. ئەم حیزبانە لە ڕوانگەی ئەم کەسانە دەبێ وڵامدەرەوەی هەموو پرسێکی ئەورۆی جیهان بن، ئەویش لەم دۆخەی کە لە بیست - سی ساڵی رابردوو تێیدابوون کە هیچ هەلێکی نە تەنیا خۆ گەشەکردنیان نەبووە، بەڵکوو ناچار بوون هێزێکی زۆر تەرخان بکەن بۆ خۆ پاراستن لە بەرامبەر هێرشی سیاسی، نیزامی، تێرۆریستی و سیخوڕی و تێکدەرانەی دوژمن. لەو هەل و مەرجەدا ئێمە بەناحەق چاوەڕوانی "سووپەر مەن" بوونمان لە حیزبەکانمان هەیە. حیزبی ئێمە لە مێشکی ئێمەدا دەبێ بەشێکی زۆر لەم ئەرکانە جێبەجێ بکا کە لە ڕاستی‌دا ئەرکی حکومەتێکی بەهێزن:



سەرچاوە Serchawe

* کادرەکانی ئەم حیزبانە دەبێ وەک مامۆستایانی زانکۆکان زانا بن؛
* لە هەمان کاتدا تێکۆشەرانی وەک هووشیمین و چێگوارا بن؛
* مێدیای ئێلێکترونیکی بەهێزی وەک سیئێنئێن و ئۆیرۆ نیوز و تەلەویزیۆنی ئەمریکا و بیبیسیان هەبێ؛
* ڕۆژنامەکانی وەک لێمۆند دیپلۆماتیک و شپیگل و واشنگتۆنپۆست بن؛
* ڕێکخراوەکانیان زۆر پان و بەرین وەک حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئاڵمان بن؛
* تازە گرفتی ماڵیشیان نەبێ و داوای یارمەتی ماڵیشمان لێ نەکەن...

ئەم چاوەڕوانیانە نە تەنیا ئۆتۆپیستین، بەڵکوو بێئینسافانەشن. ئێمە بارێکی زۆر قورسمان داوە بە حیزبەکان و خۆمان دەرباز کردووە و چاوەڕوانی وەشین کە پشتیان لە ژێر ئەم بارەدا نەچەمێتەوە و هەڵەش نەکەن!

ڕەنگە دووپات کردنەوە بێ. بەڵام سەرەڕای وەی پێم خۆشە تەئکید بکەمەوە کە ئەم ڕێکخراوانە ئی ئەم گەلەن و کوێرەوەرێکی زۆریان بۆ بەختەوەری ئەم گەل و نیشتمانە کێشاوە. ئەوەی کە هەڵەی بچووک و گەورەی زۆریان کردووە، ڕاستە. بەڵام لە بیرمان نەچێ کە ئەم حیزبانەش شتێک نەبوون جیا لە کۆمەڵێک مرۆڤ بە بیروباوەڕێکی تایبەتییەوە. ئەم مرۆڤانەش وەک ئێمە لە دیکتاتۆری و ئیستیبداد و وەدواکەوتوویی‌دا پەروەردە بوون و ئەزموون و دەرەتانی کاری سیاسی و مەدەنی و ئاساییان نەبووە. نابێ لەبیرمان بچێ کە بۆ خۆشمان بەشدار بووین لەم هەڵەکردنانە، تەنانەت لەوانەیە کە هۆی بەشێک لە هەڵەکان هەر بۆخۆشمان بووبین. نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕەوتی ڕووداوەکان لە جیهاندا چەندە بەخێرایی دەچنە پێشێ و تەنانەت وڵاتانێک کە ئەزموونی یەک سەد ساڵەی کاری حیزبی و سیاسی‌یان هەیە، چەندە تووشی هەڵەی جۆراجۆر دەبن. کاتێک ڕەخنە دەگرین باشترە بەراوردێکیش لە حیزبەکانی غەیری کوردی ئێرانیش بکەین و بزانین گەلۆ هەڵەکانی وان گەورەتر نەبوون. با هەڵسەنگاندنێک لە حیزبەکانی بۆ وێنە باشووری کوردستان بکەین. پێمان وانەبێ، وەزع و حاڵیان زۆر لە حیزبەکانی ئێمە باشترە، هەر چەند بەشێکی هەرە زۆری لەم گرفت و مەشاکیلەی کە ڕێکخراوەکانی ئێمە هەیان بووە، ئەوان هەر نەیان بووە. کە وایە ئەمن پێم وایە کاتێک ڕەخنە دەگرین، هەوڵ بدەین روخساری وان ئەوەندە ڕەش نەبینین، چونکە بەڕاستی ئەوەندەش ڕەش نییە، هەرچەند بەداخەوە دڵخۆشکەرانەش نییە. جا ئەگەر حیزبەکانمان ئەوەندە ڕێک و پێک بان و دێمۆکرات بان و پێشکەوتوو بان و وڵامی هەر پرسیارێکیان هەبا و...، دەردەکەوت کە کۆمەڵگایەکی بێ عەیب و ئیرادمان هەیە. ئەگەر کۆمەڵگاکەشمان ئاوا بێ عەیب و نەقسە، ئیتر موشکیلمان چییە و حیزب و خەباتی سیاسی‌مان بۆ چییە؟

بەڵێ، زۆر جاران ئێمە پەیوەندی و تەرتیبی هۆکار و ئەنجاممان (علت و معلولمان) لێ تێک دەچێ. خوڵقێنەری سەرەکی ئەم قەیرانە ئەم بارودۆخەیە کە هێزەسیاسی‌یەکانی کوردی تێیدان و خۆیان تەنیا سەبەبی نین.



سەرچاوە Serchawe

بە نیسبەت ڕێگای چارەسەری قەیرانی حیزبەکان دەبێ ئیقرار بکەم کە منیش نووسخەیەکی پێچراوم پێ نییە.

تەنیا دەڵێم کە بەشێکی زۆری ئەم گرفتە نەخوازراوانە سرووشتین و هەمووی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. بەشێکی زۆر لەم پرسانە پەیوەندی بە نەبوونی کۆمەڵگایەکی ئاسایی و مەدەنی هەیە. بناغەیەکی ئەم کۆمەڵگایە حیزبی سیاسین. لاوازبوونی حیزبی سیاسی گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دوورتر دەکاتەوە. چالاکبوون و تێکۆشانی سیاسی وێرای ڕەخنە تەنیا ڕێگای زاڵبوونی نیسبی بە سەر ئەم قەیرانە دایە. قەیران هەمیشە نێگاتیڤ و نەرێنی نییە، خۆی لە خۆیدا نیشانەی زیندوو بوونە، تەنانەت دەتوانی سەرچاوەی پێشکەوتنیش بێ. بەتایبەتی هێزێک کە باوەڕی بە دیالێکتیکی گۆڕان بێ، نابێ لە قەیران بترسێ و هاواری "وحدت کلمه" بکا.

**(لە کۆتایی ئەم بەشەدا سرنجی خوێنەران بە وتاری "کومله و پروسەی گذار" لە ماڵپەڕی خۆم ڕادەکێشم.)**

**بە کورتی:**

دڵنیام کە حیزبەکان لە درێژخایەندا بە سەر ئەم قەیرانەشدا زاڵ دەبن. بەرنامەی بەشی هەرە زۆری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات یەکە. ئەو شتەی کە ئەوان لێک جیا دەکاتەوە زۆرتر مێژوویە تا بەرنامە و ئامانجی سیاسی. ئەمن وای بۆ دەچم کە لە داهاتوودا حیزبێکی دێمۆکراتمان دەبێ، کۆمەڵەیەکمان دەبێ، حیزبێکی کومونیستی کوردستانمان دەبێ، چەند حیزبی بچووکی سەربەخۆیی‌خوازمان دەبێ. هەڵبەت چەند گرووپی ئانارشیستی و حاشییەئیشمان (بۆ وێنە ئیسلامگەرا) دەبن کە تا ڕادەیەک تێکدەری دۆخەکە دەبن، بەڵام بە هۆی بە هێزبوونی ئەم هێزانەی لە سەرەوە باسیان کرا، ناتوانن جەماوەرێکی زۆر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، بە تایبەتی کە بە نیسبەت حیزبی ئائینی دەبێ بوترێ کە بناغەیەکی فەلسەفی و سیاسی ئەوتۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. لە بیریش نەکەین کە خەڵک ئەزموونی نەرێنی "کۆماری" ئیسلامی‌یان لە پشت سەر دەبێ. هەروەتر پێم وانییە کە هێزە "سەرانسەری"یەکانی ئێران بتوانن لە کوردستان جەماوەرێکی ئەوتۆ بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەر چەند کە بەشی چەپ و سۆسیالیستی ئەم هێزانە ڕۆڵی ئەرێنی و پۆزیتیڤ دەگێڕن و بوونیان لە کوردستان بە قازانج و بەرژەوەندی کورد دەزانم. ئێمە پێویستیمان بە هاوپەیمان و هاوئیئتیلاف لە ساحە و گۆڕەپانی سەرانسەری و پارلمان و حکومەتی ناوەندی (فێدراڵ)دا هەیە. جگە لەمە ئەو ڕێکخراوانە لە بواری هەڵوێست و بەرنامەی سیاسی لە گەڵ کورد و هێزەکانی کوردستانن. کەوایە ئەم هاوپەیمانەتییە هاوپەیمانی‌یەکی ئیستراتیژیکی‌یە، نە تاکتیکی و کاتی.

## پێهەڵکوتن و ڕەخنە لە ئەحزابی کوردی

## سەیدی مەهابادی

## کاکە ناسر سلاو.

## چەند پرسیارم هەن:

١- جنابتان ئەحمد تەوفیق چۆن دەناسن؟
٢ بو ئێوەمانان هیچ کات لە سر هەڵـەکانی ڕابردووی ڕێبەرانی گەلی کورد و ئەحزابی کوردی روژهەلات نـاڕۆن تـا درسی لێوەرگرترێ؟
٣ بـو هەمیشـە ٢ی ڕێبەنـدان و ٢٦ی ڕێبنـدان و ٢٥ی گلاوێـژ و ٣١ی خـورداد و ٢٦ی سـەرماوەز و ٢٢ی تیـر و زوربـەی مناسبەتەکان لە تەعریف و تەمجیدو قارەمانپەرووەری و شەخسییەتپەرەستی و غەیرە ... چی دیکە نالێن؟

## بەڕێز کاک سەیدی مەهابادی،

## سڵاو لە ئێوە و سپاس بۆ پرسیارەکانتان.

١- بەش بەحاڵی خۆم زانیارییەکی ئەوتۆم لە سەر سیاسەتمەدار و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەحمەد تەوفیق نییە. ناش زانم کە چی بەسەر هات. دەنگۆی ئەوەی هەیە کە بەدەست حکومەتی عێراق لە بەین بردرا.

بەڵام پێم وایە مەبەستی ئێوە ئەوەیە (چونکە لە شوێنێکی تریش باستان کردووە) کە بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا باسی قازی موحەممەد و د. قاسملو و د. شەرەفکەندی دەکا، بەڵام باسی ئەم ڕێبەرەی حیزبێ ناکا. حیزبی دێموکرات حیزبێکی زیندووە و ناو و نیشان و ڕێگای پەیوەندی خۆی هەیە و دەتوانی ئەم پرسیارەی لە خۆیان بکەی. ئەوان ئەوەندەیان کەس و لێزان هەیە کە پێویستیان بە وەکیل و وەسی وەک من نەبێ. بەڵام ڕای خۆم ئەوەیە کە ئەم کارەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان (بە هەر دوو لایەنەوە) دەیکا، شتێکی ناسروشتی نییە: نەخش و شوێنەواری ڕێبەرەکانی هیچ یەک لە دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکان یەک ڕادە نەبووە و نابێ. قازی موحەممەد وەک هەوەڵ ڕێبەری حیزب و سەرۆک کۆماری کوردستان گەورەترین شانازی مێژوویی کورد و حیزبی دێموکراتە. ڕەنگ بوو ئەگەر حکومەتی تاران ئەم جینایەتەی لە حەق ئەم دوو

ڕێبەرەی تری حیزبێ (د. قاسملو و د. شەرەفکەندی) نەکردبا، ئەوانیش تەنیا وەک دوو شەخسییەت و سیاسەتوانی گەورەی کورد لە مێژوودا باسیان کرابا، بەڵام حکومەتی ئیسلامی ناخواستە ئەوانی جاودانی کرد. هەر بۆیەش حیزبی دێمۆکرات بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی ئەم جینایەتە و وەبیر هێنانەوەی قساوەت و سروشتی تیرۆریستی حکومەتی ئەورۆی ئێران وێنەی ئەو دوو ئینسانە پایەبەرزەی حیزبێ لە پەنای وێنەی قازی مەزن دادەنێ. بەهەر حاڵ، قازی موحەممەد پەیوەندی بە بەدیهێنانی گەورەترین خۆزگە و ئارەزو و ئامانجی کورد، کۆماری کوردستانەوە هەیە و د. قاسملو و د. سەعید بە خەباتی ئەکتوئێل و مەعاسیر و ئەورۆی کورد.

٢- بە گشتی حیزبی دێمۆکرات بە بەراورد لە گەڵ حیزبەکانی تری ئۆپۆزیسیۆن، هەر وەتر بە نیسبەت ڕێژەی زۆرتری ئەندامانی و هەل و مەرجی دژوارتری سیاسی و نیزامی کە تێیدا بووە ـ لە ڕوانگەی منەوە ـ کەمترین هەڵەی کردووە. دیارە باس لێرەدا لە نیسبییەتە. دەنا ئەم حیزبەش بە پێی وەی کە لە گۆڕەپانێکی زۆر پان و بەرینی خەبات دابووە، بێ هەڵە نەبووە و ئەمن کەمتر ڕێبەری حیزبیم دیتووە کە بۆخۆی پێ لەسەر ئەم هەڵەیانە دانەنێ و باسیان نەکا. ئەمن بۆخۆشم قەت لە ڕەخنەگرتن ڕانەوەستاوم، ئەویش نە لە پشت سەریان و نە بە ناوی موستەعار و نەهێنی، بەڵکوو ڕوودەرڕوو و بە ناوی خۆم. لێرەدا بۆ ئێوەی بەڕێزیش چەندانەیان دووپات دەکەمەوە: یەکێک لەم هەڵانە شەڕی نەخوازرپاوی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکراتە کە زەبرێکی گەورەی لە هەر دوو ڕێکخراو دا. دووهەمین هەڵەی ڕێبەری حیزب و بەتایبەتی د. قاسملو، وتووێژی ناوبراو بوو لە گەڵ حکومەتی ئیسلامی ئێران، ئەویش بە بێ پرس و ڕا و بڕیاری کۆنگرە و دەفتەری سیاسی حیزبەکەی. هەڵەیەکی گەورەی دیکەی حیزبی دێمۆکرات زیندانی کردنی مامۆستا هێمنی مەزن بوو... بەڵێ، هەر دوو ڕێکخراوی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات هەڵەی بچووک و گەورەی تریان هەبووە کە لەوانە دەتوانین هەروەتر تێرۆری چەند شەخس (بۆ وێنە تێرۆری مەلا کەریمی شاریکەندی لە لایەن کۆمەڵەوە، ڕەحمانی کەریمی لە لایەن سەنناری مامەندییەوە (دەوترێ) بە خواستی ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات، ...) ناو بەرین. هەڵەی دیکەی ئەم حیزبانە هەڵسوکەوتی نادێمۆکراتیکی ناو تەشکیلات و لە گەڵ نەیارانی ناو خۆیان بووە. بە باوەڕی من لە ئاست سیاسییەوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ جگە لە هەڵەی وتووێژ کردن لە گەڵ نوێنەرانی "کۆماری" ئیسلامی ئێران ـ کەمترین هەڵەی سیاسی و ئیستراتیژیکی کردووە. بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی ئیسلامی، بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانیشەوە، ئەورۆ هەر ئەو شتەی دەڵێن کە حیزبی دێمۆکرات لانی کەم لە مەڕ خودموختاری، فێدراڵیسم، سۆسیالیسمی دێمۆکراتیک، نیزیکەی سێ دەیەیە کە دەیڵێ. سەیری هێزە سیاسییە گەورەکانی ئێران بکەین. لە حیزبی تودەی ئێرانەوە بگرە تا جیبهەی میللی، نیهزەتی ئازادی، فیدائیانی خەڵکی ئێران (ئەکسەرییەت)، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، حیزبی کومونیستی ئێران،... کامیان هەن کە دەتوانن ئیددیعا بکەن کە لە زۆر بارەوە لە هەڵە دانەبوون.

بەڕێز کاک سەیدە، تکایە ئیزنی قیاسێکم پێ بدەن: حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە دەیان و سەدان شەڕکەری حکومەتی

داگیرکەری ئێرانیان لە شەڕ دادەگرت، بەڵام پاشان بە قەدر و ڕێزەوە ئازاد و ڕەوانەی ماڵێیان دەکردن. حکومەتی ئیسلام لە ئێران، بەڵام، خەڵکیان لە ماڵان دەکێشا دەرێ و دەیان گرتن و ئەشکەنجەیان دەدان، پاشان دەیان هێنانە سەر تەلەویزیۆنی و ئیقراریان بە تاوانی نەکردە پێ دەکردن، بۆ وەی کە پاشان گیانیان بستێنن. هەر ئەو حکومەتە دەیان هەزار سەرباز و داگیرکەری عێراقی، هەر ئەوانەی کە خوێنی پتر لە یەک ملیۆن ئێرانیان ڕشت، چەند ساڵان بەخێوکرد و پاشان ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆیان کردنەوە. جیاوازی ماهییەت و سروشتی کردەوەی حکومەتی ئیسلامی ئێران و حیزبەکانی تێکۆشەری کوردی ئە لێرەدا ڕوون دەبێتەوە.

٣- ئەم ڕۆژانەی کە باستان کردوون، هەر کامیان ڕۆژانێکی گرینگ و مێژوویی ئەم نەتەوەن و دەبێ بە شانازییەوە ڕێزیان لێبگیردرێ، بەتایبەتی لە دووی ڕێبەندان. بەڕاستی پێتان وایە کە ئەو نەتەوە . هەر چەند پتر لە هەشتا ساڵە حکومەتی شایی و شێخی لە هیچ جینایەتێکی سیاسی، تیزامی و فەرهەنگی بۆ لەبینبردنی وی دەریغیان نەکردووە . ئەڕۆ بەدەنگ و سەداتر لە جارانیشە، جێی تەعریف و تەمجید و پێهەڵکوتن نییە؟ ڕژیمی کودەتایی رزاشا سمایل ئاغای سمکۆی بانگێشتن کرد بۆ وتووێژ، بەڵام دەوری دا و گرتی و کوشتی، چونکە پێ وابوو کە ئەگەر سەرکردەیەکی سەرکێشی کورد بکوژێ، کێشەی کورد کۆتایی پێدێ، کە چی پاشان کۆمەڵەی ژ. ک. و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان سەری هەڵدا! کوڕەکەی رزاخانی میرپێنج قازی موحەممەد و بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی کوشت و بەشێکی ساڵانێکی دوورودرێژ زیندانی کرد، بەو هیوایەی کە ئاسەوارێک لە هیوا و خۆزگەکانی کوردی ئازادیخواز نەمێنێ، کە چی بە شۆڕشی ٥٧ کۆمەڵەش بەو کاروانە ئیزافە بوو و لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران هاتە مەیدانی خەبات. خومەینی فیتوای جیهادی دژی ڕۆڵەکانی کوردی دا، شەڕێکی گەورەی بە کورد و حیزبەکانی داسەپاند. تەنانەت قەوڵ وابوو کە کەس لە لەشکری حکومەتی ناوەندی نەگەڕێتەوە، تا هێزی کوردیان تارومار نەکردبێ. هەروەتر کوردیان پێ "عامیلی عێراق" بوو و پێیان وابوو بە لەبەین چوونی ڕژیمی سەددام، هیچ شوێنەوارێک لە کوردی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵات نامێنێ. تەنانەت نەخشەیان ڕشت بوو کە لە ژێر سێبەری هێرش بە عێراق حیزبە کوردییەکان ڕاپێچ بکەن و لە قەفەسیان کەن و بە ئەتکەوە بیانبەنەوە ئێرانی ئیسلامی. کە چی ئەورۆ . چەند ساڵ پاش نەمانی ڕژیمی سەددام . لە جیات یەک حیزبی دێمۆکرات دوو حیزبی دێمۆکراتمان هەیە، لە جیات کۆمەڵەیەک سێ کۆمەڵەمان هەیە. تازە باسی پێژاک و پارتی ئازادی کوردستان و خەبات و چوار حیزبی سەربەخۆییخوازم هەر نەکردووە. "کۆماری" ئیسلامی ئێران پێی وابوو کە بە کوشتنی د. قاسملو و د. شەرەفکەندی دەتوانێ بە نفوز و تەئسیری ئەم دوو سەرکردەیە کۆتایی بێنێ کە چی ئەورۆ کەسی وا هەن کە ڕەخنە دەگرن کە: "بۆ ئەوەندە باسی ئەو دوو ڕێبەرە کوردەی دەکەن؟" پرسیاری ئەسڵی وان ئەوەیە کە: بۆ ئەم دوو شەخسییەتە ئەوەندە خۆشەویستن، مەگەر قەرار وانەبوو کە بە کوشتنیان کورد ناهومید بێ و ئیتر باسی ئازادی و ڕزگاری نەکا؟ گەلۆ کورد نابێ شانازی بە خۆی بکا کە سەرەڕای ئەو هەمووە هەوڵەی دوژمن، قائیمبەزاتتر لە جاران ڕاوەستاوە و چ لە ئێران و چ لە جیهاندا بە نیسبەت دوو دەیە لە مەوبەر زۆرتر ناسراوە؟ دڵنیا بن کە ئەگەر



سەرچاوە Serchawe

هونەرمەندانی گەورەی کورد وەک نازری و کامکارەکان بۆ دەرەوەی وڵات بانگ دەکرێن و ئەوانیش بە جل و بەرگی کوردی هونەرە جوانەکەی خۆیان نیشان دەدەن، لانی کەم بەشێک ئاکامی ئەو خەباتەی کۆڵنەدەرانی کوردە. ئەگەر ئەورۆ کورد لە ئێران ئاوا خۆشنێوە، بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە هەر ئەو تێکۆشانە. جا بۆیە، بێ وەی کە لە خۆبایی بین، بێ وەی کە بیر و گوتاری ڕەخنەگرانەی خۆمان بە تایبەتی لە ئاست ڕێبەڕان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی لەدەست بدەین، دەبێ قەدری تێکۆشانیشیان بزانین.

## من و تێکۆشانی سیاسی و چالاکی حیزبی

### شەماڵ کەریمی

### سلاوێکی گەرم کاک ناسر!

### وێڕای سپاس لە جەنابت و سایتی بۆرۆژهەلات، چەند پرسیارم هەبوون:

١- بۆ تا ئێستا نەچوویەتە ناو تەشکیلاتێکی سیاسی کوردییەوە؟

٢- ئایا هیچتان لەو هەمووە حیزب و ڕێکخراوەی رۆژهەلاتی کوردستان قەبووڵ نیە؟

٣- پێت وانیە لە وەڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست تەنیا ڕێگایەک بۆ ئالوگۆر حیزبەکانن؟ دوریکردن لە حیزبەکان ڕێگا بۆ کەسانی هەلپەرەست و دواکەوتوو خۆش ناکات؟

٤- پێت وایە کام حیزب بەرنامەی گۆنجاوتر و باشتری پێیە بۆ کوردستان؟

٥- ئاخرین پرسیار ئایا لاوانی کورد لە دەرەوەی وەلات چ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن سەرمایەیەک بن بۆ دوارۆژی کوردستان؟

### دووبارە زۆر سپاس سەرکەوتنت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

### کاک شەماڵ گیان،

### سڵاوتان لێ بێ و زۆر سپاس بۆ ئێوەش.

ڕاستە، منیش پێم وایە کە رەمزی سەرکەوتن ـ نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بە گشتی ـ ڕێکخستنە. بوونی ڕێکخراوەی سیاسی و مەدەنی و سنفی جۆراجۆر پێوەرێکی زۆر گرینگ بۆ پێناسەکردنی هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوویە و ئێمەش بە بێ ڕێکخستن بە دێمۆکراسی و فێدراڵیسم و ئامانجەکانی ترمان ناگەین. سەرەڕای وەی، ڕەنگە بتوانم ئەرکی خۆم تا ڕادەیەک

لە ڕێگای وەرگێڕانی بابەتی زانستی پەیوەندیدار بە دۆسی نەتەوایەتی و هەروەتر بە دەربڕینی هەڵوێستی سەربەستانەش بەجێ بێنم.

لە مەڕ ئەم پرسیارەش کە کام حیزب بەرنامەی گونجاوتریان پێیە، بە ڕوونی و ڕاشکاوی بڵێم کە من لە باری فەلسەفی و مێتافیزیکی‌یەوە هومانیستم، لە باری سیاسی‌یەوە سۆسیال دێمۆکراتم و سیستەمی فێدڕالیسمم بۆ سڕینەوەی شووینیسم و مسۆگەرکردنی مافەکانی دێمۆکراتیک و نەتەوەیی گەلانی ئێران پێ باشترینە کە ئامانجی چەندین حیزبی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وێنە هەر دووک حیزبی دێمۆکرات و هەر دوو باڵی کۆمەڵەو هەروەتر بەشێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانیشە. جیاوازێکی ئەوتۆیان لە بەینیاندا نابینم. دانی دروشمی سەربەخۆییم پێ هەڵەیە کە چەند ڕێکخراوەی بچووکی تازە پێکهاتوو داوای دەکەن. "مافی شارومەندی"یش کە کۆمەڵەی حیزبی کومونیستی ئێران گەلاڵەی کردووە، وەڵامدەرەوەی پرسی نەتەوایەتی کورد نازانم. هەڵبەت هیندێک گرفت کە ئەم ڕێکخراوەیە لە مەڕ فێدڕالیسمی نەتەوەیی باسی دەکا، ڕاستن و نابێ و ناکرێ نکۆڵیان لێبکردرێ (کە لە سەرەوە باسی کرا). "کۆنفێدڕالیسم"یش کە پێژاک باسی دەکا، پێم زۆر ناڕێئالیستی‌یە، بۆ وەی کە لە مێژوودا چەندجاران تاقی کراوە و سەرنەکەوتووە، وە بۆ وەی کە ئەم سیستەمە بە پێچەوانەی "فێدڕالیسم" بۆ یەکگرتنی دوو یا چەند وڵاتی سەربەخۆ داندراوە.

بە هەر حاڵ، گشت ئەم حیزبانە بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی گەلی کوردن و هەر کام بەشێک لە کۆمەڵگا نوێنەرایەتی دەکەن. هیچ کامیان زیادی نین و بوونیان بەکەڵکە؛ چ ئەوانەی کە ئاسۆیەکی زۆرتر نەتەوەیی‌یان هەیە و چ ئەوانەی کە بۆچوون و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و سەرانسەریان بەهێزترە. لە سەر ئەم بڕوایەم کە نەبوون، حەزف و تەنانەت لاواز بوونی هەر یەک لەم لایەنانە بە زەرەری گەلی کورد تەواو دەبێ. هەموو لایەنەکان ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی خۆیان هەیە: لایەنێک ئیهتیمام دەداتە سەر بەهێزکردنی بیر و بۆچوونی مافخوازی نەتەوایەتی لە کوردستان و لایەنەکەی تر ئیهتیمام دەداتە لابردنی بێعەداڵەتییەکانی تری ناو کۆمەڵگا و بەهێزکردنی پەیوەندی جووڵانەوەی کورد لە گەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران. زۆر باشە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان هەیە و خەڵک چەندین ئالتێرناتیویان بۆ هەڵبژاردن هەیە.

ئەوەی کە چ پەیام و پێشنیارێکم بۆ لاوانی کوردستان (لە دەرەوە) هەیە، خۆم بچووکتر لەمە دەزانم کە ڕێ و شوێن بۆ کەسێک دیاری بکەم. ئەمن تەنیا هیوا و خۆزگەکانی خۆم باس دەکەم کە گرینگترنیان ئەوەیە کە لاوەکانمان بە نیسبەت کۆمەڵگاکەیان، بە نیسبەت ئەم کەسانەی کە قوربانی سەرکووتی حکومەتی دەبن، بە نیسبەت زوڵم و زۆری بێدەنگ و "بێتەفاوەت" نەبن و بە ڕێز و پێزانینەوە بڕواننە تێکۆشان و زەحمەتی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان. ئەگەر کەسێکیش بیهەوێ ببێتە سەرمایەیەک بۆ دوارۆژی کوردستان، ڕێگایەکی دیکەی غەیری ئەوە نییە کە تێبکۆشێ خۆی لەباری

زانستەوە، بە تایبەتی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی، بە هێز و دەوڵەمەند بکا و هەر هەنگاوێک کە دەیهاوێ لە بیرنەکا کە چ ڕێگایەک بدۆزێتەوە کە گەلەکەمان بە ڕەنج و زەحمەت و قوربانێکی کەمتر لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، ئازاد و دێمۆکراتیک نیزیکتر بێتەوە.

## حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و "چەکی شانازی"

**سەمیرە**

**سڵاو بۆ بەڕێزتان.**

**پرسیاری من ئەویە: هەڵویستی حدکا بەرانبەر بە مەسەلەی کورد لە بەشی رۆژهەڵات چۆن دەبینن؟ گەلۆ هەر وەکوو ڕابردوو خەباتی سیاسیە یا دێتەوە بو وڵات و چەکی شانازی دگرێتەوە دست؟**

**سپاس**

**خوێنەرەی بەڕێز،**

ڕاستییەکەتان دەوێ، زۆر لە مەبەستی پرسیارەکەتان تێنەگەیشتم، چونکە پێم وایە ئێوەی بەڕێز بزانن کە هەڵوێستی حدکا بەرامبەر بە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بێ. ئەم حیزبە فێدڕالیسمی بۆ ئێران دەوێ و لەویدا دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد. پرسیارەکەتان بە نیسبەت ڕێباز و شێوەی خەباتیش ڕوون نەبوو و تەنانەت پاڕادۆکیش بوو، چونکە لە لایەکەوە باسی "خەباتی سیاسی" دەکەن و لە لایەکی ترە باسی "چەکی شانازی"، واتا خەباتی چەکداری و ئەم دوانەش لە بەرامبەر یەک دادەنێن، لە کاتێک دا کە هەمووومان دەزانین کە "شەڕی چەکداری"ش بۆ خۆی شێوەیەکی خەباتی سیاسییە و لە لایەکی ترە خەباتی سیاسی تەنیا شەڕی چەکداری نییە.

ئەگەر مەبەستی جەنابتان بردنە ژێر پرسیاری خەباتی سیاسییە و چاوەڕوانی شەڕی چەکداری لە حدکا دەکەن، وێڕای ڕێزم بۆ ئێوە، لەگەڵتان نیم. شەڕی چەکداری ـ لانی کەم یا بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئەوڕۆی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات ـ لە بەرژەوەندی کورد نابینم.

(بۆ دووپات نەکردنەوەی باسەکانم لەم پەیوەندییەدا سرنجتان بۆ وتاری "پژاک، مبارزەی مسلحانە و چند پرسش از احزاب

کردی" و هەروەها بۆ "این تابو را باید شکست" لە ماڵپەڕی iran-federal.com ڕادەکێشم.)

## جیاوازی مێدیای ئێران و ئاڵمان

**شاداب**

## سڵاو بەڕێز

١- جیاوازی کاری ڕۆژنامەگەری لە ئێران، کوردستان، و ئەورووپا لەچیدا دەبینن؟

٢- جیاوازی ڕۆژنامەگەری لە نێوان سوئێد و ئاڵمان لەچیدا دەبینن؟

٣- ئایا بۆ کەسێک کە لە ئێران دیپلۆمی وەرگرتووە، واتە بەگشتی ١٢ ساڵی خوێندووە، لە وڵاتی سوئێد یان ئاڵمان پاش فێربوونی زمان پێویست بە کۆنکۆر واتە ئیمتحانی دانیشگا هەیە یان نا؟ ئەگەر بەڵێ، ئەم ئیمتحانە لەگەڵ هی ئێران چەندە جیاوازە؟

٤- ڕۆژنامەوانێک چۆن سەرکەوتوو دەبێت لە کارەکانیدا؟ یان پێویستی بە چییە بۆ ئەم سەرکەوتنە؟

٥- پاش ئەو ماوەیە کە لە ئەورووپا ژیاوی ، ئێستا چەندە باوەڕت بە خودا هەیە؟

## سەرکەوتووبیت و خودات لەگەڵ

**کاک شاداب،**

**وێڕای سڵاو و ڕێز بۆ ئێوەش، ئەو پرسیارانەی کە کردووتانە هەویرێکن کە زۆر ئاو دەبا و هەرکامیان ڕەنگە کتێبێکیان بوێ. سەرەڕای وەی هەوڵ دەدەم بە کورتی وڵامیان بدەمەوە:**

١- ئەمن پێم وایە کە ئێوە ناتانهەوێ کە من ڕەستەکانی کتێبە تایبەتییەکانتان بۆ ڕێژ بکەم، بەڵکوو گەرەکتانە کە بە زمانێکی پاراو و خۆمانە بیروبۆچوونی خۆمتان لە سەر ئەم بابەتە بۆ باس بکەم. ڕۆژنامەگەری و یاخود بە گشتی مێدیاکانی چاپی و ئەلێکترونیکی لە ئێران و کوردستان و ئەورووپا (بۆ وێنە ئاڵمان) لە زۆر بواردا جیاوازیان پێکەوە هەیە. لە بەشی ڕۆژنامەوانی و هەواڵنێریش وەک بەشەکانی تری کۆمەڵ مکاتیب و بیروبۆچوون و پێناسەی جیاواز هەن. بۆچوونی دێمۆکراتیکی زاڵ، مێدیاکان - وێڕای حکومەت، پارڵمان و دادوەری - بە هێزی چوارەم دادەنێ و گرینگرتین ئەرکەکانی، ئەوانەی خوارەوە دیاری دەکا:

**یەک:** ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ڕووداوەکان،

**دوو:** تەحلیل و شرۆڤەی گرینگترین ڕووداوەکان (وەک هەڵوێستی دەوڵەت، یاساکانی دەرچوو لە پارڵمان، ...)،

**سێ:** کۆنترۆڵ و لەقاودانی هەڵەکانی دەوڵەت و نوێنەرانی خەڵک و

**چوار:** دانی هیندێک سێرویس و خزمەت وەک بڵاوکردنەوەی فیلمی جۆراجۆر بۆ مەبەستی جۆراجۆر.

مێدیاکان دەبێ بە پێی فەلسەفەی وجودی خۆیان سەربەست و سەربخۆ بن. ڕۆژنامەوان و هەواڵنێر دەبێ وەک نوێنەری پارڵمان مەسونییەتی شوغلی و ئەمنییەتی و سیاسی هەبێ.

نیزامی مێدیای هەر وڵاتێک ئاوێنەی نیزامی سیاسی ئەو وڵاتەیە: هەر چەند نیزامی سیاسییەکە دێمۆکراتیک بێ، بە هەمان ڕادە سیستەمی حاکم بە سەر مێدیاکاندا دێمۆکراتیکە. پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئێران وڵاتێکی نادێمۆکراتیکە، هەر بۆیەش مێدیاکانی نە تەنیا ئازاد نین، نە تەنیا بیروباوەڕی دێمۆکراتیک و پێشکەوتووانە بڵاو ناکەنەوە، بەڵکوو ئامرازی فریو و سەرکووت و وەدواخستنی خەڵکیشن. مێدیاکانی ئەوروپا شتێکی نەرێنی زۆر بچووک گەورە دەکەنەوە و حکومەت ناوێرێ دەنگێ دەربێ لە ترس زمانی مێدیاکان. زۆر جاران هەڵەیەکی بچووکی حکومەت ئەوەندە گەورە دەکەنەوە، ئەوەندەی باس دەکەن، تا ئەو کەسەی هەڵەی کردووە لەسەر کار لادەچێ یا لای دەبەن. بەڵام لە ئێران بە پێچەوانەکەی دەبینین: ڕادیۆ و تەلەویزیۆنی حکومەتی کە بە پێی یاسا لە ژێر چاوەدێری "ڕێبەر" دایە و ناوبراو سەرۆکەکەی دیاری دەکا، ئاگای لە ڕێپێوان و میتینگ و کوشت و کوشتاری خەڵک (بۆ وێنە ئەوەی کە لە ساڵی ٦٠ی کۆچی هەتاوی لە لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە شەقامی جامیجەمی تاران کە ڕادیۆ و تەلەویزیۆنەکەش هەر لەوێیە، کرا، نییە، بەڵام ئاگای لە فڵان چاپەمەنی فیسار وڵاتی ئافریقایی هەیە کە بە "شۆڕشی ئیسلامی ئێران وەک هیوای مەستەزعەفانی جیهان" هەڵکوتووە!

ڕۆژێکی کەسێک لە ئێران لێی پرسیم: "ئەرێ جیاوازی بەینی تەلەویزیۆنی ئێران لە گەڵ ئاڵمان چییە؟" وڵامم داوە: "جیاوازییەکەیان بە قەرای زەوی و ئاسمانە. خولاشان یەک نییە. شەوێ کە تەلەویزیۆنی ئاڵمان سەیر دەکەی، ئەو تەسەووڕەت دێتە مێشکێوە کە تەوەڕرووم و گرانی دار و بەردی داگرتووە، بێکاری زۆری پەرە هەستاندووە، لە بەر جینایەت لە سەر شەقامەکان منداڵەکانت نابێ بنێرێ دەرێ،... بەڵام بەیانی کە دێیە دەرێ و دەچێ سەر کار یا بازاڕ هەست بە هیچ جیاوازییەک لانی کەم بە نیسبەت مانگێک لەمەو پێش ناکەی. کە چی تەلەویزیۆنی حکومەتی ئیسلامی ئێران سەداسەد بە پێچەوانەکەیەتی: شەوێ بە دیتنی بەرنامەکان هەست دەکەی کە ئەوە ئەتۆی لە هەڵە دای. دەنا لەم وڵاتە دار و دنیا لایەنگر و کوشتە و مردووی ئەم حکومەتەن، خەڵک بۆ بەرنامەکانی ڕەسمی حکومەت سەر و دەست دەشکێنن و ئێران بە گشتی "مەدینەی فازیلەیە". بەڵام بەیانی کە دێیە دەرێ هەوەڵین کەسانێک کە دەیانبینی، توک و دوعای نابەخێر بۆ حکومەت دەنێرن، بە زەوی و زەمان جنێو دەدەن و نارەزایەتی دەردەبڕن. ئەوەیە جیاوازی تەلەویزیۆنی ئاڵمانی فێدراڵ و



سەرچاوە
Serchawe

ئێرانی ئیسلامی." دەیان جار لە خەڵکی ئێرانم بیستووە کە "ڕۆژنامە و ڕادیۆ ـ تەلەویزیۆنی ئێران لە سەر درۆ ساخ بۆتەوە". نیشانەکەشی ئەوەیە کە بە میلیۆن کەس لە ئێران ماهوارەیان هەیە و خۆیان لە مێدیای ئێران بێنیاز کردووە. سەیری ئاماری خوێندنەوەی ڕۆژنامە حکومەتی و سوپسیدکراوەکانی ئێرانی هەفتا میلیۆنی بکەن، دەردەکەوێ کە خەڵک چەندەیان بەقا بە ڕژیم و ڕۆژنامەکانێتی. تازە دەیان هەزار ئۆرگان و ئیدارە و مەدرەسە و زانکۆ و ئینستیتۆ و ... هەن کە ئەم ڕۆژنامانە ئابونەن و یان دەبێ ئابوونە بن. ئەگەر سوپسیدی حکومەتی لە کاغەز و بە گشتی یارمەتی ماڵی دەوڵەت لەو جەریدانە ببڕدرێ، پێم وانییە کە ڕۆژێک بتوانن دەوام بێنن. مێدیاکانی حکومەتی لە ئێران لە ڕاستیدا ئۆرگانی تەبلیغی و ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتن و کاریان تەوجیهی سیاسەتەکانی ڕژیمە بۆ خەڵک. مێدیای سەربەخۆ و ئەوڕۆیی ناتوانێ لە وڵاتێکی وەک ئێران دەوام بێنێ.

مێدیاکانی ئێران ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی فەرهەنگی خەڵکانی ئێرانی ئیسلامی، تەنانەت لە باری ئایینیشەوە نین. نموونەیەک: هەروەک دەزانین بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران نە شیعەن و نە فارس. کە چی مێدیاکانی ئێران کە بە پووڵ و پارەی خەڵکی ئێران، لە کوردەوە بگرە تا فارس و تورک و بەلوچ و تورکەمەن و عەرەب، لە سوننییەوە بگرە تا شیعە و غەیری موسڵمان، دامەزراون و ئیدارە دەکرێن، تەنیا لەسەر بنەمای شیعە و بڵاوکردنەوەی ئەم ئائینە و بە نیسبەت چاپەمەنییەکان تەنیا لەسەر زمانی فارسی دانراوە. ئەوە غەدرێکی گەورەیە کە لە خەڵکی غەیری شیعە و غەیری فارسی ئێران دەکردرێ. ئەنجامی ئەم سیاسەتەی حکومەت ئەوەیە کە لە شاری سوونینشین، لە ڕادیۆ ـ تەلەویزیۆن بانگی شیعە بڵاو دەبێتەوە، نە ئی سوونی، بەرنامەکان بەر پایەی تەعتیلاتی ئائینی شیعەیە نە سوونی و لەمە قەباعەتتر: هەر چی چاپەمەنی ڕەسمی هەیە بە زمانی فارسییە. چ مەنتقێک لە ژێر ئەم سیاسەتەی نووستووە: شووینیسمی قەومی و ئائینی قەومی و مەزهەبی. ئەم بڵاوکراوانەی کە بەتایبەتی غەیری حکومەتین و بە زمانی فارسی نین، دەبێ هەمیشە لە مەترسی داخران بە هۆی سەربەست بوونیان و ڕاوەستان بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی ماڵی دابن. تازە لە شاری مێژوویی کورد وەک کرماشان ئیجازەی چاپ و بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەی کوردی هەر نادەن!! گەلۆ ستەم لەوە زۆرتر هەیە؟

**(بڕوانە سەروتاری گۆڤاری "اورامان"، ژمارە ۱.)**

زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەکانی کە بە خەرجی خەڵکی تەواوی ئێران لە ئێران دەردەچن، لە شارەکانی ناوەندی، بەتایبەتی لە تارانێن. ئەوە خۆی لە خۆیدا حیکایەت لە غەدرێکی بنەڕەتی دیکە دەکا: کۆبوونەوەی هێزی بڕیاردەری ڕامیاری لە ناوەند و تاران. چونکە مێدیاکان هەمیشە لە ناوەندی گرینگی سیاسین. کە وایە هیچ حیسابێک بۆ بەشەکانی تری ئێران ناکردرێ. بۆ ناکردرێ؟ چونکە لە وان خەڵکی غەیری فارس دەژین و ئەو خەڵکانەش بە پێی بۆچوونی شووینیسم بۆیان نییە خاوەنی مێدیا و ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیری سەربەخۆ و بیرۆکەی سیاسی خۆیان بن. حکومەتگەران

دەزانن کە لە نەبوونی ئازادی ئەحزاب رۆژنامەکان نەخشی کۆکەرەوە و ئاگاکەرەوەی رێکخراوەی سیاسی دەگێڕن. هەربۆیە هەر بڵاوکراوەیەک کە گەرەکی بێ لەم نەخشە نیزیک بێتەوە، پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی دەگرن.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو رۆژنامەوانانەی کوردستان دەکەم کە لە ئاستەم و دژوارترین هەلومەرجی سیاسی و ئابوری‌دا تێدەکۆشن بڵاوکراوەی بە هێز و بەکەڵک دەرکەن. هەموو ئەم رۆژنامانە نەخشی فەرهەنگی و زانستی و ڕووناکبیرانەی گرینگیان هەبووە. کەس نییە جێگە و رۆڵی ئەرێنی "سروە"، "مەهاباد"، "رۆژهەلات"، ئاسۆ" "پەیامی کوردستان" (تا ژمارە ٣٤)،... و دەیان بڵاوکراوەی دانیشجوویی بەرز نەنرخێنێ و بە رێز و حورمەتەوە باسی چالاکانی ئەم بڵاوکراوانە نەکا. بەراورد و قیاسی ئەم بڵاوکراوانە لە گەڵ بڵاوکراوەکانی ئەوروپا و تەنانەت ئێرانیش نە مووکینە و نە مونسیفانەیە. دۆخێک کە رۆژنامەوانانی کوردستانی ئێران تێیدان زۆر تایبەتییە. بڵاوکراوەیەک دەبێ ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێ کە بکرێ لە گەڵ بڵاوکراوەی کوردی قیاسی بکەین. بەڵام هەرچی هەیە تەنیا بە هیممەتی بەرپرسیارانی تێکۆشەری ئەو بڵاوکراوانەوە هاتۆتەدی و بەشێکی زۆریان لە کات و سەرمایە و نانی بنەماڵەی خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە و بێ وەی کە لایەنێکی رەسمی پشتیان بگرێ. لە کۆتایی‌دا جگە لە ماندوو بوون و هەڵبەت شانازی خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان و رەهەندی ڕووناکبیری کورد چ بۆ ئەم بەرێزانە نەماوەتەوە و نامێنێتەوە.

٢- بە نیسبەت جیاوازی نێوان رۆژنامەگەری ئاڵمان و سوئێد هیچ شتێک ناتوانم بڵێم، چونکە هیچ شارەزاییەکم لە سەر مێدیاکانی سوئێد نییە. بەڵام کورتەیەکتان سەبارەت بە سیستەمی مێدیای ئاڵمان بۆ باس دەکەم: مێدیاکان لە ئاڵمان بە مانای ڕاستەقینەی خۆیان سەربەخۆن. دەوڵەتی فێدراڵ و شانزدە دەوڵەتی ئەیالەتی نە ڕادیۆیان هەیە، نە رۆژنامە و نە تەلەویزیۆن. تەنیا مێدیاکانێک کە هەر چەند لە باری سیاسی‌یەوە سەربەخۆن، بەڵام بە خەرجی حکومەتی فێدراڵ هەڵدەسووڕێن، ڕادیۆ "دۆیچلاند فونک" و ڕادیۆ و تەلەویزیۆنی "دویچێ وێلێ" و هەفتەنامەی "داس پارلامێنت"ە. "دۆیچلاند فونک" پێش گۆڕانکانێکانی دەیەی نەوەدی زائینی بۆ ئاڵمانییەکانی نیشتەجێی رۆژهەلاتی ئەوروپا، بە تایبەتی "ئاڵمانی رۆژهەلات"، داندرا بوو. پاشان کە "ئاڵمانی رۆژهەلات" نەما، کرا بە ڕادیۆیەکی تەنیا هەواڵدەری بیست و چوار سەعاتە بۆ گشت ئاڵمان. "دۆیچێ وێلێ" زمان‌حاڵی ئاڵمان بە گشتی لەدەرەوەی ئەو وڵات بوو و هەیە. نە پێشتر و نە ئێستا بە "کابڵ کاناڵی" ئاسایی لە ژورەوەی ئاڵمان وەرناگیرێ. هەفتەنامەی "داس پارلامێنت"یش بڵاوکراوەیەکی زانستی‌یە و زۆرتر بۆ زانیاری بەخشین بە نوێنەرانی پارڵمانی فێدراڵ و شانزدە پارڵمانی ئەیالەتی ئەم وڵاتە لە مەڕ پرسە گرینگەکانی رۆژ بڵاودەبێتەوە. کەسانێک کە بابەت لەم بڵاوکراوەدا دەنووسن، زۆرتر پسپۆران و زانایان و مامۆستایانی زانکۆکانن لە بوارەکانی جۆراجۆردا. تەواوی چەند هەزار بڵاوکراوەی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی ئەم وڵاتە، سەدان ئیستگای ڕادیۆ و زۆرتر لە سی کاناڵی تەلەویزیۆنی سەرانسەری ئەم وڵاتە پەیوەندێکیان بە دەوڵەتەوە بە باش و خراپەوە نییە و لە هەموو بارێکدا سەربەخۆن.



سەرچاوە Serchawe

پر خوێنەرترین ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتە ئی لایەنە جۆراجۆرەکانی سیاسیین و بە پێی سووننەت و سیستەمی فێدراڵی ئەم وڵاتە لە ئەیالەتەکانی جۆراجۆر دەردەچن و بەڵام لە گشت ئاڵمان بڵاودەبنەوە. بۆ وێنە موعتەبەرترین گۆڤار "دێر شپیگێل"ە کە ناوەندەکەی لە هامبورگە (باکووری ئاڵمان)، پرخوێنەرترین ڕۆژنامەی سیاسی "فرانکفۆرتێر ئالگێماینێ تسایتونگە" کە لە فرانکفۆرت (ناوەندی ڕۆژئاوای ئاڵمان) دەردەچێ؛ لە مونیخ وەک ناوەندێکی باشووری ئەم وڵاتە ڕۆژنامەی پرخوێنەری "زۆددۆیچێتسایتونگ" دەردەچێ و لە گشت ئاڵمان خوێنەری هەیە. ڕۆژنامە دەستە چەپی و بەنێوبانگی "دی تاگێستسایتونگ" لە بێرلین دەردەچێ. کە وایە نە تەنیا بڵاوکراوە هەرەگرینگەکانی ئاڵمان تەنیا لە شار و ئەیالەتێک کۆنەبوونەتەوە، بەڵکوو هەر ناوچە و ئەیالەتێک بڵاوکراوەیەکی هەیە کە گرینگی فێدراڵی هەیە و لە گشت ئاڵماندا خوێنەری هەمیشەیی خۆی دۆزیوەتەوە.

تا ئێرە باس تەنیا لە چەند بڵاوکراوە بوون کە حەوزەی پەخش و بڵاوبوونەوەیان گشت ئاڵمانە. بەڵام بەهێزترین و پرخوێنەرترین بڵاوکراوەکان ئەوانەن کە لە شارەکان و ناوچەکان بڵاو دەبنەوە و پێیان دەڵێن "ڕۆژنامەی ناوچەیی". بۆ وێنە ئەم شارەی کە من لێی دەژیم ناوەندی سێ ڕۆژنامەی بەهێزە کە دوویان هەر لەم شارە چاپ دەبن و ئەوی سێهەمینیان لە پایتەختی ئەم ئەیالەتە و لێرە تەنیا بەشی ئەم شارەی پێ زیاد دەکردرێ. گشت ئەم بڵاوکراوانە ئی بەشی تایبەتین و هیچ سوپسید و یارمەتێک لە حکومەت وەرناگرن.

### سیستەمی رادیۆ و تەلەویزۆنی ئاڵمان بە کورتی بەم چەشنەیە:

**یەک:** بەشێک لە وانە "گشتین" کە لە ڕێگای ١- ڕێکلام و ٢- "عەواریزی رادیۆ ـ تەلەویزۆنی" تەئمین دەکرێن کە مانگانەیە، بەڵام هەر سێ مانگ جارێک وەردەگیرێ، بەم مەرجەی کە رادیۆ و تەلەویزیۆنت هەبێ و خاوەن داهات بی.
**دوو:** بەشێکیان تایبەتین کە تەنیا لە ڕێگای ڕێکلام و تەبلیغەوە تەئمینی ماڵی دەکردرێن.
**سێ:** دەستەیەک تەلەویزۆن هەن کە "پێی تیوی"یان پێدەڵێن و دەبێ خۆت ئابونە بکەی و مانگانە پارەیەک بدەی کە دەزگایەکت بدەنێ و کۆدێک کە ئەم بەرنامانە و کاناڵانەی ئەم شیرکەتەی بتوانی پێ بگری.

### بە پێی سیستەمی سیاسی فێدڕاڵی ئاڵمان سیستەمی ڕادیۆ – تەلەویزۆنی "گشتی" ئەم وڵاتەش فێدڕاڵە. ئەم ڕادیۆ تەلەویزۆنە بریتییە لە پێنج بەش:

**یەک:** یازدە ناوەندی رادیۆ ـ تەلەویزۆنی شازدە ئەیالەتی ئاڵمان (رادیۆ ـ تەلەویزۆنی چەند ئەیالەت پێکەوە تێکەڵ بوون و ناوەندی ناوچەیی رادیۆ ـ تەلەویزۆنی هاوبەشیان پێک هێناوە) کە بۆ ئەو ناوچە و ئەیالەتانە بەرنامەی رادیۆیی و



سەرچاوە
Serchawe

تەلەویزیۆنی بڵاو دەکەنەوە (و بە ناوی "پرۆگرامی سێهەم" واتا "Dritte Programme" ناویان دەرکردووە)؛

**دوو:** شەبەکەیەکی فێدراڵ (بە ناوی "شەبەکەی یەک" واتا "ARD") کە ئەو یازدە ناوەندە پێکیان هێناوە و بەرنامەی دەدەنێ؛

**سێ:** چەند کاناڵی خەبەری (وەک "Phoenix")، فەرهەنگی (وەک "Arte") و منداڵان (وەک "Kinderkanal") کە لە سەرانسەری ئاڵمان دەبیندرێن و ئەم یازدە کاناڵەی ئەیالەتەکان و "شەبەکەی دوو" تەئمینی ماڵی دەکەن؛

**چوار:** "شەبەکەی دوو" (واتا "ZDF") کاناڵێکی سەرانسەرییە و پەیوەندیکی زۆری بە شەبەکەی یەک و یازدە ناوەندی ڕادیۆ ـ تەلەویزیۆنی ئەم وڵاتەی نییە و مێژوویەکی دیکەی هەیە.

**پێنج:** هەروەتر چەند کاناڵی هاوبەشی چەندوڵاتی هەن، بۆ وێنە "3 Sat" کە ئی ئاڵمان و سویس و ئۆتریشە و لە هەر سێ وڵاتان بە زمانی ئاڵمانی بڵاودەبێتەوە.

ئەم "عەواریزەی ڕادیۆ ـ تەلەویزۆن"ەی کە لە سەرەوە باسم کرد، بە پێی جەدوەلێک و بڕیاری کۆمیسۆنێک کە نوێنەر و سەرۆک وەزیری ئەیالەتێک بەڕێوەی دەبا، مابەینی شەبەکەی یەک (وەک کاناڵی هاوبەشی ئەیالەتەکان) و شەبەکەی دوو و پاشان مابەینی یازدە کاناڵ و ناوەندی ڕادیۆ ـ تەلەوزیۆنی دابەش دەکرێ.

هەر یەک لەم یازدە کاناڵ و ناوەندی ڕادیۆ ـ تەلەویزۆنە ئەیالەتیانە لە لایەن کۆمیسۆنێکەوە بەڕێوەدەچێ کە نوێنەرانی هێزە گرینگ و سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگای ئەو ئەیالەتانە (وەک حیزبەکان (چ ئەوانەی لە حکومەت دان و چ ئەوانەی لە ئۆپۆزیسیۆن دان)، ئیتیحادیەکان، هەر دووک کلیسای پرۆتستان و کاتۆلیک،...) تێیدا بەشدارن.

**کە وایە حکومەت نە رادیۆی هەیە، نە تەلەویزیۆنی هەیە، نە ڕۆژنامەی هەیە و نە گۆڤاری هەیە.**

شتێکی زۆر گرینگی ئەم سیستەمە "گشتییە" ("شەبەکەی هەوەڵ") ئەوەیە کە ئەوە ناوچەکان و ئەیالەتەکانن کە تەلەویزیۆنی سەرانسەری ساز دەکەن و برنامەی دەدەنێ و نە بە پێچەوانەکەی. کە وایە ناوەندی رادیۆ ـ تەلەویزیۆنی ئەیالەتەکان لق و شۆعبەی رادیۆ ـ تەلەویزۆنی ناوەندی نین، بەڵکوو بە پێچەوانەکەی. دوو ناوەندی خەبەر هەن کە یەکیان لە هامبورگە و ئەوی دیکەیان لە بێرلین. تەفسیری خەبەرەکان کە زۆر گرینگە و ڕای گشتی ئەم وڵاتە فۆرم دەدا، هەر جارێ ئەیالەتێک دێیدا (ئەم تەفسیرە جارێک لە مونیخەوە دێ، جارێک کە ویسبادنەوە، جارێک لە بێرلینەوە، جارێک لە کۆڵنەوە،...). تەنانەت ناوەندی تەلەویزیۆنی سەرانسەری ("شەبەکەی دوو") لە ماینسە وەک لە بێرلین، پایتەختی ئەو وڵاتە.

٣- پرسیاری سێهەمت ئەوەیە کە گەلۆ لە سۆئێد و ئاڵمان کۆنکۆر هەیە. هەروەک کە وتم زانیاریم لە سەر سۆئێد نییە، بەڵام لە ئاڵمان حەوت خانی رۆستەم بە ناوی "کۆنکۆر" نییە. تەنیا ڕشتەی پزیشکی تێستێکی هەیە. بەڵام بەهەر حاڵ لەم وڵاتە شتێکمان بە ناوی ئەزمون و تاقیکردنەوەی سەرانسەری "کۆنکۆر" نییە، بە پێچەوانە: دەوڵەتی ئاڵمان هەوڵێکی زۆر دەدا کە دیپلۆمەکان بچن بۆ زانکۆ، چۆنکە لێرە وەک ئێران خەڵک گەرەکیان نییە بە هەر قیمەتێک بچن بۆ زانکۆ. تەنیا بیست و پێنج لە سەدی گروپی تەمەنی دیپلۆمە دەچنە زانکۆ.

دەرس خوێندن لە زانکۆ تا ماوەیەک لە مەو بەر بە گشتی بەخۆڕایی بوو، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کە لە هیندێک لە ئەیالەتەکان (هەڵبەت نەک لە هەموویان) "شەهرییە"یەکی کەم وەردەگرن. هەڵبەت ئەو دانیشجویانەی کە داهاتیان نییە، دەوڵەت بورسیان دەداتێ کە چوار ساڵ دوای تەواو بوونی دەرسەکەیان پەنجا لە سەدی ئەم پارەی وەریان گرتووە (هەڵبەت تەنیا ئەگەر کار و داهاتیان هەبێ) دەی دەنەوە بە دەوڵەتێ و نیوەکەی دیکەیان پێ دەبەخشن. ئەوەش لێرەدا ئاماژە پێبکەم کە ئێرە وەک ئێران نییە کە تا گشت پووڵی دانیشگات نەدابێتەوە، مەدرەکەکەت نەدەنەوە، بەڵکوو پووڵت وەرگرتبێ یا وەرنەگرتبێ، خاریجی بی یا ئاڵمانی، هەوەڵین ڕۆژەکانی تەواو بوونی دەرسەکەت مەدرەکەکەت دەدەنێ.

بە گشتی لەم وڵاتە بە مەرجێک کە نیشتەجێی ئێرە بی، لە ڕۆژی ئەوەڵی چوون بۆ باخچەی مناڵان (مەهدی کودەک، کودکستان) تا دەبی بە پرۆفێسۆر ئەوەندەت دەدەنێ کە پێی بژیت. ئەوەش لە کاتێکدا کە ئەو وڵاتە قەترەیەکی نەوت و گاز نییە و تەنیا بە ماڵیات و عارەقەی کاری خەڵکەکەی بەڕێوە دەچێ.

ئەگەر کەسێک لە ئێران دیپلۆمی وەرگرت بێ، پێش ئەوەی کە لێرە بچێتە دانیشگایە، دەبێ دەورەی یەک ساڵەی کالێج ببینێ کە هەڵبەت تێیدا زمانی ئەو ڕشتەی فێردەبێ کە قەرارە لە دانیشگایە بیخوێنێ و زۆرتر دەرسەکانی دەبیرستان بە زمانی ئاڵمانی دووپات دەبنەوە.

٤- دەپرسن کە ڕۆژنامەوانێک دەبێ چ بکا کە سەرکەوێت. وڵامدانەوەی ئەم پرسیارەم پێ زەحمەتە. بۆ وەی کە دەبێ ڕوون بێتەوە کە یەک) مەبەست لە "سەرکەوتن" چییە، دوو مەبەست لە ڕۆژنامەوانی کام وڵاتە. بە هەر حاڵ، مەبەست هەرچی بێ، ئەم کارە لە ئێرانی ئەوڕۆ ئەگەر نامووکین نەبێ، زۆر زۆر چەتونە. ڕۆژنامەوانی ئێران لەم شوغڵە شەریف و گرینگە، خۆی و بنەماڵەکەی پێ بەڕێ ناچێ، ناتوانێ بە ئازادی بیروڕای خۆی دەرببڕێ، هیچ چەشنە ئەمنییەتێکی شوغلی و گیانی نییە، دەبێ خۆسانسۆری بکا، بە حکومەتەوە هەڵبڵێ، لە ئەدەبیاتی وان کەڵک وەرگرێ، ئەگەر سەربەست و سەربەخۆ بێ، دەبێ لاقێکی لە مەحکەمە و زیندان و لاقێکی لە دەفتەری ڕۆژنامەکەی بێ. لە حاڵێکدا ڕۆژنامەوانانی وڵاتانی دێمۆکراتیک لە ڕادەی سیاسەتمەدارانی پایەبەرزی وڵات دان، ئەوە سیاسەتمەدارەکانن کە چاویان لە زاری ڕۆژنامەوانانە و نە بە



سەرچاوە
Serchawe

پێچەوانەکەی. ڕۆژنامەوانان لە پرداهاتترین توێژەکانی ئەم وڵاتانەن.

٥- لە وڵامی پرسیاری ئاخیریشتدا بڵێم، من هومانیستم؛ باوەڕم بە یەکسانی مرۆڤ هەیە؛ نرخ و بایەخ و ئەرزیشی هیچ کەس لە لای من بە پێی باوەڕی فەلسەفی و ئایینی وی بەرزتر یا نەزمتر لە کەسێکی تر نییە؛ باوەڕم بە بەرابەری ژن و پیاو هەیە لە تەڵاق، میرات، مافی ڕاگرتن و گەورەکردنی منداڵ، لە قەزاوەت، لە سزادان، لە سیاسەت و کۆمەڵگا و فەرهەنگدا؛ باوەڕم بە وەی هەیە کە هەر کەس سەربەستە ئایین و مەزهەب و مەکتەبی سیاسی هەبێ یا نەبێ، باوەڕم بە وەیە کە کەس نابێ بە حوکمی گۆڕینی باوەڕی دینی خۆی لێپرسینەوەی لێبکردرێ، چ بگا بەوەی کە محاکمە بکردرێ و سزا بدرێ؛ باوەڕم بە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە؛ باوەڕم بە جیایی دین لە دەوڵەت، نیزامی قەزایی، پەروەردە و... هەیە، باوەڕم بە وە هەیە کە هیچ ئایین و مەکتەب و نەتەوە و فەرهەنگ و زمانێک نابێ خۆی بە زۆر بە سەر ئایینەکان و مەکاتیب و نەتەوەکان و فەرهەنگەکان و زمانەکانی تر داسەپێنێ و هەموو دین و مەزهەب و تەنانەت باوەڕێکی غەیری دینی دەبێ بتوانن لە هەر شوێنێک کە پێیان خۆش بێ، تەبلیغی بیروبۆچوونی خۆیان بکەن. بە کورتی باوەڕم بە دێمۆکراسی ڕاستەقینە هەیە، ئەشکەنجە (تەعزیر)، بەردەبارانکردن (سەنگسار)، قەمچیلێدان (شەللاقکاری) و لەسێدارەدانی ئینسانەکان بە جینایەت دژی بەشەرییەت دەزانم.

## ڕاگەیاندنی کوردی

### خوێنەرێک

### سلاو کاک ناسر

١- تو چۆن دەروانیتە راگەیاندنی کوردی لە ئێران؟
٢- دەوری رۆژنامەنووسان چون دەبینی لە کوردستانی ئێران؟
٣- رای تو لە سەر سایتی دیمانەو بۆرۆژهەلات چییە؟

### خوێنەری هێژا،

لە شوێنێکی تری ئەم نووسراوەیە ڕای خۆم لە سەر ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی کوردی ناو ئێران دەربڕی. ئەگەر نەتوانم بڵێم هەمووان، لانی کەم بەشێکی هەرە هەرە زۆری تێکۆشەرانی ئەم بڵاوکراوانە مەبەستێکی تریان جگە لە خزمەتکردن بە فەرهەنگ و زمان و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانی نەتەوەی کورد نەبووە و نییە. هونەری ئەسڵی ئەوان هەیانە کە لە

چکۆڵەترین دەرفەت کەڵک وەردەگرن بۆ وەی کە کورد لەم بوارانەی کە باسی کرا وەپێش کەویَ. سرووشتییە کە لەوانەیە زۆر بابەتیش بڵاو بکەنەوە کە لە بواری ناوەرۆکەوە بە دڵی من و ئێوە نەبێ. بەڵام نەفسی بوونیان ئەرێنییە و خزمەتێکە بە ئەم کۆمەڵگایە.

دەوری ڕۆژنامەنووسانی کورد زۆر زۆر گرینگ دەبینم و بەرز دەنرخێنم. ئێمە پێویستێکی زۆرمان بە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ هەیە. ڕۆژنامەنووس وەک ڕووناکبیر هێزی ئەسڵی کۆمەڵگای مەدەنین کە هابرماس، فیلسوفی مارکسیستی ئاڵمان، وەک "حەوزەی گشتی" ناوی لێدەبا.

ماڵپەڕی دیمانە و بۆرۆژهەڵاتم پیَ سەرکەوتوویە و بەدڵە. لە دوورەوە دەستی کاک خالیدی موحەممەدزادە دەگوشم کە داهێنەری ئەم شێوازە بووە.

٣٠ مارسی ٢٠٠٨

www.iran-federal.com
peyam@iran-federal.com



## کورتەیەک لە ژیننامەی ناسری ئێرانپوور،

### لێکۆڵەر و وەرگێڕ و رۆشنبیری بەهرەمەندی کورد



- کۆچکردو ناسر ناسری ئێرانپوور ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی (١٩٦٢ زایینی) لەشاری سابڵاغ (مەهاباد) رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەساڵی ١٣٦٠ هەتاوی (١٩٨١ زایینی) هەر لەم شارە تەواو کردووە.
- لەساڵی ١٣٦٢ هەتاوی (١٩٨٣ زایینی) چوتە ئاڵمان.
- ١٣٦٦ تا ١٣٦٩ هەتاوی ( ١٩٨٧ - ١٩٩٠ زایینی) دەورەیەکی کارناسی لەڕشتەی دەفتەرداری و حیسابداریدا دیتووە.
- ١٣٦٩ تا ١٣٧٠ هەتاوی (١٩٩٠ - ١٩٩١ زایینی) چۆتە کالێجی شاری فرانکفۆرتی ئاڵمانو وانەی "گێرمانیستیک"ی خوێندووە.
- ١٣٧٠ تا ١٣٧٥ هەتاوی (١٩٩١ - ١٩٩٦ زایینی) لەزانکۆی دۆرتموندی ئاڵمان ژۆرنالیستیک و دیداکتیکی زمانی ئاڵمانی خوێندووەو بەپلەی "کارشناسی ارشد"، واتا "فوق لیسانس" تەواوی کردووە.

- ١٣٧٧ تا ١٣٧٨ هەتاوی (١٩٩٨ - ١٩٩٩ زایینی) مامۆستای زمانی ئاڵمانی لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی یەکییەتی ئوروپادا بووە.

- لە ١٣٧٩ هەتاوی (٢٠٠٠ زایینی) وەتا ئێستا وەرگێڕی ڕەسمی زمانی ئاڵمانی دەزگای قەزایی ئاڵمانە.

* ماوەیەکیش کاری لەچوارچێوەی تێزی دوکتوراکەی لەسەر "ڕەنگدانەوەی پرسی نەتەوایەتی کورد لەمێدیاکانی ئاڵمان" کردووە،

## چالاکی ژۆرنالیستی

ناوبراو هەوڵی داوەبەشێوەی نووسین و بەتایبەتی وەرگێڕانی دەوری ٨٠ بابەت و وتاری گرینگ و پەیوندیدار بەدۆزی نەتەوایەتی و بڵاوکردنەوەیان لەگۆڤارەکانی:

مەهاباد.

پەیامی کوردستان

ڕێبازی نوێ

هاوار

کار

ڕێبازی نوێ

Kurdistan heute (کوردستانی ئەمرۆ)

سیاسەت

هەورامان

یزادگی.

**و چەند بڵاوکراوەی کوردی و فارسی و ئاڵمانی تر و هەروەها لەسەر سایتەکانی ئینتێرنێت خزمەت بەپرسی رەوای کورد بکا. ناسری ئێرانپوور بۆ ساڵێک دەچێ کەماڵپەڕێکی شەخسی هەیە بەناوی:**

**http://www.iran-federal.com**

**کەتێیدا وتارەکانی خۆی کۆکردۆتەوە.**

**ئەو تەوەرانەی کەبەشێوەی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەتا ئێستا کاری لەسەر کردووەبەتایبەتی بریتی بوون لە:**

- فیدێرالیسم (ئاڵمان، سویس، کانادا)
- مافی دیاری کردنی چارەنووس
- چەشنەکانی دێموکراسی
- چەند پەیماننامەی گرینگی ئوروپا لەپەیوەندی لەگەڵ مافی زمانەکان و کەمایەتییەنەتەوایەتییەکان

## چالاکی سیاسی

ناسری ئێرانپوور لەتەمەنی نێومنداڵی و لاوەتیدا لایەنگری رێکخراوی چریکەفیدائیێکانی خەڵکی ئێران و پاشان رێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران (ئەکسەرییەت) بووە.
ماوەیەک لەئاڵمان لەناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆرشگێڕ (ئاڵمان) چالاکی سیاسی هەبووە.

ناوبراو ئێستا چالاکێکی مەدەنی سەربەستەو سەر بەهیچ رێکخراوەیەکی سیاسی نییە، تەنیا لەساڵی ١٣٧٠ هەتاوی (١٩٩١ی زایینی) و ئەندامی "ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردە" لەئاڵمان.

## بیروباوەڕی سیاسی

ناسری ئێرانپوور ئەمرۆ خۆی بەمرۆڤێکی سۆسیال دێموکرات و لایەنگری فێدێرالیسم و دێموکراسی و دیاری کردنی مافی چارەنووسی کورد لەئێران بەشێوەی رێفراندۆم دەزانێو لەپەیوەندی لەگەڵ مانەوەیا نەمانەوە لەچوارچێوەی ئێراندا دەڵی کە: "بڕیاردان لەسەر ئەم پرسەئێستا زوویەو دەگەڕێتەوەسەر وەی کەلەنیزامی داهاتووی ئێراندا چ مافێک بۆ کورد دەستەبەر دەکردرێ." ناو براو پێی وایەئەگەر مافی نەتەوایەتی چ بەشێوەی مافی شارومەندی و چ بەشێوەی مافی کۆلێکتیو وەک نەتەوەیەک دابین بکردرێ، هیچ پێویستی بەجیابوونەوە لەئێران ناکا، بەڵام هەڵەشەکەبەهەر قیمەتێک سوێند بەتەواوەتی خاکی ئێران بخوێین. ناوبراو بەتایبەتی جووڵانەوەی کوردی پێ بزووتنەوەیەکی رەوای نەتەوایەتییە، نەک ناسیۆنالیستی.

## مەرگی ناوەخت

ناسری ئێرانپوور، لێکۆڵەر و وەرگێڕ و رۆشنبیری بەهرەمەندی کورد، لێکۆڵەر و رووناکبیریی بەهەڵویست و، دڵسۆزی



سەرچاوە Serchawe

دۆزی ڕەوای کوردان، خەڵکی شاری مەهاباد و نیشتەجێی شاری "دورتمۆندی" وڵاتی ئاڵمان، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ٥٤ ساڵەیی ڕۆژی شەممە ٤ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦ زایینی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

-------

* ناسری ئیرانپوور - ی کۆچکردوو، جیا لەوەی هەڵگری بڕوانامەی کارناسی لە بواری ڕۆژنامەوانی و فێرکاریی زمانی ئاڵمانی هەبوو، خولێکی یەک ساڵەی زمانی ئاڵمانی لە بۆن، خولێکی سێ ساڵەی فیرکاری لە بواری دەفتەرداری لە شاری دۆرن، خولێکی یەک ساڵەی کۆلێژ لە بواری گرمانستیک یشی تێپەڕ کردبوو.

-----

* ناسر ئێرانپوور لەمەڕ هزر و بیری خۆیدا لە ماڵپەڕە تایبەتییەکەی خۆیدا وەهای نووسیوە:

"لاوێکی ٢١ ساڵان بووم، ئەو کات کە ساڵی ١٩٨٤ وڵاتی خۆمم لە مهابادەوە – ناوەندی بزاڤی نەتەوەیی – دێموکراتیکی کوردستانی ئێران – بەرەو ئاڵمانی فیدراڵ، بەجێهێشت. ئەو کات هێشتاش خەیاڵی وەدیهێنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانیی چینایەتیم لەسەردا بوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سامان و خاوەنێتیی تایبەتم بە سەرچاوەی سەرجەم بەدبەختییەکان – و لە ناویاندا ستەمی نەتەوایەتی – دەزانی. بڕوام وابوو کە نەتەوە و نەتەوە سازی، بەرهەمی سەرمایەدارییە، هەر بۆیەش بە لەناوچوونی ئەو فراماسیۆنە، کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ لە مرۆڤە هاوچەرخەکان پێکدێت. بەڵام ژیان لەو وڵاتە و ئەزموونی بەئاوات نەگەیشتووی سوسیالیزمی بەراستی مەوجوود "وانە گەلێکی بەنرخیان فێری من کرد". فێربووم کە شیکاریی سوسیالیستەکانی وڵاتەکەمان لە چەمگەلی "نەتەوە" و "پرسی نەتەوەیی" – جیا لە دروستی و هەڵەبوونی – بە گشتی، تەواو و پۆشتە و غەیریزەینی نەبووە. لەو پێناوەدا فێربوون کە سیاسەت لەسەر بنەمای "لەپێشتر بوونی خەباتی چینایەتی بەسەر خەباتی نەتەوەیی"، کە هێشتاش شابەیت و بنەمای سیاسەتدانەریی بەشێک لە حیزبە چەپە سوسیالیستییەکانە، لە بەئەنجام گەیشتندا بە هەڵەی گەیاندووین. هەروەها فێربووم کە سوسیالیستە ئێرانییەکان بە هۆی هەوڵی زۆر لە خەبات بۆ نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، نەتەنیا نەپڕژاونەتە سەر ئازادیی کەسانی جیابیر، بەڵکوو تەنانەت، نەپڕژاونەتە سەر نەتەوە ستەمە لێکراوەکان و ژنانیش و لە کردەوەدا ئەم گۆڕەپانەیان ئەسپاردووە بە هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دژبەرەکانی خۆیان. هەروەها فێربوون کە بەپێچەوانەی هزری پێشووم، سەرمایە و مڵێکتیی تایبەت، حەتمینە هۆکاری هەموو بەخت ڕەشییەکانیش نیە، فێربووم کە هەر چەند بە وتەی گریگۆر گیزی (یەکێک لە سیما چەپ و سوسیالیستە خۆشەویستەکانی ئاڵمان)، کاپیتالیزمی لیبرالی، ناتوانێ، قسەی کۆتایی مێژوو بێت، بەڵام سوسیالیزمی دەوڵەتیش، ئەوپەڕی ئاواتەکانی مرۆڤ نیە و ناشتوانی بێ".

* ئێرانپوور، هەروەها لەمەڕ هزری سیاسیی تاکەکەسیی خۆی کە بەرهەمی ئەزموون و خوێندن و خوێندنەوەی بووە، وەهای نووسیوە: "کە ئەوانەم زانی، سەرەتا وازم لە ڕێکخراوەکان و هزری سیاسیی سەرانسەری هێنا و ڕێگاچارەم لە تێکەڵ بوون بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا بینییەوە بەڵام زۆری نەخایاند کە ئەو گۆڕەپانەشم هەرچەند پێ هەڵە نەبوو بەڵام بۆ چالاکییەکانی خۆمم بە تەنگەبەر زانی.

ئێستا هەوڵەکانی من دوولایەنن. لایەنێکی بەرەو دەستەبەرکردنی بەرابەریی نەتەوەیی، قەومی، کەلتووری و زمانی لە وڵاتەکەمانە و کۆتایی پێهێنان بە نابەرانبەریگەلی لەرادەبەدەر لە بوارەکان، بۆ نەتەوەکانی ئێران و لایەنێکی تری کە ئەوپەڕنەتەوەیی، ئەوپەڕناوچەییە، سوسیال – دێموکراتیک و سەرانسەرییە. واتا بۆ دەستەبەرکردنی جیاکێکە بە توخمگەلی سوسیالیستی و دێموکراتیزم لەسەر بنەمای بە فەرمی ناسینی چەند ڕێسای دێموکراسیی فیدرالیزمی و لێک تێگەیشتن، دەوڵەتی یاسایی، دەوڵەتی کۆمەڵایەتی، هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی توخمی دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای ئێرانێکی سکولار و لائیک.

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی بەدەست کاریەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردیپێدیا و ڕۆژی کورد

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧١٨ی کوردی = مای ٢٠١٨ی زایینی

نۆژەن کردنەوە: بەفرانباری ٢٠٧٤ کوردی = جانیوێری ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe


ماڵئاوایی بێوەختی بەڕێز ناسر ئێرانپوور
لێکۆڵینەر، ڕۆژنامەنووس، نووسەری بە توانای گەلەکەمان
رووحی شاد بێت
ڕەحمان نەقشی